هەواڵنامەی کتێب

# کوردەکان و وڵاتی کوردەواری

## مێژووی گەلی کورد لە کۆنترین سەدەکانەوە تا ئەم سەردەمە

هەواڵنامەی کتێب

دانانی:
مێجەر شێخ عەبدولواحید

# کوردەکان و وڵاتی کوردەواری

## مێژووی گەلی کورد لە کۆنترین سەدەکانەوە تا ئەم سەردەمە

وەرگێڕانی:
ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی

هەواڵنامەی کتێب

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨١٤)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

www.sardem.info

هەواڵنامەی کتێب

■ **کوردەکان و وڵاتی کوردەواری**

نووسینی: مێجەر شێخ عەبدولواحید

وەرگێڕانی: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٦٤)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

**سەرچاوە:**

**کوردەکان و وڵاتی کوردەواری**

داناني: مێجەر شێخ عەبدولواحید

ماجستێر لە *ئاداب* و بەکالۆریۆس لە *قانوون*- زانکۆی *ئیلیکرە*.

بە پیشەکی: فیلد مارشاڵ (موحەممەد ئەیوب خان)

خاوەنی مەدالیای مانگی پاکستانی و مانگی بوێری

فەرماندەی گشتیی سوپای پاکستان

سەرۆکی پێشووی کۆماری پاکستان

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: عەبدولسەمیع سیراجەدین

ماجستێر لە ئاداب - زانکۆی کەراتشی، لیسانس لە

ئاداب زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە

**کوردەکان و وڵاتی کوردەواری**

*چاپی یەکەم بە ئینگلیزی ١٩٥٥.

* چاپی دووەم بە ئینگلیزی ١٩٥٨.

* چاپی سێیەم بە عەرەبی ١٩٧٠. لە چاپخانەی کتێبخانەی (العلمیە)

١٥ شەقامی *لیک* لاهور، لە پاکستان چاپ کراوە.

هەولێرنامەی کتێب

## ناوەڕۆک

پێشەکییەکی وەرگێڕ ........................................................ ١٠
پێشەکی ............................................................................ ١٧
دەستپێک ......................................................................... ١٩
پێشەکییەک بۆ دووەم چاپی پوختەکراوی کتێبەکە........... ٢٤

*** بەشی یەکەم ............................................................ ٢٧**
پێشەکی، ئایین و باوەڕیان، قزڵباش – ڕەچەڵەکیان، عەلی ئیلاهی، کوردی سوننە، دانیشتوان، زمان، زاگرۆس، ئەدەب، خوونەریتی کۆمەڵایەتی – ژیانی خێزانیی، ژیانی ناوماڵ.

***بەشی دووەم ............................................................ ٤٩**
ڕواڵەتە جوگرافییەکانی وڵاتی کوردەواری: ١. ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا: ڕووبارەکان – ئاووهەوا. ٢. ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێران: ئاووهەوا، باران، با. ٣. باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای عێراق: ئاووهەوا، باران. ٤. باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا: جوگرافیا، ئاووهەوا، گرنگترین بەروبوومەکانی: گەنم، جۆ، چەڵتووک، بەروبوومی تر، بەخێوکردنی ئاژەڵ، کانزاکان، گیانلەبەرە کێوییەکان.

*** بەشی سێیەم ............................................................ ٧٣**
مێژووی کۆن و سەدەکانی ناڤین: ڕەچەڵەکی کورد. مێژووی کۆن: سەردەمی کاشییەکان، ئاشوورییەکان و پادشاکانی گۆتییەکان، ڕووخانی ئیمپڕاتۆری ئاشووری، داگیرکاری فارس.

هەواڵنامەی کتێب

*** بەشی چوارەم ........................ ٩١**

قۆناغی دوای پەیدابوونی ئیسلام. داگیرکاریی سەلجوقییەکان، توغرولبەگی سەلجووقی. نیزامولمولک و سەردەمی زێڕینی مەمالیکەکان. سەردەمی ڕاپەڕینی فیکری (ڕێنیسانس). سەلاحەددینی ئەییوبی و سەردەمی زێڕینی کورد. دەستبەسەراگرتنی (بیت المقدس) ١١٨٧ زاینی. داگیرکاریی مەنگۆلییەکان: تافی لاوێتی **تیمۆجین**. چەسپاندنی دەسەلات لە ناوخۆدا. ڕووکاری خان بەرەو ڕۆژئاوا. شکستی عەلادین شای خەواریزم. کوردەکان ئاڕاستەی جەنگەکە دەگۆڕن. پووکانەوە. هۆلاکۆ خا. کورد بەربەستی هێرشەکە دەکات. کەوتنی هەولێر و کاولکردنی بەغدا ١٢٥٨ زاینی.

*** بەشی پێنجەم ........................................................ ١٤١**

فارس و تورک. تەیمور لەنگ (تاتار). پەیدابوونی تورک، بنەچەی تورکەکان. گۆڕان لە خێڵە کوردەکاندا. فارسە سەفەوییەکان ١٥٠٨ زاینی. مەلا ئیدریسی بەدلیسی. حوکمەتە کوردییەکان. سوڵتان سلێمانی قانوونی. شا عەباسی دووەم ١٥٨٥–١٦٢٨ زاینی. نادر قولی خان. کەریم خانی زەندی ١٧٥١–١٧٧٩ز

*** بەشی شەشەم ...................................................... ١٧٣**

ڕابردوویەکی نزیک. شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا. پووکانەوەی هێزی تورکیا. ئیبراهیم پاشای میسری. خان مەحموود. بەدر خان بەگ. جێگیربوونی کوردەکان لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا. لاوانی کورد دەکرێنە سەرباز. شۆڕشی لاوانی تورک (جۆن تورک). یەکەم جەنگی جیهانی. دۆزینەوەی نەوت لە خاکی کورددا. شێخ مەحموود و بزوتنەوەی ڕزگاریی کورد. شۆڕشی شێخ سەعید ١٩٢٥. شۆڕشی ١٩٢٩.

* **بەشی حەوتەم** .............................................................. ٢٠٩
عەشایەرە کوردەکان – نەخشەی عەشایریی کورد. کوردانی میهرانی (میللییەکان). کوردە گۆرانەکان. کوردی جەرجیرایا. عەشیرەتی بتوان. هۆزی حسێنان. عەشیرەتەکانی جافی ئێرانی. کوردی کاکەیی. کوردی خۆشناو. کوردی پشدەر و هەورامان. کوردی هەمەوەند. باشووری ڕۆژئاوای ئێران. ئێزیدییەکان: ڕەچەڵەکیان، ئایینیان، ڕێوشوێنی ئایینی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان، نازناوی پیاوە ئایینییەکانیان.

* **پاشکۆ** .............................................................. ٢٣٣
* **فەرهەنگۆک** .............................................................. ٤٢٠

کتێبی هەواڵنامەی

هەواڵنامەی کتێب

# کوردەکان و وڵاتی کوردەواری

## مێژووی گەلی کورد و باسێکی وڵاتەکەیان

## پێشەکیی وەرگێڕ:

نووسین و نووسراو لەسەر کورد و وڵاتەکەی لە کۆن و نوێدا، تا ڕادەیەک زۆرە، بەڵام کامیان؟ بەتایبەت ئەوانەی بیانییەکان نووسیویانن، لە شێواندن، ناڕاستی و بگرە بوختانیش بەدەرن؟ نموونەمان بۆ ئەمە ئەم کتێبەیە، بەڵام ئەوەی پێی دەبێتە جێی سەرنج و بایەخدان، سێ خاڵە: یەکەم: نووسەر کەسێکی پاکستانییە، نەخاسمە وەک ئەفسەرێکی شارەزای ناو سوپای وڵاتەکەی، کە بیری لەوە کردووەتەوە شتێک سەبارەت بە کورد (وەک نەتەوەیەکی جیا لە ناوچەکەدا) و وڵاتەکەیان بنووسێت و بیخاتە بەردەستی نێوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکەی وڵاتی خۆی.

ئەم ئەفسەرە، ئەگەر بە تیلاییش بێت، ددان بەوەدا دەنێت کە لە لایەن دەزگا ڕەسمی و سەربازییەکانی وڵاتەکەیەوە نێردراوە، بە کارایی بەشدار بووە لە دامرکاندنەوەی شۆڕش و جووڵانەوەکانی کورد لە هەردوو دیوی عێراق و ئێران. ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای عێراق بۆ سەر شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣/٧/٢ – ١٩٤٥/٩/٥، پەلاماری ڕژێمی شاهەنشایی بۆ سەر کۆماری مەهاباد و ئازەربایجان لە کانوونی یەکی

١٩٤٦. ئەمە وەک هاوکارییەکی پاکستان، کە دواجار بووە ئەندامێک لە پەیمانی بەغدا *سەنتۆ*[١].

لەم سۆنگەیەوە ژەنەڕاڵ **ئەییوب خان**[٢] لە پێشەکییەکەیدا بۆ ئەم کتێبە، ئاماژەیەکی زیمنی بەمە دەدات: "... پیرۆزبایی لە دانەرەکەی دەکەم، بۆ ئەو تەقەللایەی کێشاویەتی، سەرەڕای ئەرکە ڕەسمییەکانی خۆی لەوێ."[٣] نووسەر خۆی لە جێیەکی تردا ڕوونتر دەڵێت: "لە واقیعدا، دەتوانم بە درێژی لەسەر شۆڕشەکەی **مەلا مستەفای بارزانی** لە عێراق بنووسم، هەروەها شۆڕشی تری کورد لە نێوان ١٩٤٥ – ١٩٤٦ لە مەهاباد و ڕەزاییە، کە لە ئێران هەڵایسان. هەر لەم ماوەیەدا من خۆم لەو بەشەی دنیادا بووم و تا ڕادەیەک بەشدار بووم، بە بەشداربوونێکی کارا لە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ

---

[1] پەیمانی *سەنتۆ* sento: sentral treaty organization یان: (حلف المعاهده المرکزیه) کە بە ناوی پەیمانی بەغدایشەوە ناو دەبرا. کاتی خۆی هەریەک لە تورکیا، ئێران، عێراق و ئەفغانستان لە ١٩٣٧/٧/٨دا پەیمانێکیان بەست بە ناوی *سەعد ئاباد*ەوە، لە ١٩٥٥/٥/٢٤دا ئەفغانستان لەو پەیمانە کشایەوە و پاکستان هاتە جێگەی و ناوەکەی بووە *سەنتۆ*. مەبەستی سەرەکی لە هەردوو پەیمانەکە، لێدان و بەرهەڵستیکردنی جووڵانەوەی کوردەکان بوو لەو وڵاتانەدا، هەروەها وەک بەربەستی لە بەردەم تەماع و مەترسییەکانی سۆڤێتی جاران. لە هەردووکیاندا، بەریتانیا وەک ڕێکخەر و مامۆستای ئەو دەوڵەتانە بوو.

[2] ژەنەڕاڵ **موحەممەد ئەییوب خان** (١٩٠٧ – ١٩٧٤) سەرەتا لەناو سوپای بەریتانیادا بوو لە هیندستان، پاشان لە ١٩٥١دا چووە ناو سوپای پاکستانەوە و کرا بە یەکەم سەرکردەی گشتیی سوپاکانی پاکستان. لە ١٩٥٨دا، خۆی کردە سەرۆک کۆمار و دوای گرژی و ئاڵۆزییە سیاسییە نەبڕاوەکانی ئەو وڵاتە، دواجار لە ١٩٦٩دا، دەستی لە کار کێشایەوە بۆ ژەنەڕاڵ **یەحیا خان**.

[3] ل ٨.

لەناوبردنیان دەگیرانە بەر."[1] ئەم تەلمیحانە ئەوە دەسەلمێنن، کە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی ئەو قۆناغە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورددا، لە ڕۆژهەڵات و باشوور ئەوە ئاشکرا ببێت، کە حوکمەتی پاکستان بەشداریی ڕاستەوخۆی سەربازیی کردبێت، بە ناردنی ئەفسەرانی شارەزا (خەبیر) بۆ لێدانی شۆڕشەکانی کورد و ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد[٢].

دووەم: سەرەڕای ئامانجی سەرەکیی لێکۆڵەر لە ئەرکە سەربازییەکەی، دەشێت ڕاسپێردرابێت بۆ نووسینی ڕاپۆرتێک، تا لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پاکستان کەڵکی لێ ببینن، واقیعەکە وای لێ کردووە کە هەندێک ڕاستی بخاتە ڕوو و ددانیان پێدا بنێت، ئەو ڕاستی و واقیعانەی کە تا ئێستاش لای داگیرکەرانی پارچەکانی کوردستان ناوهێنانیان بەو جۆرە ڕێبەند و یاساغ کراون.

---

[1] ل ١٦٧.

[2] ئەمە یەکەم جار نییە سوپای دەوڵەتانی تر، بەشداری دەکەن لە لێدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد، سوپای زەمین و ئاسمانیی بەریتانیا، لە کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانییەوە تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کەمیان نەکرد. سوپای فەڕەنسا بۆ لێدانی شۆڕشەکەی **شێخ سەعیدی پیران** ١٩٢٥/٢/٨، ڕاستەوخۆ کەوتە هاوکاری سوپاکەی **مستەفا کەمال** و یارمەتیدانی بە چەک و گواستنەوەی سەربازانی تورک بە هێڵی شەمەندەفەری *تۆرۆس*دا، تا پشتەوەی شۆڕشگێڕان بگرێت. لە حوکمی یەکەم جاری بەعسدا ١٩٦٣، سوپای سوریا هاتە ناو دەڤەری بادینان و کەوتە پەلاماردانی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول، زۆری نەبرد بە شکستێکی گەورەوە کشانەوە. لە ١٩٦٥دا، شارەزا و گەورە ئەفسەرانی سوپای میسر، بەتایبەت **موشیر عەلی عەلی عامر**، هەماهەنگیی تەواوی سوپای عێراقیان دەکرد لە لێدانی شۆڕشدا. سوپای تورکیش بەپێی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بەغدا بۆی هەبوو بە قووڵایی ١٥ کم، بێپرس لە سنوورەکانییەوە بێتە ناو عێراقەوە و پەلاماری هێزی پێشمەرگە بدات. بێجگە لە شارەزایان و ئەفسەرانی سۆڤێتی جاران و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی ئەو کاتە.

سێیەم: نووسەر دەیەوێت دۆزی کورد بترنجێنێتە سووچێکی تەسکی ئایینیی ڕووتەوە، ئینجا شرۆڤەی لاواز و بێبنەمای بۆ بکات، ئاروبەرەکەی دەباتەوە بۆ ئەوەی ئەم بیری نەتەوەیی و ویستی بەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆییە لای کورد و نەتەوە موسڵمانە غەیرە عەرەبەکان، بەگشتی بە هۆی کاریگەریی تەوژمی ڕۆژئاوا و دنەدانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاوەیە، بە مەبەستی لەتوپەتکردنی دنیای ئیسلام. لای ئەو چارەسەر تەنیا ئایینەکەیە، کە دەتوانێت گشت ئەم ئەتن، ڕەگەز و مەزهەبانە یەک بخات و بە ئاشتی و ئاسوودەیی لە پاشەڕۆژیان دڵنیا بن. ئەمە لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی موسڵمانی سەرانسەریدا، لەناو جیهانی ئیسلامی.

لە گەرمەی ئەم بۆچوونانەیدا، کە لە ڕێڕەوی باسەکانیدا زووزوو دەیدا بە گوێماندا، کەچی ئەوە فەرامۆش دەکات (یان نایەوێت بیدرکێنێت)، کە ئایا ئەوەی ئەو وەک موسڵمانێکی دورەدەست، لە چەقی سەرهەڵدانی ئایینەکە داوای دەکات، خاوەنە ئەسڵییەکانی ئایینەکە پەیڕەوی ڕێوشوێنەکانی دەکەن، لە هەق، داد، ئازادی و ڕێزگرتن لە نەتەوە غەیرە عەرەبەکان؟ یان ئاخۆ ئایینەکە توانیویەتی وایان لێ بکات تێڕوانینیان بۆ موسڵمانانی دنیا گشتگیری و یەکسان بێت؟ ئەوەی نووسەر دەیەوێت و ئێمە وەک پرس دەیخەینە ڕوو، وەڵامەکەی لای خۆیانە: وڵاتێکی موسڵمانی وەک پاکستان، کە نەیتوانی لە نێوان هەردوو بەشەکەیدا (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، ئەو تەباییە ئیسلامییەی ئەم بۆ کوردی داوا دەکات، خۆیان بیبەنەسەر، پێکەوە بگونجێن بەو ئاسوودەیی، دادپەروەری و یەکسانییەی کە ئایینەکە داوای دەکات و نووسەر لە بەرانبەر کورددا کردوویەتی بە *کراسەکەی عوسمان*. ئەوە بوو بەشەکەی

ڕۆژهەڵات هەڵینەکرد لەگەڵیاندا و لە ١٦ کانوونی یەکەم ١٩٧١ جیابووەوە و کۆماری بەنگلادیشی سەربەخۆی لێ پێک هات.

دیسان ئەو نائارامییە بەردەوامە، هاوڕێ بە شەڕ و کوشتار و کاولکارییەی کە سەرانسەر دەڤەرەکانی پاکستان، ئەوغان و کشمیری گرتووەتەوە، ئەو ئەتن و مەزهەبە جیاجیایانەی کە ئایینەکە نەیتوانیوە پێکیانەوە بلکێنێت و هەر چەند دەکەن، پێکەوە ناسوڵحێن.

جا پرسەکە لێرەدایە: ئاخۆ ئەمانە نموونە نین بۆ چەوتیی بیروبۆچوونەکانی ئەم ئەفسەرەی هاتووەتە کوردستان، بۆ بەشداربوون لە سەرکوتکردنی گەلێکی موسڵمانی ستەملێکراو لە لایەن گەلانێکی تری خۆبەموسڵمانزانەوە؟ دیارە کە لە کولتوور و تایبەتمەندییەکانی هەر نەتەوەیەک لە لایەن نەتەوە باڵادەستەکەوە (با عەرەب و موسڵمانیش بن) ڕێز نەگیرا، ئەوا مافێکی شەرعیی خۆیەتی، کە ببزوێت و کار بۆ ئازادی و سەربەخۆبوون بکات. ئەو بیرەی کە پێی وایە مرۆڤەکان (موسڵمانەکان)، لە ئاییندەدا هەموو دەبن بە هاووڵاتییەکی جیهانی، کاتێک سەردەگرێت کە موسڵمانان بەگشتی و بە چاوپۆشی لە ڕەگەز، زمان، وڵات، کولتوور و مەزهەبیان وەک یەک بژین و بە یەکسانی و بێ جیاوازی... ئەمە یۆتۆپیایەکە، وەک یۆتۆپیا و خەونە خۆشەکەی مارکسییەکان کە کاتی خۆی گورگانە *شەوێ*یان بۆ میللەتانی سەر ئەم زەمینە دەکرد، گوایە ڕۆژێک دێت گشت گەلان بە یەکسانی لە ژێر سایەی ئومەمییەتی کۆمۆنیدا پێکەوە یەکسان وەک یەک، بە کامەرانی بژین.

نووسەر لە زۆر لاوە کەوتووەتە هەڵەی زەقزەقەوە، یان لە ڕاستییەکان بە ئەنقەست لای داوە، هۆکاری ئەمەش ڕوونە،

سەرچاوەی زانیارییەکانی تەنیا کاربەدەست و دەزگا ڕەسمی و سەربازییەکانی ئەو وڵاتانە بووە کە کاری تێدا کردووە: ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا. ئینجا سەیر نییە، کە بەو پێیە و لەو عەیامەدا ئەمەی نووسیوە! بەڵام نەشیتوانیوە نکۆڵی لە هەندێک ڕاستی بکات: وەک ئەوەی کە کوردستانیبوونی موسڵ، کەرکووک و گشت ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی ئیستای ددان پێدا ناوە و وەک ڕاستییەکی مێژوویی لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا نکۆڵییان لێ ناکات.

مەسەلەی نەوت و دۆزینەوەی نەوت لە کوردستاندا، بە هۆکاری سەرەکی دادەنێت، کە زلهێزەکان چاویان تێبڕی، پاشان ئەم چوار دەوڵەتە ئیسلامییەی کە کوردیان بەسەردا بەشکرا.

خاڵێکی ئەرێنی تر لە لێکۆڵینەوەکەدا، کە تا ئەندازەیەک سیمایەکی زانستییانەی لەخۆ گرتووە، ئەو بەراوردکارییەی نووسەرە لە نێوان دیاردە و باسەکانی ناو وڵاتی کوردەواری (دۆزی کورد، یان دیاردە سروشتییەکان)، بەوانەی ناو وڵاتی پاکستان و دەوروبەری، لێکچواندنیان بە دەڤەرەکانی سەرسنووری پاکستان و هەریەک لە هیندستان، ئێران و ئەوغانەوە.

قسەیەکی بەجێیە کە دەبێژرێت: مەسەلەی شوناسی نەتەوەیی، گەلان بەرەو مێژووی دێرینیان کێش دەکاتەوە. وەک بزانم تا ڕادەیەکی باش نەتەوەی کورد لەو قۆناغە دەرچووە کە شوناسی خۆی بسەلمێنێت و یەکلایی بکاتەوە، بەڵام بنکەنکردنی_دیرۆک و ڕابردوومان هێشتا زۆری ماوە، ئاتاجی کار و ماندووبوونی زۆرە، زۆرترین کارە دیرۆکییەکانمان (وەک ئاماژەم پێدا) *بیانی*ییەکان نووسیویانە.

دیاره ئەوانە بەدەر نین لە مەبەست و ئارەزووی تاکەکەسی، یان ئەوانەی ڕایان سپاردوون، بۆ نموونە ئەم کتێبە. بۆیە پێویستە ئاگاداری گشت ئەو کتێب و نووسراوانە ببین، کە دەربارەی گەل و وڵاتمان نووسراون، بە چاکوخراپیانەوە، تا دوارۆژ بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان پاکوپیس لێک جیا بکرێنەوە.

نووسەری کتێبەکە کە لە کوردستان بووە، هاوسەرەکەشی لە تەکدا بووە، لەوە دەچێت کوردیش بووبێت، یان کوردی زانیبێت، بەوەدا کە دەبێژێت: "کە بە ناوچە کوردییەکاندا دەگەڕاین، ئەو (واتە ژنەکەی) کاری وەرگێڕانی بۆ دەکردم و لە کۆکردنەوەی زانیاری لە ناوچەکاندا یارمەتی دەدام."[١]

هەرچۆنێک بێت، ئەم کتێبەش وەک سەرچاوەیەکی دەگمەن، نرخ و بەهای خۆی پێوەیە، بەتایبەت بۆ نێوەندە ئەکادیمییەکان و ئەوانەی لە دیرۆک و ڕەوشی کورد و وڵاتی کوردەواری دەکۆڵنەوە، بۆیە منیش وەک ئەرکێکی خۆم کتێبەکەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانە شیرینەکەی خۆمان.

**ئەحمەد ٢٠١٤/٩/٢٥**

---

[1] ل ١١.

فەرماندەی گشتی

ڕاولبەندی

٢ی ئاب ١٩٥٨

**پێشەکی**

پاش یەکەم کتێبی دەربارەی عێراق - دوورگەی عەرەبی، ئەمە کتێبێکی دیکەیەتی کە مێجەر **واحید** دایدەنێت. ئەم جارە دەربارەی کوردەکانە، کە بەشێکی گرنگیی گەلی عێراق پێک دەهێنن. نووسەر هەوڵی داوە وێنای قەبارەیەکی عەشایەریی کوردەکان بکات، زمان و خوونەریتی کۆمەڵایەتی و سروشتی جوگرافیی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین.

هەروەها بە درێژی باس لە بەشداریکردنیان دەکات، لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئیسلامدا، لەوانەیە گرنگترین ئەو بەشداریکردنە ئەوە بێت کە سوڵتان **سەلاحەددینی ئەییوبی** (کە سەر بە بنەچەیەکی کوردە) لە کرداری چاک و سەرکەوتنی مەزن لێی وەشاوەتەوە. دیسان ئەو بەربەرەکانێ سەختەی کوردەکان لە سەدەی سیازدەدا بە ڕووی پەلامارەکانی مەگۆلەکاندا نواندوویانە.

نووسەر تا ئەم سەردەمەی خۆمان، دوای مێژووی شێواوی کورد کەوتووە، کە من لەو باوەڕەدام ئەم کتێبە لە لایەن هەر کەسێک کە بایەخ بدات بە لێکۆڵینەوە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە، بە وردی دەیخوێنێتەوە؛ بەتایبەت کە

کوردەکان میللەتێکن، لە زۆر لایەنەوە لە هۆز و خێڵەکانی لای خۆمان دەچن، ئەوانەی لە سنووری باکووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەمانن.

دیارە ڕا و بۆچوونەکانی لەم کتێبەدا هاتوون، تایبەتن بە دانەر خۆیەوە، نەک ڕاوبۆچوونی دەستەوتاقمی، کە دانەر سەر بە ئەوان بێت.

دواجار پیرۆزبایی لە دانەرەکەی دەکەم، بۆ ئەو تەقەللایەی کە سەرەڕای ئەرکە ڕەسمییەکانی خۆی بۆ دانانی کتێبێکی گرنگیی لەم چەشنە، کێشاویەتی.

**ژەنەڕاڵ موحەممەد ئەییوب خان**
**فەرماندەی گشتیی سوپای پاکستان**

هەواڵنامەی کتێب

# دەستپێک

لە بەغدا، باسی بزوتنەوەی *باپانستان*ی پاکستانم بۆ یەک لە برادەرە عێراقییەکان دەکرد، هەر ئەوەندەم زانی گورج کابرا هەڵچوو، بە تووڕەییەوە گوتی: "ئەمە کتومت وەک کێشەی کوردستانە، کە دوژمنانمان خولقاندوویانە. ئەوان هەمیشە لەو هەوڵەدان دووبەرەکی لە نێوان موسڵماناندا بنێنەوە، تا بەو دەلاقانە شارەزا بن کە لێیانەوە دەگەنە ئامانجەکانی خۆیان." پاش ئەوەی ئایەتێک قورئانیشی بۆ هێنامەوە، گوتی: :هەتا خواش پێشبینیی ئەم لاوازییەمانی کردووە و لە مەترسی پەرتبوونمان ئاگاداری کردووینەتەوە.". بە پەنجەکانی دەنکی تەزبیحەکەی ئەمدیووئەودیوی دەکرد و دەیگوت: "ئێمە وەک یەهوود نەفرەتمان لێ کراوە و قوتاریش نابین، مەگەر بە تەفروتووناکردنی بیروبۆچوونی تایفەگەری و جیاوازی لە زمان و قسەکردنماندا، بە پەنابردن بۆ برایەتییەکی موسڵمانانەی پاک.".

هەڵچوون و دڕدۆنگیی ئەو عێراقییە، پاساوی خۆی هەبوو، چونکە تەنیا لێکچوون لە نێوان کورد و *باپانییەکان*دا، وەک تاک نەبوو، بەڵکو لێکچوونێکی گەورەش هەبوو لە نێوان باپانستان و کوردستاندا، ئەمە وەک دوو بزوتنەوە. هۆکارەکانی ئەم لەیەکچوونانەش ئاشکرا و دیارن، چونکە ئەوانەی ئەم بزوتنەوە و دووبەرەکییانە دەنێنەوە، لە یەک سەرچاوەن و بۆ یەک ئامانج کار دەکەن، کە بریتییە لە تێکدانی ئەوەی **پێغەمبەر** (د.خ) بۆی تێکۆشا، لە یەکێتییەکی گشتگیری موسڵمانان. ئینجا ئەم لێکچوونە کاتێک زیاتر قووڵ دەبێتەوە، کە تا لە عێراقدا بێئاگاتر بن، لە دۆز و مەبەستی

باپانییەکان (باپانستان)، لە پاکستانیشدا زیاتر بێئاگا بن، لە کورد و مەترسیی بزوتنەوەی کوردستان.

منیش، لەم کتێبە بچووکەمدا، تێدەکۆشم کە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد و مێژووەکەیان پێشکەش بکەم، لە پاڵ باسێک دەربارەی ئەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێن. لە واقیعیشدا ئەم کارەم تەقەللایەکە بۆ پیشاندانی ئەم گەلە مەزنە ئازایە بە خوێنەرانی عەرەب.[1] هەوڵیشم داوە کە تەنیا ڕووداوە مێژووییەکانی ئەسڵی کورد و مێژووی ڕابردوویان باس بکەم، هەر وەک هەوڵیشم داوە کە واقیعبینانە *کوردستان* وەک بزوتنەوەیەک بخەمە باسەکەوە، چونکە بایەخدانم بە کورد و نیشتمانەکەیان، لەوە دەرناچێت کە بایەخدانێکی پشکنین و لێکۆڵینەوەیە. بۆیە دەکرێت ئەم کتێبە بە کتێبێکی مێژوویی دابنرێت، نەک باس و لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی.

دووپاتیشی دەکەمەوە، ئەم کارەی من هیچ پەیوەندییەکی نییە (نە زۆر نە کەم) بەم تەرحە باسەوە. هیچ ئاسانکاری، یارمەتی و ڕێنماییەکیشم لە سایەیەوە دەستگیر نەبووە، چونکە من خۆم بەرپرسم لەوەی دەینووسم، لەو ڕاوبۆچوونانەی تێیدا دەرم بڕیون، ئەوانە تایبەتن بە خۆم و ناکرێت بە هیی ڕەسمیی بدرێنە قەڵەم.

بە دەگمەن نەبێت، باسی گەلی کورد و بارودۆخۆی هەنووکەیی لە هەواڵە جیهانییەکاندا ناهێنرێت، ئەمەش بە لای کەمەوە، بێئاگایی گشت جیهان دەردەخات بەرانبەر ئەم گەلە مەزنە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم گەلە لە توانایدایە بڕیاری

---

[1] ئەمە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا، لە ئینگلیزییەوە کراوە.

*سیاسی* و *سەربازیی* وا بدات، تا کار بکاتە سەر ئەوەی ببێتە هۆکار بۆ ئاڕاستەکردنی ڕووکاری مێژوو.

ئەو کتێبانەش کەمن کە دەربارەی کورد و نیشتمانەکەیان دانراون، زۆربەشیان ڕاستییەکان ناخەنە ڕوو، ڕووداو و زانیاریی ئەوتۆشیان تێدا نییە (هەتا ئینسایکلۆپیدیاکانیش) لاپەڕەیەک، دوان و زیاتریان بۆ ئەمە تەرخان نەکردووە.

مێژووی کورد بودەردی مێژووی باپانییەکان، کە لە دەڤەری سنووری باکووری ڕۆژئاوای پاکستاندا دەژین، دەچێتەوە بۆ سەد سەدە لەمەو بەر. لە واقیعدا ئەمە مێژووی تورکیا و سوڵتانەکانی تورکە، مێژووی ئەرمینیا و ئەرمەنە، مێژووی عەرەبی عێراق و سوریایە، مێژووی ئێرانە.

نیشتمانی کورد بە *ناوچەیەکی موحەڕەمە* دادەنرێت، چونکە کەوتووەتە سەرسنووری چوار دەوڵەتی گەورە*، لەو شوێنەی کە دوو مەزهەبی مەزن بە پاڵ یەکەوەن(١).

ئەوەی شارەزایان لە سەری کۆکن، ئەوەیە لە هەر کوێ دوو ئاوانی هەبێت، ئەوا لەو ئاستەدا تەوژمە مەترسیدارەکانیش دروست دەبن، بەڵام خۆ ئەگەر سیان یان چوار ڕووبار یەکانگیر بوونەوە، تەوژمەکە تەنیا توند و مەترسیدار نابێت، زنجیرەیەک گێژاوی ترسناکیشیان لێ دەکەوێتەوە کە بتوانێت گەورەترین گەمییەک ژێرەوژوور و نوقم بکات. لەگەڵ ئەمەشدا هەرچۆنێک بێت توانراوە لەو هەرێمانەی کوردی تێدا نیشتەجێن (عێراق، ئێران، تورکیا و

---

(*) چوار دەوڵەتی گەورە: عێراق، ئێران، تورکیا و یەکێتیی سۆڤێت.

(نووسەر لەم پەراوێزەیدا *سوریای* لەبیر چووە، کە لە کتێبەکەدا بەتایبەت باسی دەکات (أ.ب).

(1) مەبەست مەزهەبی شیعە و سوننەیە لەناو موسوڵمانانەدا.

سوریا)، قانوون و نیزام پیادە بکرێت، ئەمەش لە سایەی شارەزایی ئیداریی ئەو حوکمەتانەوەیە.

***

لە ناوچە کوردنیشینەکاندا، گەشتیار بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی ناحەزانەوە (کە دوژمنانی عێراق و ئێران دەیوەشێنن)، بەخشندەیی، دڵفراوانی و میوانداربییەکی زۆریان بەرچاو دەکەوێت. ئەوە بەسە کە گەشتیار سووکەسەردانێکی شاری مەهاباد یان تەورێز بکات لە ئێران، یان سەردانی موسڵ و کەرکووک بکات لە عێراق، تا بە چاوی خۆی ئەو ئیدارە باشە، ئەو ئاسایش و نیزامە ببینێت کە پڕوپاگەندە خراپەکان ڕەت دەکەنەوە.

لەو دەڤەرە کوردەوارییانەی لەگەڵ هاوسەرەکەمدا پێیاندا دەگەڕاین، سوودێکی زۆرم بینی. خەڵکی گوند و شارۆچکەکان بەپیرمانەوە دەهاتن، هەر ئەویش کاری وەرگێڕانییەکەی بۆ دەکردم و لە کۆکردنەوەی زانیاری لە ناوچەکاندا یارمەتی دەدام، بەتایبەت لە ئاغا کوردەکانەوە. سەرەڕای ماندووبوون و هیلاکیمان لە گەڕانێکی دوورودرێژی سێهەزار میلی.

لە بەختی ڕەشی ئێرانیشدا، ئەو کاتی سەردانەکەمان بۆ کوردستان کرد، وڵاتەکە بە قۆناغێکی ناڕەحەتدا تێدەپەڕی. دوژمنەکانی، گشت ڕێیەکیان گرتبووە بەر بۆ لاوازکردنی، گەرمەی پشێوییەکانی کوردستان بوو، وەزعی ئازەربایجانیش ناجێگیر بوو[١].

---

(1) نووسەر لەم قسانەیدا دەریدەخات کە لە سەروبەندی هێرشی ئێران بۆ سەر هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لە تەورێز، لەو وڵاتەدا بوو بێت، دیارە وەک شارەزایەکی سەربازیی، یەک لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی *سەعد ئاباد* کە یارمەتی ئێرانیان داوە.

سەرەڕای گشت ئەمانە، وەزارەتی دەرەوەی ئێران پسوولەیەکی ڕێپێدانی پێ دام تا بە ئازادی بە دەڤەرەکانی تەوریز و مەهاباددا بگەڕێین، لەمەدا سوپاسگوزارم بۆ ئەو ئاسانکارییەی حوکمەتەکەی ئێران.

سەربازانی ئێرانی و عێراقی بەرانبەر وڵاتەکانیان گەلێک دڵسۆزن، لە بەرگەگرتنی ناڕەحەتییەکاندا تا ئەوپەڕی بەتوانان. ئەفسەرە بچووکەکانیان لە کاروو‌باری نێودەوڵەتی ئاگاییەکی باشیان هەیە، ئەرکەکانیان لێزانانە و بە دڵسۆزی بەجێ دەهێنن، شانازی بە بەرگ و سیپاڵە سەربازییەکەیانەوە دەکەن، ئەمانە هاوسۆز و دۆستی پاکستانیشن.

لیستێکی دوورودرێژی ئەو دۆست و برادەرانەم لەلایە، کە بەرانبەر هاوکاری و هاندانیان بۆ کارەکەم، منەتباریانم، چونکە بەبێ دەستگیرۆیی ئەوان هەرگیز نەدەکرا ئەم کتێبە بێتە دی. بۆیە دیسان لە قووڵایی دڵەوە سوپاسی بێپایانیان دەکەم.

**٨ی حوزەیران ١٩٥٤**
**ژمارە ٢٢ تیجکاون**
**پاکستانی ڕۆژهەڵات(١)**
**عەبدولواحید**

---

(1) ئەو کاتە کۆماری پاکستان لە دوو بەش پێک هاتبوو: پاکستانی ڕۆژهەڵات، کە دوایی جیا بووەوە و بووە کۆماری بەنگلادیش، حیزبی عەوامی بە سەرکردایەتیی **مجیب ئەلرەحمان**، لە ١٦ کانوونی یەکی ١٩٧١دا، بە شۆڕشێک بەنگلادیشی جیا کردەوە و کۆمارەکەی دامەزراند، تەنیا پاکستانی ڕۆژئاوا مایەوە کە ئێستا سنووری بە ئێران و ئەفغانستانەوەیە لە ڕۆژئاواوە.

## پێشەکییەك بۆ
## دووەم چاپی پوختەکراوی کتێبەکە:

لەم چاپەدا بەبێ دەستکاری، بابەتی کتێبەکە وەک خۆی ماوەتەوە، هەندێک هەڵە نەبێت کە ڕاست کراونەتەوە. لێرە سوپاسی خۆم پێشکەشی عەقید **موحەممەد شەفیعی** هاوڕێم دەکەم، کە گۆکردن و تەهجیەی هەندێک ناو و وشەی بۆ ڕاست کردمەوە، جگە لە هەندێک هەڵە کە لە یەکەم چاپی کتێبەکەدا هاتبوون، ئەم ڕاستی کردنەوە.

زۆربەی ئەو بەڕێزانەی ئەم کتێبەیان خوێندووەتەوە، توانیویانە لە مەبەستی ڕاستی حاڵی بن، کە بریتییە لە: سەلماندنی یەکێتیی موسڵمانان بەسەر سنووورە جوگرافی، سیاسی، ڕەگەزی و زمانییە دروستکراوەکاندا، ئەوەش لە دووتوێی مێژووی گەلی کوردەوە، وەک نموونە و بەڵگە.

لە دەرەتانێکیشدا ئەم مەبەستە نەبێتە مایەی حاڵی بوون بە هەر هۆیەک بێت، ئەوا شوێنەوارە زیانبەخشەکانی خۆی لە نموونەی بزووتنەوەی *کوردستان* و *بختونستان*دا پیشان دەدات[١].

---

([1]) بختونستان: یەکێکە لەو چوار هەرێمەی کۆماری پاکستانی لێ پێک هاتووە: پەنجاب، سەند، بلوشتان و خەیبەر (بختو نخوا) یان (بختونستان) هەرێمە شاخاوییە

مێژووی گەلی کوردیش ئەوانە بە درۆ دەخاتەوە کە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن، گوایە بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی ئیسلامی، گیروگرفت بۆ ئەو کەمینە مەسیحییانە دەخولقێنێت کە لە ناو دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندان.

مێژووی گەلی کورد، کە دەڵێن لەگەڵ بە موسڵمانبووەکانی ئەم ئاخروئۆخرییەن، ئەوەی سەلماندووە کە ڕێز و هاوسۆزییەکی زۆر بە تین، وا لە نێوان ئەوان و ئەرمەنە مەسیحییەکاندا، ئەمە وایە چونکە هەر کام لە ئیسلام و مەسیحی لە یەک سەرچاوەن، بە هەق و هەقیانەت سەر بە یەک میللەتن (ئیبراهیم-د.خ).

---

سوختەکانی نێوان پاکستان و ئەفغانستانی پێ دەگوترێت (دەڤەری عەشایران-منطقە القبائل) بە درێژیی ١٢٠٠ کم، مەترسیترین دەڤەرێکی دنیایە، ئەو دوو حوکمەتە هەرگیز بە تەواوی دەسەڵاتیان بەسەریاندا نەبووە، سەرۆک عەشیرەتەکانی حوکمی ناوچەکانی خۆیان دەکەن، کانگەی قاچاخچێتی و ماددە هۆشبەرەکانە، چەک و جبەخانەیەکی بێشوماری تێدایە، زۆرینەی خەڵکەکەی دوو ڕەگەزنامەیان هەیە: پاکستانی و ئەفغانی. ئەمانە دەچنەوە سەر یەک ڕگەز کە پشتۆنە. ١٢ عەشیرەتی سەرەکیی نوێنەریان لە ئەنجوومەنی *ئەلجیرگا*دا هەیە بۆ ڕێکخستنی کاروباریان و پەیوەندییان بە حوکمەتەوە.

ئەم دەڤەرە دوو بەشە: وەزیرستانی باکوور و باشور. باکوور لە سەردەمی بەریتانییەکانەوە، لە هەوڵی سەربەخۆیی و پێکەوەنانی قەبارەیەکی تایبەت بە خۆیانن بە ناوی *بختونستان- بشتۆنستان*، کە گشت بشتۆنییەکانی تێدا کۆ بکەنەوە. ئەمانە هەمیشە لەگەڵ ئەفغانستاندا ڕێک بوون دژ بە پاکستان.

زۆربەیان بە زمانی *بشتۆنی* دەدوێن، پانتایی خاکەکەیان ١٠١٧٤١ کم$^{2}$، شارە گرنگەکانیان: پیشاوەر، نوشهرە، مەردان و مەنگورە.

مێژووش ئەوەی سەلماندووە، کە ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا پشتئەستوورە بە پێکەوەژیانێکی تەبایی لە نێوان مەسیحی و ئیسلامدا (دەبا دنیا ئەم هەقیقەتە بزانێت). لە واقیعیشدا ئەم پێکەوەژیانە پڕتەباییە، مرۆڤ لە تیاچوون و وێرانیی ڕزگار دەکات. ئینجا ئەگەر خوێنەری ئازیزم ئەم هەقیقەتە مێژووییەی زانی، ئەوا ئەمە باشترین پاداشتێکە بۆ من.

**١ی یەنایر/کانوونی دوو ١٩٥٨**
**١٨ هـ ڕێگەی بیشاور**
**ڕاوڵبەندی عەبدولواحید**

# بەشی یەکەم

## پێشەکی

لە تۆمارە کۆنەکاندا وشەی *راجپوت*، کە وشەیەکی کۆنە بۆ *کۆمپانیای هیندیی ڕۆژهەڵات* بەکار دێت، یان *راش بهوت*. هەروەها وشەی *باتان – بیتان*، لەو تۆمارانەی کە بە درێژیی ڕاڤەی دەکەن، سەرئەنجام دێنە سەر ئەوەی فیکرەیەکمان لە بابەت *باتانی*یەوە پێ دەدەن: کەسێکی سەرەڕۆ و یاخی لە قانوون دەگەیەنێت، کە سەر بە هیچ کام لە شارستانییەتێک نییە و تەعەڕوزی ژنانیش دەبێت*.

تۆمارەکان هیی سەرەتای سەدەی هەژدەن، ئەو کاتەی ئەندێشە و زیادەڕۆیی وەک هونەرێکی نووسینی تازەی سەردەمەکە بەکار دەهات، بەڵام بۆ نەگبەتی هەتا لەم سەردەمەشدا (نیوەی سەدەی بیست) هێشتا زانیاری دەربارەی کورد، هەتا لای کەسانی شتزانیش کەمە و

(*) دەبێت لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە پادشاکانی *باتان*، نزیکەی ١٠٠ ساڵ لە نیوە دوورگەی هیندی و پاکستاندا فەرمانڕەواییان کردووە، هۆکاری گرنگبوون بۆ گەشەسەندنی شارستانییەت لە هیند و پاکستاندا و باشترین داهێنانێک لە کولتوورەکەماندا، ئینجا بەختونی (باتانی) هەمیشە و ئێستاش نموونەی ڕاستی و دڵسۆزی و یەکبوون بوون، لە ڕابردووی نزیکدا، پیاوانی مەزنی وەک **ساحیب زادە عەبدولقەییوم** و **دکتۆر خان ساحیب**یان خستووەتەوە. کاتێکیش مێژوونووسەکانی *کۆمپانیای هیندیی ڕۆژهەڵات*، ئەوەی لەبارەی باتانەوە نووسیویانە، ئەو کاتە ئەم گەلە حوکمی باکووری ڕۆژئاوای هیندیان دەکرد.

شێوێندراوە، بە ڕادەیەک وا هەست دەکەین هێشتا لە سەدەی نۆزدەداین (سەردەمی زیادەڕۆیی و پێوەنان).

لە وتووێژێکی جیددیدا، ئەفسەرێکی ئەورووپایی ئاگادار، ئاماژەی بەوە دەدا کە کورد: ئەو دەروێشانەن کە بە ڕەقس و سەماوە زیکر دەکەن، بە شەڕوالّی دەلّب و فوودراوەوە، کە لە ناو شاخەکانی سوداندا دەژین.

ڕاستە کوردەکان شەڕوالّی دەلّب لە پێ دەکەن و نیشتەجێی ناو شاخەکانن، بەلاّم بە هیچ جۆرێک لە ناوچەیەکدا نین نزیک بە سودان، لەگەلّ ئەوەی ئەو دەڤەرەی کە کورد تێیدا دەژی، سەبارەت بە ئاشتیی جیهانییەوە زۆر لە سودان گرنگتر و بەبایەخترە. دۆزی سودان چارەسەر کراوە، بەلاّم دۆزی کورد ئەگەر دۆزێک هەبێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندتر دەبێت، ئەویش بەو بیانووەی کە چارەسەرکردنی بە بارێکدا، کە زیانی کوردی تێدا بێت و بگرە زیانی گشت موسلّمانان.

ئەو تەقەللایەی کە لەسەر ئەم لاپەڕانەی دادێن، دەیدەم؛ بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد نییە، کە دەشێت لە واقیعدا هەر نەبێت، بەلّکو بۆ شارەزاکردنی خوێنەرە دەربارەی هەندێک شت، سەبارەت بەم گەلە مەزنە ڕووخۆشەی بە گەلی کورد ناو دەبرێت. من لەم بەشەدا هەولّ دەدەم ساکارترین سەرەتایەک بۆ پێناسەی کورد و نیشتمانەکەی بدەم بە دەستەوە. ئەم بەشە بۆ ئەو کەسانەیە کە کاتی ئەوەیان نییە گشت کتێبەکە بخوێننەوە، بەلاّم بەشەکانی دیکە (بە پلەی یەکەم) تایبەتە بۆ ئەوانەی لە مێژوودا کار دەکەن و ئەوەی بە فراوانی لە کورد و نیشتمانەکەیان دەکۆلّنەوە. هەر بە ئەنقەستیش خۆم لە وشەی *کوردستان* لا داوە، وەک ناو بۆ ئەو ولاّتەی کە کوردی تێدا نیشتەجێیە.

له ڕووی زمانەوە کور*دستان* ئەو زەوییە دەگەیەنێت کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، بەڵام بەداخەوە، ئێستا لای هەندێک لە کوردەکان بووەتە هێمایەک بۆ خواستی جیابوونەوە و جوداخوازی، بەوەی کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت، ئەوەیش بە دابڕانی بەشێک لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا.

ئەمە دیاردەیەکی ترە لە دیاردەکانی نەتەوەی ئەورووپایی، کە بە زۆری زۆرداری، زۆر جار لە لایەن هەندێک ڕۆشنبیری موسڵمانەوە، یان بە دەستی دەوڵەتانی بیانی، کە پەرتکردنی موسڵمانان لە بەرژەوەندییاندایە، بەسەر بارودۆخی سیاسیی وڵاتانی موسڵماندا دەسەپێنرێت، باری سیاسی وەک ئەو بەرگ و پۆشاکە تایبەتە وایە، کە بۆ کەسێکی دیاریکراو بڕدراوە و دووراوە، بۆ ئەو کەسە نەبێت، بە بەری کەسێکی دیکە نابێت. بیروباوەڕی *نەتەوەیی*، یان *نیشتمانی*، کە لە شۆڕشی پیشەسازییەوە پەرەی سەند، لە سەردەمی فراوانبوونی ئیمپریالیزمی ئەورووپایی پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕە *نەتەوەیی* و *نیشتمانی*یەیە، کە ئیسلام هاوردوویەتی، هەر ئەمەشە هۆکاری سەرەکیی ئەوەی ئەم بزوتنەوەیەی کوردستان، وەکو بزوتنەوەکەی بخت*ۆنستان*دا بێت، کە *کابول* بانگەشەی بۆ دەکات[1].

با بێینەوە سەر باسی کوردەکان و بە چەند وشەیەکی کورت پێناسەی کورد بکەین: موسڵمانێکە سەر بە هۆز و خێڵێک، کە لە ناوچەیەکی شاخاویدا دەژین. سنووری عێراق،

---

([1]) وەک لە پەراوێزێکی پێشتر گوتمان، بزوتنەوەی بختون*ستان*- پشتون، کە تێدەکۆشن لەپێناو سەربەخۆییدا، حوکمەتەکەی ئەفغانستانی ئەو کات پشتگیری دەکردن.

ئێران و تورکیا لێک دەدەن، سنووری تورکیا، سوریا و عێراقیش تێدا بە یەک دەگەن. کەواتە گەلی کورد دابەش کراوە بەسەر چوار دەوڵەتی سەربەخۆی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا.

### ئایین و باوەڕیان:

کورد موسڵمانێکی سوننییە، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم، بەتایبەت لەسەر سنووری تورکیا و عێراق و لە شاخە سەختەکانی دەوروبەری ئامێدی، هەولێر و ڕەواندز، هەندێک تیرە و هۆزی کورد و گوندیش هەن، کە لەسەر مەزهەبی شیعەن و هەندێک مەزهەبی سەیر و نادیاری تر[١].

### قزڵباش:

خێڵێکی کورد هەن لەسەر سنووری عێراق و ئێران، پێیان دەگوترێت *قزڵباش*. قزڵباشییەکان ئێرانی نین، بەڵکو کوردن و بە زمانی کرمانجی دەدوێن. هەرچەندە هەندێک لە خانەوادەی دەوڵەمەندی ئەم هۆزە (کە لە تاران و شارانی تری ئێراندا دەژین)، بە فارسی قسە دەکەن. ڕێزم هەیە بۆ دۆستە قزڵباشییەکانم، بەڵام وشەی *قزڵباش* بە کەسێکی کەتەی زەلام، بەهێز و سەرەڕۆ دەبێژرێت، کە سەرپێچی لە قانوون دەکات. ئەمەش بەپێی هەردوو زمانی ئەرمەنی و تورکی، بگرە لە زمانی کوردی (کرمانجی) خۆیشیاندا[*].

---

([1]) نووسەر لەم باسەیدا سەرتاپا نەپێکاوە، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی نەداوە بە دەستەوە کە جێی باوەڕ بێت. بۆ ئەو ناوچانەش کە کوردی شیعە مەزهەبیان تێدایە، نەپێکاوە.

([*]) قزڵباش: ئەسڵەن بە مانای *سەرسوور* دێت. هەر کوردێکی قزڵباشی قژێکی سووری پێوەیە بە ڕەنگی زەنجەبیل. سەرەڕای ئەمە **شەوکەت حەیدەر شا**، باوکی

## ڕەچەڵەکیان:

بنەوبنەچەی ئەم قزڵباشانە دەچێتەوە بۆ دامێن و لاپاڵی کێوەکانی زاگرۆس (نەک بۆ ئێران). مەزهەبەکەشیان لە زێدی خۆیاندا مەزهەبی شیعەیە، بەڵام جیا لە مەزهەبی شیعەی ئێرانی. واش مەزەندەی دەکەم هەندێک کەس بۆیە ئەمانە بە ئێرانی دادەنێن، چونکە شیعەن و بە فارسی دەدوێن.

## عەلی ئیلاهی:

جۆرێکی ترن لە کوردی موسڵمان، ئەمانە نیمچە وەسەنییەکن[١]، چونکە لە سەرەتادا وەسەنی بوون و ئینجا بوونەتە موسڵمان، بەڵام هەر بە ناو، ئەوەش بە هۆی نەشارەزایی و تێنەگەیشتنیانەوە، لە واقیعیشدا هێشتا ڕێوشوێنی ئایینە کۆنەکەی خۆیان بەرنەداوە، ناوی خوداوەندە کۆنەکانی خۆیان گۆڕیوە بە ناوی ئیمامە موسڵمانەکان، تا ئێستاش لە هەزاران ساڵەوە چۆن بوون، هەر وان. ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر لەو موسڵمانانەی ناوەڕاستی هیندستان دەکەن، کە سەر بە نزمترین چینەکانی کۆمەڵن، لەسەر دەستووری

---

**ئیسماعیلی سەفەوی**ی شای ئێران، ١٤٥٦ – ٨٨ لەناو سوپای سەفەویدا فیرقەیەکی تایبەتی لەمانە پێکەوە نابوو، بە جل و سیپاڵێکی جیاوازتر لە سەربازەکانی، تەپلەی سوور بە ١٢ پەلکەوە، خەڵکی بەمانەیان دەگوت *قزڵباش* – تەپلە سوور. دیارە ئەمانە قزڵباشی ئەسڵ نەبوون، چونکە هەر کەس دەیتوانی تەپلەی سوور لەسەر بنێت، بنەچەی هەندێک لەو خانەوادە ئێرانییانەی ئێستا دەچێتەوە بۆ ئەو سەربازانەی فیرقەکەی **شەوکەت حەیدەر شا**.

([1]) وەسەنی (الوثنية) بە مانای بتپەرست، کە لەمەدا بۆچوونی نووسەر زۆر دوورە لە ڕاستییەوە و لە دنیای ئیسلامدا بتپەرستی نەماوە، کابرا زۆر بە زانیاریی هەڵەوە باس لەمە دەکات.

*دوسهرای* هیندۆکی کۆن یادی عاشوورا دەکەنەوە. ئەم *عەلی ئیلاهی*انە ئێزدی نین، چینێکی تایبەتن بە خۆیان، خۆیان بە کورد دەزانن و بە شێوەزاری کرمانجی قسە دەکەن. مەزهەبیان شیعەیە، زۆربەیان لە ئیسماعیلییەکانەوە نزیکن، ڕێزێکی زۆریان بۆ **ئاغا خان**[1] هەیە.

هەرچەندە ئەمانە موسڵمانی شیعەن و لە مزگەوتدا خوداپەرستی دەکەن، بەڵام لە ژێرەوە ڕێوشوێن و شەعائیری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە دێرزەمانەوە لە باوکوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە و پەیڕەوی دەکەن. لە مەرجە تایبەتەکانی ئەو شەعائیرانە ئەوەیە، کە لە سەرزەوی خودایەتی بەرجەستە بکرێت. خۆ لە کاتێکدا ئەمانە پەیڕەوی ئایینە کۆنەکەیان دەکەن، بەڵام لە قاڵبێکی ئیسلامیدا. ئەمانە گشت پێغەمبەرانیان بە لاوە پیرۆزە، ئەوانەی لە قورئاندا ناویان هاتووە: **ئیبراهیم**، **موسا**، **عیسا**، **یوسف**، **مەسیح** و **موحەممەد**-د.خ. ئینجا لە *عەلی*یەوە پێیدا دێن تا *سەلمانی*

---

([1]) ئیسماعیلی دووەم تایفەی شیعەیە لە گەورەییدا، پاش شیعەی دوازدە ئیمامی. باوەڕیان وایە کە قورئان جگە لە مانا دیار و بەرچاوەکەی، مانای ژێرەوە و نادیاریشی هەیە، بۆیە بە *باگنی*ش ناو دەبرێن. ئاغا خان: نازناوێکە لە دێر زەمانەوە لە سەرۆک و ئیمامەکانیان نراوە، تا ئێستا چوار ئیمامیان بووە:

١-ئاغا خانی یەکەم: حەسەن عەلی شاە. لە ١٨٨١ زایینی کۆچی دوایی کردووە.

٢- ئاغا خانی دووەم: ئاغا عەلی شاە.

٣- ئاغا خانی سێیەم: موحەممەد شاە حسێنی لە ١٩٥٩دا لە شاری ئەسوانی میسر نێژراوە.

٤- ئاغا خانی چوارەم: شاە کەریم حسێنی لە ١٩٣٦دا لەدایک بووە، ئێستا لە پاریس دەژی.

سەرنجی ڕا و بۆچوونە ناڕاستەکانی نووسەر بدە، بەتایبەت لە باسی عەلی ئیلاهییەکان کە لە ڕاستییەوە زۆر لای داوە، زانیارییەکی سەتحی لاواز دەدات.

*فارسی* و ئەوانی دیکە لە ئەولیا و ئیمامە شیعەکان، گشت ئەمانە بەوە دادەنێن، کە خودایان تێدا بەرجەستە بووە.

بۆ نزیکبوونەوە لە خودا و تەبەڕووکیش، ئەمانە وەلی و ئیمامێکی ناوخۆیی هەڵدەبژێرن و نزرگە و مەرقەدەکەی بە پیرۆز ڕادەگرن، نەزر و قوربانیی پێشکەشی دەکەن، هەر کۆمەڵێکیان لەناو خۆیاندا، کەسێک بەرزڕادەگرن و ناوی *ئاغا* یان *بەگ*ی لێ دەنێن، بەو باوەڕە خورافییەی گوایە: وەک *خودایە*.

کوردە گۆرانەکان نزرگەی *بابەیادگار* بەڕێز ڕادەگرن، کە لە ئەشکەوتێکە بەسەر شاری *حەلوانی* دێریندا دەڕوانێت. پشتاوپشتیش ڕێز و حورمەت بۆ ئەو خێزانەش ماوەتەوە کە نزیک بەو شوێنەوەن.

لە ناوچەی شاخاویی تردا، بیروباوەری هاوچەشن هەیە، دەکرێت بەراورد بکرێت بە مەزهەبی *دروزە*کان، یان *ئەنسار* لە سوریا و *ئیسماعیلی* لە ئێراندا.

*عەلی ئیلاهی* و *قزڵباش*ەکان شەڕکەری چاکن، بە جەستە توندوتۆڵ، تێکسمڕاو و بەهێزن. گوێڕایەڵ بۆ فەرمانەکانی لەخۆ بەرەو ژوورتر. ئەگەر بخرێنە بەردەست سەرکردەیەکی شارەزا و لێزانەوە، دەتوانن هەر کارێکی سەربازی ڕابپەڕێنن. سەربەرزن بە باوکوباپیرانی خۆیانەوە. بۆ ئاغا و بەگەکانیان دڵسۆز و بە ئەمەکن. لە بەرگەگرتنی نارەحەتیدا خۆڕاگر و بەتوانان، کەچی لە ڕووی خوێندەواری و زانینەوە دواکەوتوون، مەگەر بە دەگمەن؛ ئەگینا تا ئێستا ڕادیۆ لە گوندەکانیاندا نییە، کەمێکیان کە بەریتانییەکان لە هەردوو جەنگەکەدا کردیانن بە سەرباز، لە هێزی ئاسمانیی شاهانەدا (ئەمانە کرانە میلیشیایەکی ناوخۆ بۆ پاسەوانی و پاراستنی

بنکەی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا لە حەببانییە و شوعێبەی نزیک بەسرە) فامیان کردەوە و بە کاروباری دنیای سەردەمەکە بە ئاگا هاتنەوە.

کارمەندی میدیایی وریا، دەتوانێت ئەمانە وەک بابەتێکی باش بەکار بخات. هەر کەس لەخۆیان بگرێت لێیان سوودمەند دەبێت، ئەمە بە هۆی دڵسۆزییانەوەیە بۆ ئاغا و مەلاکانیان و ئەو لاتر بۆ سەرووتر لە خۆیان.

**کوردی سوننە:**

زۆربەی ئەو کوردانەی لە سوریا، عێراق و ئێرانن سوننە مەزهەبن، بەڵام کوردانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، گشتیان سوننەن[١]. کوردی سوننەش کەسانێکی زۆر ئاساین، وەک هەر تاکێکی تیرە و هۆزەکانیان گەلێک پابەندن بە ئایینەکەوە، ڕاستگۆ و دەستپاک و خاکی، لەخوداترس، مامەڵەیان لە تەک خەڵکدا جیددییە.

گوزەران و باری بژێوی و زۆربەی نەریتە کوردییەکان، بەندە بە شێوەی پیشەکەیانەوە کە ئاژەڵداری و لەوەڕاندنە. ئەم پیشەیە ئەقڵێکی وای پێ بەخشیون، کە دانەسەکنێن. چاوکراوە و هەمیشە بە ئاگا و وریا بن، هەر بە فیترە کورد سەربازێکە بۆ خۆی و شەڕکەرێکی ئازایە، هەردەم ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانی بۆ خودا و ئایینەکەی، بۆیە ئەمانە کەسی باوەڕدار و ڕوو لە خودایان لا بەرز و بەڕێزە. لەناویاندا مەلا نفووزێکی گەورەی هەیە، هەتا لەناو تیرە و هۆزە

---

([1]) نووسەر ئاوهای نووسیوە.

سوننەکانیشدا ڕێز لە قسەی خۆیان دەگرن و پابەندن بە نەریتە ئیسلامییەکانەوە.

لە باوکوباپیرانیانەوە ئەو خەسڵەتەیان بۆ ماوەتەوە، هەر کەس پەنا و دالدەیان بۆ بێنێت بە هانایەوە بچن و بیگرنە خۆیان، ئەگەر ئەو کەسە دوژمنیشیان بووبێت. *نانبدەی* لە ڕادەبەدەر، ڕێز لە هاوسێ و لێبوردەیی لە نەریتە باشەکانیانە.

مەسیحییەکان (بەتایبەت ئەرمەنییەکان)، بە تەبایی و خۆشیی سەدان ساڵ پێکەوە ژیاون، شانازی بەوەوە دەکەن ژمارەیەکی زۆر لە پیاوچاک، گەورەپیاو و پاڵەوانی مێژووییان لەناودا هەڵکەوتووە، وەک **باوەیادگار** و **سەلاحەددینی ئەییوبی** کە شکستی بە خاچپەرستان هێنا.

**دانیشتوان:**

سەرژمێرییەکی تەواوی کوردەکان و ژمارەی تەواویان ئاسان نییە، بەڵام بۆ ژمارەیەکی ڕاستەقینەیان، نزیکترین خەمڵاندنێک ئەوەیە کە پێنجملیۆن و حەوتسەد و بیستوپێنجهەزار کەس دەبن[١]. کە بەسەر هەر چوار دەوڵەتی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا دابەشبوون.

تورکیا گەورەترین بەشێک لەم کوردانە دەگرێتە خۆی، بەڵام وەک بەشەکانی دیکە پەیوەست نین بە یەکەوە. لە ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا نزیکەی دووملیۆن و نیو دەبن. چڕی دانیشتوانی کوردەکان هەتا لە سنووری تورکیا - ئێران و تورکیا - عێراقەوە نزیک ببینەوە، زیاتر

---

([1]) دیارە ئەمە بە خەمڵاندنێکی ناڕاستیی ساڵەکانی کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، کە حوکمەتەکانی ئەو کات پێیانی داوە.

دەبێت. لەسەر سنووری تورکیا - ڕووسیاش لە هەرێمی قەفقاس، هەندێک نشینگەی کوردی هەیە، دیسان هەندێک گوندی کوردنشین لە ئەرمینیا و جۆرجیای ڕووسیا.

ژمارەی کورد لە ئێران، خۆی دەدات لە یەکملیۆن و حەوتسەد هەزار کەس. زۆربەیان لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی ئازەربایجانن. هەردوو شاری مەهاباد و ورمێ، *ڕەزاییەی* نزیک بە دەریاچەی ورمێ بە ڕێژەی ١٠٠% کوردن، هەروەها کورد لەسەر سنوورەکانی ئێران – عێراق و ئێران–تورکیا زۆرینەن. بە ڕووکاری ڕۆژهەڵاتی گوێ دەریای خەزەریشدا، بە دووری ٢٠٠ میل ڕووەو باکووری ڕۆژئاوا، شاری *مەشهەد* لە هەرێمی خۆراسان دوو نشینگەی گەورەی کورد لە دەوروبەری هەردوو شاری *بوجینورد* و *کونشان* هەن. ئەم دوو شارە کوردە، نزیکەی_هەزار میل لە باقیی ناوچە کوردەوارییەکانی ترەوە دوورن، ژمارەی دانیشتوانەکانیشیان ٢٠٠ هەزار کەسن.

لە عێراقیشدا دەوروبەری ملیۆنێک کورد هەن، کە زۆرینەی دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سەر سنووری سوریا، تورکیا و ئێران پێک دەهێنن. باکووری عێراق زێدی ڕەسەنی کوردە دێرینەکان و لانکی ئیمپڕاتۆرییەتەکانیانە[١].

مەزنیی کورد لەو ناوچانەدایە کە دەوری موسڵ، کەرکووک، ڕەواندز و هەولێریان داوە، گوندی تکریت شوێنی لەدایکبوونی **سەلاحەدینی ئەییوبی**، لە دووری ٨٠ میلەوەیە لە سەروو بەغدا.

---

([1]) دەبوو بیگوتبا: ... لانکی دەوڵەتشار و میرنشینەکانیانە.

کوردەکانی عێراق شانازی بەوەوە دەکەن لە گشت کوردی پارچەکانی تر ڕەسەنترن و پلەوپایەشیان لەوان بڵندترە[١]. بەم پێیە کوردی عێراق لەچاو گشت کوردانی تر، ڕێک وەک خێڵی *یوسف زای* باپانین، لەچاو گشت خێڵەکانی تری بختۆنی[٢].

لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریاش ژمارەیەکی کەم کورد هەن، تەبا و گونجاون لە وڵاتەکەدا. بەناوبانگترین هۆزی ئەم کوردانە لەسەر سنووری سوریا – تورکیان، دوو هۆزی *میللی* و *سەهرانی*ن. سەرجەم ژمارەی کوردی سوریا خۆی دەدات لە سێسەد و حەفتاوپێنج هەزار کەس. دەوڵەت لەوێ هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەمانەدا نییە، مەگەر بە دەگمەن.

بۆ ڕەوکردنی هەندێک هۆز و خێڵی کورد لە زێدە ڕەسەنەکەی خۆیانەوە، باکووری عێراق ڕووەو ڕۆژهەڵات، تا لە هەرێمەکانی ئەفغانستان و پاکستاندا جێگیر بوون. دەتوانرێت بەدواداچوونێک بۆ ئەمانە بکرێت: ئەمانە دوو خێڵی کوردی *پاویندا* و *ئێلزای*ن کە لە ئەفغانستانن، دیسان ئەو *بەلوشی*یانەی کە لە بەلوشستان دەژین، کوردن و چەند سەدەیەک دەبێت زێدی باوکوباپیرانی خۆیان جێ هێشتووە.

---

(1) بە درێژایی مێژوو بۆچوون و نەزعەیەکی وا لە ناو کوردی باشووردا نەبووە.

(2) بختۆنی، پەشتۆنی: لە بختونستاندا لە هەردوو دیوی سنووری پاکستان و ئەفغانستان نیشتەجێن، داوای سەربەخۆیی دەکەن. ئەم گەلە لە ١٢ هۆزی گەورە پێک هاتووە: ئەفریدی. ئەشاکزای، یەنگشی، دورانی، خاتاک، مەحسودی، موحەممەد زای، مەهمەند، ئوراکزای، شیتواری، یوسف زای و وەزیری. یوسف زای لە هەموویان باڵادەستترە و پێشەنگیی گەلەکەیان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی.

کورد لەم چوار دەوڵەتەدا، لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا پلەوپایەی باشی هەیە، بەتایبەت لە عێراق، ئێران و سوریادا هیچ کێشە و گلەییەکیان نییە و هەست بە جیاوازیی ڕەگەزیی ناکەن.

جارێکیان لە یەک لە بارەکانی بەغدا شەش کەس پێکەوە دانیشتوون، سیانیان ئینگلیز و سیانەکەی دیکە عێراقی، لە ئینگلیزەکاندا یەکێکیان خەڵکی *وێلزە*، یەکێکیان *سکۆتلاندی* و سێیەمیان *لەندەنی* دەبێت؛ سێ عێراقییەکەش دوانیان عەرەب و یەکێکیان کورد، ئەمانە پێکەوە بە قسەی خۆش خەریکی ویسکیخواردنەوە دەبن، قسە و دەمەتەقێکانیان پەرە دەسێنێت و دێتە سەر مشتومڕێکی گەرم و دەبنە دوو بەش، لەبەر هەر هۆیەک بێت کە مەگەر خودا بۆ خۆی بیزانێت چ بووە، کوردەکە دەداتە پاڵ سکۆتلاندییەکە و لایەنی دەگرێت، قسەیەک لە ئەمان، دوان لەوان... دەگاتە سەروپۆتەڵاککوتانەوەی یەکتر و پەلاماردان، کورد و سکۆتلاندییەکە توانیان زاڵ بن بەسەر ئەوانی دیکەدا.

ئەمە هیچ جێی حەپەسان و سەرسوڕمان نییە، چونکە هەمیشە جۆرە تەبایی و هاوسۆزی و گونجاندنێک لە نێو ئەوانەدایە کە سەر بە دوو بەرەی لە یەکچوون و هاوخەم و دەردی یەکن. ئەمە لە دنیادا و لە گشت دەوڵەتێکدا ئاوهایە. حاڵ و وەزعی کوردیش لە ئێران، عێراق و تورکیادا هیچی وای کەمتر نییە لە خەڵکی سکۆتلاندی بەریتانیا.

## زمـــــان:

کوردەکان بە زمانەکەی خۆیان دەڵێن *کرمانجی* و بە پیتی عەرەبی دەنووسرێت. تێکەڵەیەکە لە هەردوو زمانی تورکی و فارسی، لەسەر بنچینەی هەردوو زمانی کلدانی و تۆرانی داڕێژراوە. هەرچەندە کرمانجی زمانی قسەکردنە بەگشتی لە نێویاندا، بەڵام هەندێک تیرە و هۆزی کورد بە گەلێک شێوەزاری کرمانجی دەدوێن، گرنگترینیان: زازایی و گۆرانییە.

کوردەکانی تورکیا و هەرێمی ئازەربایجان لە سەروو ڕۆژئاوای ئێراندا، بە شێوەزاری زازایی دەدوێن، ئەم شێوەزارەش پڕە لە وشەی ئەرمەنی و تورکی. زمانی کۆنی *کیادۆسی*، یەکێکە لە سەرچاوە بنچینەییەکانی، شێوەزاری زازا لە کرمانجی ئەسڵی جیاوازە، چ لە ڕووی وشە و گۆکردن (فۆنەتیکەوە)، بۆیە کوردێکی ئاسایی کە بە کرمانجی دەدوێت، ناتوانێت هەر وا بە ئاسانی لەگەڵ کوردێکی تر، کە بە زازاییەکی ڕەسەن دەدوێت، لێی بگات؛ بەڵام شێوەزاری گۆرانی، ئەو کوردانە قسەی پێ دەکەن کە لە دەشتەکانی شاخەکانی زاگرۆسدان* [(1)]. کوردی قسەکەر بە شێوەزاری گورانی، لە هەردوو شاری هەمەدان و کرماشانن لە ڕۆژئاوای ئێران. ئەو ناوچانەشی کە خەڵکەکەیان بەم شێوەزارە دەدوێن، درێژ دەبنەوە تا دەگەنە قەسری شیرین و بێستوون لە

---

[(*)] بەم بۆنەیەوە وشەی *زاگرۆس* مانای *ئەودیو شاخەکان* دەگەیەنێت، چونکە وشەی *گۆری*، بە مانای *شاخ*\ کێو دێت. لە فارسیشدا ئەم هەرێمە هەر بەو ناوەوەیە.

[(1)] ڕاستییەکەی باسەکەی نووسەر دەربارەی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی، ئەوە دەردەخات هیچ ئاگایەکی لەم بابەتە نییە، تەنیا لە لایەن نەشارەزایانەوە هەندێک زانیاریی سەرپێی پێ دراوە.

ڕۆژهەڵات. شێوەزاری گۆران زیاتر لە فارسییەوە نزیکترە وەک لە کرمانجی. لە واقیعیشدا هەر کەس قسە بە فارسی بکات، دەتوانێت بە ئاسانی لە شێوازی گۆرانیش بگات و لێی حاڵی ببێت.

بەپێی خاوەنی کتێبی *شەرەفنامە*، کە کتێبکی مێژووییە و نزیکەی ٦٠٠ ساڵ دەبێت بە فارسی دانراوە، کوردەکانی عەشیرەتەکانی گۆران بە پاکترین و ڕەسەنترین ڕەگەزی کورد دادەنرێن. ئەمانە ڕاستەوخۆ دەچنەوە سەر *بەختۆنەسر*. لە ڕووی ستراتیژییەوە وڵاتی کورد بایەخ و گرنگییەکی گەورەی هەیە[١] ئەوەی گومانیشی تێدا نییە ئەوەیە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر کورد و جوگرافیای وڵاتەکەیان کراوە، سامانە کانزاییەکانی (تەنانەت لە سەر خوونەریتیشیان)، گشتی لە لایەن ئەفسەرانی سوپای بەریتانیاوە کراون. ئەوانەی لە سەروبەندی یەکەم جەنگی جیهانیدا لە عێراق کاریان کردووە، لەم دواییانەدا بابەگورگوڕیش (نەوت) سەرنجی گەلێک لایەنی تری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

**ئــەدەب:**

زمانی کوردی تا ڕادەیەک دەوڵەمەندە، دەتوانێت ببێتە کەرەستەیەکی جوانی دەربڕین. ئەم زمانە ئەگەر نەتوانێت وشەیەکی گونجاو و لەباری خۆی بدۆزێتەوە بۆ دەربڕین، ئەوا گورج لە فارسی، عەرەبی یان تورکییەوە دەیخوازێت، لەم دواییانەدا هەندێک وشەی زانستییانەی ئینگلیزییش خۆیان کوتاوەتە ناو زمانەکەوە.

---

[1] لەوە دەچێت سانسۆر ئەو پەرەگرافەی لا بردبێت.

زمانی کوردی (بە هەردوو شێوەی کرمانجی و گۆرانی)یەوە، شانازی بە ئەدەبە دەوڵەمەندەکەیانەوە دەکەن. ئێستا گەلێک کتێبی کوردی کە لە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە دانراون، لەبارەی سۆفیگەری، چیرۆک و گۆرانییە میللییەکانەوە، دەخوێندرێن. کوردەکان خولیایەکی زۆریان هەیە بەرانبەر ئەدەبەکەیان، گەلێک کتێبیش بەر لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو لە زمانی تورکی و فارسییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر ئەم زمانە. هەر بەو جۆرەش ژمارەیەک لە کتێبی ئینگلیزی و ئەڵمانی.

ئەڵمانییەکان لە پێش هەمووانەوە بوون کە کەوتوونەتە مشورخواردنی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی مێژوو و ئەدەبی کوردی. لە ساڵی ١٨٥٧دا، ئینجیل بە زمانی کوردی لە ئەستەنبووڵ چاپ کراوە. **ساموئیل رەحبا** قەشەیەک بووە، ڕێزمان و فەرهەنگێکی کوردی (بە شێوەی هەکاری) لە ساڵی ١٨٧٢ داناوە و بڵاوی کردووەتەوە. هەر کام لە **لیرش، پرۆکش، تشوود، زگ، بیریسیف وتیلان** و هەندێک زانا و ئەدیبی ئینگلیز، سەبارەت بە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کورد و ئەدەبەکەی کتێبیان داناوە و لێیان کۆڵیوەتەوە.

پاش ئەڵمانییەکان، ڕووسەکان دێن لە بواری بایەخدانیان بە کورد. لە ساڵی ١٨٧٩ ئەکادیمیای ئیمپڕاتۆر لە بوترسبورگ، فەرهەنگێکی فەڕەنسی - کوردی بڵاو کردەوە، تا ئێستا بە بەنرخترین کتێبێک دادەنرێت لە بارەی کوردەوە، چونکە پێشەکییەکەی زانیاریی ورد و بە بەهای دەربارەی عەشایرە کوردەکان گرتووەتە خۆ.

لە دوای یەکەم جەنگی جیهانییش، بەریتانییەکان جێی ئەڵمانی و ڕووسەکانیان گرتەوە لە بواری لێکۆڵینەوە

کوردییەکاندا. بوونی بەناوبانگترین کێڵگەی نەوت لە زەوییە کوردییەکانی موسڵ و کەرکووکدا (بەرزایی بابەگوڕگوڕ، کە زێڕێکی شلی لێ هەڵدەقوڵێت (نەوت) لە دەورووبەری کەرکووک هەیە.)، کە ناوەڕاستی وڵاتی ئەسڵی کوردە. ئەمە هۆکار بوو بۆ ئەم بایەخپێدانەی ئینگلیز بە لێکۆڵینەوەکانیان.

## خوونەریتی کۆمەڵایەتی و ژیانی خێزانی:

لە بەدبەختیی کوردان، هەر لە خۆڕا و بەبێ هۆ، پڕوپاگەندەی خراپ و ناپەسەندیان دوا دەخرێت، هۆکاری ئەمەش لەوەدایە ئەمانە لە دەرەتانی شەڕێکی بەردەوام و نەبڕاوەدان دژ بە دەسەڵاتی سەپاو بەسەریاندا، زۆر جار ئەمە وا دەکات پشتیان تێبکرێت و ببنە مایەی تووڕەبوونی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. ئەمە وای لێ کردوون تووشی گرێیەکی دەروونیی خۆبەکەمزان ببن، دیارە ئەمەش لە سوود و قازانجی ئەو دەوڵەتانەیە کە کوردەکەی تێدایە.

کورد بە ئازایی و دەستودڵفراوانی ناسراوە، ئەم خەسڵەتە بەرانبەر هەموانە. ئاغای کورد لە هەر کاتێکی شەودا بێت، هەر کەس لە دەرگای بدات لێی ئاوەڵا دەکات و بە پیرییەوە دەچێت، ئیتر ئەو کەسە نامۆ، هەژارێکی نەدار یان نەیارێکی خانەخوێ بێت دڵفراوانی و نانبدەیی خاوەنماڵ بە خۆوە دەبینێت.

کورد وا دەزانێت ئەو ماڵەی میوان ڕووی تێنەکات، لە ڕەحم و بەرەکەتی خودا بێبەشە. بە بۆچوونی ئەوان، سەردان و میوان و غەریبە، ڕسقوڕۆزی دەهێنن بۆ ماڵەکانیان. زۆربەی جاریش کە میوان خانەخوێ جێ دەهێڵێت، دیاری پێشکەش دەکرێت و لە تەک خۆیدا دەیبات، ئەگەر لە بەیانیاندا ڕۆیشت، ئەوا کەرە و پەنیری پێ دەدرێت، جاری واش دەبێت

ڕاخەر و قاڵی و پۆشاکی لە خوری و فەرودروستکراوی پێ دەدرێت، لە بەرانبەر ئەمەدا خانەخوێ چاوەڕوانی هیچ سوپاس و پێزانینێکی میوانەکەی ناکات. تا ئێستاش عەشیرەتە کوردەکان لەناو یەکدا پەرتوبڵاون، زۆربەیان لە یەکێتییەکی خێزانی، زیاتر یەکێتییەکی فراوانتریان لەناو یەکدا پێک نەهێناوە، سەرۆک عەشیرەت بەتەمەنترینیانە، یان باپیرەگەورەیانە. سیستمی گەورەی خێزان هێشتا بە تەواوی لە ناویاندا نەچەسپاوە، بۆیە هۆزە بچووکەکان وەک خێزانێکی گەورە وان، پێک دێن لە مام، برازا، ئامۆزا و خوارزاکان.

فرەژنی لە ناو کوردا باوە، هەتا کەسێکی مامناوەندییش هەڵپەی ئەوەیەتی ژنێک بکات بە دوان، بەڵام بەداخەوە، ژمارەی ژنەکان پەیوەستە بە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی کابراکەوە، ئیتر هەتا ژمارەی ژنەکانی زیاتر بێت، لەناو کوردا پلەوپایەی مەزنتر دەبێت. بە بۆچوونی خۆم، پەیڕەوکردنی ئەم فرەژنییە هەندێک پێویستیی ژیان دەیهێنێتە پێشەوە و فەرزی دەکات، چونکە ئافرەتی کورد بە چاوپۆشی لە پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکەی، ژنی ئاغا بێت یان کابرایەکی بۆرەپیاوی ڕەشۆکی، هەر خۆی کار و فەرمانی ناوماڵ ڕایی دەکات.

## ژیانی ناومـــاڵ:

هەر کە لە سەعات پێنجی بەیانییەوە لە خەو ڕا بوو، ئیتر ڕۆژێکی ئاسایی بۆ کابانی ماڵ دەست پێ دەکات. دەچێت بە لای ماڵات و ئاژەڵەکانییەوە، مانگاکەی دەدۆشێت، بە پەنچکە کەتانێکی خاوێن شیرەکە دەپاڵێوێت، قازانە شیرەکە لەسەر ئاگر دەنێت، کە کوڵا، لە لایەکی دەنێت و دەچێت بە لای پەز و ماڵاتەکانی ترەوە و تا دەورووپشتی ئاوایی ڕەوانەیان دەکات و

دەیانداتە دەست شوانەکە، شوان گشت مالآتی گوند دەلەوەڕێنێت، ژمارەیان خۆی دەدات لە دووسەد یان سێسەد سەر. کاتێک کابانی ماڵ گەڕایەوە، ئەو ماستەی شەو ئامادەی کردووە دەیکاتە مەشکەیەکەوە (دەفرێکی گڵین، یان پێستە)، بە هاوکاری ئافرەتێکی دیکە پێکەوە دەیژەنن و *ڕۆنەکەرەی* لێ دەگرن، هەر ئەو ئانەش کابرای مێردی لە خەو ڕا دەبێت و دەستنوێژ دەگرێت و نوێژی بەیانی دەکات، ژنەکەی پێخور و بەرچایی دەنێتە سەر *دسترخان*[١] کە پارچە قوماشێکە و لەسەر فەرش، یان لبادەکە ڕادەخرێت. ئاغڵەب نانی بەیانی پێک دێت لە پەنیری تازە، کەرە، ماست و کولێرەی گەرمی تەنوور. لەسەر دسترخان، کەسەکە ئاغا بێت یان بۆرەپیاوێکی هەژار، سەرتوێی ئەستوور، هەنگوینی تازە و هێلکە دەبینین کە بۆ خواردنی بەیانیان دانراون. ئەندامانی خێزان گشت پێکەوە بەرچایی دەخۆن، بەڵام لە خێزانێکی گەورەدا، دەسترخان لە پێشدا بۆ پیاوان ڕادەخرێت، کە تێرومڕ بوون، ئینجا ئافرەتەکان دێنە بەرەوە و نانەکەیان دەخۆن.

پیاوان دوای نانی بەیانی بەرەو کێڵگە و باخاتەکانیان دەبنەوە، ئافرەتیش بۆ ناو گەوڕی وڵاخ و مالآتەکان دەکەونە شیاکە و تەرس کۆکردنەوە، تا بە کا و وشکەگەلآوە بیشێلن و لە سەربانەکان هەڵیان بخەن، تا وشک ببێتەوە و وەک سووتەمەنی بەکاری بهێنن [٢].

---

[1] ئاخۆ مەبەست لەم وشەیە چی بێت؟ زۆرتر مەبەستی *سفرەی نانخواردنە*، یان *سینی خواردن*؟

[2] دوای وشکبوونەوە دەبێتە *تەپاڵە*. ئەم جۆرە سووتەمەنییە، جاران لە ناوچەی دەشتایی و گەرمیاندا بەکار دەهات، کە دوور بوون لە دار و خەڵوزی ناوچە بەرزایی و شاخاوییەکانەوە.

که خۆر هەڵهات و سەعات بووە حەوتی بەیانی، کەیبانووی ماڵ دەست دەکاتە گسکدان و ڕێکخستنی ناوماڵەکەی، ئینجا بۆ جلشوشتن و هەندێک وردە فەرمانی دیکە، تا کاتی ئەوە دێت تەنوورەکە دابخات و چێشتی نیوەڕۆ ئامادە بکات. نیوەڕۆژە پێک دێت، لە پارچە گۆشتی کوڵاو بە تەماتە و پەتاتەیەکی زۆرەوە لە تەنوورەکەدا دەکوڵێنرێت، لە چێشتیاندا بەهارات (شگە) بەکار ناهێنن، تەنیا پیاز لە زۆربەی چێشتیاندا بەکار دێت.

*ئابور* لە چێشتە بەلەزەت و بەناوبانگە، بریتییە لە مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لە دۆ و گەنمەکوتاو، لە تەنووری دەنێن، گەنمەکوتاو، گەنمەلەدۆڵ، یان دەسکەواندا دەیکوتن تا توێکڵەکەی لێ دەبێتەوە و دەنکە سپییە پاکەکەی دەمێنێتەوە کە لە برنج دەچێت، بەر لەوەی دۆ و گەنمەکوتاوەکە، یان بڕوێشەکە بنێنە ناو تەنوورەکەوە، دوو هێلکە دەشکێنرێت و جوان دەشڵەقێنرێت، ئەوسا تێکەڵ بە دۆ و گەنمەکوتاوەکە دەکرێت، ئینجا بەسەر ئاگرەکەوە لەسەرخۆ بە کەوچکێک تێک دەدرێت تا دێتە کوڵاندن و خەست دەبێتەوە، ئیتر لەسەر ئاگر لا دەبرێت و کەمێک خوێ و گەڵای نەعنای ئاوێتە دەکرێت تا تامەکەی خۆشتر بکات.

لێرەدا تەنوورەکە کەمێک تینەکەی دادەمرێتەوە کاتی ئەوە دێت نان و کولێرەی پێوە بدرێت و بیبرژێنێت، پاش ئەمە پێنج-شەش شیش گۆشت، تەماتە، باینجان و بیبەر دەخەنە ناو تەنوورەکەوە، ژیلەمۆکەی، کە هێشتا گەرمە و وردەوردە بە شێنەیی دەیانبرژێنێت و دەیانپیشێنێت، لەو لاشەوە کابانی ماڵ ئەم بۆن و بەرامانەی کە ئاو دەزێنێتە دەم، خەریکی دوورینەوە و پینەکردنی هەندێک جلوبەرگە، یان سەرقاڵی

تەشیرِستنە، یان ئەم ماوە کەمە دەرفەتێکە بۆی تا خەمێکی منداڵەکانیشی بخوات و ئاورِێکیان لێ بداتەوە.

که ئەم ماڵدارییانە دەکرێت، لە ئامادەکردنی خواردن، گسکدان، پینەوپەرِۆ و منداڵتاقەتکردن، لەو لاوە شیشە گۆشتەکان جوان ئاڵ بوون و برژاون، بۆن و بەرامەی دوگ و چەورییەکەی کابان بانگ دەکات، تا بچیت بە لایەوە و خواردنەکان لە لێواری تەنوورەکەدا دابنێت تا سارد نەبنەوە، چاوەرِوانی مێردەکەی دەکات تا پێکەوە بە خۆشی نیوەرِۆژەیان نۆش بکەن.

ئەم جارەش دیسان هەر پیاوان لە پێشەوە دەخۆن و ئینجا ئافرەتەکان، جاری وا دەبێت کە پیاوەکان بەسەر کێڵگە و مەزراکانیانەوەن، ئافرەتەکان نان و خواردنەکەیان بۆ دەبەنە سەر مەزراکان، کە لە دووری دوو، یان سێ میلێک لە ئاواییەوەن. ئێوارەش کابانی ماڵ سەرێک لە گەورِەکەیان دەدات، وشکەگەڵا و کای تێدا دەوەشێنێت، ئالیک (بریتییە لە تێکەڵەیەکی کا و جۆ) دەنێتە ئاخورِەکانەوە، تا ئەمانەش دەکات تاریک دادێت. وڵاخ و ئاژەڵ دەگەرِێنەوە، سەرەتا دەیاندۆشن و ئینجا دەکرێنەوە گەورِەوە.

پاش ئەمانە، کابان دەچێتەوە سەر ئامادەکردنی خواردنی ئێوارە (شێو)، کە ئەمیش هەر لە تەنوورەکەدا لێ دەنرێت (باشترین چێشتێکی ئێوارەش پێی دەگوترێت *ئاش*)، کە پێک هاتووە لە دۆ، گەنمەکوتاو، تەرِەپیازی جنراو، سپێناخ، کەمێک نەعنا و خوێ، جاروبار کەمێک گۆشتی کوڵاویش، بەر لەوەی ئاشەکە بخرێتە سەر سفرە و خوانەکە و بخورێت، هەندێک رِۆن و پیازی سورەوەکراو دەکرێت بەسەریدا.

هەر بەم بۆنەیەوە، ئەم جۆرە خواردنە لە هەندێک لۆقەنتە و ڕێستۆرانتی ئەورووپایی و ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشدا پێشکەش دەکرێت، بەڵام بە ناوی جیاجیاوە، بە زۆری بە *سووپ* (شۆربا) ناو دەبرێت، یان *قەفقاسی*، ڕاستییەکەشی خواردنێکی بەتام و بەلەزەتە، بەتایبەت لە زستاندا.

لەو خواردنە خۆشە زستانییانەی تر *هەریسە* (کەشکەک)، ئەویش هەندێک گەنمەکوتاو، یان برویش و گۆشت (کە باشتر وایە گۆشتی مریشک بێت)، ئینجا ئەوەندەش ڕۆنەکەرە دەکرێت بەسەریدا و بە کەوچک دەخورێت، ئەمە خواردنێکی زۆر بەتام و خۆشە و سوودمەندە، تا ڕادەیەکی زۆر لە چێشتی حە*لیم* دەچێت، کە لە ئەفغانستان، پیشاور، کوێتا و کشمیر خواردنێکی باو و بڵاوە[1]. بە زۆری ئێوارەخوان زوو دادەنرێت و دەست بە خواردن دەکرێت، دەوروبەری هەشتی شەو، پیاوان لە دیوێکی جیا، ژنانیش لە دیوەکەی تر، دیوی

---

[1] خواردنێکی موسوڵمانەکانی هیندستان، بە حە*لیم* ناو دەبرێت، بەتایبەت لە شاری *کەلکەتتا* و زۆرتر لە مانگی ڕەمەزاندا باو دەسێنێت و دەخورێت. شۆربایەکی تێکەڵ لە نیسک و گەنمەکوتاو و برنج و نۆک و گۆشت، کە وردورد دەکرێت. جگە لە ماڵان، لە چێشتخانە و بازاڕەکاندا لە مەنجەڵی تایبەتی گەورەدا جوان دەکوڵێنرێت و ئاوی تەماتەی دەکرێت بەسەردا. خواردنێکی گەلێک سوودبەخشە لە ڕووی زۆریی پرۆتینەوە بۆ ڕۆژوانان.

ئەم خواردنە لە کوردەواریشدا باوە و هەر بە هەمان ناوەوە. لە کتێبی *ئەفسانە و ڕازی کوردی*دا باسی لێوە کراوە، مامۆستا **سەلام مەنمی** چیرۆکنووسیش لە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردیدا (حەلیم حولێرە) باسی دەکات. *ئەفسانە و ڕازی کوردی*، وەک کاک **سەلام مەنمی** دەڵێت: کتێبەکە بە فارسییە و کاتی خۆی **عەلی ئەشرەف دەروێشیان** گۆڕیویەتە سەر کوردی. شەوی ٢٠ ڕەمەزانی ٢٠١٤، سەعات ١٠.٥ کەناڵی ئاسمانی *عراقییەنیوز*، ڕیپۆرتاژێکی لەبارەی ئەم خواردنەوە لە هیندستان بڵاو کردەوە، بەرواری ٢٠١٤/٧/١٨.

پیاوان *دیوانی* پێ دەڵێن[١]. جگە لە گوێز، بادام و مێوژ، میوەی وشکەی تریشیان زۆرە، چای ڕەش یان سەوز بە دەگمەن نەبێت لە ماڵی کورددا نییە. لە ڕواڵەتە تایبەتەکانی دیوەخانی کورد، کە لەوانەی عەرەب، ئەرمەن و ئێرانییەکان جیایان دەکاتەوە، ئەوەیە کە خواردنەوە لە شەراب، ئارەق و کهولییەکانی دیکە زۆر بە دەگمەن نەبێت، بوونیان نییە و نابینرێن، ئەمەش ئەگەر ببێت، زۆر بە پەنهانییە و کورد هەرگیز ناخۆنەوە، چونکە کورد پابەندی ئایینی ئیسلامە و خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت بەرەنگاریی گەلێک هەڵنان و هەڵخەڵەتاندن ببێتەوە و خۆیانی لێ لا بدەن، هەرچەندە لە گشت لای وڵاتەکەیاندا تێکەڵن بە ئەرمەن، ئێرانی، عەرەب و تورک، بێجگە لەوەی ئەو جۆرە خواردنەوانە لە ناوخۆشدا هەن، وەک: ڤۆدکا، شەراب، ئارەق، بەڵام ئەوان هەرگیز توخنیان ناکەون.

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە فرەژنی لای کورد، هەمیشە هۆکارەکەی بارودۆخەکەیە. ئینجا بیهێنە پێش چاوت، کە گشت فەرمان و ئەرکێکی ناوماڵ تەنیا وا بەسەر شانی ئافرەتێکەوە، وێنای ئەوە بکە گشت ئەو خواردن و خۆراکە هەمەجۆرانە، کە ڕۆژانە ئامادە دەکرێن تا مێرد یان پیاوان بیانخۆن، هەر ئافرەت دەیانکات، بۆیە دووژنی پێویستی و زەرورەتێکی کوردە، بە لایەنی کەمەوە، مادەم بار و دەرەتانی ژیانی ڕۆژانەیان ئاوا وەک خۆیەتی.

---

[1] بەڵکو *دیوەخانی* پێ دەڵێن.

# بەشی دووەم
# ڕواڵەتە جوگرافییەکانی وڵاتی کوردەواری

**ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا:**

ئەم هەرێمە پێک هاتووە لە زنجیرە شاخێکی پەیوەست و سەرکەش لە باکوورەوە، بەڵام وردەوردە لێک دادەبڕێن و نزم دەبنەوە تا دەبێتە بانێکی تێکشکاو[١]، تا لە کۆتایدا دەبێتە دەشتێکی هەڵەت بۆ ناو باکووری عێراق و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا درێژ دەبێتەوە.

ئەم دەڤەرە شاخاوییانە کورد و ئەرمەنیان تێدا دەژی، لێرەولەوێ تێکەڵ بە یەک، بەڵام زۆربەی کوردن، چونکە ئەرمەن لەم پەنجا ساڵەی دواییەدا لە زێدە ئەسڵییەکەی خۆیانەوە (ئەرمەنستان)[٢] ڕووەو هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق ڕەویان دەکرد. بۆیە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا[٣]. ڕێژەی کوردەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەرمەندا لەم هەرێمەدا، دەوروبەری ٤٠% بوو، بەڵام کوردەکان ژمارەیان هێندە

[1] plateau: زەوییەک هەتا ڕادەیەک بەرز و سەرەکەی تەخت بێت.

[2] نووسەر وشەی *حایستان*ی بەکار هێناوە.

[3] مەبەستی کۆتایی سەدەی نۆزدەیە.

زیادی کرد تا بە ٦٠%ی دانیشتوانی هەرێمەکە گەیشت. نەبوونی تەبایی و پێکەوەهەڵکردنێکی ئایینی و سیاسی، هەتا لە بوارە جوگرافی و جیۆلۆجییەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە، وا دەردەکەوێت شێوەی زەوی تێیدا دەچێتەوە بۆ سەر کارلێکە جۆراوجۆرەکانی ناوەوەی ژێر توێژاڵەکانی زەوی، کە هاوکات بووە لەگەڵ ئەو قڵیشان و لێکترازانە بەرچاوانەی لە توێکڵی زەوییەکەدا ڕوویان داوە، ئەوەی ئەم تیۆرە پشتڕاست دەکاتەوە ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بە هۆیەوە لە ڕووبارەکاندا هاتوونەتە دی، ئەو کۆسپانەش کە لە ڕێڕەوی ئەو ڕووبارانەدا قوت بوونەتەوە. ئەوەی ئەم پەرتوبڵاوییە سروشتییەی هەرێمەکە زیاتر دەکات، ئەو سێ ڕووبارەیە کە تێیدایە: *ئەرکیس*، *فورات* و *دیجلە*. سەرەڕای ژمارەیەک لە لقوپۆپی ئەو ڕووبارانەی کە لە ڕێڕەوەکانی خۆیان لایان داوە، هەندێکیان هەر لە ناوخۆی هەرێمەکەدا دەبڕێنەوە، هەندێکی تر شێوەی کانیاویان وەرگرتووە.

ئەو سکڵ و دەرهاویشتە گڕکانییە[1] ساردەوەبوانەی کە دۆڵ و شیو و نزماییەکانیان پڕ کردووەتەوە، یان پانتایی فراوانی لە بانی وشکوبرنگی دروست کردووە، ئینجا لەو گڕکانانەی کە تەقیونەتەوە: *گڕکانی نەمرودە*، کە بەربەستی لە ڕێی ڕووبارێکدا دروست کردووە، ئەنجام دەریاچە جوانەکەی *ڤانی* لێ پێک هات.

زنجیرە شاخەکانی ئەم هەرێمە، دیاردەی ئاڵۆز و ناقۆڵایان لەخۆ گرتووە. لە باکوورەوە ئەم زنجیرەیە، سەرەتا بە پاڵ

---

(1) lava (حمم برکانیه) ماددەیەکی شلی ئاگرین لە گڕکانەوە دەردەپەڕێت، تێکەڵەی کانزایی هەمەچەشنەیە و دوایی سارد دەبێتەوە، ڕەش یان بۆر هەڵدەگەڕێت.

دەشتەکانی گویَ دەریای ڕەشدا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژ دەبنەوە، ئینجا لە باشووری ڕۆژئاواوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبنەوە، تا جارێکی دیکە بۆ ئەوەی لە چیاکانی قەفقاس نزیک بێتەوە، ڕێڕەوە ئەسڵییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە؛ بەڵام تا ڕووەو باشوور ببینەوە، بەرەو ئامەد (دیاربەکر) چیاکانی تۆرۆس، لە زنجیرە بەرزاییەک پێک دێن، کە دوایی لە شێوەی کەوانەیەکی گەورەدا ڕووەو باشووری ڕۆژهەڵات پێچ دەکاتەوە. ئەم کەوانە گەورەیە وا مل دەنێت و بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک.

*بابە گوڕگوڕ* کە هەورازێکی نەوتی بە ناوەوەیە، وا لە ئامێزی باشووری ئەم زنجیرەیەدا، کە داکشانەکەی وا سەرەو خوار دەبێتەوە تا ئاقیبەت لە تەک زنجیرە شاخەکانی زاگرۆسدا، لە ڕۆژهەڵاتی ئێران یەکانگیر دەبن.

لەناو قووڵایی ئەم کەوانەیەشدا بانێکی فراوان هەیە، کە شاری وەک ئامەد، ماردین و ئۆرفەی بە ناوەوە گرتووەتە خۆی، ئەم بانە وردەوردە دەچەمێتەوە بەرەو باکووری سوریا. وا دیارە ئەو هەرێمەی خوارەوە بە پاڵ هەرێمی ئازەربایجانی ئێرانەوە، هەرچەندە زۆر دووریش نییە، کاتی خۆی دووچاری تەقینەوەیەکی گڕکانی مەزن بووبێتنەوە، بۆیە بە سەر تاوێر و گابەردە سەختەکانییەوە توێژاڵێکی تەنکی گڵی وای لە سەرە، کە ورد و هەڵبڕواو بووە و بووەتە خۆڵێک کە توێژاڵێکی تەنکی تری خۆڵ جێی گرتووەتەوە، بەم هۆیەوە دۆڵ و نشێوەکانی ئەم ناوە زۆر بەپیتن، دانەوێڵە و میوەجاتێکی فرەچەشنەی چاکی لێیەوە بەرهەم دەهێنرێت.

## ڕووبارەکـان:

بە ناو ئەو سکڵ و دەرهاویشتە گڕکانییە ساردەوەبوانەدا، ڕووبارەکان ڕێڕەوی خۆیان کردووەتەوە، زۆر جار قووڵایی ئەم ڕێڕەوانە دەگاتە چەند هەزار پێیەک لە بانەکانی ئەملاولایانەوە، لێوارەکانی سەرەوەیان هێندە تەسکن، بۆ ئەوە ناشێن خەڵکی تێیاندا سوکنایی بێت، بەڵام لای خوارووویان پان و لیتاوییە، ئەگەر بۆ چاندن بەکار بێن، بێگومان بەرهەمی زۆر چاک دەدات. ئەم هەورازە گڕکانییانە بۆ سوکنابوون ناشێن، بە هۆی بەرزییەکەیانەوە کە لە حەوتهەزار پێ هەڵکشاوترە، سەرەڕای نەبوونی دارستان و ڕووەکی خۆڕسک لێیان، کەچی جوانترین و دڵگیرترین دیمەنێکی سروشتیی وای پێوەیە کە سەرنج ڕادەکێشێت. دیمەنی دەمە گڕکانییەکانی لێرەولەوێ، کە سکڵ و دەرهاویشتەیان لە قووڵایی زەوییەوە لێ دەردەپەڕێت، لەمانە گڕکانەکەی چیای ئارارات کە لە ترۆپکەکەیدا کەوانەی **نوح پێغەمبەر** (د.خ) بوونیاد نراوە[١].

بەرەو خوار، لە دەوروپشتی ئامەد، ماردین و ئۆرفە تا بێت سەختیی زەوییەکە کەم دەبێتەوە، چونکە ڕووبارەکان لە قووڵایی ئاستی بانەکەوە ڕێڕەوی خۆیان دەدڕن و پێیدا گوزەر دەکەن، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو زەوییانە بۆ کشتوکاڵ بشێن و کەم و سنووردار بن. ئینجا هەندێک لە فەلاکوردەکان بۆ ئاودان، پەنا دەبەنە ئەو ئاستانەی دەتوانرێت بە ئاسانی ئاویان لێ هەڵبهێنجرێت، یان بە ئامێری ئاودان سەر بخرێت بۆ مەزراکانیان. بەشێکی زۆریش لەم کوردانە، بە لەوەڕاندن لە لەوەڕگەکاندا خەریکن و دەژین.

---

[1] مەبەست وەک مۆنۆمینتێک بۆ لەنگەرگرتنەکەی گەمییەکەی **نوح** پێغەمبەر، دوای هێوربوونەوەی تۆفانەکە لەو سەرچیایە.

**ئـاووهـەوا:**

ئەو بەشەی وڵاتی کوردەواری کە دەکەوێتە ناو تورکیاوە، ئاووهەواکەی جیاوازییەکی زۆری هەیە و جۆراوجۆریشە، بەتایبەت تا بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات ببینەوە کە لە هاویندا گەرم و وشکە، پلەی گەرما دەگاتە ئەوپەڕی (١٠٠ پلە)، بەڵام لە دۆڵ، نشێو و چەمە نزمەکاندا خۆی دەدات لە ١٢٠ پلە، لە باکووری ڕۆژهەڵات لە هاویندا پلەی گەرما نزمترە، تا لە ڕۆژدا تێکڕای دەگاتە ٩٠ پلە. هەرچەندە ئەو جیاوازییەی نێوان گەرمای ڕۆژ لەگەڵ سەرمای شەودا، لەو تێکڕایەی ڕۆژانە دەکات کە پلەی گەرما لە نێوان ٦٥–٧٠ پلەدا بێت.

لە زستاندا تا ئەوپەڕی باشوور ساردە، بە جۆرێک لە ئامەد، مانگی کانوونی دووەم دەچێتە ٣١ پلە و تا بەرەو ژوورتر ببینەوە، ئەم پلەیە زیاتر دادەبەزێت و ساردتر دەبێت، بۆ نموونە لە شاری *قارس* کە لەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتەوەیە، لە دەڤەرەکەدا، لە کانونی دووەم پلەی گەرما دادەبەزێت بۆ ٩ پلە، خۆ لە شەودا دەچێتە ٥٠ پلەی خوار سفر.

لەو هەرێمانەی بە پاڵ ئازەربایجانەوەن لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا، چوار مانگی ڕەبەقی ساڵ بەفریان لێ دەبارێت، بەڵام لە باشوور و دەوروبەری ئامەد و ماردین، تەنیا ١٥ ڕۆژ بەفرەکە دەمێنێتەوە و ئیتر دەچێتەوە. بە هۆی بەرزی دەڤەرەکەشەوە لەم ناوەدا باران زۆرتر دەبارێت لەچاو ناوەڕاستی تورکیا خۆی، ڕێژەی بارانبارین لە نێوان ١٧ – ٢٤ گرێدایە. لە نێوان مانگەکانی شوبات و ئاداردا باران زۆر دەبارێت، بەڵام ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی **ڤان** ئاووهەوا و بارانیان کتومت لە ناوچەکانی دەریای ڕەش

دەچێت، بۆیە لە مانگی ئایاردا بارانێکی زۆر لە ئەرزەڕۆم و لە تەمموز لە قارس دەبارێت.

ئاووهەوای وڵاتی کوردەواری وەک خەڵکەکەی زبر و سەختە. لە هاویندا گەرم، وشک و خۆڵاوی وەک شاخ و بانەکانی *بەلوشستان*. زستانیش دیسان وەک زستانی بەلوشستان سەرمایەکی سەخت، لە هەردووڵاش لە بەهاردا، تەوژمی گەرمیی بای سارد کتوپڕ لێیان هەڵدەکات. هەرچی تەوژمە گەرمەکانە، دەبنە هۆی *فۆهن*(١) و *خوماسی*(٢) کە لە خوارووی بیابانی عەرەبەوە هەڵدەکات، تەوژمە ساردەکانیش لە ناوەڕاستی ئاسیاوە دێن و زۆر جار دەبنە هۆی بەفربارین تا مانگی مایس.

## ٢- ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێران:

شێوەی هەڵکەوتەی زەویی وڵاتانی کوردەواری لە ئێراندا، وامان لێ دەکات وا مەزەندە بکەین کە زەبەلاحێکی چەتەوڵ توند لەپی دەستی نابێت بەسەر زەویدا، ئیتر لێرەوە شاخ و کێوەکان دەرپەڕیبن، لەو لاش دۆڵ و نشێوەکان پەیدا بووبن. شاخەکانی باکووری ڕۆژئاوا بەبێ ئەوەی ئەو زەبەلاحە دەستیان بۆ بەرێت، سەرکەش و بڵند وەک بانێکی فراوان ڕووەو باشووری ڕۆژهەڵات لار دەبنەوە، لە نێو هەر

---

(1) Fohn Wind: بایەکی ناوچەییە لە شاخەکانی *ئاڵپ*دا هەڵدەکات، بایەکی گەرم و وشک.

(2) khamasin: بایەکی ناوچەیی زۆر گەرمی وشکە لە بیابانی میسردا هەڵدەکات، عەرەب بە: (الرياح الخمساسيه) ناوی دەهێنێت.

بەرزاییەک و ئەوی تردا، دۆڵێکی زۆر قووڵ هەیە. ئیتر بەم شێوەیە هەوراز و نشێوەکان بە ئاشکرا و جیاواز دەردەکەون.

هەندێک دۆڵ و شیوی ڕووبارەکان وەک ڕێڕەوی شاخاویی تەسک، هەندێکی تریان بە هۆی کارلێکە ناوەکییەکان پانترن، بۆ نموونە دۆڵی ڕووباری *ئاراس* کە ١٠ –١٤ میل پانە، دۆڵی ڕووباری *سپی* (سفید ڕود) کە پێچاوپێچ بە نزماییەکی ١٥ میلیدا، بە دەوری شاری *میاندواوی*ی کوردستانی ئێراندا دەڕوات.

ڕواڵەتی سێیەم لەم بەشەی وڵاتی کورد لە ئێراندا، کە پێوەی تایبەتە لە زنجیرە چیای زاگرۆس، بوونی دەمە گڕکانێکی زۆر کە بە هۆی گردبوونەوە و نیشتنی لیتاوەوە بە درێژایی ئەو هێڵە قڵیشاوانەوە تێیاندا، زۆرتر لە سەرووی بانەکەوەن، لەوێوە لووتکەکانی *سفالان* (١٤٠٠٠ پێ)، *سەهەند* (١٢٠٠٠ پێ) و *خروزانا* (١١٥٠٠ پێ) بەدیار دەکەون.

بەگشتی بەرزاییەکانی ئەم بانە ڕەقەنە گردۆڵکەییەکە، بە چینی لە سکڵ و دەرهاویشتە گڕکانییە تازەکان داپۆشراوە، لە ئاووهەوادا جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە، لەبەر ئەمە خەڵکی بە دەگمەن لەم ناوەدا دەژین، هەر وەک بانی بەلوشستان لە ڕۆژئاوای کوێتای سەر سنووری ڕۆژئاوای پاکستان، جگە لە خاوەنماڵاتە ڕەوەندەکان کە لەم بانە گڕکانییە وشکەدا هاوینان ئاژەڵەکانیان دەلەوەڕێنن، لە زستانیشدا دادەگەڕێنە خوارەوە بۆ شار و دۆڵە قووڵەکانی گوێ ڕووبارەکان.

چڕی دانیشتوانیش لە ناوچە فراوانەکانی گوێ ڕووبارەکاندا زۆرترە، ئەو شوێنانەی جیاوازیی ئاووهەوا تێیاندا کەمترە لەچاو ناوچە وشکوبرینگەکاندا، زەویی بەپیتیان زیاترە، لە گشت لاوە ئەم زەوییە بە پیتانە، بە سەدان میل هەن. بۆیە ئەو شارانەی بە هۆکاری جوگرافی و ئابوورییەوە گەشەیان کردووە و فراوان بوون: شاری مەهاباد بە گرنگترین مەڵبەندێکی جەنگی دەژمێردرێت لە ڕۆژهەلاتی ئێراندا [١].

### ئاو و هـەوا:

ئاووهەوا لەم هەرێمەدا جیاوازییەکی زۆری هەیە، هاوین زۆر گەرم و سەخت و وشک، زستان زۆر سارد، ساردتر لە تێکڕای ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سەر هەمان هێڵی پانەوە.

### بـاران:

لە شاخەکانی مەهاباد و دەوروبەریدا، لە باشووری تەورێز و ورمێ باران بە زۆری دەبارێت. بەگشتی لە مانگی ئادارردا باران زۆرە، بەڵام بە درێژایی زستان باران هەر هەیە و لە مانگی ئادار و نیساندا، ناوەناوە دەبارێت، ئیدی باقیی مانگەکانی ساڵ وشک و بێ بارانە.

### بــا/ Wind:

لە دیاردەکانی دیکە، هەڵکردنی تەوژمی بای بەهێز و توندە کە کار دەکاتە سەر ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە پلەکانی گەرمادا لە هەرێمەکەدایە، ئیتر لە زستاندا بێت، یان لە هاویندا.

---

[1] لەوە دەچێت وەرگێڕی عەرەبییەکە لەمەدا بە هەڵە چووبێت، یان نازانرێت مەبەست لە گرنگترین مەڵبەندێکی جەنگی چییە؟ کە نووسەر دەیڵێت.

ئەم با بەهێزانە لە هاویندا، دەبنە هۆی تەوژمی بایەکی وەرزیی وشک، کە لە باکووری ڕۆژئاوای کیشوەری هیند، پاکستان و بەلوشستانەوە هەڵدەکات و بەرەو ڕۆژئاوا، ڕووەو ئێران دێت، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی گەرما تا ئاستی ١٢٠ پلەی فەهرەنهایت، لە لایەکی ترەوە ئەم هەرێمە بە هۆی گەردەلوول (سایکلۆن)ی سیبریاییەوە، کە بەربەستی سروشتی لە ڕێیدا کەمە، تا نەهێڵێت ئەو هەوا زۆر سارد و وشکە بەرەو خوار ببێتەوە، کاری تێدەکات و سەرما دایدەگرێت. لە لایەکی ترەوە ئەو شاخانەی لای ڕۆژئاوا و باشوور کاریگەرە دەریاییەکان ڕادەگرێت، وا دەکەن هەرێمەکە سوودمەند نەبێت لەو با فێنەکە شێدارانەی لە دەریای سپیی ناوەڕاست و قەزوین و کەنداوی فارسەوە هەڵدەکەن، تەنیا ناوچەکانی دەرەوە نەبێت لە کوردستانی ئێران کە لەم جۆرە بایانە سوودمەندن. دیسان بە هۆی بەرزیی ڕووی زەوییەکەوە، سەرمای زستان ئاسایی نییە، هەرچەندە ئەم بەرزییە نابێتە هۆی فێنکی و دابەزینی پلەی گەرما لە ڕۆژانی هاویندا، بەڵام لە شەودا دەبێتە هۆی دابەزینێکی باشی پلەی گەرما.

لە مەهاباد و ورمێدا، تێکڕای پلەی گەرمای ساڵانە لە نێوان ٣٥ - ٤٥ پلەدایە، بۆیە لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاردا زوقم زۆر دەبێت، بەڵام هەور زۆر کەم دەبێت.

نەبوونی هەور لە هەرە هۆکارە گرنگەکانی ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان ڕۆژ و شەو و وەرزەکاندایە، تیشکی خۆر لە هاویندا لەسەر زەویی ڕووت تاو دەسێنێت و دنیا گەرم دەبێت، شەوانی زستانیش ئەو گەرمییەی کە زەوی لە ڕۆژدا مژیوییەتی، بەبێ ئەوەی هەور بەربەستی بێت دەیداتەوە و ونی دەکات.

### ٣- باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای عێراق:

ئەم هەرێمە بە لانکی کوردستانی دێرین ناو دەبرێت، لەو شوێنەی کە بانە گەورەکەی ناوەڕاستی ئاسیا وردەوردە لەگەڵ دەشتە بەپیتەکانی عێراقدا یەکانگیر بوون.

گشت هەرێمەکە شاخاوی و لووتکەی سەرکەش و پڕ لە دارستانی چڕە، جگە لە ڕووکاری باکووری ڕۆژئاوای دەوری موسڵ، ئەو ناوچەیەی کە زێی گەورە و بەشی سەرەوەی ڕووباری دیجلە و لقەکانی خابوور دەوریان داوە، بریتییە لە دەشتێکی بەپیت؛ بەڵام باقیی بەشەکانی تری هەرێمەکە، بەتایبەت بە ڕووکاری باکووری ڕۆژهەڵاتدا، بریتییە لە زەویی ڕەقەنیی شاخاویی ڕووت. زنجیرە شاخی تەریب بە یەکتر، کە دۆڵ و شیوی قووڵ لە نێوانیاندایە، ئەم شاخانە پێکەوە یەکانگیر نین، بەڵکو نزمایی زۆر نێوانیان دەکەوێت. لە نێوان ئەم ناوچە بەرزاییانەوە، ئەو قڵیشە زۆرانەی کە ڕووبار و دەشتە وشکەکان پێکیان هێناون، لەملاولاوە بوونەتە هۆی دروستبوونی دۆڵ و شیوی زۆر تەسک و قووڵ، هەندێکیان بریتین لە تەنگە و دەربەندی تازە پێکهاتووە، بە شێوەیەک لیتەی نیشتوویان تێدا نابینرێت.

لە هەندێک شوێندا ڕاستەوخۆ ڕووبارەکان بەرەو دەشتەکانی قەراغ دیجلە ڕێڕەوی خۆیان کردووەتەوە، ئەمە پاش ئەوەی بە نێو دۆڵ و نشێوە قووڵەکانی ناو شاخەکاندا تێپەڕیون، ئەم قڵیش و دۆڵە قووڵانەی نێو شاخەکان، کە ڕووبارەکان ڕێی خۆیان تێیاندا کردووەتەوە، جێی سەرنجە.

هەندێک لە زانایان وای مەزەندە دەکەن، ئەم قڵیش و نشێوانە کە کورد بە تەنگە ناویان دەبات، لە ئەسڵدا لێکترازان و بەریەککەوتەیەکی سەر ڕووی زەوین، جا لەچاو تەوەرە

سەرەکییەکەی بانەکە لە شێوەی گۆشەی وەستاودا دروست بووبن و بە هۆی ئاوەڕۆوە زیاتر قووڵبوونەتەوە، هەندێک شوێنیش کاریگەریی بای پێوە دیارە کە دایبڕیوە.

تەنگە وشکەکان، کە ئاسەوارێکی ئەوتۆیان پێوە دیار نییە، کە پیشانی بدات ئەمانە بنکی ڕووبار بووبن، یان ڕووباریان پێدا ڕۆیشتبێت، کەچی لە وەرزی بارانباریندا سێڵاویان پێدا دەڕوات.

بەرزی و نزمییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵگەن بۆ ئەوەی ئەو ئاوە تیژڕەوە بەردەوامانە، بوونەتە هۆی داماڵین و ڕاماڵینێکی ئەوتۆ کە بنکی ئەو ڕووبارانەی ئاوا دادڕیوە و قووڵی کردوون، بە شێوەیەک ڕووبارەکان لە ئاستێکی زۆر نزمتردان لە ئاستی سەر ڕووی زەوییەکانی دەوروپشتی خۆیانەوە، بەرزایی ئەوتۆش بە دەوریانەوەیە کە خۆیان دەدەن لە ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ پێ، دۆڵ (خەرەند)ی ڕەواندز یەک لەو نموونانەیە کە باس کران.

خۆ ئەگەر بە ڕێگەی *هاملتۆن*ی بەناوبانگدا ڕابوورین، لە هەولێرەوە بۆ ڕەواندز، ئینجا بەرەو ئێران سنوور ببڕین، دیمەن و چاوەندازی سروشتیی زۆر سەیر و سەرسوڕهێن دەبینین، کە پێکهاتە جوگرافییە عەجباتییەکان هێناویانەتە دی. ئەو چاوەندازانەیان خستووەتە ڕوو. دیمەنێک لە دیمەنەکانی دنیایەکی نەبینراو، ئەم دەڤەرە لە پارچەیەک لەناو مانگ یان مەریخ[1] دەکات، یان هەر وڵاتێک لەو وڵاتە نادیارانەی لەسەر پەردەی سینەما دەیبینین، نەک لەم دنیایەی بەرچاومان.

---

[1] مەریخ mars: بارام، هەسارەیەکی گەڕۆکە، دوای ئاوابوونی خۆر لە باشوورەوە بە دوو سەعات هەڵدێت، پڕشنگەکەی سوورە.

گشت ئەم دیاردە سروشتییانە لە ئەنجامی ئەو هەڵتۆقینە جیۆلۆجییەوەیە، کە داچوونێکی کتوپڕ تووشی بنکی کەنداوی فارسی هاتووە، ئەوەش بە هۆی کۆبوونەوەی تۆپەڵە لیتەیەکی زەبەلاحەوە لە بنکی کەنداوەکەدا، یان بە هۆی بەرزبوونەوەیەک لە زنجیرەکانی ئەنادۆڵدا، یان لە ئەنجامی قۆناغێکی کاتیی ئاووهەوا، کە لە سەردەمی جیۆلۆجیی سێیەم یان چوارەم، شێی هەوا زۆر زیادی کردبێت. جا ڕووبارەکان هەستاون و لافاوێکی وایان کردبێت، کە ڕووی زەوییەکەیان ڕاماڵیبێت و ئەو قلێشانەشیان دروست کردبێت.

دیارە ڕاڤەکردنی ئەمە لە قورئان و تەوراتدایە، لە چیرۆکی نوح پێغەمبەر (د.خ)دا. بۆیە لەو کارلێکە ئابوورییانەی کە ئەم جۆرە بەرزونزمییانە کردوویەتییە سەر دانیشتوان، ئەوەیە پێچاوپێچی تیژی ڕووبارەکانی بەشە کۆنەکەی وڵاتی کوردەواری[١]، وای کردووە ئاودێری ببێتە کێشەیەکی زۆر ناڕەحەت، ئەمەش لە لای خۆیەوە ئەو خەسڵەتە گشتییەی بۆ کوردەکان هێناوەتە ئاراوە، کە بریتییە لە ژیانێکی کۆچ و کۆچباری (ڕەوەندی) دانەمەزراو و تیرەگەریتی.

## ئـاو و هـەوا:

ئەم هەرێمە بەگشتی ئاووهەواکەی ساردە. لە زستاندا لەچاو ئەو دەڤەرانەی دەکەونە سەر هەمان هێڵی پانی، پلەکانی گەرما دادەبەزن، ئەمەش بەوە لێک دەدرێتەوە کە بەردەوام بەفر و زوقم سەرشاخەکانیان گرتووە، شەپۆلە ساردە توندەکەش کاتێک بەسەر ئەم ناوەدا دێت، کە زریان و

---

(1) مەبەستی باشووری کوردستانە.

گەردەلوولی هەڵکردوو، لە سیبریاوە دادەکشێت هەتا ئەودیو باشووری ڕۆژئاوا (بەتایبەت ناوەڕاست)، لەمەدا ***بای پۆڵی وشک***[1] دەدات بە دامێنی لووتکەی شاخە ڕووتەنە بەفرگرتووەکاندا لەم وڵاتی کوردەوارییەدا.

**باران:**

لە زستاندا نەبێت باران ناباریێت. لە پایز و بەهاریشدا تەرزە. قەبارەی دەنکە تەرزەکان زۆر گەورەترن لەوانەی کە لەناوچەکانی تردا، لەسەر هەمان هێڵی پانن، دەبارێن.

بارانی زستان بە هۆی بایەکی دەریاییەوەیە، کە لە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە هەڵدەکات. لە شێوەی نزماییەکی تەنکی بادا (نزمتر لەچاو ئەو بایانەی دەوری دەدەن)، کە شێیەکەی کەم بووەتەوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی ئەم با شێدارە، پێشتر بەسەر شاخەکانی سوریا و ئەنادۆڵدا تێپەڕیوە و بەشێکی زۆری ئەو شێیەی لەو ناوانەدا داناوە و ئینجا گەیشتووەتە ئەم ناوە، لێرەش شێیەکی ئەوتۆی پێ نەماوە تا لەگەڵ ئەو بایانەی پێشووتر یەکانگیر بێت، کە هەندێک شێی بای وەرزی پێوەیە.

---

(1) Polar Wind: (الرياح القطبية القارية) بایەکی زۆر سارد لە دەوروپشتی پۆڵەکانەوە بەرەو ناوچە فێنکەکان هەڵدەکات.

**١- باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا:**

**جوگرافیا**

لە ڕووی جوگرافییەوە ئەم بەشەی وڵاتی کوردەواری دەکەوێتە جەزیرەوە، جەزیرەش لە نێوان بەشی سەرووی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتە و لێی جیا نابێتەوە.

ئەم بەشەش لە وڵاتی کورد، دەکەوێتە ناو وڵاتی سوریای تازەوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی جەزیرەیە کە لە ڕۆژئاواوە بەشی سەرەوەی ڕووباری فورات دەوری داوە، لە باکووریشەوە زنجیرە چیاکانی باشووری تورکیایە. ئەم بەشە بە زۆری پێک هاتووە لە دەشتی گردۆڵکاویی بانێکی نزم، بە بەرزایی نێوان ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ پێ لە ڕووی دەریاوە. ناوبەناو دۆڵی ڕووبار و جۆگەی بچووکبچووکی تێدەکەوێت، بەڵام ئاوەڕۆیان نییە. گەورەترین ئەم دۆڵانە، گڵکەندێکی درێژ و تەسکە، کە لە بانەکەدا بە قووڵی هەڵکەندراوە و پێی دەگوترێت *دۆڵی سەرسار* (وادی الثرثار) لەناو سنووری عێراقدا.

ئەم دۆڵە جۆگە و شیوی وا دەبڕێت کە لە باکوورەوە دێن، بەڵام لە باشوورەوە پێچ دەکەنەوە بۆ ناو زۆنگێکی خوێیاوی (لەوانەیە لەوەوبەر ئەم دۆڵە ڕێڕەوی ڕووبارێک بووبێت و وشکی کردبێت، یان بە هۆکاری ژێرزەوییەوە دروست بووبێت)، هەرچۆنێک بێت بە چاو دیارە کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، لە باکوورەوە دێت و ڕووەو باشوور دەبێتەوە. سەرەڕای ئەمە بووەتە لەوەڕگە بۆ کوردە میللییەکان.

لە سەرووی ڕۆژئاوای دۆڵی سەرسارەوە، شاخی شنگال بە درێژبوونەوەیەکی بەرزاییەکانی سوریا دەژمێردرێت، بە هۆی بەرزیی ئەم شاخەوە (٣٠٠٠ پێ) لە زستاندا بارانێکی

زۆر لە بەشەکانی ژووررووی دەباریت[١]، بەمە بوار دەرەخسێت تا لەو دۆڵ و نشێوانەدا بەردەوام کشتوکاڵ بکرێت، لەم ناوچەیەدا کوردە قزڵباش و میللی و میرانییەکان، بە کشتوکاڵ و لەوەڕاندنەوە خەریکن.

لە دیاردەکانی جەزیرە، دۆڵی *خابوورە*، زێدی دێرینی میتانییەکان، کە تێیدا ئاودێری بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە، ژمارەیەکی چڕی دانیشتوان تێیدا سوکنایە. شاخی عەزیز، کە وا بە ڕووکاری ڕۆژئاوای ڕووباری خابوورەوە، بە یەکێک لە دیاردە سروشتییەکانی ئەو دەڤەرە دەژمێردرێت. شاخێکی نزم بەرزایی لە ٢٥٠٠ پێ زیاتر نییە، بە لاپاڵەکانی

---

[1] چیای شنگال لە ناوەندی سارای باشووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستانە. درێژیی زنجیرە چیاکە ٧٧ کم لە ئاست سنووری کوردستانی ڕۆژئاوا تەواو دەبێت. پانییەکەی ١٣ کم، لە بەرزترین لوتکەیەوە *سەرێ چل میرا* ١٤٧٠ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە.

*سەرێ چل میرا*، واتە چل پیاو، ناوەکە لە میتۆلۆژیای ئێزدییەوە وەرگیراوە، هاوکات ناوی مەزارێکی پیرۆزی کوردانی ئێزدییە بەسەر لوتکەکەوە. ڕۆژانە دەیان خێزانی ئێزدی زیارەتی دەکەن. (باس، هەفتەنامە – ژ ٢٠٢ی ٢٠١٤/٨/١٩: رسالە شەرکانی، لەسەر چیای شنگالەوە... ل ٧).

(**ئیبن بەتتووتە** ١٣٠٤-١٣٧٧ زایینی) زانا و فیقهزان و گەشتیاری بەناوبانگ. لە گەشتە بەناوبانگەکەیدا لە وڵاتی مەغریبەوە بۆ میسر، نیوە دوورگەی عەرەب، شام و هیند... تا دەگاتە سەرسنووری چین، لەو گەشتەیدا کە بە کتێبی: (رحلة إبن بطوطة) تۆمار کراوە، لە جزمی ١ لاپەڕە ١٥٠ باس لەوە دەکات چۆن بابەت و وانەکانی حەدیسی لە لای **عایشە**ی کچی **موحەممەد**ی موسلیمی حەڕانیی کوردی خوێندووە و باس لە کوردەکانی جەزیرە دەکات، چەند شارێکی لەو دەڤەرە دیوە و سەردانی کردوون.

لەوانە (سنجار- شنگال) و دەڵێت: "خەڵکی سنجار کوردن، ئازا و دەستودڵ فراوان و نانبدەن" هەروەها لەوێ چاوی بە **شێخ عەبدوڵڵا کوردی** کەوتووە، کە خوداپەرستێکی خاوەن کەرامات بووە.

ئەم شاخەوە شیو و دۆڵی قووڵ هەن، کە بە درێژایی نۆ مانگی ساڵ، وشک و بێ ئاون، لە زستاندا پڕ دەبنەوە و دواجار دەڕژێنە بیابانە وشکەکەی خوارەوە.

نزیک بە *ڕەققە*، کە شارێکی گرنگی ئەم ناوچە کوردییەیە، لقێکی بچووک لە فورات دەبێتەوە، لێرەش جگە لە دەوروبەری ڕووباری *بلەیخ*، کوردە میرانییەکان ناتوانن ڕان و مێگەلەکانیان بلەوەڕێنن.

*** ئاو و هەوا**

لە هاویندا ئاووهەوای دەڤەرەکە زۆر گەرم و وشکە، لە زستانیشدا سارد و شێدارە، بەڵام پایز و بەهارەکەی دوو ماوەی کورتی گواستنەوەن لە نێوان زستان و هاویندا.

لەسەر کەنداوی فارس و باکووری ڕۆژئاوای پاکستانەوە، لە هاویندا پاڵەپەستۆیەکی نزمی وەرزی پێک دێت، ئەمە وا لە هەوا دەکات ڕووەو ڕۆژئاوا ببێتەوە و ببێتە هۆی بای باکووری ڕۆژئاوا، کە بە درێژایی هاوین هەیە و بە *بای باکوور* ناو دەبرێت. بەسەر نزماییەکانیشدا بایەکی وشکی بێ هەور هەڵدەکات، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە سێبەردا، جاری وا هەیە ئەم گەرمایە دەگاتە ١٢٠ پلەی فەهرەنهایتی، بەڵام شەوگاری هەمیشە ساردە، ئەمە بە هۆی جیاوازی لە پلەی گەرمای ڕۆژانەدا کە لە لای ڕووبار و زۆنگەکانەوە بوون بە هەڵمێکی زۆر لە ڕۆژدا، بە چەند پلەیەک گەرما دادەبەزێنێت.

## گرنگترین بەروبوومەکان

هەرچەندە هیچ لەیەکچوون و هەماهەنگییەک لە گشت بوارەکانی ناو وڵاتی کوردەواریدا نییە، بەڵام لێکچوونێکی هەستپێکراو لە بەروبوومە کشتوکاڵییەکاندا، لە هەر کام لە پارچەکانی تورکیا، عێراق، ئێران و سوریادا هەیە.

لە ناوچە شاخاوییەکانی وڵاتی کوردەواریدا گشت جۆرەکانی میوە دەچێنرێت و بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام گەنم، جۆ، چەڵتووک، گەنمەشامی و توتن لە دەشتایی و دۆڵ و نشێوە پانوبەرینەکاندا دەچێنرێت.

*** جـۆ**

ئەو هۆز و تیرە کوردانەی بە کشتوکاڵەوە خریکن، جۆ وەک خۆراکێک بەکار دەهێنن، یان وەک ئالیک بۆ وڵاخ و ماڵاتەکانیان، ئەمەش بە هۆی ئەوەی جۆ بەرهەمێکە، لە گەنم و چەڵتووک زیاتر بەرگەی وشکیی ئاووهەوا و سوێر (شۆر)ی خاکەکە دەگرێت، ماوەی بەرهەمهێنانەکەشی لەوانی تر کورتترە. جۆ وەک یەکێک لە دەشتاییەکانی ئاراکسیس، مەهاباد و ورمێ لە ئێراندا، لە ناوچەکانی موسڵ، هەولێر، ڕەواندز و کەرکووک لە باکووری عێراق بەرهەم دەهێنرێت.

*** گەنـم**

ئەمیش وەک جۆ لە بەروبوومە زستانییەکانە، بەڵام لە ناوچە شێدارەکاندا دەکرێت، لە گشت لایەکی وڵاتی کوردەواری، جوانترین و باشترین جۆری گەنم بەرهەم دەهێنرێت. ئەو نانەی لە گەنمی کوردی دەکرێت، بۆن و بەرامەیەکی خۆشی پێوەیە، نان هەمیشە لە سەر سینی و خوانی کوردەکانە، لە هەر کام لە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا.

*** چەڵتووک**

لە بەروبوومە گرنگەکانی دیکە، چەڵتووکە؛ کە وای لە کوردەواری کردووە نەک بە بەکاربردنی بۆ خۆبژێویی ئەم بەرهەمە قایل بێت وەک خۆراکێک، بەڵکو کوردەواری لەو وڵاتانە دەژمێردرێت کە دانەوێڵە خۆراکییەکان هەناردە دەکاتە دەرەوە. مەرەزەکردن تەنیا لەو ناوچانەدایە کە ئاو داپۆشیون، یان ئاودارن و بە ئاسانی ئاودێرییان تێدا دەکرێت، مەرەزەکە ئەگەر ئاوی باشی ببێت، لە گەنم و جۆ گەلێک باشترە و چوار هێندە بەرهەم دەهێنێت، بۆیە چەڵتووک هەرچەندە پانتایی زەویی بەرهەمهێنانی کەمە، بەڵام دەورێکی باش دەبینێت لە ئابووریی وڵاتی کوردەواریدا.

ئەو مەرەزانەی بە درێژایی گوێ ڕووبارەکان دەکرێن، باشترین برنجی لێ بەرهەم دەهێنرێت. بۆنی برنجی کوردی زۆر خۆشترە لە بۆنی برنجی *بیگامی*، یان *بەسمەتی* کە لە *پەنجاب*دا دەکرێت. جۆرێک برنجی کوردی، برنجی *بارامان* دەهێنێتەوە یاد، کێڵگەی مەرەزەکانیشیان، کێڵگەکانی دۆڵی ڕووباری *بارامان* دەهێنێتەوە بەرچاو، نزیک بە گوندی *شێخانی* دەشتی *خاجووری* لە پیشاوری سەر سنووری باکووری ڕۆژئاوای پاکستان.

برنج و هەرزن لایەکی ئابووریی کوردەکانیان گرتووەتەوە، بەشێکی زۆریان بە گۆڕینەوە بەکار دێن بەرانبەر قوماش، خوێ و گەلێک پێویستیی تری ژیان.

*** بەروبوومی تر**

بەروبوومەکانی تری وڵاتی کوردەواری زۆرن، میوەجات و توتن. گشت جۆرەکانی میوە لە دۆڵ و باخ و باخاتە جوانەکانی دەڤەرەکاندا دەچێنرێن و بەرهەم دەهێنرێن. لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، قۆخی گەورە، قەیسی، هەنجیر، هەڵووژە بە هەموو جۆرەکانییەوە، توو، هەروەها باشترین جۆری ترێ. ترێی کوردی بۆڵەکانی گەورەگەورەیە و بێ دەنکە و زۆر شیرینە، ترێی ڕەشکە و سپیکەش وشک دەکرێنەوە و جوانترین مێوژێک لەم وڵاتەوە هەناردە دەکرێت.

بازاڕەکانی تەورێز، تاران، بەغدا، حەلەب پڕن لە باشترین میوەی وشکەی وەک قۆخ، هەڵووژە، قەیسی و توو، جگە لە گوێز، بادەم و فستق.

لە گشت لایەکی شاخەکانی کوردستان درەختی بەڕوو هەیە، بەمەش دەباخخانە و خومخانە ناوخۆییەکان کەرەستە و بابەتی ئەم پیشەیەیان لێوە چنگ دەکەوێت. جەوت، گزگل و توێکڵەهەنار لە گشت لایەکی هەرێمەکاندا، بە زۆری دەست دەکەون، باشترین ڕەنگیان لێوە دەست دەکەوێت بۆ لە خومدان و ڕەنگکردن.

**بەخێوکردنی ئاژەڵ**

لای سەرجەم گەلی کورد بەخێوکردنی ئاژەڵ بە پیشەیەکی نەتەوەیی دادەنرێت، کەسێتیی تاکی کورد ئەم پیشەیە پێک دەهێنێت، هۆکەشی دەچێتەوە سەر ئەو نزیکییەی لە نێوان زەوییەکی نیمچە وشک، کە ناتوانرێت بە باشی ئاودێریی مەزراکانی بکرێت و خەڵکەکەیش کە لەو زەوییانەدان.

مەڕومالاَت ژمارەیان لە گشت ئاژەڵەکانی دیکە زیاترە، سەرباری ئەوەی کورد گۆشتی لێیانەوە دەست دەکەوێت، موو و خوری چاکیشیان لێیەوە دەست دەکەوێت، بگرە بووەتە یەک لەو شمەکە سەرەکییانەی هەناردەی دەکەن، بێجگە لەوەی خوریی مەڕ بۆ دروستکردنی فەرشی ئەستوور، قالی، ڕاخەر، عەبای ژنان و جلوبەرگی خوریی تر بەکار دەهێنرێت.

بزن لە ناوچە شاخاوییەکاندا نەبێت نییە، چونکە دەوروبەری شاخاوی زۆر لە بار و لواوە بۆ ئەم جۆرە ئاژەڵە، دیارترین بەرهەمیشی شیرەکەیەتی، کە کەرە، پەنیر، ماست و گەلێک بابەتی شیرەمەنیی تری لێ دەردەکەن. پەنیری کوردی باشترین و خۆشترین پەنیرێکە لە دنیادا.

ئاغاکانی کورد، گا و مانگاش بەخێو دەکەن، بەلاَم مەڕ و بزن دیارترین ئاژەڵن بۆ بەخێوکردن و بڕبڕەی پشتی ئاژەڵداریی وڵاتی کوردەوارین. مەڕ لە ناوچە کوردییەکانەوە هەناردە دەکرێت بۆ بازاڕەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا، هەتا ئەم دواییانەش سەرەکیترین ڕێگەیەک کە مەڕی لێوە هەناردە دەکرا، ڕێگەکەی باکووری ڕۆژئاوای عێراق و سوریا بوو، بە جەڵەب بە ڕێی *ڕەققە* و *حەڵەب*دا و هەر بە پێ مێگەل و ڕانەمەڕ دەبرا بۆ بازاڕەکانی ڕۆژئاوا. ئینجا لەو کۆسپانەی لەم ڕێیەدا بوون، بارانی کەمی ناوبەناو کە کاری دەکردە سەر کەمی، یان هەر نەبوونی لەوەڕگە بە درێژایی ڕێگەکە، ئەمە لێخوڕین و بردنی جەڵەبەکەی پەک دەخست، بەلاَم ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان عێراق، سوریا و تورکیادا ئەم کۆسپەی نەهێشت، حەڵەب و ڕەققە بوونە گرنگترین وێستگەی بە دەستگەیشتنی مەڕومالاَت و ئاژەڵی هەناردەکراو لە

کوردستانەوە، ئەوەش ساغ بووەوە کە شێوەی گواستنەوە بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر، لە کوردستانی ئێران و بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکیا باشتر و گورجترە، سەرەڕای تێچوون و کرێی کەمتر لەوەی بە پێ و بەو بیابانە نیمچە وشکوبرینگانەدا ببرێن.

## کانـزاکان

دیارە لە وڵاتی کوردەواریدا نەوت سامانێکی کانزایی سەرەکییە، بیرەنەوتەکانی موسڵ و کەرکووک گرنگترین بیرە نەوتن لە جیهاندا، جگە لەوەی ئەم بیرانە بڕێکی زۆریان نەوت لەخۆ گرتووە. ئەوەیشی ئەم نەوتەی وڵاتی کورد لە هیی وڵاتانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە نەوتەکە لە خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و لە بنکی زەوییەوە سەر دەردەکات، چونکە لە ژێر ئەو چینانەی زەویدا پاڵەپەستۆیەکی ئێجگار زۆری بە سەرەوەیە، بەم هۆیەوە کاری دەرهێنان و هەڵدان (چخ)ی نەوتەکە، تێچوونی کەمتر دەکەوێت.

گرنگترین کێڵگەی نەوت لەم وڵاتەدا، لە ئێستادا دوانە. یەکەم لە بابە گوڕگوڕە*، بریتییە لە شاخێک بە پاڵ شاری کەرکووکەوە(١) لە باکووری عێراق. کێڵگەی دووەم لە سەر

(*) نووسەر لە نامیلکەیەکدا بە ناوی *بابەگوڕگوڕ- مێژووی نەوت لە عێراقدا*، بە درێژی باس لەم ناوچەیە دەکات.

(1) ڕاستتر: بریتییە لە بەرزایی و گردۆڵکەیەک، بابەگوڕگوڕیش وەک ناوی شوێنەکە گوایە لە ناوی یەک لە شێخە بیگتاشییەکانەوە هاتووە، کە لە ١٠٨١ کۆچی، کۆچی دوایی کردووە و بە مانای *باوکی نورانی* دێت؛ بەڵام ئەم شێخە چۆن گەیشتووەتە ئەم ناوچەیە و خەڵک لێی گردبوونەتەوە؟ ئەمە نازانرێت...؟

بڕوانە: عباس العزاوي المحامي: تأريخ العراق بين الأحتلالين. ج الخامس مط التقييض الأهلية، بغداد ١٩٣٩ ص ١٣٠.

سنووری ڕۆژهەڵاتی عێراق - ئێرانە، لەو دەڤەرەی هۆزەکانی گۆران و کەلهووڕی تێدا دادەنیشن، قەسری شیرین و کرماشان و دەوروبەریان.

یەدەگێکی ئێجگار زۆری نەوت، تەنیا لە یەکێک لە کێڵگەکانی کەرکووکدایە، کە درێژییەکەی لە نێوان ٥٠ بۆ ٦٠ میلە. جا ئەو یەکانگیری و بەیەکەوەبوونەی کە لە ناوەوەی ئەم حەوزە بەردینە زەبەلاحەی ژێر زەوییەکەدایە، نەوتەکە وا لێ دەکات هەر لە خۆیەوە بە پاڵەپەستۆیەکی خۆی دەربپەڕێت بۆ سەرەوە و هەڵیبدات. ئێستا لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، یەکەم جار لە ١٩٢٧ بەکار براوە، زیاتر لە سەدهەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە دەردەهێنرێت، لە توانایشیدایە بەرهەم بگەیەنێتە دووسەد و چلهەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، جگە لەو نەوتە یەدەگەی بە ٥٠٠٠ ملیۆن بەرمیل مەزندە دەکرێت.

نەوتی کەرکووک بە هۆی بۆرییەوە بە بیاباندا هەناردەی بەندەری تەرابلوس و بانیاس دەکرێت، لە گوێ دەریای سپیی ناوەڕاست، لێرەشەوە بە گەرمی و پاپۆڕی نەوتهەڵگری تایبەت، دەبرێت بۆ پاڵاوتگەکانی نەوت لە بەریتانیا و فەڕەنسا تا کاری پاڵفتەکردنی بۆ بکرێت. نەوتی کەرکووک، بە هۆکاری سەرەکیی جموجۆڵ و چالاکیی لەشکر و سوپاکانی ئەورووپا دادەنرێت لە هەر شەڕێکدا کە بیکەن. لەم ساڵانەی دواییشدا لە عەین *زالە* و ناوچەی عەشیرەتی بارزان، لە ١٩٥٦ەوە کێڵگەی دەوڵەمەندی تر دۆزراوەتەوە، نەوتی ئێرەش گەیەندراوەتە پاڵاوتگەکانی ئەورووپا، یەدەگی عەین زالەش هیچی وای کەمتر نییە لەوەی کەرکووک.

ناوچە بەرهەمهێنەرەکەی نەوت لە وڵاتی کوردەواریدا لە دەڤەری هۆزەکانی گۆرانە، کەڵهووڕ و کاکەیی، لە هەرێمی

کرماشان و نەفتخانەی خانەقین لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی عێراق. نەوتە خاوەکە لە پاڵاوتگەی وەندی ٣٠ کیلۆمیتری نزیک بە خانەقین پاڵفتە دەکرێت، ئەم نەوتە لە ناوخۆی عێراقدا بەکار دەبرێت، حوکمەتەکەی عێراق ئەم بەشەی لە پیشەسازیی نەوت بۆ خۆی خۆماڵی کردووە.

لە *نەفتشای* دیوی ئێرانیشدا، نەوتە خاوەکە بە تانکەر دەگەیەنرێتە کرماشان، بە تێکڕای سەد تەن لە ڕۆژێکدا، ئەمەش بۆ بەکارهێنانی ناوخۆییە لە ئێراندا.

بە پاڵ ئەم سامانە گرنگ و گەورەیەی نەوتەوە، جۆرەها کانزای دیکە لە شاخەکانی کوردستاندا هەیە، لە گشت لایەکی کوردستاندا خەڵووزی بەردین هەیە، بەڵام ناتوانرێت جۆری خەڵووزەکە و کانزا بە بەهاکانی تر بزانرێت و دیاری بکرێن، ئەمەش بە کێوماڵ و ڕووماڵێکی وردیی جیۆلۆجی دەکرێت، سەرەڕای ئەمانە: زیو، مس، خوێ و گەچ لە گشت لایەکی خاکی کوردەواریدا هەیە. لە کفریدا تێکڕای بەرهەمهێنانی زیو (لە ناوچەی عەشیرەتی خونشان کە کوردن) دەگاتە ٣٥٠٠ تەن لە ساڵێکدا [١].

## گیانلەبەرە کێوییەکان

لەناو خاکی کوردەواریدا جۆرەها گیانلەبەری کێوی هەیە: پڵنگ و گەلێک جۆر پشیلەی کێوی، ورچ و کەمتیار، بەرازی کێویی گورگ، چەقەڵ و ڕێوی، ئاسک (ئاهوو، جەیران) و ئاسکەسوورە، ماڵوس و مەڕەسوورە، بزنەکێوی (کەڵەکێوی)، کەروێشک و دەڵەک، زۆری تر لەو وردە ئاژەڵ و گیاندارە

---

[1] لەوە دەچێت وەرگێڕە عەرەبییەکە لەم ڕستەیەی دواییدا بە هەڵەدا چووبێت.

کێوییانە کە لە ژینگەی دەشتایی و شاخاویی سەختدا بواری ژیانیان بۆ ڕەخساوە. لە شاخەکاندا شێر و پڵنگ نییە، بەڵام ناوبەناو شێر لە دیجلەوە دەپەڕێتەوە و لەناو جەنگەڵەکانی قەزویندا زۆرە.

لەو باڵندانەی کە ڕاو دەکرێن: کەو، سوێسکە، پۆڕ، قومری، مامری کێوی، سێ جۆر لە چێرگ (قەلەموونی کێوی) کە کێش و قەبارەکانیان لە یەکدی جیاوازە، قاز و مراویش زۆرن.

# بەشی سێیەم
# مێژووی کۆن و سەدەکانی ناڤین

## ڕەچەڵەکی کورد

ئەگەر لە ئەسڵی گەلی کورد بکۆڵینەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێشتر، بۆ ئەسڵی ئەو ناوەی لێی نراوە کە کوردە. ئەو لێکۆڵینەوەیەشی لەم بارەیەوە دەیکەم، چاکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەک لە لێکۆڵەرە ئینگلیزەکان **سێر هنری ڕۆڵسن**، کە کاتی خۆی هێماکانی نووسینی بزماری، لەسەر ئەو نەخش و نیگارانەی کە لە لێکۆڵینەوە ئاشوورییە کۆنەکاندا هەڵهێنا و ساغی کردنەوە و پەیی بەو تەرحە نووسینە برد. لەگەڵ پێزانینمدا بۆ تەقەللاکانی[١].

---

[1] **هنری کریسویک رولنسن** ١٨١٠- ١٨٩٥، لە شاری بریستولی بەریتانیا خوێندوویەتی و دوایی لە ئەدەبی کلاسیکیدا پسپۆڕیی وەرگرت (گریک و ڕۆمانی). دوایی بووەتە سەرباز لە کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات، لێرەوە دەبێتە ئاشنای **سێرجۆن مالکۆلم** کە حاکمی ویلایەتی بۆمبای دەبێت و زانایەکی ڕۆژهەڵاتناسی لێهاتوو بووە، لەم کاتانەدا **کۆلۆنێل تەیلەر**، کە لە جێی **کۆلۆدیوس ڕیچ** کاری وەکیلی سیاسیی بەریتانی دەبێت لە بەغدا، خانەنشین دەبێت و لە ١٨٤٣/١٢/٦ لە

بەغدا، دەبێتە وەکیلی سیاسی، لە بەغدا جگە لە کارەکەی، خوو دەداتە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەو جۆرە نووسینە کۆنانەی کە لە میزۆپۆتامیادا دەدۆزرانەوە و بە *نووسینی بزماری* دەناسران. لەمەدا گەلێک شوێن و ئاسەوار گەڕا: نەینەوا، شاخی بێستوون، هەروەها بە هاوکاری **سێر هنری لایارد،** شارەزا و زانا لە پاشماوەکۆنەکاندا، توانیان پەرستگەی *ئی – زیدا*، کە **نەبوخادنەسر** بوونیادی نابوو، بدۆزنەوە؛ هەروەها یەکەم زانا بوو کە توانی لە ڕێی هەڵهێنانی هێماکانی نووسینە بزمارییەکانەوە ناوی *بەغدا* بدۆزێتەوە، کە لەسەر بەردی میپو هەڵکۆڵرابوو. لە ١٨٤٩دا بۆ دوو ساڵ چووەوە لەندەن و لێرە کەوتە ئامادەکردن و ڕێکخستنی کار و لێکۆڵینەوەکانی لە سەردەمی بابلی، سوبی، ساسانی و پێشکەشی کرد بە مۆزەخانەی بەریتانی. کە گەڕایەوە بەغدا لە کارە پشکنینەکانیدا بەردەوام بوو، توانی بێتە سەر ئەوەی کە بتوانێت هێماکانی گشت نەخش و نووسینە بزمارییەکان بزانێت و لێکیان بداتەوە، دوایی کرایە دیپلۆماتکار لە وڵاتی فارس، لە ١٨٥٨ بووە ئەندام پەرلەمان تا ١٨٦٨، ئەندام لە ئەنجوومەنی مۆزەخانەی بەریتانیاوە سەرۆکی کۆمەڵەی جوگرافیی شاهانە، بڕوانامەی فەخری لە ئۆکسفورد، کەمبریج و ئەدنبرە. کاتێک **ناسرەدین شای** ئێران سەردانی لەندەنی کرد، ئەم کرا بە هاوڕێی **فەخری شا** لە گەشتەکەیدا، کاری وەرگێڕانیشی لە فارسییەوە بۆ ئینگلیزی دەکرد. **هنری ڕۆلنسن** لە ژیانیدا، خاتو **لویزا کارۆلین**ی کردە هاوسەری و دوو کوڕی لێی بوو، *هنری* و *ئیلفرید* لە ١٨٨٩/١٠/٣١ هاوسەرەکەی دەمرێت، دوای شەش ساڵیش خۆی بە نەخۆشی ئەنفلۆنزا کۆچی دوایی کرد.

ئەم کورتەیە لە ژیانی **هنری ڕۆلنسن** لە وتارێکی **سالم ئالووسی** مێژوونووس وەرگێڕاوە، کە لە پاشکۆی *ذاکرة عراقیة*ی ڕۆژنامەی *المدی* ژمارە ٢٤٤١ لە ٢ نیسانی ٢٠١٢، لە لاپەڕە ١٢–١٣دا بڵاو کراوەتەوە بە ناونیشانی: *آپاریون في العراق. رولنصون في بغداد.*

هەر سەبارەت بە کارەکانی **ڕولنسن**: "لە کتێبی *بێستوون*، نووسینی **ئارمین کەسرەوی** هاتووە: لە ساڵی ١٨٣٧ **ڕولنسن** دیسان گەڕایەوە بۆ بێستوون و بە یارمەتیی گەنجێکی کوردی ئازا، چەند دەقێکی لە بەردەنووسەکانی بێستوون تۆمار کرد. ئەو بۆ ئەم کارە هەڕەشەی کەوتن و مردنی لەسەر بوو، چونکە کەژەوانی لەسەر بێستوون زۆر سەخت و دژواربوو، **ڕولنسن** لە ئەنجامدا توانی تەواوی ڕاز

هەر **سێر هنری ڕۆلسن**یش بوو کە نەخشە بزمارییە کورتییەکەی ساغ کردەوە و هەڵی هێنا، کورتی ئەو نەخشە بزمارییەیە کە بە درێژیی وەسفی ئەو زەوییانە دەکات، کە کەوتقونەتە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی *ڤان*ەوە تا دەگەنەوە بە دەشتاییەکانی ئاشووری کۆن.

کتێبە ئێرانییە کۆنەکانیش کە بە زمانی پەهلەوی نووسراون، باس لە گەلێک دەکەن بە ناوی گورتی یان کورتی، ئەم کتێبانە دێنە سەر شوێنی جوگرافیی ژیانی ئەو کورتی‌یانە، بە شێوەیەک کتومت لەوە دەچێت کە لە نەخشە بزمارییەکەدا هاتووە، ئەوەی **سێر هنری ڕولنسن** ساغی کردووەتەوە و هەڵی هێناوە، ئینجا پادشای کۆنی پەهلەوی **ئەرتکسر باباکان**[١]، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیی فارسی بووە لە ٢٢٦ زایینی، ناوی یەک لە دوژمنەکانی خۆی دەبات بە **مدیک شا کوردان**، یان پادشای کوردەکان. لەمەوە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین لە کۆندا ناوی کورد گورتی بووە، یان کورتی، ئیتر لەو کاتەوە شێوەی ئێستای خۆی وەرگرتووە و بووەتە کورد، یان کوردی.

مێژوونووسانیش باسیان لە کورد کردووە، بە تایبەت دوو مێژوونووسی بەناوبانگی عەرەب: *گەبەری* و *مەسعوودی*. هەر کتێبێکی تر دوای ئەمانە نووسرابێت، گەلێک کوردیان بە ناوی

---

و ڕەمزی بەردەنووسەکانی بێستوون بدۆزێتەوە، هەروەها ئەو توانی کتێبی پیرۆزی ئاڤیستا بخوێنێتەوە و خۆی فێری زمانی ئاڤیستا و دەقە کۆنەکان بکات.".

عەزیز مورادی: شوێنەواری بێستوون، باس نیوز، هەفتە نامە، ژ ٢٢٧ ی ٢/٢٥/ ٢٠١٥ ل ١٦ هەولێر.

(1) بەڵکو **ئەردەشێر بابکیان**.

گورتییە*کان*، یان کورتییە*کان* ناو نەبردووە، بەڵکو بە کورد ناویان بردوون.

تیۆرییەکی دیکە وای بۆ دەچێت کە وشەی *گورتی* – کورتی، لەوانەیە لە مەملەکەتی گۆرتیۆوە وەرگیرابێت، کە کاتی خۆی گەلی *گورتی* تێدا نیشتەجێ بووە. ئیدی بە درێژایی ڕۆژگار، پیتی *ڕێی* دوای *واو*، لادراوە و ئیدغام کراوە و ئەو *گۆرتییانە* یان *گۆتییانە*، عەشیرەتێک بوون لە عەشیرەتە تۆرانییە ڕێکوپێکە یەکگرتووەکان، هەتا ئەو عەشیرەتە تۆرانییە بچووکە (گۆتی) توانیوییەتی نفووز و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا بسەپێنێت.

مێژوونووسە کۆنەکان ئەمانەیان شانبەشانی نەتەوەیەکی ڕەسەنتر داناوە، وەک ئاشوورییەکان، حیسییەکان، سۆسییەکان، ئیلامییەکان، ئەکەدییەکان و بابلییەکان. بۆیە ئەم ناوچە شاخاوییەی ناونراوە بە گۆتی، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە بە ڕووی شاڵاوی هێرشبەراندا وەستاوەتەوە، ئەمەش سەیر نییە، چونکە لە زمانی ئاشووریدا بە مانای *خاکی جەنگاوەران*ەوە هاتووە.

تۆمارە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە پادشاکانی گۆتییەکان پەلاماری مەملەکەتەکانی دراوسێیان، وەک سۆمەر، ئەکەد، ئیلام و ئەرمینیایان داوە، نووسینە بزمارییەکانیش ئەوە دەردەخەن، کە ناوی وڵاتی گۆتیوم بۆ یەکەم جار لەسەر تەختە بەردێک هاتووە، کە **لوکال** (ئەنی مۆندۆ) کە حاکمی شاری *ئادەبی* سۆمەری بووە، تۆماری کردووە. ئەو شارە ئێستا پێی دەگوترێت *بسمایا* لە دەڤەری خوارووی فورات لە عێراق.

چیرۆکە دەماودەمە کۆنە ناوخۆییەکان، هەندێک کتێبی کۆنیش ئەوە دەگەیەنن، کە هەتا سەدەی ٢٤ پێش زاین،

مەملەکەتێک بە ناوی گۆتیومەوە هەبووە و ئەم سنوورەی کوردستانی ئێستای هەبووە. ئەم دەوڵەتی گۆتیومە، هێز و زەبرێکی ئەوتۆی هەبووە کە سەرەڕای هاوسنووریشی لە تەک دەوڵەتە بەهێزە نەیارەکانی وەک سۆمەر، سۆبارتۆ و ئیلام، کەچی سەربەخۆیی خۆی هەر پاراستووە و ماویشەتەوە.

*** مێژووی کۆن:**

بەپێی **کامبل تۆمسن** لە کتێبی *مێژووی کۆنی کامبردج*، بەشی سێیەم، هەروەها **سدنی سمیس** لە کتێبی *مێژووی کۆنی ئاشوور تا ساڵی* ١٠٠٠ *پێش زایین*، ناوچەرگەی ئەم وڵاتی گۆتیومە بریتی بووە لە چوارگۆشەیەک، کە کەوتبووە نێوان زێی بچووک و دیجلەوە، نێوان شاخەکانی سلێمانی و ڕووباری دیالە (سیروان)، پایتەختەکەشی شاری *ئەربیخا - ئەرابخای* کەرکووکی ئێستا بووە.

وا دیارە ئاشووری، سۆمەری و ئەکەدییەکانیش، بەردەوام لەگەڵ گۆتییەکاندا لە شەڕدا بوون، بەڵام لە دەرەتانی بەرگریکردن نەک هێرشبردن. **شار گلیشاری** پادشای ئەکەدەکان و جێنشینی **نەرامسینی** ئازا و بەتوانا، باس لەو شەڕانەی دەکات لەگەڵ گۆتییەکاندا ساڵی ١٩٠٠ پێش زایین، بەوە دەنازێت کە **شارلاکی** فەرمانڕەوایانی بە یەخسیر گرتووە، **لاسیرۆب** پادشا، کە یەک لە پادشا زەبربەدەستەکانی گۆتیومەکان بووە، داردەستێکی زێڕینی شاهانەی ڕازاوە بە زومڕوت و بەردی پیرۆز، بە دیاری پێشکەش بە پەرستگەی شاری *سیاری* بابلی کردووە. **لاسیرۆب** نەخش و نووسینەکەی خۆی لەسەر ئەو داردەستە زێڕینە، بە شێوەزاری ئەکەدی

نووسیوە، ناوی خوداوەند: نحوتیوم و ئینینی خوداوەندی سۆمەر کە بە *نانا ئەناهیتا* دەناسرا، *سین*یش خوداوەندی مانگی، لە نووسینەکەیدا هێناوە.

لەو پاچە سواڵەتە سورەوەکراوانەی کە لە بابلی کۆندا دۆزراونەتەوە، شوێنی جوگرافیی مەملەکەتی کوردیی کۆنیان تێدا دیاری کردووە، ئەو ناوەیش کە پێیان گوتووە، بە ڕوونی ئەوەیان لەسەر نووسیون کە گۆتیوم دەوڵەتێکی جێگیر بووە و دانیشتوانەکانی لەناو خۆیاندا یەکگرتوو بوون، لە ساڵی ٢٥٠٠ پێش زایین، پادشایەک حوکمی کردوون.

*** کوردو دەوڵەتی ئەکەدییەکان:**

هۆز و عەشیرەتە گۆتییەکان، هەتا لە سەردەمی زێڕینی سامییە کۆنەکانیشدا (سەردەمی دەوڵەتی ئەکەدی - سامی لە بەشی سەرەوەی عێراق، کە پایتەختەکەیان بابل بووە و ئیمپڕاتۆرەکەشیان *شاروکین*، کە بە مانای *سەرداری هەرچوار تەرەف* دەهات)، مەترسییەکی بەردەوامی دروست کردبوو بۆ سەر پادشا بە زەبرەکانی دیکە. نەخش و نیگارە کۆنەکان وای پیشان دەدەن، کە تا ئەو سەردەمەش هۆز و عەشیرەتە گۆتییەکان (کوردییەکان)، هێشتا پەلامار و هێرشیان دەبردە سەر دەورووپشتی ئەو ئیمپڕاتۆرە ئەکەدییە بەهێزە. لە سەروبەندی دارمان و هەرەسی دەوڵەتی ئەکەددا، **ئەمبیا**، کە یەک لە پادشا کوردەکان بوو، بە لە شکرێکی بیشومارەوە دای بەسەر بابلدا و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندن، هەر ئەم بنەماڵە کوردە نزیکەی ١٢٤ ساڵ فەرمانڕەوایی بابلیان کرد، لەم ماوەیەدا ٢٤ پادشای کورد، یەک بەدوای یەکدا حوکمیان کردووە، پادشایەکی ئەم بنەماڵە کوردییە جگە لەوەی

دەسەڵاتی خۆی سەپاندبوو بەسەر نەیارەکانیدا، قاوی ئەوەیشی دا کە *سەرداری هەرچوار تەرەفە*.

نەخش و نیگارە سۆمەرییە تازەکان ئەوە دەخەنە ڕوو، کە سەردەمی حوکمی ئەم بنەماڵە کوردە خراپ بووبێت. لەو نیگارانەدا ئەوە دەردەکەوێت عەشیرەتە گۆتییەکان بە زەبری شمشێر و خوێنڕشتن دەسەڵاتەکەیان سەپاندووە، بە هەر لایەکدا چووبن تاڵان، بڕۆیی، دەستدرێژی، کاولکردنی گوند و شارە ئاوەدانەکانی وەک سۆمەر و ئەکەد پیشەیان بووە. ئەم نەخش و نووسینانە دەڵێن: ئەو کوردانە پەلاماری پەرستگەکانیان داوە و تالآنیان کردوون، هەرچی زێڕ و کەلوپەلی بەبەها و پەیکەری خوداوەندەکانە بردوویانە بۆ *ئەرابخای* پایتەختی خۆیان، جگە لە بەدیلگرتن و بردنی ئەو ئافرەتە جوانانەی ناو پەرستگەکان.

ئەو نووسینە سۆمەرییانە باسی ملهووڕی و زەبروزەنگی پادشاکانی کورد دەکەن و دەڵێن: شاری گەورە بە تەواوی وێران دەکرا، ژنان لە مێردەکانیان زەوت دەکران، خەم و ماتەم وڵاتی دادەگرت، ترس و بیم لە دڕندەکانی شاخ و دوژمنانی خوداوەندەکان باڵی بەسەر هەمواندا دەکێشا.

دواجار دەوڵەتی کوردەکان ڕووخا، نوقلآنە و پێشبینییەکی لە کاهینە نادیارزانەکانی سۆمەرییەکان ئەوەی دەگەیاند: کەوتنی گۆتیوم لە ڕێی شەڕ و چەکەوە دەبێت. زەویی ئەکەد بۆ ماوەی سێ ساڵ وڵاتی دوژمنە گۆتیومەکان و ئیلام قووت دەدات. جا ئەم پێشبینییەی ئەو نادیارزانە هاتەدی، ئەوە بوو **ئۆتۆگیکاڵ**، دامەزرێنەری دەوڵەتی *ئەرۆکی پێنجەم*، لە دەوروبەری ٢٠٠٠ پێش زایین بەسەر وڵاتی گۆتیومدا زاڵ بوو.

*** سەردەمی کاشییەکان:**

بەر لە قسەکردن لە بارەی کاشییەکانەوە، وەک کتێبە کۆنەکان باسیان کردووە، دەمەوێت سەبارەت بە ئەسڵی ئەم کاشییانە هەندێک گومان و دوودڵی بڕەوێنمەوە.

لە سەرچاوە کۆنەکاندا وا ناوی ئەم کاشییانە (یان هۆزەکانی *کاشئو*)، هاتووە: ئەو شەڕکەرە زەبربەدەستە باڵازراڤە پێستسپییانەن، کە دەبنە باوکوباپیرانی دانیشتووەکانی دەڤەری خۆزستانی ئێستا، کە کەوتووەتە باشووری ڕۆژئاوای کێوەکانی زاگرۆس لە ئێران.

دەشێت وشەی *کاشئو*، بە درێژایی ڕۆژگار ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتبێت، یان دەبێت لە کاتی وەرگێڕانی ئەم وشەیەدا کە لەسەر نەخش و نیگارە بزمارییەکان بووە، هەڵەیەک ڕووی دابێت، بەڵام گشت بەڵگەکان، لە باس و وەسفی جوگرافیای وڵاتەکەدا بێت، یان خەسڵەت و تایبەتمەندییە جەستەییەکانی ئەم *کاشئو* (کاشئوستان)ەدا بێت، ئەوا ئاماژەن بۆ *خۆزستان*ی ئێستا.

ڕێیشی تێدەچێت کە پیاوانی هۆزی کاشی (کە لە ڕەچەڵەکی هۆزە کوردەکانن)، ببنە باوکوباپیرانی کوردە گۆرانییەکان، هەر ئەم هۆزەش لە ساڵی ٢٠٠٠ پێش زایینەوە، لە سەردەمی خاوەن شکۆ **شمشێر ئیلونە**ی کوڕی **حامورابی،** بابلیان گرت و خستیانە ژێردەستی خۆیانەوە. ئەم کاشییانە شار و لادێکانیان کاول دەکرد و نەوەستانەوە تا چوونە ناوجەرگەی بابل، فەرمانڕەواکەیان لە بابلدا نزیکەی ٤٠٠ ساڵێکی خایاند، بنەماڵەکەشیان بە سێیەم بنەماڵەی پاشایەتی و فەرمانڕەوایی دەژمێردرێت لە بابلدا.

زانیاری سەبارەت بەم دەوڵەتە هەتا ئەم دواییانەش شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بگرە تەواویش نەبوو، وا دەزانرا حوکمی کاشییەکان وەک حوکمی گۆتییەکان لە سۆمەر و ئەکەددا شەڕانگێزی و دواکەوتوو بووە، بەڵام پاش ئەوەی لەم دواییانەدا لە خوزستان هەندێک نووسراو و ئاسەواری قاپوقاچاغی مەعدەنی دۆزرانەوە، ئەم بۆچوونە درایە دواوە و ئێستا سەلمێنراوە کە کاشییەکان خوداوەندی تایبەت بە خۆیان هەبووە، لەوانە خوداوەندی: *کاشئو*، *خاربی*، *سوریاش*، *شیباک* و *خول*. خوداوەندێکی ئافرەتیش بە ناوی *شمالیا*، کە بە *خانمی کێوە بەرزەکان* ناو دەبرا، بە بەژن و باڵای زراڤی جوانییەوە لووتکەی بڵندیی چیاکانی لەمسەر بۆ ئەوسەر تەی دەکرد.

پادشاکانی ئەم کاشییانە بایەخێکی زۆریان دەدا بە نەریت و هەستی ئایینیی گەلی بابل. **گانداش** یەکەم پادشای کاشییەکانە، کە لە دەوروبەری ١٦٠٠ پێش زایین بە ناوی **پادشای هەرچوار تەرەف**ەوە بابلی داگیر کرد، لە هەڵکۆڵینێکدا بە زمانی بابلی ئەوەی تۆمار کردووە، چۆن سەرلەنوێ پەرستگەی *ئەنیل* خوداوەندی بابلی نۆژەن کردووەتەوە، هەروەها بایەخی داوە بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو باجوخەراجانەی تایبەت بوون بە پەرستگەکانی بابلەوە.

**کاساخر هواگوم**ی دووەم، بە ناوی **پادشای وڵاتی گۆتی** ناوزەد کراوە، بەمەدا ئەگەری ئەوە زۆرە کە هۆزی کاشی (ئەوەی ئەمڕۆ بە هۆزی گۆران ناو دەبرێن) گۆتیوم، کە ناوجەرگەی وڵاتی کۆنی کوردە، داگیری کردبێت. لەم ماوەی دواییەی فەرمانڕەوایی کاشییەکان لە بابل (دەوروبەری ١٥٠٠ – ١٤٠٠ پێش زایین) پادشاکانی کاشییەکان پەیوەندیی

دۆستانەیان لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکانی ئەو عەیامەدا بەستبوو، وەک فیرعەونەکان لە میسر و حیسییەکان و ئاشوور، هەردوو خانەوادە شاهانەکەی *کاشی* و *میسرییەکان* ژن و ژنخوازییان لە نێواندا هەبووە و دیارییان لە نێو یەکدا ئاڵوگۆڕ دەکرد. بە تێپەڕینی ڕۆژگارەکانیش، کاشییەکان ئاوێتە بە ئۆمەتی مەزنی بابل بوون و توانەوە.

## * ئاشوورییەکان و پادشاکانی گۆتییەکان

ئەو نووسراو و نیگارانەی کە لە نەینەوای پایتەختی ئاشووری کۆن دۆزرانەوە ئەوە پیشان دەدەن، کە پادشای ئاشووری *بوودی* (ئیلۆ) لە دەوروبەری ١٥٠٠ پێش زاین کوڕی **بەعل نیاری** بووە و دوایی بووەتە جێنشینی. دژ بە هەردوو هۆزی *تروکی* و *تیجیمکن* شەڕێکی بێ ئامانی دەستی تێداوە. ئەم دوو هۆزە، بە ڕووکاری گۆتیوم (وڵاتی کورد)دا جێگیر بوون. بەم جۆرە سنووری مەملەکەتی ئاشووری بردە ئەو دیوی گۆتیومەوە.

**ئادب نیاری** یەکەمیش (دەوروبەری ١٤٥٠ پێش زایین) نەخشێکی هەڵکۆڵدراوی جێ هێشتووە و لە کالح شیرات-ئاشوور دۆزراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەدات ئەویش وەک پێشینەکانی زۆربەی شەڕ و پەلامارەکانی لە دەوروبەری باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی کردووە، لە ڕێی بوونیادنانی شار و شارۆچکەکانیشەوە ویستوویەتی گەشەکردن و ئاوەدانی ئەم دەڤەرەی بژێنێتەوە، کە هۆزەکانی: *شوهاری*، *لولومی*، گۆتی و *کاشوی* تێدا نیشتەجێ بوون. ئەو هۆزانە باوکوباپیری هۆزەکانی *زاببار- بوزان* و گەلێک هۆزی کوردی ئێستان.

**شەلمانسەری** یەکەم، دەوروبەری ١٤٠٠ پێش زایین، کە یەک لە پادشا مەزنەکانی ئاشوورییەکان بووە و یەکەم کەس بووە ئەو مەملەکەتەی گەیاندە ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی بابل، هۆزە کوردەکانیش هەتا لە سەردەمی **شەلمانسەری** پادشای مەزنیشدا بە سەرچاوەیەکی مەترسیی گەورە دادەنران بۆ سەر وڵاتی ئاشوور، بۆ ئەمە ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ بەربەستکردنی تەوژمی داگیرکاریی ئەم کوردانە، بە بوونیادنانی نیشتەنی و مۆڵگەیەکی زۆر بە درێژایی سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەکەی و ناردن و نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان لەو شوێنانە تا ببنە بەربەست و قەڵا بۆ وڵاتی میزۆپۆتامیا بەرانبەر هۆزەکانی باکوور.

دواجاریش کە هێز و توانای ئاشوورییەکان بەرەو پووکانەوە چوو، ئەو مۆڵگە و نیشتەنییانە تەنگیان پێ هەڵچنرا، بەڵام هەر خۆیان ڕاگرت تا **ئاشوور نەزیر بال**[1] ڕزگاری کردن و ئەو سوودەی لێ بینین، کە کردنی بە پردێک بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی تازەی ئاشووری لە *توسخان*.

*** ڕووخانی ئیمپڕاتۆری ئاشووری:**

هەر وەک پەیدابوون و گەشەسەندنەکەی، ئاوابوونی ئەستێرەی ئاشوور لەپڕ و خێرا بوو، سەبارەت بەو سەد ساڵەی دوایی، لە حوکمی ئەم وڵاتە زانیارییەکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نییە، هەتا ناوی ئەو پادشا و حاکمانەشیان نازانین کە لە و ماوەیەدا حوکمیان کردووە. سەرەڕای ئەوەی

---

(1) بەڵکو: ئاشوور ناسربال.

پادشاکانی ئاشوور نەیانتوانی بە تەواوی بەسەر گۆتییەکاندا زاڵ ببن، بەڵام خۆ توانیان لە ناو کێو و شاخەکانیان توند بکەن.

ڕووخانی ئیمپڕاتۆری ئاشووری ساڵی ١٧٠٠ پێش زایین، کارێکی وای کرد کە لێشاوی گۆرتییەکان لە شاخەکانەوە سەرەو خوار بێتەوە و پۆلە کوللەئاسا، بەگشت لادا بڵاو ببنەوە. کاتێکیش کۆرشی پادشای ئێرانی ساڵی ٥٣٨ پێش زایین بابلی گرت، فیرقە و دەستەی کورد لەو لەشکرە ئێرانییەدا لە پێشەوە بوون[١].

**زەینۆفۆن**[٢]ی سەرکردەی گریکەکان، لە تەنگە و دەربەندەکانی شاخەکانی تۆرۆسدا، هۆزە کوردەکانی بە پڕ چەک و تەیار بینیوە، لە شاری نەینەواوە تا ڕووباری *کتریتیس* (دەربەندی بوهتانی ئەمڕۆ) و ڕووباری دیجلە کە بە سنووری نێوان ئەرمینیای کۆن و وڵاتی کوردەکان دادەنرێت.

---

[1] بە درێژایی حوکمی ئیمپراتۆری ئاشووری، کورد سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، بەڵام لە تەک میدییەکاندا ڕێککەوتن، پاش ئەوەی *نەینەوا*یان گرت و ئەو ئیمپراتۆرەیان کاول کرد، پاشان ناچار بوون مل بۆ قیرۆش (کۆرش) بدەن کە بابلی گرت، هەتا سوپایەکی ڕێکوپێکیشیان خستە بەردەست. **بلە ج. شێرکۆ** کە ئەمە دەڵێت لە پەراوێزدا، ئاماژە بۆ چەند سەرچاوەیەک دەکات، وەک: ئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەڕەنسی. *مێژووی میرانی کورد* لە دانانی **شێخ سوڵتان مەمدوح**. *مێژووی میللەتێکی نەناسراو* لە دانانی **جیامل** لە ١٩٠٠دا. *لە بنەچەی کوردەکانەوە* لە دانانی **مسیۆ جوزیف جرنیک** لە ١٨٦٦. بڕوانە **د. بلە ج. شێرکۆ**: القضية الكردية، دار اراس. هەولێر ٢٠١١ ص ٢٨.

[2] **بلە ج. شێرکۆ** لە کتێبەکەیدا بە *اکسینیفون* ناوی دەهێنێت کە لە ٤٠١ پێش زایین لە وڵاتی عەجەمەوە بەرەو باکوور گەڕاوەتەوە. لا ٢٧ هەمان سەرچاوە.

* **داگیرکاریی فارسی:**

**کۆرش** (٥٣٨ – ٥٢٩ پێش زایین) کە دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەتشمیندی ئێرانییە[١] لە ٥٣٦ پێش زایین گورزێکی کوشندەی لە بابل سرەواند و شارستانی ئاشووری، بەمەش بابلی خستە سەر ئیمپڕاتۆری فارسی.

لە سەروبەندی ئەم بگرەوبەردەی شەڕ و پەلامار و داگیرکارییانەدا، هۆزە کوردەکان هەڵیان بۆ ڕەخسا تا کەمێک لە لێڵاوەکەدا مەلە بکەن، هەردوو پادشای **ئۆگبار** و **گۆتیوم** بە سوارە چاونەترس و جەسوورەکانیانەوە، دایان بەسەر بابلدا و کوشتار و تاڵانییەکی زۆریان تێدا بەرپا کرد. هەردوو بە دوای ئەمە، ئیرانییەکان گورج وڵاتی میزۆپۆتامیایان گرت، دەسەڵاتەکەیان وا بڵاو بوو کە گۆتیوم و ئەولاتریشی لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی گرتەوە. فەرمانڕەواییە ئێرانییەکە بەسەر میزۆپۆتامیادا نزیکەی سەدەیەک درێژەی کێشا، پاشان گریکەکان بە سەرکردەیی **ئەسکەندەری گەورە** هاتن.

بە پەیدابوون و هاتنی گریک، پێ دەنێینە قۆناغێکی مێژوویی نووسراوەوە، نەخاسمە ئەو تۆمارانەی کە مێژوونووسی گەورە **هیرۆدۆت** جێی هێشتوون، ئەو تۆمارانە گشت لای ڕوون و ئاشکران، هەتا لەو ماوە کورتەی کە گریک

---

[1] کۆرشی مەزن، (بان کورشی بزرگ): یەک لە پادشا گەورە و بە ناوبانگەکانی فارسە ئەخمینییەکانە. ئاسیای بچووک و بابل و کیدیای لە ٥٣٩ پێش زایین پاماڵ کرد. کلدانییەکانی لەناو برد، یەهوودە یەخسیرکراوەکانی بابلی مەرەخەس کرد و گەڕاندنیەوە بۆ زێدی خۆیان لە زەوی کەنعان، کە عەرەب پێی دەڵێت فەڵەستین. دەڵێن گوایە *ذی القرنین*، کە لە قورئاندا باسی هاتووە (الكهف – ٨٣) ئەمە لە ٥٥٠ تا ٥٢٩ پێش زایین حوکمی کردووە.

ڕۆژهەڵاتی ناڤینی داگیر کردبوو، کوردەکان سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەیان بەدەست نەهێنا.

**هیرۆدۆتی** مێژوونووس، ئەو پەلامارە ناوبەناوانەی کوردەکانی تۆمار کردووە، چۆن دەیاندا بەسەر گوند و کاروانەکاندا و تاڵانیان دەکردن، بگرە زۆر جار پەلاماری یەکە سەربازی و کەتیبە گریکە پەڕاگەندەکانیشیان دەدا، بەڵام گریکەکان ئەو سەرکێشییەیان نەدەکرد، کە ڕۆبچنە ناو دەڤەرە شاخاوییە کوردەکانەوە و تێیدا عاسی ببن.

لە باسە مێژووییەکاندا **هیرۆدۆت** دەنووسێت: گریکەکان هانی کوردەکانیان دەدا بۆ ڕەوکردن لە قەڵا و ناوچە شاخاوییە سەختەکانیانەوە بەرەو دەوروبەری ئێرانی کۆن، ئینجا لەو سەروەختەدا گەلێک تیرە و هۆزی کورد بە تەواوی لە دەوروبەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئێراندا جێگیر بوون. لەو تۆمارانەشدا باسی ئەوەی کردووە کە هۆزە کوردەکان بە کۆمەڵ کۆڕەویان دەکرد بۆ ئەو شوێنەی ئێستا پێی دەبێژرێت: *بەلوشستان*، دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەوێیان پاڵ پێوە دەنا بەرەو ڕۆژهەڵات.

لە ٤٠٠ پێش زایین، کە **زەینۆفۆن** و دەهەزار سەربازەکەی بە کوردستاندا ڕووەو دەریای ڕەش دەگەڕانەوە، ڕووبەڕووی ئەو کاردۆخی (کورد)ە دڵڕەق و سەرسەختانە بوونەوە، ئاوا باسیان دەکات: "ئەمانە میللەتێکن، ئەگەر کەسێک بانگی کردن، هەر ئاوڕیشی لێ نادەنەوە، دەنگی سۆز و دۆستایەتییان لا نییە و دەریناخەن..." لەو کوردانە هەندێکیان یەک دەکەون و پەلاماری بەشی دواوەی ئەو سوپا گریکە دەدەن، بە تلۆرکردنەوەی تاوێر و بەرد و تیر هەندێک سەرباز دەکوژن و زامداریان دەکەن، چونکە کەم دەبن، گریکەکان گوێیان پێ

نادەن، ئەگەر هاتبا و زیاتر بوونایە، ئەوا بەشێکی زۆری ئەو سوپایەیان فەوتوفەنا دەکرد. کە شەو دادێت کوردەکان بە دەوریاندا و لەسەر بەرزاییەکانی شاخەکان ئاگر دەکەنەوە و چاودێریی یەکبەیەکی ئەو سوپایە دەکەن، دوژمن تەنگ بە سوپاکە هەڵدەچنێت، بەتایبەت لە تەنگەی ناو شاخەکاندا، لێرەدا تیروکەوان و قۆچەقانییەکانیان بەکار دەهێنا، ئەگەر تۆ لەو شاخانە بڕوانیت (شاخەکانی کوردستان) دەزانیت ڕێگەکانی چەندە سەخت و دژوارن، تەنیا شتێک لەو ڕێگە و بانانەدا کە سەرنجت ڕادەکێشێت، سەر بەرەو خواری و لێژیی دامێن و لاپاڵەکانیانە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر پیاومان دانا بۆ گرتن و پاراستنی تەنگە و دەربەندەکان، پاش ئەم کارە سەرکەوتووە، کوردەکان بەسەر گردێکی بەرانبەر شاخی سێیەمەوە دیسان پەیدا بوونەوە.

**زەینۆفۆن** لە ڕێی هەندێک وەرگێڕەوە دەکەوێتە وتووێژ لەگەڵیاندا، وتووێژ بۆ ئاگربەست و داواشی کرد کە کوژاوەکانیان ڕادەست بکەنەوە، ئەمە بەو مەرجەی گریکەکان گوندەکانیان نەسووتێنن، بەڵام دیسان تاوێرێکی زۆریان تل کردەوە بە سەریاندا.

مێژوونووسانی گریک، بە دەگمەن نەبێت باس لە کار و جوامێریی کورد ناکەن، بەڵام ئەرمەن کە دراوسێی کوردن، ئاستێکی بەرزی شارستانییان بۆ خۆیان هێشتووەتەوە، بۆیە مێژوونووسە کۆنەکانی ئەرمەن زۆر باس لە کورد دەکەن. **تیگرانیس**ی ئەرمەنی کە لە ساڵی ۹۱ - ٥٥ پێش زایین ئیمپڕاتۆریان بووە، ئەو کوردانەی لە دەوروپشتی دەریاچەی ڤان و ورمێ بوون، خستنییە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئاغا

کوردەکان بە ڕێکوپێکی سەرانەی خۆیان دەدا بەو ئیمپڕاتۆرە ئەرمەنییە. کوردێکی زۆریش خرانە ناو ڕیزەکانی سوارەی تیگرانیسی مەزنەوە، لە دەربار و کۆشکی شاهانەی ئەو ئیمپڕاتۆرەدا نوێنەری کورد هەبوو، بە لایەنی کەمەوە پێنج گەورە پیاوی کورد، بە پاڵ خانەدانە گەورەکان و شازادە ئەرمەنەکانەوە لە ئەنجوومەنی ئیمپڕاتۆردا پێگەی یەکسانی خۆیان هەبوو.

کە ئەرمەنەکانیش بوونە مەسیحی، کوردەکان بە وەسەنییەتی خۆیان مانەوە، بە ئاشکرا دژایەتیی خۆیان بەرانبەر ئەرمەنە مەسیحییەکان پیشان دەدا، بەڵام کە بوونە ئیسلام، هاتنە سەر لێبوردەیییەکی ئایینی و پەیوەندبەستنی باش لە تەک ئەرمەنە مەسیحییەکاندا. موسڵمانەکان، یەهوود و مەسیحییەکانیان بە *ئەهلی* کتێب دەدایە قەڵەم، بە مانای باوەڕدار بەو بڕوا سەرەتاییەی کە هەڵوەشاوەتەوە و تا گەیشتووەتە سەر ئیسلام، بۆیە ڕێزیان لە یەهوود و مەسیحییەکان زیاتر دەگرت وەک لە ئێرانییە وەسەنییەکان.

لە سەردەمی **خالیدی** کوڕی **وەلید** (نیوەی سەدەی هەشتی زایینی)، کورد بووە موسڵمان، بەر لە ئێرانییەکان بە سەردەمێکی زۆر، کورد چووە سەر ئایینی ئیسلام و لەسەر مەزهەبی سوننیی خۆیان مانەوە. ئایینەکە کارێکی زۆری کردە سەر ئەوەی کورد بکەوێتە سەر ڕێگەی ڕاست، ملکەچبوونی تەواو بۆ ویست و ئیرادەی خودا و لێبوردەیی بەرانبەر هەموان، بەتایبەت مەسیحی و یەهوودەکانی ئەهلی کتێب. ئەمانە لە ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلامەوە هێندە دوور نەبوون.

دیسان لە شوێنەوارە مەزنەکانی تری ئیسلام لای کورد کە بوونە موسڵمان، پاکژکردنی دەروونییان و چەسپاندنی گیانی نیزام و ڕێزگرتن لە قانوون و ڕەفتاری باش بەرانبەر دراوسێ، لە ڕێی فەرمان بە نوێژکردنی ڕۆژانە، پێنج جار لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، ڕۆژووی ڕەمەزان و دوورکەوتنەوە لە کاری خراپ و ناپەسەند. ئیسلام، کورد و دراوسێ عەرەب و فارس و تورکەکانیانی پێکەوە پەیوەست کرد، بەمەش لە لایەنە ڕۆحییەکەوە توانی ئەوە بهێنێتە دی، کە سەدەها ساڵی شەڕ و خوێنڕشتن نەیتوانی بیکات، ئەوەیش بریتی بوو کە کورد بکاتە هاونیشتمانی باش، ڕێز لە قانوون بگرن، پەیوەندیی باش و دروست لە تەک دراوسێکانیاندا ببەستن.

# بەشی چوارەم
# قۆناغی پاش پەیدابوونی ئیسلام:

لە گرنگترین دیاردەکانی مێژووی کورد هەتا پەیدابوونی ئیسلام، پاش ماوەیەکی زۆریش لە پەیدابوونی ئایینەکە، حوکمەتێکی یەکگرتوو لە ژێر دەسەڵاتێکی تاک و فەرمانڕەوایەکی کورددا، لە گشت خاکی کوردەواریدا دانەمەزراوە و نەهاتووەتە دی، بەڵام بێگومان مێژوو ئەوەی تۆمار کردووە کە لە گەلێک حاڵدا، پادشایەکی وا پەیدا بووە و حوکمی خۆی بەسەر گشت پارچەکانی وڵاتی کوردەواریدا سەپاندووە، ئەم پادشایە یان تاتار بووە، یان تورک، عەرەب و ئێرانی بووە، بەڵام هەرگیز کورد نەبووە. لە دیاردە گرنگەکانی تریش ئەوەیە کە قەڵا و شوێنە قایمە شاخاوییەکانی کورد، هەرگیزاوهەرگیز نەگیراون، بە تەواوی نەخراونەتە ژێر ڕکێفی هیچ بیانییەکەوە. ئاغا و بەگە کوردەکان سەربەخۆیی خۆیانیان پاراستووە و شانازییان بە عەشیرەت و خێڵەکانی خۆیانەوە کردووە، بە هەر حاڵێک بێت ملشۆڕی هیچ دەسەڵاتێکی بیانی

نەبوون، بە پێچەوانەی ئەمەوە، دەڤەرەکانی *باسان* لەسەر سنووری باکووری ڕۆژئاوای پاکستان، نەک هەر حوکمی خۆیان کردووە، بەڵکو دەسەڵاتیان بۆ سەر زۆربەی نیوە دوورگەی هیند و پاکستان کێشاوە.

پاش پەیدابوونی ئیسلام، کوردەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بێوەی مانەوە، هیچ پەلامار و هەڵکوتانەسەرێکیان بۆ سەر ئیمپڕاتۆری ئیسلامیی تازەڕسکاو نەدەکرد. خەلیفەکانیش هەوڵی ئەوەیان نەدەدا دەستکێشنە ناو کاروباری ناوخۆیی ئەو قەبارە سەربەخۆیانەی ئاغا و بەگەکوردەکانەوە، ئەنجامی ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو ئاغا و بەگانە کەوتنە چەسپاندن و پتەوکردنەوەی دەسەڵاتە کۆنەکانی خۆیان لە گشت هەرێمی ئازەربایجاندا.

ئیبن **عەلی** کوڕی **مەڕوان** کوڕی دەستەکی بلەیخی شاربوختی لە *فارقین*[1] کە ٢٠ کم لە ئامەدەوە دوورە، بۆ خۆی مەملەکەتێکی پێکەوە نا، بەمەش پایەکانی بنەماڵەی کوردی مەڕوانی مەزنی موسڵمانی جێگیر کرد، کە فەرمانڕەوایی ماردین، ئامەد و جەزیرەی ئیبن **عومەری** دەکرد (لە ٩٨٥ – ١٠٩٦ زایینی)، یەک لە پادشاکانی کە ئیبن **نەسر ئەحمەد** بوو، نزیکەی ٥٣ ساڵ حوکمی کرد، شارەکانی بە بینای قەشەنگ، حەمام، پرد و بوونیادنانی وێستگەی کاروان ئاوەدان کردبووەوە، بەڵام زۆری نەخایاند ناکۆکی لەسەر دەسەڵات دەکەوێتە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەواوە، ئینجا لێرەوە هەندێکیان هانایان دەبردە بەر بێزەنتییە نەسرانییەکان، بەمە درم و پەتای ئیرەیی و کینە و ململانێ

---

[1] ڕاستتر *ماردین*ە. دەبێت هەڵەی چاپکردنە عەرەبییەکە بێت.

کەوتە نێوان ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە، ڕابواردن و گوێپێنەدانیشی بە کاروباری وڵات لەو لاوە بوەستێت، کە بوونە خۆرەی لەتوپەتکردنی یەکەم دەوڵەتێکی کوردی موسڵمان. دوایی بە دەستی قەومێکی داگیرکەری شەڕانگێز، کە لە سەرەتای سەدەی یازدەدا ئاسیای بچووکیان ڕامالّی، ئەم دەوڵەتەش ڕووخا و لەناو چوو.

## داگیرکاریی سەلجوقییەکان:

دەوڵەتی مەڕوانی هێندە مانەوەی لە چارە نەنووسرابوو، تا زووبەزوو قەومێکی شەڕانگێزی جەربەزەی سەر بە ڕەگەزی تورک (مەگۆلی و بە سەلجووقی ناوزەدکراو)، وەک ڕەشەکوللە دایان بەسەر دەشتاییە بە پیتەکانی ئێران و عێراقدا. ئەم سەلجووقییانە لە ناوەڕاستی بیابانەکانی ناڤینی ئاسیاوە دەرپەڕین، هەر شتێک بهاتایەتە ڕێیان، ڕایان دەماڵی. ئەسڵەکەشیان دەچێتەوە سەر هەندێک تیرە و هۆزی ئۆگهوزی ناو تورکستانی چین، تازە موسڵمان بووبوون، هۆزەکانی ئۆگهوز لە لایەن موسڵمانەکانەوە پشتگیری دەکران، ئەمەش بووە هۆی زیاتر یەکخستنیان.

ئەم تورکمانانە سەرکەوتنی باشیان بەسەر دەوڵەتشارە لاوازەکانی ناو ئێران و عێراقدا بەدەست دەهێنا، زۆرتر بە هۆی ئەو جموجۆڵ و بزاوتنە گورجوگۆڵانەیانەوە بوو، کە بە سواری ئەسپە تیژڕەوەکانیانەوە دەردەپەڕین و لە بەرانبەرەکانیان دەهاتنە دەست، سەرەڕای چەلەنگی و لێوەشاوەیی کەموێنەیی خۆشیان لە هەڵمەت و داگیرکردنەکانیاندا. ئەمانە دواپادشای غەزنەوییەکانیان شکاند و بەرەوپێش هاتن، ڕووەو ناو دەشتە بە پیتەکانی ئێران، تا

دوای چەند مانگێک سەلجوقییەکان لەناو بەغدای دار ئەلخەلافەی موسڵمانان‌دا تۆزیان دەکرد.

**ئیبنول ئەسیری** مێژوونووسی گەورەی عەرەب، باس لە بەرەنگاربوونەوەی کوردەکان دەکات بەرانبەر سەلجووقییەکان، ئینجا لە کرماشان بووبێت، یان لە باکووری عێراق.

**توغرولبەگی سەلجووقی:**

لە ساڵی ١٠٤٠ زایینی، **توغرولبەگ**ی سەلجووقی، مەلیک **مەسعوودی غەزنەوی ئەو غانی** شکاند و شکستخواردی کرد. ئەم مەلیک **مەسعووده** جێنشینی سوڵتان غازی **مەحموودی غەزنەوی** بوو، ئینجا دەستی بەسەر *خۆراسان*دا گرت، وەک شمشێرێکی تیژ وڵاتی ئێرانی کرد بە دوو کەرتەوە و بە پڕتاو ڕووەو خواروو بووەوە، تا هەمەدان و ئەسفەهان، لە ڕۆژئاوایشەوە بۆ دەریاچەی ورمێ، بەڵام لەم ئاستەدا کابرا لووتی بوو بە بەرەنگاربوونەوەی بەرگرییەکی کەموێنەی کوردەکانی ئەو دەڤەرەوە، لەخۆبووردوانە بەریان بە لە شگرەکەی گرت تا پتر نەچنە ناو وڵاتی کوردەوارییەوە.

مێژوونووسانی سەردەمی تازەش، ئەو سەروەری و شکۆیانەیان تۆمار کردووە کە بە دەستی پیاوانی هەردوو عەشیرەتی کوردی *بڵباس* و *گۆران* هاتنە دی، خۆ کە **توغرولبەگ** تەوریزی گرت، دیسان کوردەکان نەیانهێشت تێیدا بحەوێتەوە و قاچی تێدا درێژ بکات. ئەم سەرکردە تورکمانە ئەگەر بۆی دەکرا، گوند و لادێی کوردی دەسووتاند و خاپووری دەکرد، بەڵام بۆی نەدەکرا سەنگەر و قەڵا سەختەکانی ناو شاخ و کێوەکانیان بگرێت. ئەمە لەو هێرش و

پەلامارانە دەچێت کە مەگۆلەکان کردیانە سەر *مرهاتای* باشووری هیندستان، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە، کە *مرهاتا* بە ڕابەرایەتیی **سیفاجی** فیڵ و پیلانی ناجوامێرانە و ناپیاوانەی وایان بەکار دەهێنا، کە زۆر دوور بوو لە نەریت و ئوسوڵی سوارچاکییەوە، بەڵام کوردەکان بە ئازایی و جوامێرییەوە شەڕێکی پیاوانەیان دەکرد.

زۆر لەو کوردانەی بنوبنەچەیان دەچێتەوە سەر تورکیش[١] دەڵێن: دەچینەوە سەر **توغروڵبەگ** چونکە هەندێک لە سەربازانی **توغرولبەگ** پەنایان بردەبەر سەرۆک و ئاغا کوردەکان، لەو ساوە لە نێوایاندا بە ئاسوودەیی ژیاون و بە تەواوی تێکەڵ بە گەلی کورد بوون؛ بەڵام هەر ئەو کاتە لە بەغدا، خەلیفە بووبووە تیزەجاڕی دەستی *بوەیهییەکان*، کە خەلیفە **قاسم** هەواڵی سەرکەوتنەکانی **توغرولبەگی** دەبیستەوە، ناچار لە ١٨ی کانوونی یەکی ١٠٥٥ زایینی، تا دەرەوەی شار چوو بەپیریەوە و پێشوازییەکی شاهانەی لێ کرد. لێرەوە ئیتر **توغرولبەگ** بووە گەورە و سەروەری خەلیفە قاسمی عەباسی[٢] و کاروبار هەر بە دەست خۆی بوو.

گوتمان کورد نەیدەهێشت سەلجووقییەکان بحەوێنەوە و تام و چێژی داگیرکارییەکەیان بکەن، ئیدی **توغرولبەگ** ناچار لە ناوچەی ڕەزاییە خۆی سەرکردایەتیی شەڕەکانی دەکرد. لێرەدا **بەساسیری** ناوێک، کە یەک لە سەرکردەکانی **بەنی بوەیە** بوو،

---

[1] ڕاستتر: تورک. دیارە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا Turkish بووە و بە هەڵە بە عەرەبی کراوە.

[2] ئەو خەلیفەیەی بە **قاسم** ناوی دەبات، دەبێت **قائم** بێت، دوای خەلیفە **قادر** لە ١٠٣١ بووەتە خەلیفە و دوای ئەو ئەلموقتەدا لە ١٠٧٥ چووەتە جێی، ئەگینا لە ناو خەلیفەکانی عەباسیدا *قاسم* ناو نەبووە.

ئەو هەلەی قۆستەوە کە **توغرولبەگ** خۆی چووەتە شەڕی کوردان و دەستوبرد کوودەتایەکی سەر بە فاتمییەکان ی کرد، خەلیفە **قاسم**ی ناچار کرد واز لە خەلیفایەتی بهێنێت بۆ خەلیفەی فاتمی لە قاهیرە[1]. کە **توغرولبەگ** بە مەی زانی، شەڕی دژ بە کوردانی ڕاگرت و بە هەڵەداوان گەڕایەوە بەغدا و خەلیفایەتییەکەی بۆ **قاسم** گێڕایەوە. **بەساسیری**شی دەستگیر کرد و کوشتی، دەسەڵاتەکەی بوەیهییان بەم جۆرە تا هەتایە نەما.

سەرقاڵیی **توغرولبەگ** بە دامرکاندنەوەی فیتنەکەی ناو بەغداوە، هەلی بۆ کوردەکان ڕەخساند تا بکەونە توندکردن و بەهێزکردنی سەنگەر و سپێرەکانی ناو شاخەکانی خۆیان. لێرەوە، لەو ماوەیەی کە سەلجووقییەکان حوکمی عێراق، ئێران و ئەرمینیایان دەکرد، بە قۆناغێکی مەزن دەژمێردرێت بۆ مێژووی گەلی کورد، لە ڕۆژگاری **سواڵتان مەلەک شاوە** ۱۰۷۲ – ۱۰۹۲ زایینی، فەرمانڕەوایان و حاکمانی سەلجووقی، کەوتنە پشی پشی و خۆ نزیککردنەوە لە عەشایرە کوردەکان، **سوڵتان مەلەک شایش** ئەو شەرەفەی پێ بڕدرا، کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی گەورەترین مامۆستا و سیاسەتوانی ئەو ڕۆژگارە، کە **نیزامولمولک** بوو.

## نیزامولمولک و سەردەمی زێڕینی مەمالیک:

**ئیبن خەلەکان**، مێژوونووسی بەناوبانگی عەرەب[2] گەلێک تۆماری بەنرخی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بۆ جێ هێشتووین. ئەم **ئیبن خەلەکان**ە دەربارەی پێگە و نفووزی

---

(1) ئەو کات لە میسر شارێک نەبووە بە ناوی *قاهیرە*وە.

(2) کوردە نەک عەرەب: ناوی **ئەحمەدە** ۱۲۱۱–۱۲۸۲ لە هەولێر لەدایک بووە، بووەتە قازی لە دیمەشق (وفیات الأعیان) و (أنباء أبناء الزمان) لە کتێبە بەناوبانگەکانییەتی.

گەورەی **نیزامولمولک**، دەسەڵات و هەیبەتی ماوەی سی ساڵی بەسەر کاروباری دەوڵەتدا تۆمار کردووە.

دەبێت **نیزامولمولک** یەکەم کەسی سیاسی بووبێت لە دنیادا، کە بتوانێت چارەسەرێک دابنێت بۆ کێشەی ئاڵۆزی عەشایرەکان، دەشێت تا ئەم سەردەمەی خۆشمان هەر تاکە چارەسەرێکی شیاو و لەبار بێت.

**نیزامولمولک** لە کتێبی *سیاسەتنامە*یدا، ئەوە پیشان دەدات کە: "باشترین ڕێگەچارەیەک بۆ مەسەلەی ئەو عەشایرە شاخاوییانە (ئەوانەی لە شوێنی وا دان کە پارێزەرانی قانوون و نیزام بە گران دەستیان پێیان دەگات)، ئەوەیە کە خۆیان حوکمێکی زاتی خۆیان بکەن.". چاککردنی کارگێڕیی ئیداری لە دەرەوەی ناوچە عەشایرەکان، دابینکردنی بژێوی و گوزەرانێکی باش، بۆ ئەوەی کوردەکان لە کونە شاخاوییەکانیان ڕابکێشنە دەرەوە، ببنە هاووڵاتییەکی وا ڕێز لە قانوون بگرن.

ئینجا بە درێژایی ئەو سەدەیە هیچ هەڵمەتێکی سەربازی دژ بە کورد نەکرا، جگە لە هەندێک ورەور نەبێت، کە ناوبەناو ڕوویان دەدا. لە واقعیشدا ئەو گەشەسەندنە ڕۆشنبیرییەی لەو سەردەمەدا هاتە گۆڕێ، جێدەستی چاکی جێ هێشت لەسەر زمان و ڕۆشنبیریی کورد؛ نەک هەر ئەمە، بەڵکو لەسەر شێوازی گوزەران و ژیانی ڕۆژانەشیان. دەگوترێت ئەم پشتێنە جوانەی ئێستای کوردەکان کە هەمیشە بە ناوقەدیانەوەیە، لە داهێنانەکانی ئەو عەیامەیە.

جگە لەمە، **نیزامولمولک** زەویوزاری بە جیا و سەربەخۆی بەخشییە ئاغا کوردەکان، لە کاروباری ناوخۆیی خۆیاندا تەواو سەربەخۆ و دەستکراوە بوون، بەڵام هەر کات بویسترایە،

دەبوو سەرباز و شەڕکەریان بۆ سوڵتان بناردایە، بەمە کێشەی ئیداری و پێکەوەنانی سوپایەکی پڕ چەک چارەسەر کرا. هەر لەو کاتەشدا ئاغاکان لە ڕووی قانوونییەوە سەربەخۆ بوون.

ئەم جۆرە سیستمی بەڕێوەبردنە بە تێپەڕینی ڕۆژگار، ئیمپڕاتۆرە سەلجوقییەکەی لاواز دەکرد، چونکە ئەو فیوداڵییە جەنگییانەی کە پشتاوپشت بۆ ئاغا و دەرەبەگەکان مابوونەوە، لە گشت لای ئیمپڕاتۆرەکەدا (بە ئێران، عێراق و ئەرمینیاوە تا بەڵخ و بوخارا لە ڕۆژهەڵات، سوریا و فەڵەستینیش لە باشوور) بووە هۆی پەیدابوونی دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆ، زۆری نەبرد ئەمانە لە گشت لاوە بە تەواوی سەربەخۆ بوون، سەلجوقییەکانیش لە ئێراندا تا ساڵی ١١٥٧ زایینی دەسەلاتدار بوون.

**سەردەمی ڕاپەڕینی فیکری *ڕێنیسانس*:**

هەر وەک بەر لە ئێستا باسمان لێوە کرد، نیوەی دووەمی سەدەی یازدە، بە سەردەمی ڕاپەڕینی فیکریی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دادەنرێت، ئەو سەدەیەی کە ئاشتی و خۆشگوزەرانی تێدا فەراهەم کرابوو، حاکمانی سەردەمەکەش خۆیان بایەخیان دەدا بە ئەدەب، زانست و هونەر، کەسانی وەک **نیزامولمولک**، **غەزالی**، **عومەر خەییام**، کێ و کێ دەستیان لە پەرەپێدانی هونەری بەڕێوەبردن، تەسەوف و ماتماتیکدا هەبوو، ڕۆژهەڵات بەم پیاوە مەزنانەوە شانازی دەکات، کە بەرهەمەکانیان بووبوونە فەنەرگەلێک، لە تاریکترین قۆناغی مێژووی جیهاندا لێیان دەڕوانرا، بە هۆی ئەمانەوە ئەستێرەی ڕۆژئاواش کەوتە هەڵکشان، ئەوە بوو لە بوارەکانی زانست،

هونەر و حوکمدا بەسەر ڕۆژهەڵاتدا سەرکەوتن و گرەویان لێ بردنەوە.

**نیزامولمولک** هەر بە کتێبە سەنگینەکەیەوە (سیاسەتنامە) ناو و شۆرەتی چوار تەرەفی پڕ نەکردەوە، بەڵکو بەو چاودێری و سەروکاریکردنەی کە لە زانایان و ماتماتیکزانان و فەقیە و ئەدیبەکانی دەکرد، دەستگیرۆی دەکردن و هانی دەدان لە هەر شارێکی گەورە و گوندێکی کوردستاندا، قوتابخانە و پەیمانگەیەکی زانستی کردبووەوە، موڵکی زۆریشی بەرەو ڕوو (وقف) کردبوونەوە، بۆ دەستگیرۆیی قوتابی و مامۆستاکان وەک سەرچاوەیەکی بژێویی ژیانیان. تا ئێستاش هەردوو قوتابخانەی *نیزامییە* لە نەیشاپوور و بەغدا، دوو پاشماوەی زیندووی ئەو پیاوە سیاسییە مەزنەن کە لە نیوەی سەدەی یازدەدا ژیاوە.

**غەزالی**ی قسەزان و هەڵکەوتووی ئایینی ئیسلام، یەک لەوانە بووە کە لە قوتابخانەی نیزامییەی نەیشاپوور دەرچووە، ناوچەی نەیشاپووری ئێستاش، بە کانی بەردی پیرۆزە (فەیروز)ەوە بەناوبانگە. ئەم فەقیهە سۆفییە، بە کتێبە بە بەها و بەسەرنەچووەکانی لەبارەی فیقە، ئایین و سۆفیگەرییەوە ناوی دەرکردووە.

**غەزالی** بە لۆژیکەکەی **ئەرستۆ**وە (سەبارەت بە جەدەل و دایەلۆگ) سەرسام بوو، لە تیۆرەکانی **ئەفلاتون**ی دەکۆڵیەوە. بە هەق و هەقیانەت بە پێشەنگی ئەوانە دەژمێردرێت، کە لە نێوان بەرهەمی زانستێکی ڕاست و فیکرێکی پوختدا لە لایەک، خورافەی گشتی و بۆچوونە نالۆژیکییەکانی کە لە نێو فەیلەسووفە موسڵمانەکانی ئەوسادا باو بوون لە لایەکی تر، هەماهەنگی، تەبایی و جۆرە گونجاندنێکی هێناوەتە ئاراوە.

**ئیبن خەلەکان** دەڵێت: لە هەردوو قوتابخانەکەی بەغدا و نەیشاپووردا، ژمارەی کورد لەوانی دیکە زۆرتر بووە، ئینجا چونکە شۆفیەتی و خاوێنیی ڕوونیی هزر لە سروشتی کوردەکان خۆیانە، ئیتر هۆزایەتی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییە ئیسلامی و مرۆییە فراوانەکاندا ئاوێتەی یەکدی بوون.

**عومەر خەییام** کە لە ئەورووپا و گشت دنیادا بە چوارینە شیعرییەکانییەوە ناسرابوو، بۆ چێژوەرگرتن لە ژیان و ئازادی بانگەشەی دەکرد، لە هەمان کاتدا گەورەترین ماتماتیکزانێکی ئەو سەردەمە بوو. یەکەم کەس بوو کە توانی *هاوکێشە سێجاکردنەکان*، نەک بە تەنیا ڕێگە جەبرییەکان حەل بکات، بەڵکو بە ڕێی ئەندازەییشدا. **عومەر خەییام** بە هاوکاری زانایانی دیکە توانی ساڵنامە (ڕۆژژمێر)ی جەلالی دابنێت (بە ناوی **سوڵتان جەلالەدین مەلیک شا**، کە ڕایسپاردبوو بۆ ئەو کارە)، ئەو ساڵنامەیە لە *ساڵنامەی گریگۆری*یشی تێپەڕاندووە کە حاڵی حازر کاری پێ دەکرێت، چ لە ڕووی ڕاستی، چ لە ڕووی توندوتۆڵی و زانینی کارەکەوە.

کە ساڵی ١٠٩٢ زایینی، **نیزامولمولک** بە دەستی تاوان تیرۆر کرا، سەلجوقییەکان لەوپەڕی دەسەڵات و سەروەرییاندا بوون، پاش ئەمە وردەوردە شکست و پووکانەوە ڕووی تێکردن[١]، کە **مەلیک شا**یش تیرۆر کرا، ئینجا سوڵتان **بارکیا روخ** (١٠٩٤ – ١١٠٤)ی کوڕی، کە بەرەڵلایەکی سەرخۆشی

---

[1] نیزامولمولک بەدەستی تیرۆریستێکی کۆمەڵی بەنگکێشەکانی ئیسماعیلی تیرۆر کرا. دەگوترێت **حەسەن سەباح**، یەک لە سەرکردەکانیان کە هاوڕێی دێرینی **نیزامولمولک** دەبێت، ڕایسپاردبوو کە تیرۆر بکرێت، پاش سێ مانگ **مەلیک شا**یش کۆچی دوایی دەکات.

بێئاگا بوو لە دنیا، جێی باوکی گرتەوە. بۆ نەگبەتی پەیوەندی نێوان خەلیفە لە بەغدا (هەر بەناو خەلیفەی موسڵمانان بوو)، پادشاکانی سەلجووقی پچڕا و ئیدی بڕیاریان دا پایتەختەکەیان بگوازنەوە بۆ ئێران. هەر ئەو کاتەش لە سەردەمی خەلیفە **موقتەفی**دا[١]، خاچپەرستان کەوتنەوە چالاکی و جموجۆڵ، فەڵەستین ڕووبەڕووی داگیرکردن بووەوە. هەر ئەم کاتانە بوو دنیای ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، دووچاری کوشت و کوشتارێکی بێسنوور و حیساب بووەوە. دەسەڵاتی هەقیقی بە دەست ئەو سەلجووقییانەوە بوو، کە خۆیشیان لە پووکانەوە و لەناوچووندا بوون، هیچ کەڵکێکیان لێ چاوەڕوان نەدەکرا، دەسەڵاتی ڕەسمی و کاریگەر بۆ یەکخستنی موسڵمانان بە دەستی ئەو خەلیفانەوە بوو، کە بێدەسەڵات بوون و کەس کاغەزی نە دەخوێندنەوە، ئەوانیش دەسەوسان هیچیان پێ نەدەکرا.

ئەو فیوداڵییە جەنگییانەی **نیزامولمولک** دایمەزراندبوون، بووبوونە میرنشینی سەربەخۆ، ئەمەش ئیمپراتۆری ئیسلامیی لاوازتر و داڕووخاوتر کرد، لێرەوە ململانێ و دوژمنایەتی و ڕکابەریتی لە نێوان ئەم میرنشین و دەوڵەتشارە موسڵمانانەدا پەرەی سەند و ڕۆژبەڕۆژ خەستتر دەبووەوە، هەر کام تەمادار بوو بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بێت و قوتی بدات.

سەرەڕای ئەوەی هەستان و بووژاندنەوە فیکرییەکە لە ئارادا بوو و هەبوو، بەڵام خۆپەرستی و چاوچنۆکی بۆ دەسەڵات لە نێو سەرکردەکاندا، کەمێک زانست، کاڵفامی،

---

[1] موقتەفی: دوای ئەلراشد لە ١١٣٦ زایینی بووە خەلیفە، پاش ئەمیش ئەلموستەنجەد لە ١١٦٠ زایینیدا هات، ڕۆژگارێک خەلیفایەتیی ئەمانە بە سەردەمی پووکانەوە و داڕزانی دەوڵەتی ئالی عەباس ناو دەبرێت.

بوغرایی عەرەب و خۆبەزلزانینیان، ئەمانە گشتیان کەشوهەوا و بارێکی وایان هێنایە کایەوە، کە کتومت لەو کەشوهەوایەی ساڵی ١٩٤٧ دەچوو، کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان دروست کرد و فەلەستین دابەش بوو.

دیسان خاچپەرستان دەستیان دایەوە پەلاماردان، **ئیبنول ئەسیر** دیمەنێکی خەمناک و کاریگەرمان لەبارەی پێشڕەوی فەرەنگەکان و دەرپەڕاندنی موسڵمانەکانەوە پیشان دەدات، کە چۆن خەڵکە موسڵمانە بێوەیەکانیان لە ژن و پیاو دەکوشت و لادێکانیان دەسووتاندن. لەو لاشەوە دنیای موسڵمانان لاواز و بێدەسەڵات، هەر خەریکی پیلان لە یەکتر و تیرۆکردنی ئەم و ئەو، لەم تاریکیوتوونەکییە ئەموستەچاوەی کە موسڵمانانی تێدا دەتلایەوە، پاڵەوانێک لە پاڵەوانەکانی ناو مێژووی ئیسلام سەری هەڵدا، ئەو پاڵەوانەی کە هەقە کورد شانازی پێوە بکات، سوڵتان **سەلاحەدینی ئەییوبی**.

**سەلاحەدینی ئەییوبی و سەردەمی زێڕینی کورد:**

لە هەموو مێژووی کورددا لەوانەیە جوانترین سەردەمێکیان، سەردەمی سەرکردەی مەزنی کورد بووبێت، کە لە مێژوودا بە **سوڵتان سەلاحەدینی ئەییوبی** دەناسرێت. دوو برا: **ئەییوب** و **شێرکۆ**، کوڕانی **شادی** سەرکردەی گەورەی کورد، ژیانی سیاسیی خۆیان لە باکووری وڵاتی میزۆپۆتامیاوە دەست تێوە داوە. **ئەییوب** کە برا گەورە بوو، لە لایەن خەلافەی عەباسییەوە والیی شاری تکریت بوو، کە بە ١٠٠ میل لە سەروو شاری بەغداوەیە. دوایی ئەم جووتە برایە تکریتیان جێ هێشت و ڕوویان کردە دیمەشق. برای بچووک لە خزمەت **عیمادەدین زەنگی**دا مایەوە. **ئەییوب** کە برا گەورە

بوو، چووە لای والیی دیمەشق **نوورەدین زەنگی**، کە باوکی **عیمادەدین** بوو.

کە لە میسر ناکۆکی لەسەر پلەوپایەی وەزیری کەوتەوە، **شاەوری** کوڕی وەزیرە کوژراوەکەی پێشوو، داوای یارمەتی لە **نورەدین**ی والیی دیمەشق کرد، ئەویش **شێرکۆی** کوردی ڕاسپارد کە بچێت و یارمەتیی وەزیرە شەرعییەکە بدات، **شێرکۆ** سوپایەکی لە سوارەی کورد و پیادەی سوریایی ڕێک خست، لە ١١٦٤ زایینی، توانی نەیارانی **شاه ور** شکستخواردوو بکات و بیکاتەوە بە وەزیر لە قاهیرە. هەر لەم سەروبەندەدا، توانا و لێهاتوویی **سەلاحەدین**ی هەرزەکار و گەنج، کە کوڕی **ئەییوبی و** برا گەورەی **شێرکۆ** بوو، دەرکەوت و وەک شەڕکەرێکی ئازای لێزان، لە ڕابەریکردنی سەربازەکانیدا دەنگی دایەوە (ئەو کاتەی کە **ئەییوبی** باوکی حاکمی شاری تکریت بوو، **سەلاحەدین** لەو شارە لە ١١٣٧ زایینی، لەدایک بووە).

لە ڕێی **شێرکۆی** مامیەوە، **سەلاحەدین** تێکەڵ بە دەست و دایرەی والیی میسر و کاربەدەستانیان بوو، لە ١٨ کانوونی دووی ١١٦٨ زایینی، **عادیل** (کە حاکمی میسر بوو)، **شێرکۆی** دەستنیشان کرد تا وەک وەزیر جێی بگرێتەوە[١]، بەڵام تەنیا دوو مانگ لە حوکمدا مایەوە و مرد. پاشان **سەلاحەدین**ی برازای چووە جێی ئەو. ئەم بە وریایی و بیرتیژیی خۆی، توانی پێگەی خۆی لە فەرمانڕەوایی میسردا توندوتۆڵ

---

[1] بەپێی سەرچاوەکان ئەو ساڵە لە میسری فاتمییەکاندا (ابومحمد – العاضد لدین الله – عبدالله بن یوسف بن الحافظ) لە ١١٦٠-١١٧١ زاینی حاکم بووە، حوکمی ئەییوبییەکانیش لە ١١٦٩وە دەستی پێ کردووە.

بچەسپێنێت، هێندەی نەبرد کەوتە پلاندانان بۆ سەندنەوەی فەڵەستین لە دەستی خاچپەرستان.

لەم کاتانەدا **نوورەدین**ی سەرۆکی **سەلاحەدین** لە دیمەشق، کۆچی دوایی کرد. مەلیک **ساڵح** کە کوڕێکی لێنەهاتوو و لاوازی بوو، چووە شوێنی؛ خاچپەرستان بە هەلیان زانی و ئابلۆقەی دیمەشقیان دا، بە هەڵەداوان **سەلاحەدین** ڕووەو باکوور لەشکری کێشا، بە هۆی سوپایەک کە لە سوارەی کورد بوون، توانی خاچپەرستان بشکێنێت و شارەکە بگێڕێتەوە بۆ خەلیفایەتیی عەباسیان.

لە بەختی ڕەشی ئەمانەدا، ناکۆکی کەوتە نێوان **سەلاحەدین** و مەلیک **ساڵح**ی کوڕی **نوورەدین**ی حاکمی سوریای کۆچکردوو، لەباتی ئەوەی مەلیک **ساڵح** کێشەکە بباتە لای خەلیفە لە بەغدا، چوو هانای بردە بەر خاچپەرستەکان، لەناو شوورەکانی شاری دیمەشقدا شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوو لادا قەوما، سەرئەنجام سوپای مەلیک **ساڵح** شکستی هێنا، **سەلاحەدین** ئابلۆقەی شاری حەلەبی دا، مەلیک **ساڵح** هەستی بە بێهێزیی خۆی کرد و ناچار ملی بۆ سوڵح دا، وازی لە دیمەشق هێنا بۆ **سەلاحەدین**. ئیتر لەو کاتەوە ناوی ئەو مەلیک **ساڵح**ە لە مینبەرەکانی سوریا و حیجاز و میسردا کوێر بووەوە و نەدەبرا.

بەم شێوە **سەلاحەدین** بە ڕەزامەندیی خەلیفەی عەباسی، کە سەرچاوەی گشت دەسەڵاتە شەرعییەکان بوو، بووە دەسەڵاتدارێکی سەربەخۆ بەسەر میسر و شامەوە، دوایی وردەوردە حەلەب و موسڵیش چوونە ژێر دەسەڵاتیەوە، بەر لە کۆتایی ١١٨٢ زایینی، **سەلاحەدین** لە دنیای ئیسلامدا بووە تاکە سەردار و دەسەڵاتدار، پادشا و سوڵتانەکانی ڕۆژئاوای

ئاسیا، بە سوڵتانی ئیقۆنیۆم، میری ئەرمینیای موسڵمانیشەوە ددانیان بە سەروەریەکەیدا نا.

لە دیارترین ڕواڵەتەکانی سەردەمی **سەڵاحەدین** و حوکمەکەی ئەوە بوو، کە هەرگیز خۆی بە گەورەیەکی کورد دانەناوە، نەخوازەڵا بە پادشایەکی کورد بەسەر عەرەبەکانەوە. لە دانانی وەزیر، سەرکردە، ڕاوێژکاران و دەوروبەریدا هەرگیز جیاوازی لە نێوان کورد و غەیرە کورددا نەدەکرد. لە واقیعیشدا ئەو کاتە وەک ئێستا ئەم هەستە جیاییە لای کورد و غەیرە کورد نەبوو، ئەوە بەس بوو هەر کەسێک بیگوتبا: *موسڵمانم*. لەوانەیە هەر ئەم هۆیەش بێت کە ئیسلامی گەیاندە لووتکەی شکۆ و بەرزی، وای لێ کرد بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو گەلەکۆمەکییە ڕەگەزپەرستە ئەورووپاییەدا. [١]

لە مێژووی هاوچەرخدا، **سەڵاحەدین** بە ناوی **سەڵاحەدینی ئەییوبی**یەوە ناسراوە، نەک **سەڵاحەدینی کوردی**، لەبەر ئەوە نا کە کابرا حەزی بەوە نەکردووە بە کورد بناسرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم هەستی خێڵایەتی و نەتەوەییەی ئەمڕۆ هەیە لە نێو موسڵماناندا، ئەو کاتە نەبووە، بۆ بەدبەختییش ئەم هەستە

---

[1] ئەمە گوناهی کورد نییە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە ئەم هەستی نەتەوەییەی تێدا پەیدا بووە، خەتای خاوەنانی ئایینە ئیسلامەکەیە، کە لە ڕێنمایی و ڕێوشوێنەکانی ئایینەکە لایان دا و مامەڵەیان لەگەڵ نەتەوە غەیرەعەرەبەکانی ژێر دەستیاندا، وەک کۆیلە دەکرد. خەتای بیروبۆچوونە نەتەوەییە ئەورووپاییەکانیش نییە، کە پاش شۆڕشی فەرەنسا بە دنیادا بڵاو بووەوە، کوردیش گرتییە خۆی و وەک بەربەرەکانییەک لە بەرانبەر ڕەفتاری نامرۆییانە و ڕەگەزپەرستانی عەرەب بەکاری دەهێنێت بۆ ئازادی و سەربەخۆیی. ئەوەش مافێکی شەرعیی ڕەوایە بۆ کورد و هەر نەتەوەیەکی ژێردەست.

ئاڵۆزە، هۆکارێک بوو بۆ هەرەسهێنان و فەوتبوونی پلە و دەسەڵاتی موسڵمانان.

لەگەڵ ئەوەی کە موسڵ، ئامێدی و ڕەواندز لە دێرینترین مەڵبەندە کوردییەکان بوون و لە ژێر ڕکێفی **سەڵاحەدینی ئەییوبی**دا بوون، کەچی پایتەختەکەی خۆی بۆ یەک لەم شارانە نەگواستەوە، بەڵام بەپێی خۆیان بایەخیشی پێ دەدان. وڵاتی کوردەواری بە لای ئەوەوە (کە مەزنترین کورد بوو پەیدا بووبێت) وەک هەر بەشێکی تری ئیمپڕاتۆری ئسلام بوو، بەرژەوەندیی ئیسلامی لە ژووروو بەرژەوەندیی تاکەکەسی و قەومەکەیەوە دادەنا.

سەروەری و کارە جوامێرییەکانی **سەڵاحەدین**، هەر وەک چۆن لە گشت لایەکی ڕۆژهەڵاتدا دیارە، ئاوایش لای ئەورووپاییەکان دیارە. ئەم کوردە مەزنەی کە خاوەنی ویژدانێکی دەگمەن بوو، ڕێباز و توخمێکی بەرزی لە نێوان سەرکەوتوو و شکستخواردوودا، بۆ گشت ئەوانە جێ هێشت کە پاش خۆی دەهاتن.

لە ساڵی ١١٨٩ زایینی، کە فەرەنگەکان سوڵح و ئاگربەستیان شکاند، دەستیان کردە هێرشبردنە سەر کاروانی موسڵمانان و کوشتنی بازرگانەکان، **سەڵاحەدین** هەڵمەتێکی تەمبێکردنیانی ڕێک خست. ئابڵوقەی شاری کەرکی دا، مەلیک **ئەفزەڵ**ی کوڕیشی بە سوپایەکی بچووکەوە ناردە شاری جە*لیل*، تا نەهێڵن سەربازگە خاچپەرستەکەی ئەوی لە جێی خۆی ببزووێت. لێرەدا توانا و لێهاتوویی سەربازیی **سەڵاحەدین** دەردەکەوێت، بە ئایینوئۆینێکی شارەزایانەوە، بە وریایی دوژمنی کێش کردە ناو دۆڵێکی داخراوی پاڵ شاخی حگین و بڕیاری قەڵاچۆکردنی ئەو هێزەی دا.

ئا بەم جۆرە دوژمنی ناچار کرد بێتە شەڕێکەوە، کە خۆی شوێنەکەی دیاری کردبوو. بۆ ڕۆژی دواتر کە فەرەنگەکان لە دۆڵەکە دەرچوون، بینیان لە دەریاچەکەی بەرانبەریان دابڕاون و **سەلاحەدین** لەوێ بنکەیەکی بەهێزی بۆ سوپاکەی دامەزراندووە، ئینجا ئەو کات چاریان نەما جگە لەوەی بەرەوپێش مل بنێن، لەمەدا هێزی ئەسپسوارانی خاچییەکان توندترین گورزی بەرکەوت، ئەسپسوارانی موسڵمان بە *سووکترین تفاق و خێراترین جووڵەوە* ئەو گورزەیان وەشاند، ئەنجام لە ڕۆژی هەینی ٢٥ ڕەبیعی یەکەمی ٥٨٣ کۆچی، خاچییەکان خراپ تێشکان، ژمارەی کوژراوانیان دەهەزار بوو، **جی. دی. لۆسینان** لەو شەڕەدا دەستگیرکرا و بە باشی مامەڵەی لە تەکدا دەکرا.

ڕۆحپاکی ئەو سەرکردە کوردە و سەربازەکانی، گیانی ورە و دڵسۆزانی بە ڕادەیەک بەرز کردبووەوە، کە هیچ کۆسپ و ئاستەنگێک لە ئاستیاندا خۆی ڕاگیر نەکات. سوپایەک نەبوو دەرەقەتیان بێت، شار و قەلایەک نەبوو لە بەردەم هێرشەکانیاندا خۆی بگرێت. سوپاکەی **سەلاحەدین** توانی شارەکانی: نابلوس، ئەریحا، ڕامەڵڵا، ئەرسوف، یافا، بەیروت و زۆری تر یەک بەدوای یەکدا بگرێت، مامەڵەشی لەگەڵ دانیشتوانانیاندا لەوپەڕی مرۆییانەوە بوو. دەستیان لە ئافرەت، منداڵ و پیر دەپاراست و ئازاریان نەدەدان، لە تەک دیلەکانی جەنگەکاندا میهرەبان بوون و گورج مەرەخەسیان دەکردن.

*** دەستبەسەراگرتنی قودس (بیت المقدس) ١١٨٧ زایینی:**

بەبێ ئەوەی پشوویەک بە دوژمن بدات و بهێڵێت بحەوێتەوە، ئەم کوردە مەزنە ڕووی کردە قودس (بیت المقدس)، ئەم شارە لای یەهوود، مەسیحی و موسڵمان

پیرۆزیی خۆی هەیە. سەبارەت بە موسڵمانان یەکەم ڕووگە (قیبلە) و سێیەم شاری پیرۆزە پاش مەککە و مەدینە.

ئیسلام *قۆناغی سێیەمە*. بە مانای گۆڕان و پەرەسەندنی کۆتایی ئەو ئایینەیە کە سەروەرمان **ئیبراهیم** (سەلامی خوای لێ بێت) مژدەی پێ داوین. ئیسلام ددان بە گشت ئایینەکانی پێشووتردا دەنێت، ڕێزیان لێ دەگرێت، جگە لە *سیستمی ئەخلاقی* کە مەسیح هێنانەدی هێناوە، ئیسلام *سیستمی کۆمەڵایەتی*یشی سەرباری داناوە، وەک تازەترین تیۆر و کۆتاییان. بەمەش ئیسلام دادەنرێت بە دواهەمین بەشێکی ئەو کتێبەی کە **ئیبراهیم** پێغەمبەر (د.خ) دەستی پێ کرد. هەریەک لە **موسا** و **عیسا** بەشی تایبەتیی خۆیان خستە سەر و دواجار پێغەمبەرمان **موحەممەد** (د.خ) دوا بەشی تەواو کرد.

لە ئەورووپا، سەدەی دوازدە سەدەی دەمارگیری و توندڕەویی ئایینی بوو. داگیرکردن و دەستگرتن بەسەر شوێنە پیرۆزەکاندا بە ئەرکێکی ئەورووپای مەسیحی دادەنرا، جگە لە کەڵکە بازرگانییەکەی، چینی بازرگانانیش وردەوردە لە شێوەی چینێکی مامناوەنددا پەیدا دەبوون. ئەمە دوای پووکانەوەی کۆمەڵێک (یان توێژاڵی أ.ب) فیودالی کە لێرەولەوێ بەرەو نەمان دەچوون. چینی بازرگان، ئەم دەمارگیرییە ئایینییەیان لە نێو چینی جووتیار و هەژارانی بێئاگا و نەخوێندەواردا بۆ خۆیان ڕەخساند و لەمەدا بە هەلیان زانی. هەروەها پەرۆشی و خورتیی تاکەکانی ناو چینی سەرەوەی دەسەڵاتیش با لەو لاوە بوەستێت، بەڵام مەبەستی سەرەکی لەو هەڵمەتە خاچپەرستییە، بریتی بوو لە ڕێگەکردنەوە بۆ کاروانە بازرگانییەکانیان، بۆیە داگیرکردنی هەر شارێکی پیرۆز لە لایەن ئەو خاچییانەوە، دەستکردن بوو بە دانانی ڕێوشوێنی

چەسپاو بۆ پڕۆژە بازرگانییەکانیان و بەدیهێنانی ئامانجە فراوانخوازەکانیان، لەبەر ئەمە دەبینین ئەو خاچپیانە هێندەی بایەخیان بە پێداویستییە بازرگانییەکانیان دەدا، هێندە بە تەنگ لایەنە ئەخلاقییەکانەوە نەبوون.

لە سەردەمی حوکمی موسڵمانەکاندا، شاری قودس شارێکی کراوە بووە لە بەردەم یەهوود، مەسیحی و موسڵماندا، چونکە پیرۆزی و شکۆی ئۆرشەلیم، وای لە موسڵمانان کردبوو کە ڕێز لە گشت ئەهلی کتێب بگرن[١]. **ئیبراهیم**، **عیسا** و **مووسا** (سڵاوی خوایان لێ بێت)، پێغەمبەرانی یەهوود، مەسیحی و موسڵمانانیش بوون، بەڵام مەخابن هەر کە ئۆرشەلیم کەوتە دەست خاچپەرستەکان، ئیتر بووە قەڵا و سەربازگەیەکی جەنگی و نێوەندێکی بازرگانییش.

شوێنە پیرۆزەکان بە ڕووی موسڵماناندا سەرکڵۆم کران. پتر لەمەش، موسڵمانان لەو شارە پیرۆزە وەدەرنران. خاچپییەکان کە شارەکەیان کردە سەربازگە، ئیتر پیرۆزیی قودسیان نەهێشت. ئینجا بەر لەوەی **سەلاحەدین** هیچ هێرشێک بکاتە سەر قودس، ئەم نامەیەی بۆ سەرکردەی شارەکە نارد: "منیش وەک تۆ دەزانم کە قودس شارێکی پیرۆزە، بۆیە نامەوێت بە خوێنڕشتن پیسی بکەم، قەڵا و قوللەکانت چۆڵ بکە و منیش بەشێک لە گەنجینە و خەزێنەی خۆمت پێ دەدەم، هەر زەوییەکیش کە بتانەوێت بیکەنە کشتوکاڵ"[٢].

سەرکردەکەی قودس داواکەی **سەلاحەدین**ی ڕەت کردەوە، بگرە سووکایەتییشی بە نێردراوەکە کرد. سوڵتان دەوری

---

[1] ئەهلی کتێب (اهل الکتب) ئەو ئایینانەی خاوەنی کتێبن، وەک موسوڵمان یەهوودی و مەسیحی.

[2] نووسەر سەرچاوەی ئەم نامەیەی دیاری نەکردووە!

شارەکەی دا، پاش یەک مانگ فرەنگەکان بۆ خۆبەدەستەوەدان کەوتنە پاڕانەوە، ئەویش ئازادی کردن. مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدان زۆر ئاسان بوو، هەتا ئێمە وای بۆ دەچین، ئەوەی کە دایناوە سەرکردەیەکی سەربازی نەبووە، بەڵکو قەدیس و پیاوچاکێکی میهرەبان بووە. **ئیبنول ئەسیر**، بە درێژی باسی ئابڵوقەکە و خۆبەدەستەوەدانی سوپای خاچییەکان دەکات. **سەلاحەدین** ئەمانێکی تەواوی بە مەسیحی، یۆنانی و سورياييەکان دا، ڕێی پێ دان کە لە وڵاتەکەدا بەگشت مافێکی مەدەنیی خۆیانەوە، لەگەڵ ئەواندا کە بەزاندیانن، بمێننەوە. نەک هەر ئەمە، بگرە ئەو داگیرکەرانەی کە لە ئەورووپا و ئیتاڵیاوە هاتبوون، ڕێیان پێ درا ئەگەر مەیلیان لێ بێت لە فەڵەستیندا بمێننەوە.

**ئیبنول ئەسیر** دەڵێت: **سبیلای** شاژنی قودس ڕووخسەتی لەو پادشا کوردە مەزنە خواست، کە لە تەک دەستوپێوەندەکانیدا بڕوات، ڕێزی لە پەژارە و خەمی ئەو شاژنە گرت، بەزەیی بە حاڵیدا هاتەوە، هەندێک ژن بە گریانەوە منداڵەکانیان گرتبووە باوەش و بە سوڵتانیان گوت: ئێمە خێزان و دایک و کچی ئەو شەڕکەرانەین کە یەخسیرت کردوون، دەبینی وا بە پێ ڕێ دەکەین و دەڕۆین، تا هەتایە ئەم وڵاتە جێ دەهێڵین، کەس شک نابەین لەوان زیاتر تا بمان ژیەنن، لەدەستدانی ئەوان، مانای لەدەستدانی دوا هیوا و ئاواتمانە، جا ئەگەر ئەوانمان بدەیتەوە، ئەوا داماویمان لەسەر لا دەچێت و دەمانژیەنن.

لەم قسانە **سەلاحەدین** گەلێک دڵتەنگ و مەلوول دەبێت، گورج هەر دایکێک کوڕەکەی دایەوە، هەر ژنێکیش مێردەکەی

بۆ مەرەخەس کرد، پەیمانیشی پێ دان کە لەگەڵ دیلەکانی تردا بە بەزەیی بێت.

مێژوو جوامێرییەکی تری ئاوای تۆمار نەکردووە، مامەڵەیەکی پیاوانەی ئاوا کە سەرکەوتوو بەرانبەر شکستخواردووەکەی ژێردەستی کردبێت، بەڵام خاچییەکان پاش ئەوەی مەرەخەس کران و پەیمانیان دا بچنەوە ئەورووپا، پەیمانیان شکاند و لە شاری *سور*، دەستیان دایە سیخوڕی، هەر ئەو کاتە لە ئەورووپاوە سوپای تر بۆ فریاکەوتن هات، شاری *سور* بە سەرکردەی **کۆنراد مەرکیز موت فیرات** بڕیاری دا بە ڕووی **سەلاحەدین**دا بوەستێتەوە، بەر لەوەی ئەم سەرکردە مەزنە قەلاکەی *سور* کاول بکات، بڕیاری دا هەرچی دەسەلاتی فرەنگەکانە بەسەر درێژایی کەناراوی دەریادا نەهێڵێت، ئەمەش بە مەبەستی دابڕینیان و نەهێشتنی هێنانی هێزی فریاکەوتن لە ئەورووپاوە، بۆ شاخی *سیخون*، *بکاس*، *بازیار* و *دیربرسان* و گەلێک بنکەی تری بەرگریی خاچییەکانی گرت.

ئەم سەرکەوتنە پەیدەرپەیانەی **سەلاحەدین** بەسەر داگیرکەراندا، بووە سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایی و تورەیی لە ئەورووپا، لە جەژنەکانی لەدایکبوون (سەری ساڵ) پاپا بانگەشەی هاوپەیمانییەکی کرد لە نێوان **فردریکی یەکەم**ی شای نەمسا، **ریتشارد**[1]ی شای ئینگلتەرا و **فیلیپ**ی شای فەڕەنسا، داوای لێ کردن کە ڕابن و خاچ لە کۆڵنێن. بگەنە فریای براکانیان لە قودس. ئەوە بوو لە ئابی ١١٨٩ زایینی، خاچییەکان شاری عەککایان ئابلۆقە دا، **سەلاحەدین** بە پەلە

---

[1] ناسراو بە (ریتشارد قلب الاسد).

چوو بە هانایەوە. لە ١١٩١ زایینی، **ڕیتشارد** و **فیلیپ** بە هێزێکی تازەوە پەیدا بوون، خاچپییەکان ئەم جارە لە بەندەرەکەدا خۆیان گرت و پێیان تێدا بەهێز کرد، چونکە لە ڕێی دەریاوە سوودمەندبوون، لە ١٢ تەمموزی ١١٩٢ زایینی، سەربازگە ئابڵوقەدراوەکەی عەککا خۆی دا بە دەستەوە، پێشتر **سەلاحەدین** ئەو بڕە پارە زۆرەی ڕەت کردبووەوە کە ئابڵوقەدراوەکان بەرانبەر خۆبەدەستەوەدانیان داوایان دەکرد، لەمەدا لە دیلەکانی هەردوو لا کوشتارێکی دڕندانە قەوما، دیارە ئەمەش پێچەوانەی ئەوە بوو کە پێشتر **سەلاحەدین**ی پێ دەناسرا، وەک سەرکردەیەکی لێبوردە و چاوپۆش لە بەرانبەر ئەو خاچپیانەی شوێنەکانی تر، بەڵام کە ئەوە ڕوون بووەوە، شەڕ چارەنووسی خواست و کاروبارەکان هەرگیز دەستنیشان ناکات و نایان بڕێتەوە، مەلیک **عادیل** ی برای کەوتە وتووێژی ئاشتییەوە لەگەڵ **ڕیتشارد**ی پادشا، ئەویش لای خۆیەوە ڕاگرتنی شەڕەکەی لا باشتر بوو، تا بگەڕێتەوە ئینگلتەرا، نەک لەوێ تەختی پادشایەتییەکەشی لەدەست بچێت.

بەم جۆرە لە ٢ تشرینی دووی ١١٩٢دا سوڵحیان کرد و لە سەر ئەوە پێک هاتن، کە ئەو ناوچانەی **سەلاحەدین** گرتوونی تا ئەل دەورەملە و عەسقەلان بۆ خۆی بێت، قودسیش لە ژێر دەستی موسڵماناندا بێت، بەڵام ڕێگەی زیارەت و حوج لە مەسیحییەکان نەگیرێت، بە مەرجێک چەکیان پێ نەبێت.

دوای ئەم ڕێککەوتنە، **سەلاحەدین** زۆر نەمایەوە، پاش ئەوەی لە تشرینی دووی ١١٩٢زایینی، لە قودسەوە گەڕایەوە دیمەشق، بە ماوەیەکی کەم لە شوباتی ١١٩٣ زایینی، لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

بەر لە وەفاتی، سوڵتان **سەلاحەدین** ئیمپراتۆرە فراوانەکەی دابەش کرد: دیمەشق و خوارووی سوریای دا بە مەلیک **ئەفزەڵ**ی کوڕە گەورەی، میسریش بۆ مەلیک **عەزیزی** کوڕی ناوەنجی، حەلەب و سەرووی سوریاش بۆ مەلیک **زاهیری** کوڕە بچووکی؛ وڵاتی میزۆپۆتامیا، کە وڵاتی کوردەوارییشی دەگرتەوە، بۆ مەلیک **عادیل**ی برای.

کە چارەنووس نەیهێنا و بەخت یاوەر نەبوو، کوڕانی مەزنترین کوردێک، بێبایەخی و گوێپێنەدانی خۆیان (بەو شکۆیەی باوکیان بۆی جێ هێشتبوون) بە کردەوە سەلماند، هێندەی نەخایاند دووبەرەکی کەوتە نێوانیان و لاوازی وەک خۆرە دایوەشاندن، ئینجا هێدی‌هێدی دەوڵەتەکەیان دادەڕما.

لە ئەورووپاش دەمبەدەم، تینوتاوی پەرۆشی و خورتی بۆ دەستبەسەراگرتنی خاکە پیرۆزەکان دادەمرکایەوە. بە نەمانی ئەو مەترسییە دەرەکییەش، پادشا و میرانی موسڵمان لە نێو خۆیاندا لە ململانێ و ڕکابەریکردنی یەکتر و چاڵبۆیەکترهەڵکەندن نەدەکەوتن.

سەرەڕای ئەو ئاژاوە و پشێوییەی لە سەروبەندی مردنی **سەلاحەدین**دا هاتە کایەوە، بەڵام سەردەمی دەوڵەتە ئەییوبییەکە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بە سەردەمێکی زێڕین دەژمێردرێت. سیستمی ئیداری لە سەر بناغەیەکی ڕاست و ڕەوان دامەزرابوو، شەرعی ئیسلام قانوونی نێو موسڵمانان بوو، پادشاکان بایەخێکی تایبەتیان بە کشتوکاڵ و پاراستن و چاککردنەوەی جۆگە ئاودێرییەکان دەدا، بەڵکو هەندێک جۆگەی تازەشیان لە میزۆپۆتامیا، سوریا و میسر ڕاکێشا. بازرگانی پەرەی سەند و لە گەشەکردندا بوو، خۆشگوزەرانی و بەختەوەری ڕوویان لە میللەتەکە کردبوو.

ئەو شەڕوشۆڕانەی لەگەڵ خاچپیاندا دەکران، نەبوونە هۆی دروستبوونی دوژمنایەتی لە نێوان عەرەب و مەسیحییەکاندا، بەڵکو مەسیحییەکان لە واقیعدا وەک بڕبڕەی پشتی توێژاڵی بازرگانان بوون، پەیوەندییە بازرگانییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەورووپای مەسیحیدا پاراست. لە سەردەمی ئاشتی و هێمنیی پاش شەڕەکاندا، پەیوەندی لەگەڵ سوارەی خاچییەکاندا، سوارچاکی و عورف و نەریتی شەڕکردن[1] لە نێوان ئەو دوو میللەتە خاوەن شارستانییەتەدا، بووە هەوێنی هاتنەدی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و قانوونی نەنووسراو، بەڵام پەیڕەوکراو لە سوارچاکی و شەڕکردنێکی پیاوانەی عادیلانە. هەتا زۆر لەم ڕۆشنبیرییەی شەڕی ئێستامان، بەتایبەت قانوونەکانی شەڕ (ئەو قانوونانەی کە نەشنووسرابوون، بەڵام بوونە بنەما و هەوێنی پەیمانی ژنێڤ و قانوونەکانی خاچی سووری جیهانی) لە سەردەمی تازەدا. بنەما و توخمی ئەم قانوونانەی ئێستا دەچنەوە بۆ سەردەمی ئەییوبییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا[2]؛ بەڵام بۆ کڵۆڵیی پاش ئەو سەردەمە، گەشاوەیە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و مێژووی کورد بەتایبەتی، خراپترین سەردەمێکی نووتەک بەسەر مێژووی جیهاندا داکشا. لێرەدا ئاماژە بە سەردەمێک دەکەم، کە هێزە بەربەرییەکانی **جەنگیزخان** ناوەڕاستی ئاسیایان ڕاماڵی و بۆ هەتا هەتایە چیی شارستانیی پێشکەوتووی سەدەکانی پێشوو جێیان هێشتبوو، لە کولتووری میللەتێکی پێشکەوتوو، ئەوان کاولیان کرد.

---

(1) سوارچاکی و عورف و نەریتی شەڕکردن: مەبەست لێی: (الفروسية و قوانين الحرب الغير مكتوبة.).

(2) ئەمە هەر نەبێت زێدەڕۆییەکە، نووسەر بۆ مەبەستی خۆی تێی کەوتووە.

**داگیرکاریی مەنگۆلییەکان:**

مێژوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، دیسان هێرش و پەلاماردانێکی ئەوتۆی بە خۆوە بینییەوە، کە قێزەونترین ئاسەوارێکی بەسەر ڕووی زەمینەوە جێ هێشت. با بگەڕێینەوە بۆ دواتر، بۆ ساڵی ١١٦٤ زایینی، کە **یاسوکای** سەرخێڵی *یاکای* مەنگۆلی، لەناو جەرگەی بیابانی وشکوبرنگی جوبیدا، خودا منداڵێکی پێ دا و ناوی نا **تیمۆجین**، کە پاشان هەموو دنیا بە **جەنگیزخان** ناسیان.

تەنیا کاروپیشەی ئەو گۆلییانە ڕاووشکار و هەڵکوتانە سەر ئەم و ئەو بوو. جارێکیان **یاسوکای** هەڵیکوتایە سەر یەک لە هۆزە مەنگۆلییەکانی هاوسێیان، **خولوین**ی کچی سەرۆکی ئەو هۆزەی هەڵگرت و ڕفاندی، **خولوین** لە دەڤەرەکەدا شۆخوشەنگ و جوانیی بێهاوتای سەردەمی خۆی بوو، باڵابەرز، سنگپڕ، بۆشناخ، لەشولار ڕێکوپێک، چاوخومار و ئەفسوناوی، دەگوترێت گوایە **خولوین** خۆی پلانی هەڵگرتنەکەی خۆی لە تەک **یاسوکای** ئەڤینداریدا ڕێک خستبوو. بەم جۆرە ئەو ژنە شۆخە وای لە چارە نووسرا، کە ببێتە دایکی **تیمۆجین** (نەفرەتی مرۆیی) کە دوایی بە **جەنگیزخان** ناوزەد کرا.

لەم کتێبەدا، بڕیارم وا بوو کە بەشێکی تەواو لەسەر پەلامار و هەڵکوتانەسەرەکانی ئەم مەنگۆلییە ئازایە تەرخان بکەم، تەرخانکردنی لێکۆڵینەوەیەکی جیا و تایبەت بۆ ئەم *نەفرەتە* مرۆییە لەم کتێبەدا، بە دەرچوون لە بابەتەکە دانانرێت، چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە کورد، تا کە میللەت بوون مەگۆلەکانیان تۆقاندبوو و بەرهەڵستیان کردن و شکاندنیان، هەر بە شێوازی شەڕکردن و پەلاماردانی

مەگۆلەکان خۆیان، لە بەرانبەریاندا دەوەستانەوە. وڵاتی کوردەواری تەنیا وڵات بوو کە مەگۆل پڕکێشی ئەوەی نەکرد بە ڕەفتارە وەحشیگەرییەکانی وەک شوێنانی تر، کاول و خاپوری بکات.

لێرەدا، بۆ ئەو ترسە دەگمەنە ناسروشتییەی مەگۆلەکان لە کوردەکان هەیانە، چەند هۆکارێک هەن، گرنگترینیان ئەو لێکچوونە زۆرە بوو لە نێوان کورد و مەگۆلدا، لە خوونەریت و جۆری گوزەرانی خێڵایەتییەکی ڕەوەندئاسا، کوردەواری هەر وەک وڵاتی مەگۆل سەخت و وشکە. توانای لە ڕادەبەدەری کورد بۆ بەرگەگرتنی ناڕەحەتی هاوشێوەی مەگۆل بوو، لەمەدا پەندی "ئاسن نەبێت، ئاسن ناچەمێنێتەوە" پڕ بە پێستیانە. دوای ئەمە، مەگۆلەکان بە سەرکردایەتی **هۆلاکۆخان**، کوڕەزای **جەنگیزخان**، لە ٣ ئەیلولی ١٢٦٠ زایینیدا لە شەڕی عین *جالوت*دا، لە فەلەستین بە ئازایی ئەو سوارانەی ناو سوپاکەی سوڵتان **بەیبەرس**ی سەردەمی مەمالیک، شکستێکی گەورەیان خوارد.

کتێبە مێژووییەکانی سەردەم ئەوە دەخەنە ڕوو، کە جەنگاوەری کورد بووبووە سەرچاوەی ترس و تۆقینی شەڕکەرە دڕندەکانی مەگۆل، دەبێت ئەوەیش بزانین کە زۆر ئەستەم بوو مەگۆلی بترسێنرایە. مەگۆلی کە دەیەوێت گیاندارە نێچیرەکەی بخوات، سەری نابڕێت، بەر لە هەموو شت، چوارپەلی دەجەڕێنێت و شەتەکی دەدات، ئینجا هەر بە زیندوویی، بە شمشێرەکەی لە سنگییەوە لەتی دەکات و دڵەکەی دەردەهێنێت و چۆن پرتەقاڵێک دەمژین، ئەویش خوێنە گەرمەکە هەڵدەمژێت، ئەو دڵە خوێناوییە بەسەر ئامادەبواندا دەگێڕدرێت تا چۆڕبڕی دەکەن. لەو ساتانەدا ئاژەڵە داماوەکە

گیانی دەرچووە، دوایی دەست دەکەنە لێنان و ئامادەکردنی چێشتەکەیان.

جا کەسێکی دڕندەی مەنگۆلی ئاوا، لە لایەن کوردەوە بە توندی بەرهەڵستی دەکرا، نەک هەر ئەمە، بەڵکو شتێکی تاڵ و تفتیشی دەکرا بە قورگدا. ئینجا بۆیە کەم جار بووە لەشکرە ئەسپسوارەکانی ئەو ڕەگەزە وەحشیئاسایە، لە ئاست دوژمنێکدا هەڵدەهاتن کە لە شانی خۆیاندا بوو، کە چی بە ژمارە و چەک لە وانیش زۆرتر بوون.

*** تافی لاوێتیی تیمۆجین**

**تیمۆجین** کە باوکی مرد تەمەنی چواردە ساڵان بوو، لێرەدا لەناو خێڵی *یاکا*دا ڕووبەڕووی کێشەی پاراستنی دەسەڵاتەکەی خۆی بووەوە، پشێوی و ئاژاوە کەوتبووە ناویانەوە. سەرەڕای قوتارکردنی ژیانی خۆیشی لە نێوان چەند زڕبرایەکی تریدا، (کە لە دایکی خۆی نەبوون)، ئەوانە تەقەللای لەناوبردنیان دەدا، بۆ ئەوەی لە ناو ئەو خێڵە بەهێز و زبر و توندەدا دەسەڵات بۆ خۆیان بێت.

**تیمۆجین،** دایک و برا و خوشکەکانی هەر ئەوەندەیان پێ کرا لە ترسی نەیارانیان هەڵبێن و چەند مانگێک لە دەشت و چۆڵەوانی بمێننەوە، **تیمۆجین** ئەو کاتە هێشتا گەنجێکی هەرزە بوو. ئازایەتییە دەگمەنەکەی و ئیرادە و بوێرییە بەهێزەکەی، ئارەزووی لە مانەوە و زیرەکی و بیرتیژییەکەی نەبوایە نەیدەتوانی سەر دەربکات و ڕزگاری ببێت. لە سەروبەندێکدا دوژمنەکانی ڕاوەدوویان دەنا، ناچار بوو واز لە ژنە جوانەکەی بهێنێت، کە بە دیلی کەوتبووە دەست هۆزی ترجوکیی مەنگۆلی، ئەمانە سەرسەختترین دوژمنێکی *یاکا* بوون.

له منداڵیدا **تیمۆجین** ڕووداوێکی سەیری بەسەردا هات، نەیارانی کە دەستگیریان کرد هەردوو مەچەکیان، لەناو دوو کونی تەختە دارێکدا گیر کرد، کەللەی سەر و گەردنیش ترنجێندرایە ناو کونێکی تری ئەو جووتە تەختەیەوە، ئینجا هەردوو تەختەدارەکەیان پێکەوە جووت کرد و بە قفڵێک دایانخست. فڕێیان دایە ژێر ڕەشماڵێکەوە و پاسەوانێکی چەکداریش ئێشکی دەگرت. **تیمۆجین** هەر بەو تەختەدارەی لە دەست و ملی کرابوو، دای بە سەری ئێشکچییەکەیدا و توانی لە سەربازگەی دوژمنەکانی وەدەرکەوێت و هەڵبێت.

سێ ڕۆژ **تیمۆجین** خۆی دەشاردەوە، شەوگاریش بە ڕێدا دەڕۆیشت تا بە پیاوچاکێکی سەر بە هۆزێکی دیکەی مەنگۆلی گەیشت، کۆت و تەوقەکەی گەردنی لێ داماڵی و چەند ڕۆژێک خواردنی پێ دا و حەواندییەوە، تا کەمکەم هاتەوە سەر خۆی، وتەنی دروست بووەوە، دوایی ئەسپێکی ڕەسەنی تیژڕەوی پێی دا و کەوان و تیردانێکی پڕ لە تیریشی کردە شانی.

بەو گوێرەیە، پاش تەیکردنی چەند دەشت و بیابانی وشک و شاخی سەخت، توانی بگاتەوە ڕەشماڵەکانی هۆزەکەی خۆیان. لەوە دەچێت **تیمۆجین** لەو ماوەیەدا باوەڕ و قەناعەتی بەوە بووبێت کە هۆکاری بنەڕەتیی ژیانی مرۆڤ بریتییە لە خۆپاراستن. کوشتنی کەسێکی دیکە بۆ بەرگریکردن لە خۆ، جگە لەوەی کە کارێکی ئاسایی و سروشتییە، کتومت وەک ئەوە وایە کە ئاژەڵێک سەرببڕیت تا گۆشتەکەی بخۆیت. ئینجا هەر لەو قۆناغە سەرەتاییەی ژیانییەوە باوەڕی بەوە هێنا، کە بە هیچ جۆرێک جیاوازی لە نێوان ژیانی مرۆڤێک و ژیانی ئاژەڵێکدا نییە، کوشتنی مرۆڤێک، بیانوو و پاساوی خۆی هەیە، مادەم کەسی بکوژ بەو کارەی دەگاتە ئامانج.

*** چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی لە ناوخۆدا:**

**تیمۆجین** کە هەر لە منداڵییەوە لە شەڕ و شەڕکردندا قاڵ بووبوو، بڕیاری دا هۆزەکانی کاریت، مەرکیت و نایمان یدگور بە زەبری شەڕ و زۆرملێ یەک بخات، ئەمەی لە دوو ساڵدا بۆ چووە سەر، لێرەوە **تیمۆجین**ی لاو، پاش ئەوەی هاوپەیمانییەکی لەگەڵ **توغرولبەگ**دا بەست، لەناو ئیمپڕاتۆرییە فراوانەکەی چیندا کەوتە پەلامار و داگیرکارییەکانی، پلانەکەی وا بوو کە بازرگانەکان هەرچی هەواڵی لە بارەی ژیان و گوزەرانی شاری پەکینە پێیان دەگەیاند، ئینجا **خان** هێزێکی بۆ چاوڕاو و هەڵسەنگاندنی هێزی سەربازییان نارد. بەمە زانی کە سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەیان و ئەو شارستانییە دێرینەیان، ژیانێکی نەرمونیانانە دەگوزەرێنن، ئازایی و توانای بەربەرەکانێکردنی دوژمنێکی بەهێزی دەستبەکاریان نییە و لێیان ناوەشێتەوە.

لە ساڵی ١٢١٠ زایینی، لەشکرەکانی **خان**ی مەزن هەڵیان کوتایە سەر ئەو ئیمپراتۆرییە بەرفراوانەی چین. لە سێ قۆڵەوە لەشکرە بەزەبرەکانی مەنگۆل پەلاماری ئیمپڕاتۆری پیرۆزی چینیان دا، لە خوارەوە سیان لە کوڕانی **جەنگیزخان** بە هەرێمی *شانسی*دا هاتن، لە سەرەوە **جوشی** (کە بچووکترین کوڕی **خان** بوو)، پەلاماری چیاکانی *خینجون*ی دا و لەگەڵ هێزەکانی *لیاونونگە* یەکانگیر بوونەوە، **جەنگیزخان** خۆیشی پوختەی لەشکرەکەی خۆی گەیاندە کەناراوەکانی زەریای گەورە لە پشت *یانکنج*. ئەم سێ لەشکرە سەربەخۆ لە یەکتر، هەریەک لە لای خۆیەوە دەجووڵا و لە پێشڕەویدا بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموان بەپێی ئەو پلانەی **جەنگیزخان** دایناوبوو، دەجووڵان.

مەنگۆلەکان لە بەرەوپێشچوونیاندا چ شارێکی بەهێزیان تووش بووبوایە، چواردەوریان دەگرت، کە دەشیانگرت، گەورە پیاوانی شاریان دەگرت و دەیانکوشتن، هەر کەسێکی لەشولارپتەو و تەندروستیان بگرتبا، وەک دیل پێش خۆیان دەدا و بۆ گرتنی شارێکی تر بەکاریان دەهێنان. لەمەدا **خان**ی مەزن سەرەتاکانی شەڕێکی گشتگیری پەیڕەو دەکرد. هەروەها سەرەتاکانی شەڕی دەروونی و تۆقاندنی بەرانبەر، مەبەستیش لە شەڕی دەروونی و تۆقاندن ئەوە بوو، کە **خان**ی مەزن گیانی ورەی لە دوژمندا دەڕووخاند، لە ناخی دەروونیاندا وای دەتۆقاندن کە بەر لە پێکدادانی هەردوو سوپاکە، هیچ هێز و توانایەک لە خۆیاندا شک نەبەن و هەڵبێن.(١)

لە ساڵی ١٢١٤ زایینی سوڵح کرا، ئیمپڕاتۆری چین ٥٠٠ گەنج و ئەوەندەش کەنیزەکی جوانی دایە **خان**، لەگەڵ ڕەوگێک ئەسپی ڕەسەن و بارەها ئاوریشمی سروشتی و زێڕ بۆ

---

(1) دیارە لەم داگیرکاری و پەلامار و کاولکارییانە بۆ سەر شار و کۆمەڵگەکان، توانیویانە سوود لە باروت و تۆپ وەربگرن. مامۆستای شەهید **مەلا جەمیلی ڕۆژ بەیانی** لەمەدا دەڵێت: "هەستیاری مەزن **هێمن**، کە لەسەر *شەرەفنامە*کەی **هەژاری** نووسیوە، وای دەرخستووە کە لە سەردەمی *شەرەفخان*دا تۆپ نەبووە .جا من هەر لەو کاتەوە کەوتمە پەیدۆزی ناوی چەکەکان لە دائیرەی مەعاریفەکاندا، تەنانەت لە (الموسوعة المیسرة)دا بۆم دەرکەوت کە: چینییەکان لە سەدەی چواردەیەمدا تۆپیان بەکار هێناوە، ئینجا هۆڵندییەکان تۆپی مەیدانیان دروست کردووە، لە سەدەی ١٥ – ١٦ زایینی تۆپ ئەوەندە مەلاخۆر بووە، کە ئێرانییەکان و عوسمانییەکان تۆپیان بەکار هێناوە، ئینجا دروستکاریی تۆپ گەشەی کردووە، بەرەو پاکژی چووە لە سەدەی هەژدەیەمدا. واتا بەر لەوەی **حاجی** لەدایک بێت (مەبەستی **حاجی قادری کۆ**یە. أ.ب- و تۆپی ماوزەڕی، گەورە و هاوان داهاتووە) بۆ ئەمە بڕوانە: بەیان. گ: ژ ١٢٣ ئەیلوولی ١٩٨٦- **موحەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی**: سەرنجێکی سەر پێیی دیوانەکەی **حاجی قادر** و ڕەخنەکانی... ل ١٨.

**جەنگیزخان** خۆی. جگە لەوەی یەک لە ژنەکانی خێزانی شاهانەی **سایسای**یشی پێشکەش کرا. بە پاڵ گشت ئەمانەشەوە: کۆشکی ئیمپڕاتۆر لە پەکین، پەیمان دەدات دەست نەخاتە ناو کاروباری ئەو هەرێمانەی کەوتوونەتە ئەملاولای ئیمپڕاتۆری چینەوە، بەمەش ئەو هەرێمانە خرانە ژێر دەسەڵاتی مەنگۆلەکانەوە.

لەم سەرکەوتنانەدا، **جەنگیزخان** لە سێ لاوە سوودمەند بوو:

١- بڕوایەکی تەواوی بە خۆی پەیدا کرد، بەوەی توانی سەر بە تەختی پیرۆزی شاهانەی چین شۆڕ بکات و بیشکێنێت.

٢- لە کاتی هەڵکوتانەسەر دەوڵەتێکی بەرفراواندا، باشتر وایە لە چەند قۆڵێکەوە پەلامار بدرێت، بەپێی نەخشە و پلانێکی گشتیی ڕێکوپێک، بەمە دوژمن ناچار دەکرێت هێزەکانی پەرتوبڵاو بکاتەوە و بەسەر چەند لایەکی بڵاو و دوور لە یەکدی دابەشیان بکات، دوژمن سەرسام و تیا دەمێنێت، نازانێت چی بکات... کام فەیلەق لە هێزەکانی لە ڕووی بەرگرییەوە گرنگترە لەوی دیکە؟

٣- وانەیەک کە **جەنگیزخان** و گشت دنیا لێی سوودمەند بوون، ئەو خەسڵەتە جەنگییانە بوون کە لە جەنگێکی گشتگیریدا بەدەست دێن. جەنگ گەمەیەکی گشتگیرییە و *گەمەیەکە تا کۆتایی*، بەپێی ئەمە پراکتیزەکردنی شەڕێکی گشتگیری لە دەستپێکدا، دوو کەڵکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە: بە بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازەکانی پێشگرتنێکی گشتگیری، لە سەرەتادا سەرکەوتن بەدەست دەهێنرێت. لە بەرەکانیشدا سەرکەوتنە بەراییەکان، هەمیشە ورەی دەوژمن دەڕوخێنێت.

کاولکاریی یەکجاری، تەواو ترس و تۆقین لە نێو هێزەکانی دوژمندا دەهێنێتە کایەوە. ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ لەناوبردنی هێزی ئەو دەوڵەتەی بەرهەڵستی دەکات بەگشتی و ئەو بەربەرەکانییەی هێزەکانی دوژمن دەیکات بەتایبەت.

بەڵام لایەنە خراپەکانی شەڕی گشتگیری ئەوەیە کە: سەرەڕای پێکانی نیشانەکە و گەیشتن بە ئامانج لە شەڕەکەدا، بە هۆی ئامرازە کاولکارییە گشتگیرییەکانەوە، ئەوا مەبەست و ئامانجی بەرز بە تەواوی لەدەست دەدرێت، چونکە مێژوو بەم ئامرازانە ڕازی نابێت، دەبینین لە هەڵمەتی ئایندەیاندا **جەنگیزخان** چۆن لەم وانە و پەندانە سوودمەندە.

**جەنگیزخان** پاش گرتنی پەکین، **جوشی** کوڕی لە ساڵی ١٢١٥ زایینیدا ڕووەو ڕۆژئاوا نارد بۆ شەڕ لەگەڵ خەڵکی مارکیت، کە لەگەڵ هۆزی نایماندا هاوپەیمانیان بەستبوو. ئەمانە لە زێدی خۆیانەوە، لە کەناراوی دەریاچەی *بایکال*ەوە دزەیان کردبووە ناو دەشتاییەکانی *قرغیز*. ئینجا لەو کاتەی **جوشی** سەرقاڵی پەلامارەکەی بوو، لووتی بوو بە لووتی سوپایەکی موسڵمانەوە لە نزیک *بوخارای* ناوەڕاستی ئاسیا، کە سەر بە شای **خەواریزم** بوو. لەو کاتەوە پەیوەندییەکی نیمچە دیپلۆماتییانە لە نێوان **خان**ی مەزن و پادشای موسڵمانی **خەواریزم** دەستی پێ کرد.

## * ڕووکاری خان بەرەو ڕۆژئاوا:

پاش ئەوەی **خان**ی مەزن بە وردی چووە بنجوبنەوانی گشت خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەو پادشا موسڵمانە و تاوتوێی کردن، بڕیاری دا بە سوپاکەیەوە بەرەو ڕووی ببێتەوە. لە ساڵی ١٢١٨ زایینیدا، **خان** فرستادەکانی خۆی نارده

لای شای **خەواریزم**، نامەیەکیان لێوە هاوردبوو، کە بە شێوەیەک نووسرابوو وەک چۆن شا لە والییەکی خۆی دەخوڕێت و دەیدوێنێت. شای **خەواریزم** لەمە تووڕە و نیگەران بوو، سووکایەتی بە فرستادەکانی **خان**ی مەزن کرد، بەر لەوەی ئاودیوی سنووریش بن، ناردی تیرۆر کران.

بیانوو کەوتە دەست **جەنگیزخان**، ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا کە چاوەڕوانی دەکرد، هەلی پەلاماردانی ناوەڕاستی ئاسیا و خستنە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەم جارە **خان** لە چوار قۆڵەوە هێرشی کرد، لە یەک کات و ساتدا جووڵا، ئەو چوار سوپایەی هەماهەنگ و ڕێک خست. بۆ خۆی سەرکردایەتیی باشترین و کارامەترین سەربازانی دەکرد، کوڕەکانیشی بەر دابووە سەر گەمارۆ و ئابڵوقەدانی قەڵا و قوللەکانی سەر سنوور، خۆی بۆ ناوەوەی وڵاتەکە هاتە پێشەوە تا گەیشتە بوخارا، پاش چواردەورگرتنێکی کەم، گرتی؛ بە شێوەیەک دەستی تێنا و وێرانی کرد، تا کردییە کەلاوەیەک داری بەسەر بەردییەوە نەهێشت.

شای **خەواریزم** بە مەعیەتی کەمێک لە باشترین سەربازەکانی، توانی ڕا بکات و سەرەو خوار هەڵبێت تا گەیشتە شاری *بەلخ* و لەوێشەوە بە دەشتاییەکانی *هیرات*دا بۆ *نەیسابوری* سەرسنووری ڕۆژهەڵاتی ئێران.

*** شکستی عەلادین شای خەواریزم:**

**جەنگیزخان** وەک سێبەر بە دووی شاوە بوو، لە ساڵی ١٢٢١ زایینی ئەم ملهووڕە زەبربەدەستە شاری نەیسابوریشی پاماڵ کرد، سەربازە دڕندە هارەکانیشی بەردایە گیانی خەڵکی شارەکە بۆ سەربڕینی پیاو، ژن و منداڵ. نەیسابور لە فارسدا

شارێکی پڕ لە دانیشتوان و گەورە بوو، پایتەختی سەلجوقییەکان بوو. **ئیبن خەلدون** لە تاریفیدا دەڵێت: ناوەندێکی پڕ لە چالاکی، تۆڕێک لە ڕێگەوبانی ڕوو لە هەر چوار تەرەف بوو، لەو شارەشدا ڕێگەکان یەکانگیر دەبوونەوە، ئەو شارە هێندە جوان بوو، دەتگوت بەهەشتێکی خوداییە لەسەر زەمین، خانووەکانی بە دامێنی بەرزاییەکانی دەورەبەرییەوە بوون کە ئێستا چۆڵوهۆڵن.

مێژوونووسە هاوچەرخەکان باسیان لەوەیە کە چۆنچۆنی مەنگۆلییەکان یەکملیۆن و حەوتسەد و چلوحەوت هەزار کەس لە دانیشتوانەکەیان، لە پیر، ژن و منداڵ، قەڵاچۆ کردووە، لە هیرات و دەوروبەریدا ١٦٠٠٠٠٠ کەسیان کوشتووە و شارەکەشیان کاول کردووە، بەڵام نەیسابور تا دوا خانووی تەخت کرا و جێی شارەکە کرایە کێڵگەی جۆ.

لێرەدا ئەوەی دەبێت ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە مەگۆلەکان شەڕێکی پیاوانەیان نەدەکرد (ئەگەر پیاوەتی لە شەڕکردندا بێت –أ.ب) جوامێرانە دەستیان بەسەر هیچ شارێکی ناوەڕاستی ئاسیادا نەگرتووە، شارانی: مەرۆ، هیرات و نەیسابور یەک بەدوای یەکدا بە فێڵ و دەستخەڕۆکردن و بەڵێنی درۆوە دەگیران و دەکەوتنە ژێر زەبری شمشێریان، بە بەکارهێنانی گشت شێوازێکی ترس و تۆقاندنی فەرمانڕەوایانی ئەو شارە موسڵمانانە، گشت جارێک ئەمن و ئەمانیان دەدایە حاکم و فەرمانڕەوا موسڵمانەکان، یان سەربازانی ناو سەربازگەی شارەکان، بەڵێن و پەیمانیان دەدا بەوەی ئەگەر خۆبەدەستەوە بدەن، گیان و موڵک وماڵیان پارێزراوە و دەستیان بۆ نابرێت، بەڵام هەر کە دەرگای شار بە ڕوویاندا

ئاوەڵا دەبوو، سەربازانی **خان** بێبەزەییانە دەکەوتنە سەربڕین و هەڵدڕینی ورگی پیاو و ژن و منداڵ.

لێرەدا **جەنگیزخان** پێشڕەویکردنەکەی ڕاگرت و خۆی ڕووەو ڕۆژهەڵات بووەوە، بە دووی **جەلالەدین** میری خەواریزمدا، سوپایەکی بەهێزیشی خستە تەک **تولی** کوڕە بچووکی خۆی، تا دووی پاشماوە پەراگەندەکانی سوپای تورکمان بکەوێت، کە لە ئێرانەوە بەرەو میزۆپۆتامیا هەڵهاتبوون.

دەبوو لەو ڕاوەدوونانەی سوپا تورکمانییەکەدا تولی بیابانی *لوت* لە ڕۆژهەڵاتی ئێران ببڕێت و بڕوات تا دەگاتە شاری *هەمەدان*، ڕاسپاردەکانیش کە پێی گەیشتبوون بریتیبوون لە فەرمانی لەتوپەتکردنی سوپاکەی دوژمن و قەلاچۆکردنیان. تا ئەو ساتە **تولی** توانی بچێتە ناو وڵاتی موسڵمانانەوە، وەک کێردێکی تیژ چۆن پارچە کەرەیەک دوو کەرت دەکات، ئاوا ئەو وڵاتەی دوو کەرت کرد.

ئاستەنگ نەما لە ڕێی ئەو گەنجە ئازا بە ورەیەدا خۆی بگرێت، نە تینی گەرمای هەتاوی پڕوکێنەر، نە بیابانی وشک و چۆڵی لە بننەهاتووی *لوت*، پڕ لە دۆڵ و نشێوی بێ ئاو، بەڵام لەوێ لەبەر دەرگاکانی هەمەدان، **تولی** لووتی بوو بە ئاستەنگێکەوە لە گشت ئەو ئاستەنگانەی هاتبوونە ڕێی، سەخت و دژوارتر بوو.

### * کوردەکان ئاڕاستەی شەڕەکە دەگۆڕن

دەشت و شاخەکانی هەمەدان زێدی خێڵە کوردەکان بوو، ئەوانەی کە لە عۆدەی مەگۆلە دڵڕەق و سەرسەختەکان دەهاتن، لە بارترین قەومی بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا.

ئەم کوردانە بە خەسڵەتی ئازایی، بوێری و بەرگەگرتنی نارەحەتیی خۆیانەوە دەیانتوانی بەر بەم سوپا دڕندەیە بگرن. ئینجا بەپێی کتێبی *شەرەفنامە*[١]، بەیت و چیرۆکە میللییەکانی

---

[1] شرفخان البدليسي: شرفنامة. ترجمة محمد علي عوني، مراجعة د.يحيي الخشاب. مط: دار الاحياء الكتاب العربية – يحيي البابي الحلبي و شركاءه. ابريل ١٩٥٨.

(حسین حوزنی موکریانی - داماو) ١٨٩٣-١٩٤٧ لە گۆڤارەکەیدا (زاری کرمانجی) دەنووسێت: "بە کۆششی گەورەی پزیشک، جەناب **فرەجوڵڵا زەکی کوردی،** خاوەنی *چاپخانەی کوردستانی عیلمی* لە میسر (قاهیرە) کتێبی *شەرەفنامە،* کە مێژوویەکی کوردانە بە زمانی فارسی کۆ کراوەتەوە، لە چەند نوسخەیەکی ڕاستەوە ڕێکخراوە و لە چاپدایە.".

بڕوانە: زارکرمانجی – گۆڤار، ژ ١١ ی ١٤ ئەیلوولی ١٩٢٧ ل ٢٠.

ئەگەر بمانەوێت زیاتر لە پێشینەیەکی ئەم کتێبە ئاگادار بین، باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٧٣ لە لاپەڕە ٤٠٧ - ٤١٢ کە دەڵێت: "شەرەفنامە گرنگترین و کۆنترین کتێبی مێژوویی زانراوە لە بارەی کورد و کوردستانەوە، کە لە لایەن زانایەکی کوردەوە نووسرابێتەوە. ئەم سەرچاوە کۆنە نزیک کۆتایی سەدەی شازدە لە لایەن ئەمیر **شەرەف خانی بەدلیسی**یەوە بە زمانی فارسی دانراوە.

کۆنترین دەستنووسی زانراوی *شەرەفنامە* ئەوەیە کە بە دەستخەتی **شەرەف خان** خۆی لە ژێر ناوی *شەرەفنامەی تاریخی کوردستان*دا نووسراوەتەوە و لە کتێبخانەی *بۆدلیان* لە ئۆکسفۆرد، پارێزراوە. ئەم دەستنووسەی *شەرەفنامە،* کە بەرگی یەکەمێتی، لە کۆتایی زولحەجەی ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا نووسراوەتەوە، کە دەکاتە ١٣ ئابی ساڵی ١٥٩٧، بەوەدا ئەم دەستنووسە لە لایەن **شەرەف خان** خۆیەوە نوسراوەتەوە، بەوەدا کە دەزانین **شەرەف خان** لە مانگی ئابی ساڵی ١٥٩٧دا لە نووسینەوەی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی بووەتەوە. وا دەردەکەوێت دەسنووسەکەی کتێبخانەی *بۆدلیان* یەکەم دەستنووسی *شەرەفنامە* بێت.

ژمارەیەکی تری بەنرخی *شەرەفنامە،* لە کتێبخانەی گشتیی *لینینگراد* (بترسبورگی ئێستا. ازب)[*] پارێزراوە، کە ساڵێک دوای ژمارەی یەکەمی (واتە ساڵی ١٥٩٨ نووسراوەتەوە)، **شەرەف خان** خۆی پێیدا چووەتەوە و مۆری خۆی پێوە ناوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەوە، ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپا، هەستیان بە بایەخ و

ناو خۆیان، له دووری چوار میلەوە له شاری هەمەدان

---

نرخی زانیاریی بەرزی *شەرەفنامە* کردووە، بەتایبەت دوای ئەوەی کاربەدەستی بەریتانیی بەناوبانگ **جۆن مالکۆلم** (١٧٦٩ - ١٨٣٣)، یەکێک له دەستنووسەکانی *شەرەفنامەی* دەست کەوتووە. ساڵی ١٨٢٦ زانای ڕووسی **خ. د. فرین** له ڕۆژنامەیەکی پیتەربورگدا باسی *شەرەفنامەی* وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی یەکجار گرنگ کردووە. زانا و کاربەدەستی ئەکادیمیای ڕووسی **ڤیلیا مینۆڤ زێرنۆڤ** (١٨٣٠ - ١٩٠٤) ئەرکی بڵاوکردنەوەی بە فارسی گرتە ئەستۆی خۆی. جێگەی بەختیارییە کە کۆڕ توانیویەتی بەرگی یەکەم و دووەمی ئەم سەرچاوە مێژووییە پەیدا بکات. *شەرەفنامە* تا ئێستا بە چەند زمانێکی بێگانە (جگە لە فارسی، بە فەڕەنسی، ڕووسی، عەرەبی و تورکی ...) بڵاوکراوەتەوە." بۆ زیاتر بڕوانە ئەو گۆڤارە لە: ل ٤٠٧ – ٤١٢. ئینجا لێرەدا موناسیب ئەوەیە، ڕێگە بدەین بە **مام هەژاری** بە هەشتی (١٩٢١ - ١٩٩١) تا بێتە سەر باسی چۆنێتیی وەرگێڕانی *شەرەفنامە* بە کوردی و دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٦٩ کە لە *شیناوێ* لە خوار قەسرۆکێوە، کارگێڕیی ڕادیۆی شۆڕش بووە (کەوتمە سەر ئەو فکرە کە *شەرەفنامە* بە کوردی تەرجەمە بکەم، بەڵام کتێب لە کوێ بێنم؟ **ساڵح مەحموودی بارزانی** (خوارزای **مەلا مستەفا**) کە کرمی کتێبە، *شەرەفنامەی* فارسی چاپی میسر و *شەرەفنامەی* عەرەبی، وەرگێڕانی **عەلی عەونی** و *شەرەفنامەی* عەرەبیی وەرگێڕانی **مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی** بۆ هێنام و ملم لێ نا. (ل ٤٥١ چێشتی مجێور)". هەروەها دەڵێت دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا، ساڵی ١٩٧٠ و بوون بە ئەندامی کارای کۆڕ "شەرەفنامەکەی خۆم، کە دوو جار نووسیبووەوە، نیشان دان، تا چاپی بکەن... ل ٤٦٩.". دوایی دەڵێت: "لە پاییزی ١٩٧٢دا درابوو بە چاپخانە. لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٧٣ تەواو بوو.". (ل ٤٧٠ چێشتی مجێور - هەژار) بۆ زیاتر وردەکارییەکانی چۆنێتیی وەرگێڕان و لە چاپدانی *شەرەفنامە* بە کوردی، تکایە بڕوانە: هەژار، چێشتی مجێور، پەخشانگەی ئانا ١٣٩٢، چاپی ئەوەڵی بڵاوکردنەوە: کتێبی کانی، سنە. لاپەڕەکانی ٤٥١،٤٦٩-٤٧٠.

*) ئەم شارە ناوەکەی بەپێی باری سیاسیی وڵاتەکە لە ئاڵوگۆڕدایە: پێشتر *سانت بوتروسبورگ* بووە، لە ١٩١٤ - ١٩٢٤ بە *پیترۆگراد* دەناسرا، لە ١٩٢٤ - ١٩٩١ بوو بە *لینینگراد* و لە ١٩٩١ەوە گێڕدرایەوە سەر ناوە ئەسڵییەکەی خۆی *سانت بوتروسبورگ*. (وەرگێڕ)

مەنگۆلییەکان خێوەتیان هەڵدا و دامەزران، بە دامەزراندنیان ئیدی دووچاری پەلاماری کتوپڕ و خێرای یەک لەسەر یەکی کوردە گۆرانییەکان بوونەوە، ئەوانیش دەستە سەربازییە بەهێزەکانی خۆیان دوا دەخست.

لێرەدا دیسان کوردەکان سەلماندیانەوە کە لە بارترین ڕکابەر و هاوشانێکی سەربازەکانی **جەنگیزخان**ن و شکست ناخۆن. مەنگۆلەکان (وەک چینییەکانی ئەمڕۆ) لێزان و کارامە لە دزەکردن و چوونە ناو ڕیزەکانی دوژمنەوە و دانڕۆکردن بۆیان تا بیانکێشنە بەرەوە، هەرچی کوردەکانە بۆ یەکەم جار لە مێژوو، بەر لەوەی مەنگۆلەکان ئەمەیان پێ بکەن و بیانکێشنە ناو شەڕگەکەیانەوە، لە ناوچە شاخاوییەکانی نزیک بە کرماشان، هێزەکانی **تولی** تا دوا سەربازیان قڕ کران و لەناو بران.

لەم شکستەدا **جەنگیزخان** گەلێک نیگەران بوو، پەژارەیەکی زۆر دایگرت، لەم شکستە خراپەی کە بەسەر لەشکرە مەزنەکەیدا هات، دەستبەجێ لە دووی **تولی** کوڕی نارد، خۆیشی خێرا ئاوزەنگی لێدا بەرەو وڵاتی خۆی، تا ئەو ئاژاوەیە دابمرکێنێتەوە کە لە بیابانی جوبی، لە نێو مەنگۆلییەکاندا بەرپا بووبوو. بەم شێوەیە کوردە گۆرانە چەلەنگەکان توانیان بەغدا لە کاولکارییەکی تەواو قوتار بکەن. خۆ ئەگەر ئەو کاتانە بەغدا لە دەست بدرایە، بێگومان بە جەختەوە داگیرکاریی مەگۆلی بە کوشتار و وێرانکارییەکانیانەوە دەگەیشتە باکووری ئەفەریقا، چونکە ئەو کاتانە لە عێراق بەو لاتر هیچ دەوڵەتێکی بەهێزی ئەوتۆ نەبوو کە بتوانێت پێشیان لێ بگرێت و بەربەرەکانیان بکات.

با لێرەدا مێژووی **جەنگیزخان** وەلا بنێین و ماوەی چل ساڵ بوەستین، کە دنیا تێیدا زامەکانی خۆی تێدا تیمار دەکرد، ئەو زامانەی کە مەنگۆلییە دڕندەکان کردبوویانە جەستەیەوە.

*** پووکانەوە**

لەم ماوەی پشێوی و بێسەروبەرییەدا، خێڵە کوردەکان پشکێکی زیاتریان لە سەربەخۆیی بەدەست خست. سەرخێڵەکان بەرەبەرە لە دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕیی خەلیفە ڕزگاریان بوو. لە ساڵی ١٢٤٢ زایینی خەلیفە **موستەنیر** مرد و ئیبن **ئەحمەد عەبدوڵلای** کوڕی (کە بە موستەنسر بیللا دەناسرا) جێی گرتەوە.

ئەم خەلیفەیە لاواز، ڕاڕا، کەیفباز و ڕوو لە ڕابواردن بوو. ئەو کات تەنیا چوار مەزهەبی ئیسلامی هەبوو سوننە، شیعە، حەنەفی و حەنبەلی، شوکریش بۆ خودا کە ئەو کات چوار بووە و زیاتر نەبوون، ناکۆکی کەوتە ناویانەوە، ناکۆکییەکان بوونە هۆی لاوازی و پووکانەوە و پەرتەوازەیی لە نێو دانیشتوانی شاری بەغدا.

جا کاتێک دارئەلخەلافە لە دۆخێکی هەرەس و داڕماندا بوو. لەو لاوە ئەو ویلایەتانەی کە باج و خەراجیان بۆ دەنارد، ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر و سەربەخۆتر دەبوون، پادشا و ئاغا کوردەکانیش کە پێشتر لاگری و وەلایان بۆی هەبوو، بە تەواوی لە حوکمەکەی بەغدا سەربەخۆ و تەوەلا بوون.

کوردە گۆرانەکانی کرماشان و کوردە بارزانەکانیش لە باکوور، ناهەقیان نەبوو کە شانازی بکەن بەو هەڵوێست و دەورەی لە تێشکان و ڕاونانی هێزەکانی **جەنگیزخان**دا گێڕایان، مافی خۆیان بوو کە لە هەر دەسەڵاتێکی ناوەند سەربەخۆ بن.

حیکایەتخوان، لاوک و حەیرانبێژە کوردەکان لە دووتوێی ئەو بەیت و بالۆرانەی دەیانگوتنەوە، بابەتی چاک و لە باریان بۆ دەهاتە پێش، تا بە حیکایەت و گۆرانییەکانیان بە ئازایی و نەبەردیی سوارەی کورددا هەڵبدەن. لەو حیکایەتانەی دەماودەم دەگێڕدرانەوە، حیکایەتی **ئەفدۆ ئاغای** یەکێک لە سەرۆک هۆزەکان، کە دەبیستێت مەگۆلە جانەوەرەکان چ سووکایەتییەکیان بە زەکییەی دەستگیرانی کردووە و دواییش کوشتوویانە، شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت و لەناو مەنگۆلیاندا ڕاستوچەپ دەیوەشێنێت، پاش ئەوەی هەر خۆی بە تەنیا سەدانیان لێ دەخات، دەگاتە بەردەم سەربازگەکەی **تولی** کوڕی **جەنگیزخان**، لێرەدا بە ڕێژنەی تیری تیرهاوێژان ئەسپەکەی دەکوژن و دەیخەن. **ئەفدۆ ئاغا** نەبەردانە بە شەڕ دێتە پێش تا بەر ڕەشماڵەکەی **تولی**.

حیکایەتەکە لەسەری دەڕوات: **تولی** بۆ خۆی سنگی **ئەفدۆ** بە خەنجەر شەق دەکات، دڵە خوێناوییەکەی دەردەهێنێت. هەر بەپێی چیرۆکە میللییە کوردییەکان کە دەڵێن: ئەو شەوە دڵی **ئەفدۆ ئاغا** خرایە سەر خوانی ئەو سەرکردە مەگۆلییە و خواردیان.

ئەو کاتە خێڵە کوردەکان بە تەواوی لە دەسەڵاتی سیاسیی بەغدا سەربەخۆ بووبوون، بەڵام نفووزی ئایینی و ڕۆحی خەلیفە لە بەغدا، هێشتا لای ئەو ئاغا و سەرکردە کوردانە بەهێز بوو، بەم جۆرە موسڵمانان وەک ئۆمەتێک لاواز بوون، هەتا عەرەب لەناو خۆشیاندا تیرەگەری و تایفەگەری تێیاندا پەرەی سەندەوە، وا دەردەکەوت هەرچی لەو سەدە دوورودرێژانەی پێشوودا موسڵمانان بوونیادیان نابوو، لە

شکۆ و پێکەوەنانی ئۆمەتێکی موسڵمان لەو هۆز و خێڵ و ڕەگەزە جیاجیایانە، هەر وەک نەبووبێت وا بوو.

ئەگەر ئەو پێناسەیە ڕەچاو بکەین بۆ ئۆمەت (امه) ئەوا دەبێت بریتی بێت لە: کۆمەڵێک خەڵک کە باوەڕیان وایە هەموویان سەر بە یەکن و لاگری یەکن.

کەواتە لەمەدا جیاوازیی زمان، سنووری هەرێمەکان (جوگرافی)، ڕەگەز و ڕەنگ بخەینە لاوە، **پێغەمبەر**یش (د.خ) تەقەللای بۆ ئەوە دەدا گەلە جیاوازەکان لە یەک کۆمەڵدا یەک بخات، ئیدی چی ناو دەنێیت بینێ، یان بە ناوە ئایینییەکەیەوە بانگی بکە: *ئۆمەتی موسڵمان*. ئۆمەتی موسڵمان دەبوو جیاواز لەو ژیانەی ئێستا تێدا دەژی، ژیابا، دەبوو تاکەکانیان لەسەر ڕێسایەک ژیابان، کە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکە ڕادەگرێت و ڕێکی دەخات. وەک ئۆمەتێکیش، ئەوا دەبوو لەسەر ڕێسایەک هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵێک موسڵمان ڕادەگرێت و ڕێکی دەخات. ئەو قانوون و ڕێسایانە کە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی **پێغەمبەر** (د.خ) هاوردوونی، مەبەست لێیان بەگشتی جگە لە ئەرکە ئایینییەکانی موسڵمان لە نوێژ، ڕۆژوو، حەج و ئەوانی دیکە، بریتییە لە پێکەوەنانی ئۆمەتێکی نوێ لەو گەلە جۆراوجۆرانەی بوونەتە موسڵمان، بە خوو و نەریتێکی پاکتر و باشترەوە، تا لە دنیادا بە ئۆمەتی موسڵمان بناسرێت.

مێژوو ئەوە دەچەسپێنێت کە موسڵمانان لە هەر سەردەم و شوێنێکدا بن، ئەگەر پاشگەزبوونەوە و چوونەوە سەر خوونەریتە کۆنەکانیان بە مانای نوقمبوونەوە لە تیرەگەرێتی و گەڕانەوە بۆ خێڵایەتی، ئەوا شایستەی ئەوە نین پێیان بگوترێت *موسڵمان*، بەڵام کە دەگوترێت ئەم موسڵمانانە بەو هەڵسوکەوتە نا

موسڵمانانەیانەوە گوایە بوونەتە *کافر*، ئەمەیان جێ دەهێڵم بۆ پیاوانی ئایینی تا وەڵامی بدەنەوە، منی مێژووخواز، ئەوانە وا دادەنێم کە خۆیان لە گشت خەسڵەتێکی موسڵمانی داماڵیوە، ئەوانە بەوە گورزێکی کوشندە دەسرەوێننە دۆزی یەکبوون لە نێوان گەلانی ئەو مەسەلەیەی کە **پێغەمبەر**مان (د.خ) کردوویەتییە یەک ئامانجی خۆی. هەرچۆنێک بێت، با ئەنجامەکانی ئەم ململانێ، ڕکابەری، دەمارگیری و نەتەوەبازییە ببینینەوە، کە موسڵمان لە سەروبەندی داگیرکارییەکانی **هۆلاکۆ**ی نەوەی **جەنگیزخان**دا لە سەری بوون.

### * هۆلاکۆ خان

هەر لە سەرەتاوە ئامانجی **هۆلاکۆ** پێکەوەنانی ئیمپراتۆرییەک بوو بۆ خۆی لە ڕۆژئاوادا. فارسیش کە لە ژێر چنگی مەگۆلەکاندا بوو، فیتنە و ئاژاوە ناوخۆییەکانی نێو دەوڵەتی عەباسییش هەر کەسێکی فریو دەدا بۆ خۆتێهەڵقورتان و دەستخستنە ناو کاروبارییەوە. لەو کەشوهەوا لیخنەدا، مەگۆلەکانیش کەوتنە ڕەوانەکردنی هەڵمەتی چاوڕاوکردنی سیاسی و سەربازی بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی عەباسییەکان.

سەرەتا وەک پێشەنگێک، سوپایەکی بەهێزیان نارد و تەورێزیان کردە بارەگەی خۆیان، ئینجا سەرەو خوار و ڕۆژئاوا بە دەوری دەریاچەی ورمێدا هاتنە پێش و شاری مەراغەیان گرت، تا گەیشتنە مەهاباد کە شارێکی ناوچە کوردییەکانە. **هۆلاکۆ** بڕیاری دا بارەگەی سەرەکیی خۆی لە مەهاباد دابمەزرێنێت، لێرەوە ڕابەرایەتیی لەشکرەکەی دەکرد و بە ڕێگە کۆنەکەی کاروانەکەدا، کە ئێستا پێی دەگوترێت

ڕێگەی *هاملتۆن*، پەلاماری وڵاتی پڕ لە کێو و ماهو هەڵەموت و نشێوی کوردەوارییی دا. یەکەم پێکدادانی یەکلاییکەرەوەی لە نزیک *خانە*وە بوو، کە شارۆچکەیەک بوو ئێستا دەروازەی سنووری هاتوچۆ و گومرگییە لە نێوان ئێران - عێراقدا، کوردەکان دوو ڕۆژی تەواو ئازایانە خۆیان ڕاگرت و بەرپەرچی پەلامارەکانیان دەدایەوە، کاتێک مەگۆل بە خۆی زانی، وا هەمان شێوازی شەڕکردنی جارانی **جەنگیزخان**یان بۆ بەکار دەهێنن: ئاییوئۆینی دانبۆڕۆکردن و کێشکردنی دوژمن بۆ ناو ئەو زەوییەی خۆیان دەیانەوێت تا لەوێ تاقیان لێ ببڕن. مەنگۆلەکان لە گشت شەڕەکانیاندا و بە پەیڕەوکردنی ئەم تەکتیکە سەرکەوتوو بوون، هەروەها **هۆلاکۆ خان**یش، ئەو پلانی کێشکردنی دوژمنەی دەزانی، شارەزا بوون چۆن دزە بکەنە ناو ڕیزەکانیانەوە، بەڵام وا لێرە خۆی بووە نێچیری ئەم پلانەی کە باپیرەی مەزنی دایهێنابوو.

*** کورد بەربەستیی هێرشەکە دەکات:**

ئەوەی دەشێت بگوترێت، پلانەکانی شەڕکردن لە گشت لایەکن، جیهانین. لەوانەیە پلانێک بۆ ئەوانەی دایدەنێن سوودمەند بێت، بەڵام بۆ دوژمنیش بە کەڵکە، لە حاڵێکدا ئەگەر ئەویش بیەوێت پەیڕەوی بکات و بەکاری بهێنێت. زۆر جار سەرکردەیەکی شارەزا و لێهاتوو دەکەوێتە ناو داوی هەمان پلانی خۆیەوە کە بۆ دوژمنەکەی داناوە، جا هەر ئەمە بوو لە **هۆلاکۆخان** ڕووی دا.

کوردەکان شەڕگەکەیان جێ هێشت و کشانەوە بۆ ناو کێو و دۆڵە قووڵەکانی خۆیان، **هۆلاکۆ**ش بڕیاری دا دوایان بکەوێت تا قەلاچۆیان بکات.

هەولێر و قەڵا سەختەکەی تەنیا چل میل لە **خان**ەوە دوور بوو، لێرە شەڕێکی سەختیی بێئامان ڕووی دا، کوردەکان لە سەنگەر و قەڵاکەیانەوە ڕاست بوونەوە و لەگەڵ هێزەکانی **هۆلاکۆ**دا تێکرژان، لە شەڕێکدا بوون کە خۆیان شوێنەکەیان هەڵبژاردبوو، هەر لەو شەڕەدا کوردە چەلەنگەکان بە تەنیا پێنجهەزار مەنگۆلیان بە **نایمان کوت بوجای** سەرکردەیانەوە، کوشت. ئەم شکستە وای لە **هۆلاکۆخان** کرد کە قایل بێت بەوەی یەک هەنگاوی دیکە نەچێتە پێش و دوایان نەکەوێت، بڕیاری دا بکشێتەوە بۆ بنکە سەرەکییەکەی خۆی لە مەهاباد.

پاش ئەمە کەوتە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی سوپاکەی، ئینجا دەستپێشخەریکردن بۆ میری **تووسی**ی ئێرانیی شیعە مەزهەب، بەم شێوەیە و بە مەراییکردن بۆ **تووسی** و چاوپۆشیی ئەویش. **هۆلاکۆ** لە تێپەڕبوون بە ناو شاخ و بەندەنەکانی کوردەواریدا خۆی دوور خستەوە، بە ڕێی شاخە نزمەکانی ٢٥ میل دوور لە سەرووی *خانەقین*ەوە هاتە ناو عێراقەوە، ئامانجی ئەم جارەی **هۆلاکۆ** کاولکردنی بەغدا بوو، بەڵام بۆ ئەوەی لای ڕاستی خۆی بپارێزێت و دڵنیا بێت لێی، **ئەریکا نویان**ی بە سوپایەکەوە نارد بۆ گرتنی قەڵا سەختەکەی هەولێر.

ئەم جارە هێرش لە خوارەوە بەرەو ژوور دەکرا، یەکەم ئامانجیشی شاری سلێمانی بەناوبانگ بوو[١].

---

(1) لەو مێژووەدا سلێمانی وەک شار نەبووە، دەبێت مەبەستی لە *ناوچەی سلێمانی* بێت. ئەگینا سلێمانی وەک شار، بەپێی سەرچاوەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا بوونیاد نراوە. دوامیرێکی بابانەکان کە لە قەڵاچوالان حوکمی کردووە **مەحمود پادشای سلێمان پادشا** بووە، کە لە ئەنجامی شەڕ و ناکۆکیی ناوخۆییان وڵاتی جێ هێشتووە و چووەتە *سنە*، والیی بەغدا لە ١٧٨٢، کە **سلێمان پادشای**

* **کەوتنی هەولێر و کاولکردنی بەغدا:**

پاش ئەوەی سوپاکەی **هۆلاکۆ** سلێمانی کاول کرد و کردییە خۆڵەمێش[1]، بە دوو قۆڵدا ڕووەو هەولێر بووەوە و ئابڵوقەی دا، شاری هەولێر و قەڵاکەی جێیەکی چاکیان هەبوو، هەتا ئەگەر ئابڵوقەش تەنگی پێ هەڵبچنینایە، بە زەحمەت دەگیرا.

مەگۆلەکان چەند جارێک ویستیان بە هێرشی ڕووبەڕوو و ئاگربارانکردنی ناو قەڵا و بەکارهێنانی مەنجەنیق شارەکە بگرن، بەڵام کوردەکان گشت جارێک بە پەلامار و هێرشی بەرانبەر ڕاویان دەنانەوە، خۆڕاگریی قەڵاکەش لە بەردەم پەلاماری مەگۆلەکاندا، لە چاوی سەرکردەیەکی ئازا و بوێری هەولێرییەکان دەناسرا بە ناوی **ساڵح هەولێری**. لە ئەدەبی کوردی ئەم سەردەمەدا، ناوی ئەم سەرکردەیە بە زێڕ نووسراوە. هێرشە کتوپڕەکانی **ساڵح هەولێری** بۆ سەر

---

گەورە بوو، بە **بیوک سلێمان پادشا کولەمەندی** ناسرابوو، جڵەوی حوکمی میرنشینەکە دەداتە دەست برازاکەی **مەحموود پادشا** کە **ئیبراهیم پادشا** دەبێت و ئەم لە ١٧٨٤ دەست دەکات بە بوونیادنانی شاری سلێمانی، بە پاڵ ئەو قەڵایەی کە لە جێی مەڵکەندی بووە و ساڵی ١٧٨٥ لە قەڵاچوالانەوە دەگوێزنەوە شاری تازە.

بۆ ئەمە بڕوانە

١. محمد الخال: الشيخ معروف النودهي. مط التمدن – بغداد سنة الطبع بلا ص ٢٠.

٢. دليل جامعه السليمانية ١٩٧٧-١٩٧٨ مط جامعة السليمانية ١٩٧٨ ص ٢٣.

٣. عبدالرزاق الحسني: موجز تأريخ البلدان العراقية مط النجاح – بغداد ١٩٣٠ ص ١٧٣.

[1] دەشێت مەبەستی ناوچەی سلێمانی بێت.

مـەگۆلـەکـان، بـەو پـەڕی ئـازایی و لـە خۆبووردووییـەکـی دەگمەنەوە بوون.

شەوێک پەلاماری مەگۆلەکانی دەوری قەڵایان دا، خۆی و هاوڕێکـانی هـەر مەنگۆلییەکیـان دەسـتکەوتبـا، گۆشـاوگۆش سـەریـان دەبـڕی، هـەرچیـی ئـامێر و کـەرەسـتەی ئابلۆقەدانەکەشیانە ئاگریان پێوەنان و دەستوبرد کشانەوە بۆ ناو قەڵا، **ئـەریکا نویـان** نائومێد و داماو، ناچار دەستی لـە ئابلۆقەکەی هەڵگرت و کشایەوە بۆ ناو شاخ و دۆڵـەکانی ئـەو نزیکانـە، تـا هـاوین خۆیـان تێدا مـەڵاس دا. کوردەکـان وەک سـاڵان لـە قـەڵا هاتنـە دەر بـۆ دەشـت و لـەوەڕگـەکانیـان. ئەم جارەیان لە بەختی شوومی کوردان، کەوتنە ناو داوی پیلانی مەنگۆلییەکانەوە، دوژمن بۆیان لە بۆسـەدا بـوو، هـەر کە بۆی هەڵکەوت گورج نیشتنە سەریان، ئـەوانی بێئاگا کاتێکیان زانی قەڵاکەیان گیرا و کڵپەی ئاگر بەرز بووەوە.

هـەر ئـەو ئانـە، کـە **هۆلاکۆخـان** لـە لای ڕاسـتی خـۆی لـە مەترسیی کوردەکان دڵنیا بوو، دەستی کردە ئابلۆقەدانی بەغدا، بە فێڵ و پیلانێک کە هەر لە ڕەگەزی مـەنگۆلیان دەوەشـایەوە، توانیان چاوبەست لە خەلیفە بکەن و هەڵی بخەڵـەتێنن، خـەلیفە و هەردوو کـوڕەکـەی لـە بـەغـدا وەدەرکـەوتـن، ئـەویـش هەرسێکیانی سەربڕی، پاشان کەوتە تاڵان و بڕۆی کۆشک و گەنجینەکانی خەلیفایەتیی ناو بەغدا، مزگەوت و قوتابخانە و بیمارستانەکانی، بە دووی زێڕ و زیودا دەگەڕان.

**هۆلاکۆخان** هێشتا بە تەواوی بەغدای کاول نەکردبوو، کە گورزێکی کوشندەی سرەواند لەو مـەڵبـەندە ڕۆشـنبیرییە، بە

سووتاندنی کتێبخانەکان و سەربڕینی گەورە پیاوان و زانا و پزیشکەکانی. ئەم نەوەی **جەنگیزخان**ە، بەم کارەی بۆ هەتا هەتایە لە بەغدا خەلیفایەتی مەحو کردەوە و بنبڕی کرد، گشت گەنجینەیەک تێیدا بوو، تالانی کرد، شاعیر، فەیلەسووف، پزیشک و زاناکانی قەلاچۆ کرد، لە شەووڕۆژێکدا ئەو شارە گەورەیەی کردە شارۆچکەیەکی وێرانەی موڵکی **خان**ی ملهووڕ، شارێک کە بە گەوهەرێکی مەزن لای موسڵمانان دەژمێردرا.

پاش کاولکردنی بەغدا، **هۆلاکۆ** ڕووە و سوریا بووەوە، بەڵام لێرە لە لایەن سوارەی **مەلایین**ەوە، بەرەڕووی بوونەوە و بە توندی بەرهەڵستی کرا، ئەمیش تا بۆی دەکرا خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەیان دەپاراست، سوپاکەی لێیان کەنار دەخست، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا ملی لێنا، تا لە ٣ ئەیلوولی ١٢٦٠ لەگەڵ مەمالیکەکاندا بەرەو ڕووی شەڕێکی خوێناویی یەکلاکەرەوە بووەوە، ئەم شەڕە لە عین *جالوت*ی نزیک بە شاری *نابولس*ی فەلەستین ڕووی دا، لەشکری مەگۆل لێرەدا شکستێکی تەواوی بەسەر هات، ئەرکی ڕاوەدوونان و بەدواداچوونی یەکە پەڕاگەندەکانی لەشکرە مەنگۆلییەکە، بە ئەسپسوارانی کورد سپێردرا، ئەوانیش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەو سەرکەوتنە بێوێنەیەیان جێبەجێ دەکرد.

لەم لاش، لەسەر سنووری باکووری ڕۆژهەلات لە عێراق، خێڵە کوردەکانی ئەو ناوە شمشێریان بۆ هێزە ڕاکردووە شکستخواردووەکانی **هۆلاکۆ** هەڵکێشا، کە بەرەو دوا دەکشانەوە.

ئا بەم شێوەیە سەردەمێک لە مێژووی ئیسلام دوایی هات، ئیمپڕاتۆری ئیسلامی تێیدا گەیشتە ئاستی نسکۆ و داڕمانێکی یەکجارەکی، پادشا و خەلیفەکانی سەردەبڕدران، یان دەربەدەر دەکران، زانا، فەیلەسووف و پزیشکانی دەفەوتێنران؛ بەڵام لەگەڵ ئەم تاریکاییەی مێژوو، کەچی لە سوچێکی دنیای ئیسلامدا قۆناغێکی زێرین بریسکەی دەدا، ئەو قۆناغە زێڕینە بریتی بوو لە هۆز و خێڵە کوردەکانی باکووری عێراق، کە بە ئازاییە دەگمەنەکەی خۆیان و یەک ئامانجی لەناویاندا، توانیبوویان بیهێننە دی، ئەوەیش کاتێک بە لە خۆبووردەیی خۆیانەوە کەوتنە بەرهەڵستیی ئەو مەنگۆلیانەوە تاڵاوی دوا شکستیان کرد بە گەروویاندا.

## (کورتەیەک لە بنەوبنەچەی سەردارانی مەنگۆلەکان)



# بەشی پێنجەم
## فارس و تورك

### تەیمورلەنگ (تاتار)

كە ئاگری شەڕ و شاڵاوەكانی **هۆلاكۆ** لە هەرێمەكاندا دامركایەوە، لەسەر سنووری وڵاتی كوردەواری مەنگۆلیی سێیەم قوت بووەوە. **تەیمورلەنگ** میرانی خۆراسان و وڵاتی ئەودیو زێی تێكشكاند و لە ناوی بردن، لە ناوەڕاستی ئاسیاوە دەستی كردە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەكەی و شاری *سەمەرقەند*یشی كردە پایتەخت.

لەو سەروبەندەدا كوردەكان سەر بە هیچ دەسەڵاتێكی ناوەند نەبوون و ملیان بۆ كەس نەدەدا، نزیكترین و بەدەستترین دراوسێ لێیانەوە سوڵتان **بایەزیدی** تورك بوو، ئەویش خێڵە كوردەكانی ئازەربایجان هەر بەناو نەبێت، نەچووبوونە ژێر ڕیكێفییەوە و ملیان بۆ نەدەدا، بەڵام ئەوانەی باشووری ڕۆژهەڵات بە تەواوی سەربەخۆ بوون، كەسیان بە پیاو نەدەزانی، جگە لە ئاغا و بەگەكانی خۆیان.

پاش ئەوەی **تەیمورلەنگ** سوڵتان **بایەزیدی** لەسەر كار لا برد و تەختوتاراجی ئەو سوڵتانەی دا بە مل یەكدا، ئیتر

زستانی ساڵی ١٤٠١ - ١٤٠٢ زایینی لە دەشتاییەکانی *کاراباغی* خوار دامێنی چیاکانی قۆقاز، لە نێوان هەردوو زێی کور و *ئاراس*دا بردە سەر. لێرەوە دەستەی چاودێریکردنی دەناردە ناو خاکی کوردەواری، بە مەبەستی بەدەستخستنی تەرەفداریی کوردەکان بۆ خۆی، نرخی ئەم تەرەفدارییەش کە **تەیمور** لە پێش دەمی کوردەکانی نابوو، بریتی بوو لەوەی لە قەڵاچۆکردن و کوشتاریی سەرانسەرییان چاوپۆشی دەکات.

مێژوونووس **ئیبن عەرەب شاە**، لە کتێبی (عجائب المقدور فی اخبار تیمور)دا بە دوورودرێژی باس لەوە دەکات کە کوردەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ نێردراوەکانی **تەیموردا** کردووە، ئەو کوردە دڵسافە دڵفراوانە، زۆر بە زبری و کینەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد، نەیان دەکوشتن، چونکە لە قانوونە ئەخلاقییەکانی کورددا ئەوەی تێدا نییە کە نێردراو بکوژیت، بەڵام زۆر بە سووکی و ڕیسوایی تەماشایان دەکردن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن، ئاوەژوو بەسەر پشتی گوێدرێژەوە دایاندەنان. ئەمە پاش ئەوەی ڕوویان ڕەش دەکردن و ئینجا شاربەدەریان دەکردن.

ئەم ڕەفتارە لەسەر ئەو کوردانە زۆر کەوت، هەر کە بەهار هات و بەفر توایەوە و ڕێگەوبان کرایەوە، سوپاکانی مەگۆل بە سەرکردەیی **تەیمورلەنگ** ڕژانە ناو دۆڵ و دامێنی شاخەکانی کوردستانەوە، گوندەکانیان دەسووتاند و دەستیان بە کوێ و کێ بگەیشتبا، کۆڵێک کەللەسەری مرۆڤیان پاش خۆیان جێ دەهێشت.

**جەنگیزخان** و **هۆلاکۆ** پاش خۆیان چیرۆک و ڕووداوی خوێناویی سەربڕین و لەتکردنی سنگی دوژمن و نەیارانیان جێ دەهێشت، کەچی **تەیمورلەنگ** کە لە هەمان ڕەگەز بوو، بە

دووی خۆیدا تەپۆڵکەی وای لە کەللەسەری بەشەر جێ دەهێشت، پێیان دەگوت *کەلا منار*، بەڵام ئەم وەحشیگەری و تۆقاندنە ورەی بەرزی کوردەکانی نەڕووخاند، بۆ ناو دۆڵ و نشێوەکان دەکشانەوە و سەردەکەوتنە سەر دامێن و لوتکە بەرزەکان، لێرەوە کەوتنە بەرگریکردنی ئەو مەنگۆلییانە کە هێشتا بە دوویانەوە بوون.

کە **تەیمور** هەستی بە مەترسیی ئەو بەدواداچوونە کرد و زانی لەوە زیاتر تووشی کارەساتیان دەکات، ڕووەو بەغدا جڵەوی گۆڕی. لە بەغداش ١٢٠ تەپۆڵکە کەللەسەری بەشەری پێکەوەنا، ئینجا ڕووەو سوریا بووەوە و دواجار گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی.

**تەیموری** تاتاری ساڵی ١٤٠٥ زایینی کۆچی دوایی کرد، تا ئێستا گۆڕەکەی لە شاری بوخارا هەر ماوە.

## پەیدابوونی تورک:

بەر لە هەموو شتێک دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە تورک، مەنگۆل و مەگۆل سێ ڕەگەزی جیان لە یەکتر، نابێت تێکەڵ بە یەک بکرێن.

لە بەشەکانی پێشوودا باسی مەنگۆلی و مەگۆلییەکانم کرد، لەم بەشەدا باس لە مەگۆل و تورکەکان دەکەم. لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزە جیاوازەدا (مەنگۆل و مەگۆل) لە سۆنگەی ڕەگەز، زمان و ڕۆشنبیرییەوە جیان (هەرچەندە جیاوازییەکەش شتێکی ئەوتۆ نییە.).

### * بنەچەی تورک:

چوارهەزار ساڵ بەر لە ئێستا، خێڵێکی بەهێزی بەزەبر، کە لە دێرزەمانەوە ئەمانیش سەر بە هەمان ئەو بنەوبنەچەیە

بوون، که *مەگۆل* و جونگوەکانی لێ بووبوونەوە. ئەم خێڵە لەو هەرێمەی کەوتبووە باکووری *سیبریا* بەرەو ژوور و تیبت و چین لە ڕۆژهەڵات و وڵاتی *ئۆگۆر* لە ڕۆژئاواوە، دەژیان. ئەم خێڵە ئێستا بە تورک دەناسرێت.

هۆز و تیرەکانیان، سەرهۆز و میری گەورەگەورە ڕابەرایەتییان دەکردن و سەروکاری کاروبارەکانیان دەکردن. خۆ کە لە دامێنی چیاکانی *کیان شان*ەوە ئەم تورکانە سەریان هەڵدا و ڕووەو دەشتاییەکانی ناوەڕاستی ئاسیا بوونەوە، لە جەستە و لەشولاردا خەسڵەتی وایان لەخۆ گرتبوو، کە ڕەگەزناسان بە ڕەگەزی *تۆرانی* ناویان دەبەن و لە هیی تر جیایان کردوونەوە؛ بەڵام ئەو کۆمەڵانەی لە دەڤەرەکانی باکوور بوون، خەسڵەتی شێوە مەنگۆلیان پێوە دیار بوو، لقەکانی باشووریشیان، چاویان وەک بادام، ڕوویەکی درێژکۆڵەی مامناوەند، لووتی تیژ و ڕێک، قژوپرچی پڕ و ڕەش و ناوچەوانی بەرز و لێژ.

لە دەوروبەری سەدەی شەشدا، تورکەکان دوو دەوڵەتی بەهێزیان هەبوو، هەر لە مەنگۆلیا و دەوروبەری باکووری چینەوە تا دەریای ڕەش. کە **یومبن**ی دامەزرێنەری دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییەکەیان لە ٥٥٢ زایینی مرد. **ئیستیمی** برای دوای ئەو، ٢٥ساڵ حوکمی کرد، لەو ماوەیەدا دەوڵەتە تورکە ڕۆژئاواییەکەی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

نزیک بە ٦٣٠ زایینی ئیمپڕاتۆری چین لە ڕۆژانی بنەماڵەی *تانج*، توانی دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییەکەیان داگیر بکات و بیڕوخێنێت، پاشان لە ٦٥٩ زایینی، ئەوەی ڕۆژئاوایشیان گرت، بەڵام لە ٦٨٢ زاینی تورکەکانی باکوور، خۆیان لە ژێردەستەیی

بیانی ڕزگار کرد و هەتا ساڵی ٧٤٥ زایینی سەربەخۆییەکەی خۆیان پاراست.

کۆنترین ئاسەواری زمانی تورکی کە دۆزرابێتەوە، لەو دوو گۆڕستانەدا بووە کە دوو برا **بلجاکاغان** و **کولتجین**ی تێدا نێژراون، کە لە ئۆرخۆن‌ی ناوەوەی مەنگۆلیایە، لە ماوەی ساڵانی ٧٣١ - ٧٣٤ زایینی نووسراوە و تا ڕادەیەکی باش لە نووسینی ئێرانی و ئارامی دەچێت، ئەو دوو دەوڵەتە بریتی بوون لە یەکەی خێڵایەتیی کۆنفیدڕاڵیی نارێکوپێک، هەریەکەیان **خان**ێک سەرکردەیان بووە، ئەم **خان**انەش پێکەوە پەیوەست بوون بە سەرۆکێکی جەنگییەوە بە ناوی **کاغان خان**، چونکە ئەمە نفووز و دەسەڵاتێکی بەهێزی لەناو هاوڕەگەزەکانیدا هەبوو.

ئایینی تورکە کۆنەکان تێکەڵەیەک بووە لە بتپە*رستی* و *شامانی*، کە زۆر لە باوەڕەکەی **جەنگیزخان**ی دەکرد، بەر لە بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش لەناویاندا، باوەڕ بە بەهێزی و توانای ددانبەخۆداگرتن و سەبری جیهان و زەمانە، ئەو چارەنووسەی کە لە ئیرەیی و ئارەزووی تۆڵەدا خۆی دەنوێنێت، هەروەها لە مەزنیی بەشەریشدا، ئەم باوەڕە لە نێویاندا بڵاو بوو.

دەوڵەتێکیش کە لەم توخمانە پێک هاتبێت، ناتوانێت تا سەر بژی و بەردەوام بێت، هەتا یەکبوونێکی توندوتۆڵی لە ژێر سەرکردایەتیی سەرکردەیەکی بەهێزدا نەبێت کە بتوانێت بە پەلامار و داگیرکردن دراوسێکانی خۆی چاوترسێن بکات. لە دەوروبەری ٧٠٠ زایینی، بەشی ئەوپەڕی ڕۆژئاوای ئەم دەوڵەتە، لە ڕۆژگاری ئەمەوییەکاندا، کەوتە دەست عەرەبەکان. لە ٧٤٥ زایینی، مەملەکەتەکەی سەرەوەش کەوتە دەست

خێڵێکی تورک بە ناوی **ئۆغۆر**، کە لە گوێ ڕووباری *سلینجا*وە بەرەو ژوور دادەنیشتن.

لەو سەردەمەدا مەسیحییەکانی سوریا، نەستوورییەکان و مسیۆنێرەکانی *مانشیا* خۆیان گەیاندە ئەو دەڤەرانەی وڵاتی تورک. ئەمانە بە شێوەیەکی کاریگەر کاریان کردە سەر ئایین، بیروباوەڕ، ڕۆشنبیری و زمانی تورکی لەناو وڵاتی تورکاندا. پاشان هۆز و خێڵە کیرغیزییەکان، بەشەکانی سەرەوەی ئیمپڕاتۆری ئۆغۆریان داگیر کرد و دانیشتووەکانیان ناچار کرد سەرەو خوار بکەونە ڕەو، بۆ ناو ئەو هەرێمەی ئەمڕۆ بە تورکستانی چین ناو دەبرێت. ئیتر لەوساکەوە گەلی تورکستان گۆڕان و پەرەسەندنی بەسەردا هاتووە تا ئەم شێوەیەی ئیستای وەرگرتووە، بووەتە ڕەگەزێکی بەشەریی جیا و سەربەخۆ بۆ خۆی.

ئەم ئاوێتەبوونەی تورک و ئۆغۆرەکان لە لایەک، کاریگەریی مسیۆنێرە مەسیحی و بووزییەکان لە لایەکی دیکە، وایان لە زمانی تورکی کرد کە گۆڕان و پەرەسەندنێکی خێرای ئەوتۆی وای بەسەردا بێت، تا وای لێ بکەن نەرمتر و زیاتر بەدەستەوە بێت و مڕونەت لەخۆ بگرێت. ئەدەبی کۆنی تورکیش لەو کتێبانەی تێپەڕاند کە بریتی بوون لە کتێبی وەرگێڕدراو و ئایینی.

پاش تێپەڕینی سەدەیەک لە ڕۆژگار، لێشاوێکی دیکە داگیرکار هات. خێڵی *نانجوت* پەلاماری میرنشینەکانی ونجوریاندا لە هەرێمی *کانشۆ*، بەڵام خێڵە کیرغییەکان کە خێڵەکانی ئۆغۆرییان لە زێدی خۆیان دەرپەڕاندبوو، بۆ خۆیشیان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی خێڵی *کیتای* مەگۆلییەوە.

سنوورەکانی ڕۆژئاوای دەوڵەتی تورک کە بە پاڵ ئێرانەوە بوون، لە ژێر دەستی ئەمەوییەکاندا بوون، ئەم ناوچانە سەرچاوەیەکی لەبنەهاتوو بوون بۆ پڕکردنی ئەو بازاڕە عەرەبییانەی بازرگانیان بە کۆیلەوە دەکرد، هەندێک کۆیلە و مەمالیکەکانی ئەم بازاڕانە لە دواییدا بوونە میر و حاکمانی دەوڵەتە گەورەکانی بەغدا، میسر و دەلهی[1]، بۆ چەند سەدەیەک ئەمانە بوونە هۆکار و کارلێک لە سیاسەت و مێژووی دنیای ئیسلامدا.

لە سەردەمی *سامانییەکان*دا، سەدەی نۆی زایینی، تورکەکان لە وڵاتە ئەسڵییەکەی خۆیاندا، لە ناوەڕاستی ئاسیاوە (بە تایبەت لە وڵاتی ئەودیوزێ و بوخارا و سەمەرقەند، ژیانێکی ئاسوودە و ئارامیان دەگوزەراند، **سامان خودات** کە خوداوەندی گوندی سامان بوو لە لە بەلخ، ئێرانییەکی مەجووسی بوو و لەساڵی ٧٣٢ زایینی بووە موسڵمان و لە لایەن **هیپام** کوڕی **عەبدولمەلیک** ٧٢٤ – ٧٤٣) خەلیفەی ئەمەوی لە شام، کرایە والی. لە دەوروبەری ٨١٩ زایینی خەلیفە **مەئمون**ی عەباسی، نەوەکانی ئەم سامانە **چوار خودادات**انەی کردە حاکم بەسەر سەمەرقەند، فرغانە، شاش و

[1] عەرەب لە داگیرکارییەکانیاندا بە سەدان کچ و کوڕ و منداڵیان وەک کۆیلە دەگرت و بازرگانییان پێوە دەکرد (ماملکت أیمانهم)، لە شارانی بەغدا، بەسرە، کووفە، دیمەشق، فوسگاگ و تا دوایی، دەیانفرۆشتن، لە کۆشک و ماڵە گەورەکاندا بەکار دەهێنران وەک جارییە و مەحزییە. بە مانای ژنی قەپاتمە بۆ ڕابواردن، هەڵمەتەکانی ئەنفالی بەعس و ڕاپێچکردنە بە کۆمەڵەکەی داعش، تەواوکەری ئەو نەریتەن کە لە باوکوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە و بە کارێکی شەرعی دەزانن.

هیراتەوە. ئەو کات ئەم شارانە سەر بە *تابرید* بوون، جا **ئەحمەد،** کە حاکمی *فرغانە* بوو، دوایی توانی سەمەرقەند بگرێت، لە ساڵی ٨٧٥ زایینی، خەلیفە کوڕەکەی ئەوی کردە کاربەدەستی گشت وڵاتی ئەودیوزێ.

*** گۆڕان لە خێڵە کوردەکاندا:**

لە ساڵی ١٤٠٥ زایینی پاش لە دنیادەرچوونی **تەیمورلەنگ،** تورکستانی ڕۆژئاوا هەر بەناو لە ژێر حوکمی ڕەسمیی تورکماندا بوو، لەو لاش بەغدا، لە شاری کەرکووک و موسڵ بەو لاتر، نەیدەتوانی بزنی *لە ئاو بکات* و حوکمی بڕ بکات، خێڵە کوردەکان لە ناوەوەی دەڤەرە شاخاوییەکانی خۆیاندا، سەربەخۆییە تەواوەکەی خۆیان پاراستبوو، ئاغاکانی سلێمانی، چەمچەماڵ و پێنچوێن حوکمی خۆیان دەکرد[١]. دەسەڵات و نفووزیان جگە لە خێڵەکانی خۆیان، تیرە و هۆزەکانی ئەملاولای خۆیشیانی دەگرتەوە، ئەو تیرە و هۆزانەی بەپێی پیشەیی خۆیان پێک هاتبوون.

لێرەدا دەمەوێت باس لەوە بکەم کە تیرە و هۆزی پیشەیی، چۆن سەری هەڵداوە و دروست بووە: لەو سەردەمەدا هۆکارێکی سەرەکی بۆ پێکەوەنانی تیرە و هۆز لەسەر بنەما ئابووری و پیشەییەکە بووە، لەوەو بەر گەورەیی خێزانێکی ئاسایی خاوەنی پارچە زەوییەک بووە، خۆی دەیکێڵا و بە دانەوێڵە، سەوزە و میوەجاتی دەکرد، ئەمەندەی بەشی خۆی و خێزانەکەی بکردبا، سەرەڕای ئەمە ئاژەڵ وماڵیاتێکی ئەوتۆیشی هەبوو کە پێویستیی خۆی لە گۆشت، شیرەمەنی و

---

[1] نووسەر لە ناوهێنانی ئەم شارانەدا پێش سەردەمە مێژووییەکە کەوتووە.

چەوری بۆ دابین بکردبا، بەمانە خۆبژێویی خۆی دابین دەکرد، جگە لە هەندێک شتی ساکار، کە بە ئاڵوگۆڕ لە تەک بەروبوومە کشتوکاڵییە زیادەکانیدا، دەستی دەکەوتن، بەڵام بە هۆی نالەباری و پاڵەپەستۆی زرووفەوە و زۆربوونی ژمارەی خێزانەکانەوە، پسپۆڕی و تایبەتمەندی لە بەرهەمهێنانی جۆرێکی دیاریکراو لە پێداویستییەکانی گوزەران و ژیان هاتە کایەوە، فەلاکوردەکان، کە سەرەتا لە کوردەشوانکارەکان بوون و لەسەر لەوەڕاندنی ماڵات دەژیان، دابڕاو بوون. کوردی *کوتشار* خۆیان بووبوونە تیرەیەک لە تیرەکان[1]. وەک هەموو کوردێک لە سەرەتادا تێکەڵەیەک بوون لە هەردوو چینی فەلا و شوانکارە، دوایی وازیان لە زەوییە کشتوکاڵییە بچووکەکانیان هێنا و دەستیان دایە لە وەڕاندنی ماڵات، کە بارودۆخەکەش زۆری بۆ هێنان، ناچار کەوتنە شوێن خوونەریتی خێڵە ڕەوەندەکان و چاویان لەوان کرد. هەتا لەناو خێڵە گەورەکانیشدا، ئەو کەسانەی کە بە پیشەیەکی تایبەت و دیاریکراوەوە خەریک بوون و دەیانکرد، وەک بەنایی، کە خانوویان لە قوڕ دروست دەکرد، یان دەستیان پێدا دەهێنایەوە. دارتاشی، کە هەوجاڕ، گاسن و شتی لەو بابەتەیان دروست دەکرد و تا دوایی. ئەمانە بوونە چینێکی جیاواز و بۆ خۆیان تیرە و هۆزیان لێ دروست بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا هەرچەندە لقوپۆپی تریشیان لێ دەبووەوە، کەچی هەر بە خێڵە ئەسڵییەکەی خۆیانەوە پەیوەست بوون.

لەو ماوەیەدا مێژووی کورد هیچ ڕووداوێکی سیاسی، یان جەنگیی ئەوتۆی وای تێدا نەبوو کە باس بکرێت، بەڵام لە

[1] لێرەدا تیرە بە مانای (بطن)ی خێڵ بەکار هاتووە.

لایەکی ترەوە گۆڕانکاری لە بوارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا کە کەمێک پێشتر باسمان کرد، دەهاتنە کایەوە.

*** فارسە سەفەوییەکان ١٥٠٨ زایینی:**

ئەو ئارامی و ئاسودەییە هەشتا ساڵی خایاند، کە لەشکری فارسە سەفەوییەکان پاماڵی وڵاتی کوردەوارییان کرد، شڵەقاندیان و تێکیان دا. ئاشووب و نەهامەتییان خستە وڵاتەکەوە، پاماڵکردنەکە تا نەگەییە بەغدای پایتەختی خەلیفایەتیی ئیسلام، نەگیرسایەوە.

شا **ئیسماعیلی سەفەوی** لە ساڵی ١٤٩٩ زایینی، لەشکرەکەی بردە سەر ناوچەی *شیروان* و خستیە سەر مەملەکەتەکەی خۆی، لە ساڵێکدا دەسەڵات و نفووزی گشت دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی گرتەوە، هەر لە دەریای قەزوینەوە لە باکوور، تا کەنداوی فارس لە باشوور. ئەو کاتە سوڵتان **بەریق** لە بەغدا حوکمڕان بوو.

بەخت یاوەری شا بوو، سەرکەوتن بە دوای سەرکەوتنی بەدەست هێنا. **لال حوسێن** کە وەزیری دەستەڕاستی بوو، ناردی بۆ گرتنی بەغدا، بە خیانەت و ناپاکی هەندێک خانەوادەی دەسترۆیشتوو لە شارەکەدا، توانی بیگرێت و لە ساڵی ١٥٠٨ سوپای سەفەوییەکان ڕژانە ناو بەغدا، بەمە تا سەردەمانێک عێراق لە ژێر دەستی حوکمی فارسیدا مایەوە.

کاکڵەی هێز و توانای سوپاکەی شای سەفەوی، ئەو سەربازانە بوون کە لە کوردانی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە هاوردبوونی. لەبری ئەوەی دوژمنایەتیی هۆز و خێڵە کوردەکان بکات (نەخاسمە ئەوانەی لە پێدەشتەکانی تۆرۆس و باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ دادەنیشتن.) ئەم،

ئەوانی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار دەکرد و پێشوازییشی لیّ دەکردن کە ڕۆڵەکانیان بێنە ناو سوپاکەیەوە.

پادشا سەفەوییەکان لەگەڵ شیعەکاندا، کوردەکانیش پابەندی مەزهەبە سوننییەکەی خۆیان بوون، کەچی سیاسەتێکی چاوپۆشی و لێبوردەییان بەتایبەت دەرهەق دەنواندن، بەڵام من دەمەوێت ئەوە بە ڕوونی بڵێم: شاکانی سەفەوی کە شیعە بوون، بەرپرس بوون لەوەی ئەم مەزهەبە بکەنە مەزهەبی ڕەسمیی ئێران، تورکەکانیش کە سوننی بوون، بە هەموان (شیعە و سوننە) کۆلکەی هاوبەشی نێوانیان ئایینەکەی ئیسلام بوو، بەکاریان دەهێنا بۆ گەیشتن بە مەبەست و مەرامە سیاسییەکانیان؛ بەڵام سەرەڕای ئەمەش ناکۆکی نێوان ئەم دوو مەزهەبە لەمە بەو لاتر نەچووە، هیچ چەوساندنەوە و جیاوازییەک دژ بە سوننەی ناو ئیمپراتۆری سەفەوی نەکراوە. هەروەها دژ بە شیعەش لەناو ویلایەتە سوننەکانی سەر بە تورک و عەرەب.

گەلی کورد یەک لەو گەلانە بووە، کە لەناو مەملەکەتی سەفەویی ئێراندا دەژیا، لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدارییەکی تەواویان دەکرد، تەنیا کوردیش نەبوو کە لە لایەن شا سەفەوییەکانەوە ئەم مامەڵە باشە بکرێن، بەڵکو کەمایەتییە ئایینەکانی تریش، بەتایبەت مەسیحی و ئەرمەن، زۆر لەسەر لەشکرەکانی ناو سوپای ئێران کورد بوون، نەک هەر ئەمە، بەڵکو فیرقەی ئەسپسوارانی ئێرانی، گشتیان کورد بوون.

ئەرمەنەکانیش گەلێک پلەوپایەی ئیدارییان بەدەستەوە بوو، جگە لە پزیشکی، پیشەسازی، هونەری و بازرگانی، بگرە هەندێک سەرکردەشیان لەناو سوپای ئیمپراتۆری سەفەویدا هەبوو.

لە باکوورەوە **سوڵتان سەلیم**، لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی سەفەوییان ئۆقرەی لێ بڕا بوو، دەستی کردە بەهێزکردنی هێڵەکانی بەرگریی سەرسنووری تورک - ئێران، دانیشتووەکانی ئەم دەڤەرانە کورد، شیعە و ئەرمەن بوون، تورکەکان مەسیحییە ئەرمەنەکان و شیعەکانیان بە *تابووری* پێنجەم دادەنا، بۆیە دەستیان کرد بە ڕاگواستنیان لەو ناوچانەی بە دیوی خۆیاندا بوون، ئەم ڕاگواستنی دانیشتوانە لە هەردوو دیوی سنووری ئێران و تورکیا دەکرا.

*** مەلا ئیدریسی بەدلیسی:**

لەم عەیامەدا لە کۆشکی شاهانە تورکەکاندا، سیاسەتوانێکی گەورەی کورد پەیدا بوو، لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی **سوڵتان سەلیم**دا شوێنێکی نایابی گرتبوو.

ژیاننامەی **مەلا ئیدریسی بەدلیسی** وەک فەیلەسووف و سیاسەتوانێکی کارامە، پڕە لە کار و چالاکیی بەنرخ، هەر بە منداڵی باوکی دەمرێت، ئیمامی مزگەوتی شاری بەدلیس دەیگرێتە خۆی و پێی دەگەیەنێت. *بەدلیس* شارێکی بەناوبانگی خوار دەریاچەی *ڤانە*، پێشتر پایتەختی میرنشینییەکەی ئەرمەنەکان بووە، زۆربەی خەڵکی شارەکە ئەرمەن بوون. ئینجا ئەرمەنە مەسیحییەکان و کوردە موسڵمانەکان بە تەبایی و ئاسوودەیی وەک برا پێکەوە دەژیان، ئەرمەنەکان بە درێژایی مێژووەکەیان هیچ دەمارگیرییەکی ئاییniyان نەنواندووە، نە کورد و نە تورکی موسڵمانیان نەچەوساندووەتەوە، مەگەر تەنیا ئەوان پەلاماریان دابن و ئەمان بەرهەڵستیان لە خۆ کردبێت.

**ئیدریس** سەر بە خانەوادەیەکی خانەدان بوو. یەک لە سەرکردە ئەرمەنییەکان دەیکاتە سکرتێری خۆی و لای خۆی

دەیهێڵێتەوە، ئەمە دەروویەک بوو و لێی کرایەوە، پەژارەی بێباوکودایکی لەبیر بردەوە. پاشان لەگەڵ کچی کابرای گەورەیدا دڵیان بەیەکدا چوو، دووچاری ئەوینێکی بێئامان دەبێت، بەڵام چونکە ئەرمەنەکان بەم جۆرە تێکەڵی و هاوسەرگیرییانە ڕازی نابن، بۆیە ئەم لاوە عاشقە، باشترین و شیاوترین ڕێگە چارەیەک دەگرێتە بەر، دڵدارەکەی هەڵدەگرێت و پەنا دەباتە بەر **یاقووب خان**ێک، کە ئەو کاتە بانگەوازی تەختی شاهانەی فارسی دەکرد و مرِی لێ خۆش کردبوو، چونکە بە مافی خۆی دەزانی، لە کۆشک و سەرای **یاقووب خان**دا پلەوپایەی **مەلا ئیدریس** وا بەرز بووەوە و وا تووڕەی کرد، تا گەیشتە پلەی کاتب ئەلدەولە.

کوردەکان، لە سەردەمی ململانێ و مشتومڕی فارس و توركدا، دەورێکی زۆر پڕ بایەخیان دەبینی، بە شێوەیەک لە مێژووەکەیاندا وێنەی نەبووە، تورک و فارس هەوڵێکی بێوچانیان دەدا کە ئەم کوردانە دابڕن بە لای خۆیاندا، چونکە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی جیاوازیان لەمانەدا بەدی دەکرد، بۆیە لەباتی پەلامار و شەڕکردن لەگەڵیاندا، ئەو دوولایەنە لەوەدا بوون چۆن بە لای خۆیاندا ڕایان بکێشن. ئەو کەسەش کە کاری دەکردە سەر ڕا و بۆچوونی تورک و فارسەکان، بۆ کێشکردنی کوردەکان بە یەکێک لەو دوو لایەنەدا، تەنیا سیاسییەکی مەزنی کورد، **مەلا ئیدریسی بەدلیسی** بوو.

**مەلا ئیدریس** لەو ماوەیەی کە لای **یاقووب خان** کاری دەکرد، پەیوەندی دەکرد بە هۆز و خێڵە کوردەکانی ناو کێوەکانی زاگرۆس و تۆرۆسەوە، جگە لە وەی **مەلا** خۆی لای ئاغا و سەرخێڵە کوردەکان ڕێزدار و خۆشەویست بوو. بە پاڵ

زانایی و پایە ئەدەبی و فەلسەفییەکەیەوە، کەسێکی کاریگەر و بەهێز بوو، هەر ئەویش بوو کە کوردەکانی قایل کرد بەوەی کە پەلوپۆ بهاون و خۆیان لە قاوغێکی خێڵایەتیی تەسکدا گیر نەدەن، هانی دەدان لەناو شاخ و دامێنەکان بێنە خوارەوە و لە شارستانییەتی دەوڵەت و خۆشییەکانی ژیانی سەردەمەکە سوودمەند بن، چونکە تاکە شتێک کە ئەو کوردانەی پێ جیا دەکرایەوە لە گەلانی دراوسێیان، ئەو خوونەریت و تەقالیدە عەشایری و خێڵایەتییەیان بوو کە بە گران دەستبەرداری دەبوون.

زمانەکەیان پڕ بووبوو لە بەشێکی زۆر لە وشەی فارسی و تورکی، خۆ ئەگەر خوونەریت و تەقالیدەکانیان وەک خۆیان بمانایەتەوە و دەستکاری نەکرایە، ئاغا و بەگ و سەرۆک عەشایرەکانیشیانی هەر وا دەستیان بەسەر تیرە و هۆز و عەشیرەتەکانیاندا بگرتایە، ئەوا ئەو هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییەی بە درێژایی سەدەکان هاتبووە دی، وەک خۆی دەمایەوە و نەدەگۆڕدرا. لەبەر ئەمە ئەو هەنگاوانەی کە **مەلا ئیدریس** دەینان، لای کوردەکان پێشوازی لێ دەکرا و قەبووڵیان بوو، چونکە لێشاوێکی تازەی لە کار و پیشە بۆ دانیشتوانە کوردەکە هێنایە ناوانەوە و بێ ئەوەی هیچ زیانێک بە قەبارە کۆمەڵایەتییەکەیان بگەیەنێت. هەرچۆنێک بێت، دەبوو کورد تێکەڵ بەو سیستمە گۆڕدراوەی کۆمەڵی سەدەکانی ناڤین ببێت، کە ئەو ڕۆژگارە هاتبووە دی.

لێرەوە لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان **مەلا ئیدریسی بەدلیسی** و خوالێخۆشبوو **سێر ساحب زادە عەبدولقەییوم**، کە لە دەڤەری سەر سنووری باکووری ڕۆژئاوای پاکستان بوو، هەر کام لەم دوانە نەیاندەهێشت لاگیری و وەلای

سیاسیی خۆیان بۆ سوڵتان و دەسەڵات، ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە لاگیری و وەلا بنەڕەتییەکەیان بەرانبەر بە گەل و نەتەوەی خۆیان، هەروەها ئەو شێوازەشی کە بەکاریان دەهێنا بۆ چاککردنی ئاستی بار و گوزەرانی گەلەکانیان، لەیەک دەچوو.

**مەلا ئیدریس** بە کۆشش و تەقەللاکانییەوە بەناوبانگ بوو، لەپێناو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و فێرکردن بە ناو ڕۆڵەکانی گەلی کورددا. پاش کۆچی دوایی **یەعقووب خان**، **مەلا ئیدریس** چووە پاڵ تورکەکان و بە ڕاوێژکاریی **سوڵتان سەلیم** دانرا، بۆ کاروباری کوردستان و ئەرمینیا.

*** حوکمەتە کوردییەکان:**

لە ١٥١٥ زایینی، سوڵتانی تورک **مەلا ئیدریسی بەدلیسی** لە *ئەماسییە*وە بارخانەیەک دیاری ناردە کوردستان بۆ سەرکردە کوردەکان. ئەو دەسەڵاتەشی پێ بەخشی کە هەر جۆرە هاوپەیمانییەک بە باشی بزانێت لە نێوان ئەو و ئاغا کوردەکاندا، بیبەستێت. ئەم کارەی سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەست هێنا، لەمەدا توانی هاوپەیمانییەک لەگەڵ هەریەک لە **شەرەف بەگی بەدلیسی** و **مالیک خەلیل** و میری **حەسەن کیف** و **موحەممەد بەگی سوسانی** و بنەماڵە گەورەکەی **بەدر خانیان** لە جەزیرەی ئیبن عومەر پێک بهێنێت، هەروەها میرانی هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و میرانی بنەماڵەی گەورەی بابان و بەگە کوردەکانی ئامەد و **جەمشید بەگی مەقدەسی**یش بکاتە خۆی.

ئەمە بە یەکەم هەنگاو دەژمێردرێت لە دزەکردنی نفووزی تورک بۆ ناو شاخ و کێو و نشێوە کوردییەکان، ئەم

هاوپەیمانی و ڕێککەوتنانە بوونە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان هەردوو لادا، پاراستنی ئاغا و بەگە کوردەکانیش لە لایەن سوپای بەهێزی تورکەوە مسۆگەر کرا، لە بەرانبەر ئەمەدا سوڵتانی تورک باج و خەراجی گەرەک بوو، بەڵام ئەو ئاغا و بەگانە ناچار نەدەکران سەرباز بنێرن بۆ لەشکری تورک.

بێگومان ئەو هاوپەیمانییانە جۆرێک نەبوون لە جۆرەکانی دەستبەسەراگرتن و داگیرکاری، بەڵکو لە واقیعدا کاکڵەیەکی ئەو جۆرە هاوپەیمانییە بێمەرجانە بوو کە لە نێوان دوو دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات و سەروەریی خۆیاندا دەبەسترا، هۆکاری بنەڕەتییشی بۆی لێکچوونی بیرکردنەوە و ئەقڵییەتی هەردوو تەرەفەکە بوو. جا لەم دەرەتانەدا، دەوڵەتە بچووک و بێهێزترەکە سوودمەندتر دەبێت، چونکە هێز و دڵنیایی لە چوونە پاڵ ئەو هاوپەیمانە بەهێزە وەردەگرێت، بەڵام دەوڵەتە گەورە و بەهێزەکەش دیسان سوودمەند دەبێت، بەوەی کە پانتایی نفووزی خۆی فراوانتر دەکات و لەناو نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا هێز و هەیبەتی زیاتر دەبێت.

ئامانجی سوڵتانی تورک لەم هاوپەیمانییانە، زامنکردنی سەلامەتیی سنوورەکەی بوو لە دەست دوژمنی کالەلەپێی شای فارس.

بە تێپەڕینی ڕۆژگار **مەلا ئیدریس** توانی نۆ میرنشین لە کوردەواریدا پێک بهێنێت. ئەمانە بە دەوڵەت دەناسران، هەر حوکمەتە بە تەواوی لەوانی دیکە و لە سوڵتانیش سەربەخۆ بوو، ئاغایەک کە سەرکردەی بەهێزترین عەشیرەتی دەڤەرەکە و بەدەسەڵاتترینیان بوو، حوکمی دەکرد. هەر ئاغایە لەو حوکمەتەیدا سوپا و دادگەی تایبەتی هەبوو، هەشیانبوو بە

ناوی خۆیەوە دراویشی لێ دەدا، هەرچەندە لە کوردستاندا کێشەی دراو هێندە کۆڵی پێوە هەڵنەگیرا بوو، چونکە زۆربەی بازرگانییەکان لە شێوەی گۆڕینەوەدا بوون، بۆیە نرخی هەر پارچە دراوێک، بەپێی ئەو کانزایە بوو کە لێی دروست کرابوو: زێڕ، زیو و تا دوایی. هەروەها بەپێی بەکارهێنانی وەک کەرەستەیەک بۆ ڕازاندنەوە، بەم پێیە زۆربەی دراوە ئاڵتوونی و زیوییەکان بە بەشێک لە کەرەستەی خۆڕازاندنەوەی ئافرەتی کورد دادەنران.

لەو حوکمەتە تازانەی کە بەم شێوەیە دامەزران: هەولێر، کەرکووک، حەسەنکێف، جەزیرەی عومەر، هەکاری، ساسۆن، ئامەد و بەدلیس. ئەم ئیمارەتانە بە فەرمانێکی سوڵتان دادەمەزران، ئاغای خێڵەکەش نازناوی *بیلاربار*ی پێ دەبەخشرا و ئیدی پشتاوپشت ئەم حوکمە بە هەمان ماف و ئیمتیازاتەوە بۆ کوڕاوکوڕی دەمایەوە.

لە ئاهەنگی ڕەسمیی دانانی ئاغادا لەسەر کورسیی میرایەتی، **مەلا ئیدریس** خۆی نوێنەری سوڵتان بوو و عەبای سوڵتانی دەدا بە شانی میری تازەدا. بە تێپەڕینی ڕۆژ، هۆز و خێڵی تری کورد ڕوویان لە سوڵتان دەنا، تا ئاغاکانی ئەمانیش بکاتە حاکمی ڕەسمی بەسەریانەوە، ئیتر ئەو پێنج خێڵەی تر کە مابوونەوە: ئێزیدییەکان لە شنگال، خێڵی میران (کوردە میللییەکان)، نەسیبین، ئەرغای-میدان و زوزا لە دێرسیم[١] هەریەک لەمانە ناوی **سنجق بای**یان لێ نراوە، هەموان خرانە

---

[1] ئەمانەی نووسەر ناویان دەبات، تێکەڵەیەکن لە ناوی هۆز و ناوچەو شار: *نەسیبین* شارە. *ئەرغای مەیدان* لەوە دەچێت ناوەکەی بە هەڵە دانابێت. *زوزا* دەبێت کوردی زازا بێت، کە بە شێوەزاری زازایی قسەن دەکەن.

ژێر سەرکردایەتییەکی باڵای سەربازییەوە، **بیلاری ئەنادۆڵ** سەرکردەی گشتیی سوپاکانی عوسمانی لە ئاسیادا[١].

بە دامەزراندنی ئەم میرنشینە سەربەخۆیانە لەسەر سنووری تورک - ئێران، کە لەسەر چەند ویلایەتێکی سەربەخۆی دۆستی تورک پێک هێنرابوون، بەڵام بەربەستێکیش بوون بۆ هەر کام لە فارس و تورک کە شەڕ لە دژی یەکتر بکەن، سێسەد ساڵی ئایندە، دووربینیی ئەو سوڵتانە عوسمانییانەی پیشان دا، کە تا چ ڕادەیەک ئەو سیاسەتەیان بەرانبەر کوردەکان سەرکەوتوو بوو. لەو ماوەیەدا کورد هیچ پشێوی و ئاژاوەگێڕییەکیان دژ بە **بابی عالی** نەنواند.

ئەوەی جێی باسە، لە سەدەکانی شازدە، حەڤدە و هەژدەدا، کاتێک تورک بە پەلامارە سەرکەوتووەکانی حەیشی بە ئەورووپا تاڵ کردبوو، بە ڕاستییش بووبووە مەترسییەک بۆی. سیاسەتوانان و گەورە پیاوانی ئەورووپا بە سوپا و چەکەکانیانەوە نەیانتوانی بەر لەو لێشاوەی عوسمانییەکان بگرن کە لە پێشڕەویدا بوو، ویستیان بۆ دەفعی ئەم بەڵایە سیاسەتێکی تر بەکار بهێنن، بە درێژایی ئەو سێ سەدەیە، دەوڵەتانی ئەورووپا لە تەقەللای ئەوەدا بوون کە پادشایانی ئێران بە لای خۆیاندا کێش بکەن و دژ بە تورک دنەیان بدەن، تا بەرەی دووەمی شەڕێکی تری بۆ بکەنەوە، وەک گشت جارێکیش دوژمنانی ئیسلام هەمیشە ئەو ئاوازە هەستیارە کۆنەیان لێ دەدایەوە. لاوازیی موسڵمانان، ئەوە بوو پادشا و

---

(1) ئەمە دەچێتەوە بۆ ئەو چاکسازییە ئیدارییانەی دوای لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان، عوسمانیان لە ڕۆژهەڵاتدا کردیان. سنجق، یەکەیەکی ئیداری بووە وەک لیوا – پارێزگای ئێستا.

مەلیکەکانی ئەورووپا لەوەدا سەرکەوتن، تا بارودۆخێکی وەها بێننە ئاراوە، کە شەڕ لە نێوان تورک و ئێراندا بقەومێن، شەڕێکی خوێناویی بێئامان لە نێوان سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران.

میرنشینە کوردە سەربەخۆکان، کە **مەلا ئیدریس** پێکەوەی نابوون، وەک ناوچەیەکی بێلایەن دەورێکی کاریگەریان دەبینی، نەک هەر ئەمە، بەڵکو وەک ناوچەیەکی لەچەکداماڵراوی وا، کە هیچ سوپایەکی داگیرکەر نەیدەتوانی بەسەریاندا بۆ ئەولای تر تێبپەڕێت. لەم کاتەدا گۆڕانکارییەکی گەورە لە قەبارە و ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو خێڵە کوردانەدا هاتبووە دی، ئەو پەیوەندییە بەردەوامەی کورد و تورک و تێکەڵبوونی ژن و ژنخوازی وای کردبوو، بارە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بگۆڕێت، وشە تورکییەکان ئاوێتە بە زمانە کرمانجییەکەیان بووبوو، لە ٢٠%ی تێپەڕاندبوو، لە نێو ئەم گەلەدا توندوتۆڵترین پەیوەندی هاتبووە دی. ئەمەش لە ئەنجامی چڕوپڕی پەیوەستبوون بەیەکەوە و ئەو سیاسەتە ژیرانەیەی سوڵتانەکان گرتبوویانە بەر، لە ئازادکردنی ویلایەتە کوردییەکان بە حوکمێکی زاتیی تەواو. ئینجا لە گرنگترین ئاسەواری ئەم سەربەخۆکردنە تەواوە، لەناو بازنەی ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا ئەوە بوو، کوردەکان لەگەڵ حوکمەتی تورکدا بەشدارییەکی کاریگەر و هاوکارییەکی توندوتۆڵیان دەکردن.

ڕێگەیان لە هیچ کاروانێک نەدەگرت بە خاکیاندا تێپەڕ بووبوایە، خۆ ئەگەر تاوانبارێک دەستی بۆ کاروانێک بردبا، ئاغا ئاسوودە نەدەبوو، تا کابرای جینایەتکاری نەگرتبا و بە

توندی سزای نەدابا، موسافیرە بیانییەکەشیان قەرەبوو دەکردەوە.

لە چوارسەد ساڵی ئایندەدا، تورکەکان هیچ کارێکی جەنگی و پەلاماردانیان دژ بە کورد نەکردووە، لە بەرانبەردا کوردەکانیش دەچوونە ناو سوپاوە و هەندێکیان وا تێیدا بەرز بوونەوە، تا پلەی قوماندان و سەرکردایەتی. منیش لەو بەدواداچوون و بنکولکردن و لێکۆڵینەوە زۆرانەی کە کردوومن، هەواڵێکی وام بەرچاو نەکەوتووە، لەو ماوەیەدا کە ئاماژە بێت بۆ شەڕ و کوشتاری لە نێوان کورد و سوپای عوسمانیدا. بۆیە بڕیارم دا ئەم بۆشاییە بەوە پڕ بکەمەوە، کە فیکرەیەکی وا بە خوێنەر بدەم ئاخۆ لە دەرەوەی وڵاتی کوردەواریدا، لەو ماوەیەدا، چی ڕووی داوە؟ مەبەستیشم لەمە ئەوەیە تا خوێنەر بتوانێت یەکانگیرییەک لە نێوان مێژووی تایبەت بە کورد، مێژووی گشتیی هاوچەرخی موسڵمانان لەم بەشەی جیهاندا، بکات.

*** سوڵتان سلێمانی قانوونی:**

ساڵی ١٥٢٠ زایینی، ئەم سوڵتانە چووە سەر تەخت، ئەمە دوای ئەوەی **سوڵتان سەلیم**ی باوکی، کۆچی دوایی کرد، دنیاش بە **سلێمانی قانوونی** دەیناسی، ئەمەش بە هۆی ئەو کارە مەزنانەیەوە کە کردوونی، ئەو قانوونانەی بۆ گەلە ژێردەستەکانی ناو ئیمپراتۆرییەکەی تورکی داناون، بەرفراوانکردنی پانتایی خاکی ئیمپراتۆرییەکەی، بەوەی کە لە ١٥٢١ زایینی *بەلەگراد* ١٥٢٢ زایینی، *ڕۆدس*ی خستە سەر ئەملاکی عوسمانی. لە تەرەفەکانی باکووری ڕۆژئاواشەوە، پێگەی خۆیانی بەهێز کرد و چەسپاندی، کە لەسەر تەختی

پاشایەتیی مەجەڕ، شەڕ لە نێوان **فەردیناندی** ئیمپڕاتۆری نەمسا و **فوافود جۆن زابولیای** مەلیکی *ترانسلڤانیا* هەڵگیرسا، **سلێمان** پشتی ئەمەی دواییانی گرت و لاگیری بوو، لە ئەیلوولی ١٥٢٩ زایینی، *بۆدابێست*ی گرت و تێیدا تاجی شاهانەی نایە سەر **زابولیا**. ئینجا ڕووەو *ڤیەننا*ی پایتەختی ئیمپڕاتۆری نەمسا، ئاوزەنگی لێ دا و کەوتە ئابڵوقەدانی، هێندەی نەمابوو شارەکە تەسلیم بێت و بکەوێتە ژێر دەستی، بەڵام لە ١٥ تشرینی یەکی ١٥٢٦ زایینی، بە هۆی کەمی ئازووقە و تفاقی شەڕەوە، کشایەوە دواوە. لێکۆڵەرەوان لە مێژووی ئەورووپا دەڵێن و ددان بەوەدا دەنێن، ئەگەر بهاتایە و ڤیەننا بکەوتایەتە دەست **سوڵتان سلێمانی قانوونی**، ئەوا نەک هەر ڕووکاری مێژوویی گشت ئەورووپا دەگۆڕدرا، بەڵکو هیی گشت جیهانیش. لە واقیعیشدا ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆژهەڵات بەسەر ڕووداوەکاندا هاتن، ڕووی سوڵتانیان لە ئەورووپا وەرچەرخاند، چونکە لە ١٥٢٤ زایینی هەستی بە پەرەسەندن و زیادبوونی جموجۆڵ و چالاکییەکانی ئێران دەکرد لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

والییەکانی ئێران لە سەردەمی شا **ئیسماعیلی سەفەوی**یەوە، بەسەر بەغداوە فەرمانڕەوا بوون و حوکمیان دەکرد، تۆسقاڵە زەرەیەک ددانیان نەدەنا بە خەلیفایەتیی سوڵتانی تورکەوە، لە ١٥٢٤ زایینی، شا **تەهماسب** کوڕی شا **ئیسماعیل** چووە سەر تەختی شاهنشایی ئێران، بەغداش هێشتا هەر والییە ئێرانییەکان حوکمیان دەکرد، لە سەردەمەکەی **تەهماسب شا**دا، نێوان تورک و ئێران تا ئەوپەڕی تێک چوو، ئەم جارە والیی بەغدا لەگەڵ شاکەی خۆی تێکی دا و لەیەک ڕەنجان، ئەمە بە هۆی جموجۆڵە دیپلۆماتییەکانی تورکەوە،

والی داوەتی سوڵتانی تورکی کرد بۆ زیافەتی لە بەغدا، **تەهماسب شا** لەسەر ئەمە سوپایەکی بەهێز و فرەی نارده سەر بەغدا بۆ گوێبادان و تەمبێکردنی ئەو والییە ناپاکە.

ئا لێرەدا بوو کە جارێکی دیکە کورد لە سەر شانۆکە دەرکەوتەوە، چونکە سوپا ئێرانییەکە دەبوو بە ناو خاکی کورددا تێبپەڕێت، بەڵام ئەو سوپا قورس و گرانە، بە چەکە قورسەکانی و کەرەستە زۆروزەوەندەکانی و بار و بارخانەیەوە، بە پەلامار و هەڵکوتانە سەری پەیتاپەیتای کوردەوە، دووچاری گەلێک کۆسپ و ئاستەنگی سەخت بووەوە. کوردەکان، سوپا ئێرانییەکەیان بە تەواوی ماندوو کرد و پەکیان خست. ئەمەش بوو بە هۆکارێکی سەرەکی لە تێشکان و شکستی ئەو سوپا فارسییە لە دواجاردا.

هەمان کات، **سوڵتان سلێمان** و **ئیبراهیم** پادشای وەزیری، لە ١٥٣٤ زایینی، بە دوو سوپاوە ڕووەو بەغدا دەبوونەوە، لە نیسانی ١٥٣٤ سوڵتان لە بیریجیک‌ەوە لە ڕووباری فوراتی دا و پەڕییەوە، لە مایسدا گەیشتە ئامەد، ئەو کاتە **ئیبراهیم** پادشاش وا چووبووە پێش، تا گەیشتە تەورێزی پایتەختی ئیمپڕاتۆری سەفەوی، شا چۆڵی کردبوو.

ئامانجی هەردوو سوپاکەی **سوڵتان** یەکگرتنەوەیان بوو لە بەغدا، بۆ ئەمە دەبوو بە ناو خاکی کورددا گوزەر بکەن، ڕاستییەکەشی ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەی ئاغا هاوپەیمانەکانی تورک بوو، چونکە لەو ساوەی کە هاوپەیمانییەکەیان لەگەڵ **سوڵتان**دا گرێ دابوو، ئەو هاوپەیمانییە نەخرابووە بواری جێبەجێکردنەوە.

کابرای والیی ئێرانی لە بەغدا، بەبێ تەقە تەسلیم بە سوڵتان بوو، سووکوئاسان بێ دڵۆپێک خوێن و بە ڕەزامەندیی

عەرەبەکانیش حوکم چووە دەست تورکەکان. مێژوونووسە هاوچەرخەکان هاتنە ناوەوەی سوڵتان بۆ ناو شاری بەغدا لە تشرینی دووی ١٥٣٤ زایینی، بە درێژی و سەرنجڕاکێشانەوە باسی دەکەن.

**سوڵتان سلێمان** دوو ساڵ لە بەغدا مایەوە، لەو دوو ساڵەدا بینای جوانی تێدا بوونیادنا، جۆگەیەکی زۆری بۆ ئاودان ڕاکێشا، دامەزراوە گشتییەکانی دەکردەوە.

**[خشتەی بنەچەی بنەماڵەی عوسمانییەکان – سوڵتانە تورکەکان]**

عوسمانی یەکەم ١٢٩٩

↓

ئۆن خان ١٣٣٦

↓

مورادی یەکەم ١٣٥٩

↓

بایەزیدی یەکەم ١٣٨٩ - ١٤٠١

↓

موحەمەدی یەکەم ١٤٠٣ – ١٤١٣

↓

مورادی دووەم ١٤٦١

↓

موحەمەدی دووەم ١٤٥١

↓

بایەزیدی دووەم ١٤٨١

↓

سەلیمی یەکەم ١٥١٢

↓

سلێمانی یەکەم ١٥٢٠

↓


سەلیمی دووەم ١٥٦٦
موورادی سێیەم ١٥٧٤
ئەحمەدی یەکەم ١٦٠٣
مستەفای یەکەم ١٦١٧-١٦٢٢
ئیبراهیم
١٦٤٠
مورادی چوارەم
١٦٢٣
عوسمانی دووەم
١٦١٨
موحەمەدی چوارەم
١٦٤٨
سلیمانی دووەم
١٦٨٧
ئەحمەدی دووەم
١٦٩١
مستەفای دووەم ١٦٩٥
ئەحمەدی سییەم ١٧٠٣
مەحموودی یەکەم
١٧٣٠
عوسمانی سییەم
١٧٥٤
مستەفای سییەم
١٧٥٧
عەبدولحەمید
١٧٧٤
سەلیمی سییەم
١٨٧٩
عەبدولمەجید ١٨٣٩
عەبدولعەزیز ١٨٦١
مورادی چوارەم
١٨٧٦
عەبدولحەمیدی دووەم
١٨٧٦
موحەممەدی پێنجەم
موحەممەدی چوارەم
رەشادی چوارەم ١٩٠٩

جگە لە بەرپاکردنی ئاشتی و ئاسوودەیی و ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی حوکم، ئینجا پاش ئەوەی والییەکی تورک و دوو جێگری بۆ دانا، سەرکردەیەکی سوپاشی بۆ دەستنیشان کرد، خۆی گەڕایەوە بۆ ئەستەنبووڵ.

وەک دەبینین، مێژوو لە دووسەد ساڵی ئایندەدا کوردی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەیاد کردبێت وایە، بە هیچ جۆرێک، هیچ ناکۆکییەک لە نێوان کورد لە لایەک، تورک و ئێرانییەکان و عەرەب لە لایەکی دیکە ڕووی نەدا، دیارە کوردیش هیچ جیاوازییەکی نییە لەوانی دیکە، جگە لەو جیاوازییەی کە دەوروبەرە سروشتییەکە دەیسەپێنێت، ئەو جیاوازییەش لەوەدایە کە گەلێک لە دەشتاییەکاندا دەژین و یەکێکی دیکە لە شاخ. بێ لەمە، کوردەکان شانبەشانی عەرەب، تورک و فارس لە تەبایی و ئاسوودەییەکی تەواودا دەژیان.

### شا عەباسی دووەم ١٥٨٥- ١٦٢٨:

دوژمنایەتیی تورک و فارس سەد ساڵی تریش بەردەوام بوو، لە ساڵی ١٥٨٥ زایینی، شا **عەباس** چووە سەر تەختی شاهانەی فارس، گەنجێکی پڕ لە کەفوکوڵ و هەڵپە بۆ فراوانکردنی مەملەکەتەکەی و داگیرکردنی دراوسێکانی. تورکیاش لەوە بەهێزتر بوو کە ئەم بتوانێت سنگی لێوە پێش بەرێت و ڕکابەری بکات، ئینجا لەبری ئەمە، **شا** عەزم و جەزمی کرد کە ڕۆژهەڵات پاماڵ بکات و بیگرێت.

ئۆزبەگییەکان هەمیشە پەلاماری شارە سەرسنوورییەکانیان دەدا، بەرانبەر ئەمە **شا** هەڵمەتێکی سەرکەوتووی کردە سەر ئەو ئۆزبەگیانەی ناوەڕاستی ئاسیا، نەک هەر لە سنوور دەریپەڕاندن، بەڵکو بەشێکی زۆر لە

خاکەکەیانی دابڕی و گرتی. **شا** لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، دەستی کردە دابەشکردنی زەویوزارەکانی ئەو ناوە بەسەر ئەو سەرکردە کوردانەی بەشداریی هەڵمەتەکەی سەر ئۆزبەگییەکانیان کردبوو. ئا بەم جۆرە چەند هەزار خێزانێکی کورد لە کوردستانەوە ڕەویان کرد بۆ سەر سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و لەوێ سوکنا بوون. ئەم کارەی **شای** لای کوردەکان خۆشەویست کرد!

دووەم هەنگاوی ئاقڵانەی تری ئەوە بوو، کە **میر شەرەفەدین**ی نووسەر و مێژووناسی کوردی بەناوبانگی قایل کرد،، بەوەی مێژوویەک دەربارەی کورد بنووسێتەوە، وای بنووسێت کە ڕاستی و هەقیقەتە مێژووییەکان تێیدا بە لای ئێراندا داشکێننەوە و دژ بێت بە سوڵتانی تورکی. ئامانجیش لەمە ڕاگرتنی ئەو تێکچڕان و ئاوێتەبوونە بوو کە هێدیهێدی خەریک بوو لە نێوان کورد و تورکدا ڕووی دەدا، هەروەها وروژاندنی ئەو گیانی شانازی و بەخۆنازینە سوننەتییەی ناو کورد خۆی بوو، بیرهێنانەوەیان بەو پەیوەندییە دێرینانەیان بە وڵاتی فارس و ڕۆژهەڵاتەوە. بەم جۆرە سۆزیان بە لای ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا وەردەچەرخێت و ڕووی لێ وەردەگێڕن؛ بەڵام ئەو کتێبە مێژووەی خێڵە کوردەکان کە میر **شەرەفەدین** بە ناوی *شەرەفنامە*وە داینا، کتێبێکی بەنرخە و ئینسایکلۆپیدیایەکی زانیاریی فراوانە، سەرەڕای ئەو نوقسانییەی کە باسمان کرد، کتێبەکە بریتییە لە مێژووی گشت هۆز و خێڵە کوردەکان، ئەسڵ و ڕەسەنیان، درێژە و وردەکاریی هەڵمەت و شەڕەکانیان، ناوی سەرخێڵ و ئاغایانی

کورد که لەو شەڕانەدا بەشدار بوون. کتێبەکە بە زمانی فارسی دانراوە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کرمانجی[١].

*** نادر قولی خان:**

لە سەرەتای سەدەی هەژدە ئەفغانییەکان بە بوێری و چاوقایمیی خێڵەکانیان و بە هۆی ئەو گەندەڵی و داوەشینەی ناو سەفەوییەکان خۆیان، توانیان تەختوتاراجی فارس ژێرەوژەبەر بکەن و وڵاتەکەیان بگرن. **نادر قولی خان** کوڕی خێزانێکی مامناوەند بوو، بووە سەرخێڵی *ئەفشار*[٢]، دوایی بە پەلامار و شاڵاوە لە ناکاوەکانییەوە، بووبووە سەرچاوەی ترس و تۆقینی سەردەمی خۆی.

لە ١٩ ئازاری ١٧٣٣، **نادر قولی خان** بەهێزەکانییەوە بە ناو خاکی کوردەواریدا پەڕییەوە بۆ گرتنی بەغدا، کوردەکان بە توندی و سەختی، بەو گیانەی کە لێیان دەبینرا لە بەرهەڵستیکردنی هەر داگیرکەرێک کە بێتە سەر وڵاتەکەیان، بەربەرەکانیی ئەم سوپایەی ئەفغانیشیان کرد، بەڵام لە ئاست لێشاوی سوپاکەی **نادر قولی**دا خۆیان پێ ڕاگیر نەکرا، سوپایەک لەوان زۆرتر و بەزەبرتر، بە سەربڕینی ئافرەت و منداڵ و سووتاندنی خانووەکانیان و پیاوەکانیشیان وەک ئاژەڵ دەدایە پێش... ئەمانە ترس و بیمێکی گرانی نابووە دڵی کوردەکانەوە.

---

[1]) پێشتر لەم کتێبە دواین.

[(2)] کورد دەڵێت *هەوشار*، بڕوانە: حسێن حوزنی موکریانی، کورد و نادرشا، ل ٣، ڕەواندز ١٩٣٤.

سەبارەت بە **نادر شا**، مێژوونووس **حسێن حوزنی موکریانی** (داماو) دەڵێت: "ئەگەر بە چاکی لە مێژووەکان وردببینەوە و بە هەر لاپەڕەیەکی مێژووی **نادر** تەماشا بکەین، پڕن لە ئازایی و ڕەشیدیی میللەتی حەقناسیی کورد. بەڕاستی بناغەی حکومەتی سەفەوی و هەوشاری کورد دایانمەزراندن، لە سایەی کۆششی ئەوانەوە بینا کران.". بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو – کورد و نادرشا –ل ٣٠.

له ١٧ تەموزی ١٧٣٣، **نادر قولی خان** له بەردەم **گوبال عوسمان پادشا** ناسراو به **عوسمان پادشای شەل**دا شکستی خوارد و پیس شکا، شکانێک، به دەستی ئەو سەرکردە تورکە، لە پێش دەرگاکانی شاری بەغدا. فیرقەی ئەسپسوارانی ناو سوپای تورک گشتیان کورد بوون، هەتا لەناو بەشەکانی تر و تۆپخانەشدا ژمارەیەکی بەرچاو کوردیان تێدا بوو.

**نادر قولی** سەرسام و شپرزەی ئەو خەسڵەتانەی بە کوردەوە بوو لە کاتی شەڕکردنیاندا، فەرمانی دا بە کشانەوە بۆ ئێران، دیسان دەبوو بە وڵاتی کوردەواریدا ڕەت ببێتەوە، بۆیە ڕووی لە هەر کوێ دەکرد تۆڵەی لە کورد دەکردەوە، بە سەربڕینیان و کۆکردنەوەی کەللەسەرەکانیان وەک گردۆڵکەیەک لە ناوەڕاستی گوندەکاندا، دەیگوت: کورد لە گورگ دڕندەترە، دەبێت لەسەر ڕووی زەمین نەهێڵرێن.

**گوبال عوسمان**، سەرکردە تورکەکە نیشتبووە سەر هێزە شکستخواردووە ڕاکردووەکەی ئەوغانییەکان، لە گوندێکی بچووکدا کە *لەیلان*یان پێ دەگوت، لە تەختاییەکی ڕوو لە باکوور کە ١٢ میل لەو لا کەرکووکەوەیە، **نادر قولی** کتوپڕ وەستا. لەو شوێنەدا ئەو سەرکردە ئەوغانییە وریایە، تورکەکانی کێش کردە ناو ئەو گۆڕەپانی شەڕەوە کە خۆی دیاری کردبوو، لە ٢٦ تشرینی یەکی ١٨٣٣[١]، شەڕێکی یەکلاییکەرەوە قەوما و دوایی بە کوژرانی ئەو سەرکردە ئازایە **گوبال عوسمان پادشا** کۆتایی هات.

**نادر قولی** سەرکەوتنەکەی ئەم جارەی بە لاوە مەبەست نەبوو، بۆ هیچی نەڕەخساند، چونکە دەیزانی وا لە ناوجەرگەی

---

(1) ڕاستتر: ١٧٣٣.

ولاتی کوردەکاندا، بڕیاری دا لە کشانەوەکەی بەردەوام بێت. کەچی پاش دە ساڵی دیکە، لە موسڵەوە سەری هەڵدایەوە. ئەو کە سوێندی خواردبوو لەسەر ڕووی زەوی تاقی کورد نەهێڵێت، ئەم جارەیان لە ئەیلوولی ١٧٤٣دا، شەڕەکەی بە ئابڵوقەدانی شاری موسڵ دەست پێ کرد، (گەورەترین شاری کوردستان). پاش چەند ڕۆژێک لە ئابلووقەی توند، بەپێی پلانی دانراو هێرشی برد، بە چەند مینێک توانی دەلاقەیەک بکاتە دیواری شورەی شارەکە[١]، کوردە ئازاکان ئەو دەلاقەیەیان بە لاشەی کوژراوانی دوژمن گرت و توانیان بیاندەنە دواوە، ئەوغانییەکان دەستیان کردە هاویشتنی تۆپەڵە ئاگر بۆ بەردەم دەرگاکانی شار، بەڵام با دەیگێڕانەوە بۆ سەر خۆیان، ویستیان هەڵزنێن تا سەربکەونە سەر شورە و دیوارەکانی دەوری شار، بەڵام کورد بۆیان ئامادە و لەبار بوون، هەر ئەوغانییەک سەردەکەوت، دەیانکوشت و سەریان دەبڕی و کەللە سەرەکانیان دەکەوتەوە بەسەر هاوڕێکانیاندا لە خوارەوە.

ئەم شەڕە سەختە ئاوا بەردەوام بوو، هەر کام لەو دوولایە دەیویست تێبکۆشێت بەسەر بەرانبەرەکەیدا، سەربکەوێت و لەناوی ببات، دواجار کوردەکان توانیان دەلاقەکە بگرنەوە و دیوارەکە هەڵبچننەوە. ئیدی **نادر قولی خان** دوای ئەو بەرهەڵستییە پاڵەوانانەیەی کوردەکان، ناچار بەرەو زێدی خۆی جڵەوی ئەسپەکەی وەرگێڕا[٢].

---

[1] مەبەست لە مینی ئەم سەردەمە نییە، بەکارهێنانی باروت بووە بە شێوە ساکار و کۆنەکەی.

[2] سەبارەت بە کورد و شاری موسڵ و دەڤەرەکەی: لە سەردەمی ئەتابەگییەکاندا لە ناو موسڵ و دەوروبەریدا گەلێک خێڵی کورد هەبوون، **ئیبن حەوقەل** دەڵێت زۆربەی دانیشتوانی موسڵ لە سەردەمی خۆیدا (سەدەی چواردەی کۆچی) کوردی هەزبانی، حەمیدی و لاری بوون، زۆربەشیان نیشتەجێی قەڵاکانی زوزانی دەوری

### * کەریم خانی زەندی ١٧٥١ – ١٧٧٩:

پاش بەسەرچوونی داگیرکاریی ئەفغانی بەسەر وڵاتی فارسەوە، سەرلەنوێ ناکۆکی و ململانێ کەوتەوە نێوان هەردوو خێڵی *قاجار* و *بەختیاری*یەکان، لە ساڵی ١٧٥٠دا **موراد خان** کە سەرخێڵی بەختیارییەکان بوو، خۆی کردە ڕاییکەری کاروباری شاهانەی ئیمپڕاتۆری[1] و لەمەدا **کەریم خانی زەندیش** هاتە پاڵی، ئیتر بووە سەرۆکێکی بێهاوتای خێڵە کوردەکان و لوڕستانییەکان کە نیشتەجێی باشووری ڕۆژئاوای ئێران بوون.

**موراد خان** و **کەریم خانی زەندی**، پێشتر بۆ شکستدان بە ئەوغانییەکان هاوپەیمانی یەکدی بوون، بەڵام زۆری نەبرد لەسەر دەسەڵات بەینی ئەمانیش تێک چوو، **کەریم خانی زەندی** سوپایەکی کوردی بەهێز پاڵپشتیی دەکرد، بەمەش تا لە ژیاندایە، بووە ڕاییکەری کاروباری شاهانەی ئیمپڕاتۆری. *شیراز*، کە شارێکی باشووری وڵاتی فارسە، کردییە مەڵبەندی فەرمانڕەواییەکەی، جێی باسە ئەو دەڤەرە کاتی خۆی زێدی خامینییەکان و ساسانییەکان بووە.

**کەریم خان** بە گژ دوو نەیاری خۆیدا چوو و تێکی شکاندن، ئەوەش بە زەبری ئەو ئەسپسوارانەی کە لە لوڕ،

---

موسڵ بوون، هەروەها هەندێکشیان لە قەڵاکانی هەکاری، حەمیدی و ئامێدیدا بوون. لە ساڵی ٥٣٧ کۆچی، **عیمادەدینی زەنگی**، شارەکەی داگیر کرد خستییە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. بڕوانە: رشید الجمیلي / دوله الأتابکه في الموصل بعد عماد الدین الزنکی ٥٤١– ٦٣١ هـ أگروحه ماجستیر – جامعه الأسکندریه بمصر. ط دار النهچه العربیه، بیروت. ص ٢٨٤.

[1] ڕاییکەری کاروباری شاهانەی ئیمپراتۆری (الوصي علی عرش الأمبراطوري).

کورد، بەختیاری و عەرەبەکان پێک هاتبوون. نزیکەی بیست ساڵ ئاشتیی باڵی بەسەر وڵاتی فارسدا کێشا.

دوای لە دنیادەرچوونی **کەریم خان**، **لوتف عەلی خان** (کە یەک لە سەرکردەکانی خێڵەکانی لوڕ بوو) حوکمی گرتە دەست، بەڵام نەیتوانی لە ئاست قاجارەکاندا خۆی بگرێت. قاجارەکان لەو خێڵە تورکمانیانەن کە تارانیان کردبووە نێوەندی دەسەڵاتی خۆیان، دەستیان بەسەر باکووری وڵاتی فارسدا دەڕۆیشت، ئەم **لوتف عەلی خان**ە پاش ئەوەی کەوتە بۆسەیەکی تورکمانەکانەوە، دەستگیر کرا، دایانە دەست **ئاغا موحەممەد خان**، کە دامەزرێنەری بنەماڵەی قاجارییەکان بوو، ئەویش پاش ئەوەی لە کانوونی یەکی ١٧٩٤دا هەردوو چاوی دەرهێنا، ئینجا کوشتی.

کەچی هەندێک لە مێژوونووسان، زۆر ئاوڕ لەو ماوە کەمەی حوکمی کورد لە خوارووی ئێراندا نادەنەوە و بایەخی پێ نادەن، چونکە بە ڕای ئەوان ئەو سەردەمە جگە لە سەرکێشییەکی سەرکەوتوو، زیاتر شتێکی تر نەبووە، کە یەک لە سەرکردە خێڵەکییەکان کردوویانە، بە تایبەت لە سەروبەندی لاوازی و بێدەسەڵاتیی حوکمەتی ناوەندا لە ئێران؛ بەڵام بەبێ دوودڵی ئەو دوو سەردەمەی **کەریم خانی زەندی** و **لوتف عەلی خان** بۆ باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ئێران، هەلێکی چاک بوو کە نکۆڵیی لێ ناکرێت بۆ ئەو ناوە لە بەرپابوونی ئاشتی و ئاسوودەییەکی سی ساڵەی بەردەوام، ئەمەش بووە هۆی گەشەی گشت لایەکی وڵاتەکە و سەرلەنوێ دەستکردنەوە بە هامشۆ و ڕەفتی بازرگانی لەگەڵ عێراق و جیهانی عەرەبدا.

ئینجا لە بەشی داهاتوودا، دەبینین لە سەدەی نۆزدەدا بەشی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ئێران، چ بایەخێکی گەورەی هەیە، کاتێک نەوت لەو دەڤەرانەدا دەدۆزرێنەوە.

# بەشی شەشەم
# ڕابردوویەکی نزیك

لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، چوار هۆکاری سەرەکی کاریان کردە سەر مێژووی گەلی کورد، بەپێی ڕیزبەندیی مێژووییان بریتین لە:

١- شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا.

٢- پووکانەوەی هێز و توانای ئیمپڕاتۆریی تورک.

٣- دۆزینەوەی نەوت لە وڵاتی کوردەواریدا.

٤- پەرەسەندنی جموجۆڵ و چالاکیی ڕێکوپێکی دوژمنانی موسڵمانان بۆ هێنانەدیی ڕقوکینە لە نێوان گەلانی موسڵماندا، تا بێهێز بن و پەلاماری یەکتر بدەن.

لە سەردەمی ئێستاماندا، هۆکاری چوارەم بایەخی زیاتر بووە، ئەویش بە هۆی ئەو هەستی یەکبوونەی لەناو گشت موسڵماناندا بوو، دیارە بەپێی ئەو هۆکارە مێژووییە نەگۆڕانەی کە وەک خۆیان مابوونەوە، بەڵام لە بەردەم بەرەوپێشەوەچوونی ئەم یەکبوونی موسڵمانانەدا، دوو جۆر ئاستەنگ هەن:

**یەکەمیان:** ئەو دەوڵەتانەی دابەشبوون و پارچەپارچەکردنی دنیای موسڵمانیان لە بەرژەوەندیدایە، بۆ ئەمە کار دەکەن، بۆ ڕەخساندنی باوەڕێکی نا ئیسلامی (باوەڕی نەتەوەیی)، ئەم باوەڕەش ئایینی ئیسلام پەسەندی ناکات، چونکە نیشتمان بەپێی سنووری جوگرافی، زمان و ڕەگەز دیاری دەکات.

**دووەمیان:** ئەو کەسانەی لافی موسڵمانی لێ دەدەن و بانگەوازی بۆ دەکەن، ئەوانەی ڕێکخراوی نهێنی و نیمچە نهێنی لە نێو گەلی موسڵماندا پێک دەهێنن، لە ڕواڵەتدا ناوی تازە و دوور لە گومان، یان تازە و بۆ دەستگرتن بەسەر حوکمەتە شەرعییەکاندا بە هەر شێوەیەک بێت. ئەفرادەکانی ئەم ڕێکخراوانە خۆیان بە وردیی ڕێک دەخەن کە لە واقیعدا حوکمەتێکی ترن (بەڵام لە ژێرەوە و بە نهێنی). ئەم کۆنەپەرستانە ئەندامانی خۆیان لە شوێنە هەستیارەکانی ناو فەرمانگە حوکمەتییەکاندا دادەنێن، بە بەکارهێنانی هەر ڕێگەیەکی نەشیاو و دوور لە بەزەیی، هەر کەسیش لە ڕێیاندا بوەستێتەوە، لەناوی دەبەن.

من ئەمانە بە کۆنەپەرست ناو دەبەم، چونکە لەپێناو بەرژەوەندیی دنیایی، قوربانی دەدەن بە بەرژەوەندیی بەرز و بڵندی ئیسلام، لەپێناو دەستکەوتی ئەندامانی کۆمەڵەکانیان، ئەمانە بە هێنانە کایەی ئەو بارودۆخەی هەوڵی بۆ دەدەن، دەچن ئاسەواری ئەو کۆشش و تەقەللا مێژووییانە، کە بۆ بەهێزکردنی موسڵمانان لە گشت لای جیهان دراوە، تا لەناو یەک ئۆمەت و یەک حوکمەتدا یەکیان بخات، بنەبڕ دەکەن[1].

---

[1] باشترین نموونەیەک بۆ ئەوەی نووسەر باسی دەکات، ڕێکخراوی *ئیخوان موسلمین*ە لە وڵاتی میسر، و لقەکانییەتی لە وڵاتانی ئیسلامیی عەرەبی و غەیرەعەرەبی.

### ١- شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا:

ئەوەی لە ئەورووپا بەری بۆ مرۆڤ بەرفراوان کردبوو، هەلی بۆ ڕەخساندبوو تا دەست بگرێت بەسەر هێزە سروشتییەکاندا، شۆڕشی پیشەسازی بوو. ئەو هێزە سروشتییانەی تا ئەو کات لای بەشەر نەناسراو و نەزانراو بوون، کاریگەریی سەرەکیی بۆ ئەم شۆڕشە بریتی بوو لە زۆربوونی بەرهەمی پیشەسازی کە دوو کێشەی هێنایە ئاراوە: یەکێکیان دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی لە پێویستیی ناوخۆ و دەوڵەت زیادە. ئەوی دیکە دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی سالانەی بەردەوامی مادده خاوەکان.

دەوڵەتە ئەورووپاییەکان ئەم دوو کێشەیەیان چارەسەر کرد، لە ڕێی سەپاندنی داگیرکاری و دەستبەسەراگرتنی گەلێک بەشی تری جیهان، لەم بوار و مەیدانەدا، هۆڵندا، پرتوگال، فەڕەنسا و ئینگلتەرا یەک بەدوای یەکدا هاتنە پێش، لەمەدا ئەڵمانیا دوا کەوت، بەڵام لە هەر دەوڵەتێکی ئەورووپایی تر، چالاکانە بەخۆ کەوت.

بەر لە نیوەی سەدەی نۆزدە، ئینگلتەرا جوان خۆی لە نیمچە دوورگەی کیشوەری هیندیی مەزندا چەسپاندبوو، بەبێ ڕکابەر هەر خۆی سەروەر و دەسەڵاتدار بوو، هەتا ئەو کاتە ئینگلتەرا لە سەرکەوتنیدا بەسەر گشت ڕکابەرە ئەورووپاییەکانیدا، کەس نەبوو شان لە شانی بدات لە پیشەسازیکردن، داگیرکردن و بەکاربردنی سەرچاوەی سامانی سروشتیی وڵاتە ژێردەستەکانیدا، سەرتۆپی هەموان بوو. کۆڵەکەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەیشی بازرگانیکردن بوو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، بۆ ئەمە ئەرکی یەکەمی هێزە چەکدارەکانی هاتبووە سەر کردنەوەی ڕێگە بازرگانییەکان و

پاراستنیان، واش ڕێک کەوتبوو کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین کەوتبووە سەرە ڕێگەی بەریتانیا و ئیمپراتۆرییەکەی ڕۆژهەڵاتی (هیندستان أ.ب)، ڕۆژهەڵاتی ناڤینی ئەو عەیامەش، بەشێک بوو لەو کۆمەڵە وڵاتانەی ئیمپڕاتۆری تورکیان لێ پێک هاتبوو، تورکیا هێشتا بەهێز و گوڕ بوو و حیسابی بۆ دەکرا. بەم هۆیە و هۆی ترەوە ئینگلیز نەیاندەتوانی بە ئاسانی دەسەڵاتیان بگرن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بەڵام مەبەستی خۆشیان نەدەشاردەوە کە تەمادارن ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکەنە توێشوویەکی[1] تایبەت بە خۆیان. بە مانایەکی دیکە، ئەوەی لە زمانی دیپلۆماتیی سەردەمدا پێی دەگوترێت *ناوچەی نفووز*.

ڕووس هاوسێیەکی ڕاستەوخۆی تورکیا و ئێرانە، لەمێژە چاوی لەسەر کەناراوەکانی ئاوە گەرمەکانە، بە عەزرەتەوە بوو ئێرانی ببڕیایە و دەستی بگەیشتایەتە کەنداوی فارس و زەریای هیندی، جا هەریەک لە بەریتانیا و ڕووس، پێشبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی کامیان گەورەترین بەشێک لە ئیمپڕاتۆری تورک بپچڕن بۆ خۆیان، ڕاستییەکەش بەریتانیای مەزن، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە شەڕی قرمدا دەستی یارمەتی بۆ تورک درێژ کردبوو دژ بە ڕووسەکان، بەڵام خۆ ئەوە لە بەرچاوی کاڵی پاراستنی هێز و توانای تورک نەبوو، بژاردەیەکی ئینگلیز خۆی بوو لە نێوان ئەو مەترسییە چاوەڕوانکراوەی هەڕەشە لە تورک دەکات (موڵکەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین) و لەدەستدانی ئیمپراتۆرییەکەی خۆیان لە هیندستان (چوونە ناوەوەی ڕووسیا بۆ ناو هیندستان لە ڕێی سنووری باکووری ڕۆژئاوایەوە).

---

[1] توێشوو: خۆراکێک بۆ ئاینده (زاد إحتیاطی).

جا ئەو بڕیاری یارمەتیدانەی تورک لە قرمدا، ڕاست و لە جێی خۆیدا بوو. ئێستا دەبینین کە چۆن ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سیستمە جیهانییەکانی ئەم سەردەمەدا هاتووە، کاریان کردە سەر دروستبوونی مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای بیستدا. هەر وەک پێشتریش گوتم ئەو دەوڵەتشارە کوردییانەی کە **مەلا ئیدریسی بەدلیسی** دایمەزراندن، وەک سیستمێکی ئیداریی نەتەوەیی، یارمەتیی بەردەوامبوونی ئاشتی و خۆشگوزەرانی ناو گەلی کورد و گەلانی تری ناو ئیمپڕاتۆرەکەی تورکی دا، ئێستاش هەتا دەوڵەتە گەورەکان زیاتر چاو ببڕنە ئیمپراتۆرییە تورکییەکە، ئەوا نەخشە و پلانی ئەوە دەکێشن چۆن میراتییەکانی کابرای نەخۆش بەر لەوەی گیان بدات بە دەستەوە، لە نێو خۆیاندا بەشی بکەن. ئەم کێبڕکێ شێتانەیەش بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە دەوڵەتانی تەماعکار، شێوازی ناڕەوا و سووک بەکار بهێنن، کە کوشتن و لەناوچوونی هەزاران ئەرمەنیی بێتاوانی لێ بکەوێتەوە.

**٢- پووکانەوەی هێزی تورکیا**

*** ڕووسیا:**

لە شەڕێکیدا لەگەڵ ڕووس، هەریەک لە **نیکر بۆلیس**، **سیلستریا** و **ڕشترک** لە دەست تورک دەرچوون و بەرانبەرەکەی داگیری کردن. بەپێی پەیماننامەی *بۆخاریست* کە لە ٢٨ مایسی ١٨١٢ زایینیدا لەسەری ڕێککەوتن، *بروس* بوو بە سنووری نێوانیان.

***سڕبیا:**

لە ١٨٠٤ زایینیدا، سڕبییەکان بە سەرکردایەتیی **کارا جورجسی** دژ بە تورکەکان ڕاپەڕین و دەستیان دایە شۆڕشکردن، لەمەدا ڕووسیا هاوکارییەکی کاریگەر و جیددی دەکردن.

***شۆڕشی یۆنان:**

ئینجا نۆبەی شۆڕشی یۆنان هات لە ساڵی ١٨٢٠ زایینی، لە ئەنجامیدا تورکیا تەنیا ویلایەتێکی بە بەهای لەدەست نەچوو، بەڵکو سام و هەیبەتی خۆیشی لە نێو کۆمەڵی دەوڵەتاندا لەدەست دا، ئەمەش بووە هۆی گرژی و ئاڵۆزییەکی دیپلۆماتییانەی لەژمارەنەهاتوو بۆی.

لە ٧ تەمموزی ١٨٢٧دا، هەریەک لە فەڕەنسا، بەریتانیا و ڕووسیا لە نێو خۆیاندا هاوپەیمانییەکیان گرێ دا، بە ناوی *پەیمانی سی لایی* و پاشان پڕوسیاش چووە پاڵیان. ئەمە هەر بۆ ئەوەی تورک ناچار بکەن دەست لە یۆنان هەڵ بگرێت و سەربەخۆییان پێ بدات، هەر لەو کاتەدا دەوڵەتانی ئەورووپا تاوانێکی مەترسیداریان ئەنجام دا، بە تێکشکان و نوقمکردنی کەشتیگەلی تورکی لە *ناڤارین*، لە کەناراوی نیمچە دوورگەی مۆرە، ئەمە بە ناپاکییەکی گەورە دەژمێردرا، چونکە گشت ئەو دەوڵەتانەی بەشداری ئەو کارە بوون، هێشتا شەڕیان لە دژی تورکیا ڕانەگەیاندبوو.

هەر ئەو ساڵە ڕووسیا شەڕی دژ بە تورکیا ڕاگەیاند، دیارە پاش ئەوەی بە باشی خۆی بۆ ئامادە کردبوو، بەڵام سوپاکانی لە وڵاتی بەڵکان و قەفقاس، نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن. لە بەهاری ١٨٢٩دا، ژەنەڕاڵ **دیبتش** سەرکردایەتیکردنی سوپاکانی ڕووسی لە ئەورووپادا گرتە دەست، توانی *شوملا* بگرێت، کە سەختترین کۆسپی بوو لە بەردەم سوپای ڕووسدا، ئینجا دەوری *ئەدریانوپل*ی دا و لێرەدا لە ١٤ ئەیلوولی ١٨٢٩دا، سوڵتان ناچار بوو مل بۆ سوڵح بدات، ژەنەڕاڵە ڕووسیاییەکە بۆ خۆی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەی نووسییەوە، کە تێیدا ڕووس دوورگەکانی *دانوب* و ئەو ناوچە تورکیانەی

له قەفقاسدا بوون، له نێوان جۆرجیا و ئەمیریتیا، گشتیان بۆ ڕووس بێت و تورک لێیان بکشێتەوه. هەر لەم کاتانەشدا دەوڵەتانی ئەورووپا (بەتایبەت ڕووسیا)، سیخوڕ و جاسووسەکانی خۆیان دەنارد بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش له ناوجەرگەی ئەو ئیمپڕاتۆره تورکییەدا، بۆ ئەمه هەردوو گەلی ئەرمەن و کوردیان هەڵبژارد بۆ دەستپێکردنی ئەو فیتنەیه.

ئەرمەن له گەله گەوره بێوەیەکانن، ئەوپەڕی که دەیکەن ئەوەیه دڵسۆز و لاگیری ئەو دەوڵەتەن که له سایەیدان. کڵێسای ئەرمەن سەر به مەزهەبی ئەرسەدۆکسی یۆنانییه، که ڕووسیای قەیسەر ددانی پێدا نابوو، ئیتر پاش ئەوەی ڕووسەکان ئەم پەیوەندییه ئایینییەیان گرێ دا، دنەی ئەرمەنەکانیان دەدا بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش دژ به تورکیا و داوای سەربەخۆییکردن، پڕوپاگەندەی ڕووس ئەو سەرکەوتنەی گەلی یۆنانی بەبیر دەهێنانەوه که چۆن عوسمانیانیان وەدەرنا و ئازاد بوون.

**ئیبراهیم پادشای میسری:**

له ساڵی ١٨٣٢ زایینی، **موحەممەد عەلی** پادشای والیی میسر دژ به سوڵتانی تورک ڕاپەڕی. **ئیبراهیم** پاشای کوڕی، که سەرکردەی سوپاکانی بوو له شەڕەکانی حومس و *بیلان*، بەسەر سوپای تورکدا سەرکەوت و پیرۆزیی بەدەست هێنا، سوریا کەوته ژێر دەسەڵاتی میسرەوه، له نیمچه دوورگەی عەرەبیشدا پشێوی و ئاشووب تەنییەوه، بزوتنەوەی *وەهابی* لەوێ تینوتاوێکی تازەی دەدا به عەرەبەکانی ناو ئەو چۆڵ و بیابانانه.

**خان مەحموود:**

کوردە سادە و ساکارەکان، بەم جۆرە دوو نموونەی ڕاپەڕینی موسڵمانان دژ بە حوکمی تورکیایان کەوتە بەردەست، ئەمانیش لای خۆیانەوە زنجیرەیەک ڕاپەڕین و شۆڕشکردنیان دەست دایە، یەک لەوانەی ناوی **مەحموود خان**ی تێدا دەدرەوشایەوە، کە سەرکردەیەکی گەورەی کورد بوو.

ئەم **مەحموود خان**ە سەر بە بنەماڵەیەکی بە ناوبانگی ڕەسەن بوو، پێیان دەگوت بنەماڵەی **ئەدفان خان**، کە سەر بە مەزهەبی ئێزیدیایەتی بوو، ئەسڵیشیان دەچووەوە بۆ هەکارییەکان. دوای پەلامار و شاڵاوەکانی **تەیمور لەنگ**، یەکێک لە لقەکانی بنەماڵەی **شێر ئەدفان خان**ی ئێزیدی حوکمی شاری *ڤان*یان گرتبووە دەست. **خان مەحموود** مەبەست و ئامانجێکی سیاسیی وای لە جووڵانەوەکەی نەبوو، گرنگ هاوبەشی و بەشداریکردنی بوو لەگەڵ **بەدر خان بەگ**دا، کە ئەمەی دوایی خەوی بەوەوە دەبینی ببێتە مەلیک بەسەر کوردەوە.

**گۆلۆنێل ج. شیال**، لە یاداشتەکانی خۆیدا، سەبارەت بە گەشتێکی لە تەورێزەوە بە ناو خاکی کوردستاندا، کە لە گۆڤاری کۆمەڵەی جوگرافیای شاهانەوە، بەرگی هەشت کانوونی یەکی ١٨٣٩دا بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: "**خان مەحموود**، کەسێکی زۆر بەسام بوو، ترسی دەخستە دڵەوە. لەم دواییانەدا دەستی گرتبوو بەسەر ناوچەکانی *خافاسور*، بەمەش **ئیسحاق پادشای** والیی تورک، دەسەڵاتەکەی لەو دەشتەی شاری ڤانی تێدا بوو، زیاتر بڕی نەدەکرد، بەڵام

هەرچی دەسەڵاتی عەسکەرەکانی **خان** بوو، ئەوا بەسەر شاخ و دۆڵەکانەوە بوو.

**خان** هەر بەناو وەلای بۆ سەرعەسکەری ئەرزەڕۆم بوو، خەڵکیش لە ژێر باری قورسی باج و سەرانەسەندنێکی لەبننەهاتوودا،ناڵەیان دەهات؛ کەچی ڕازیش بوون لە حوکمی ئەو **خان مەحمووده** باشە و پۆلیسە ڕێکوپێکەکانی، پیاوانی ئایینی ئەرمەن، جگە لە سەرخێڵەکانی شوکاک، هەرتوش و میرانی ڤان، دۆست و هاوپەیمانی بوون."

لە شاخەکانی باکووری سوریاشەوە، زنجیرەیەک ڕاپەڕین ڕوویان دا و تەنییەوە تا گەیشتنە دەریاچەی ڤان، ئەمانە پاش هێرشەکانی **ئیبراهیم پادشای** میسری بوون بۆ سەر سوریا، هۆزەکانی *میرانی* ئێزدی، کە نیشتەجێی شاخی شەنگال و پیرانشار بوون، پێشەنگی ئەو شۆڕشگێڕانەبوون؛ بەڵام قۆناغی دووەم لە شۆڕشەکانی کورد، لە نێوان ساڵانی ١٨٤٠ و ١٨٤٧دا بوو، سەرکردە و ڕێکخەریان **بەدر خان** بەگ بوو.

**بەدر خان بەگ:**

**بەدر خان** بەگ سەرهۆزی هەکاری بوو، لەو بەر ڕووباری دیجلەوە بە دووری ١٨ میل لە ڕۆژهەڵاتی جەزیرە. بارەگەکەی قەڵایەکی سەخت بوو، ناوی *دەرگول‌ی* لێ نابوو (بە مانای دەروازەی گوڵ).

باوکوباپیرانی **بەدر خان** پلەی بەگیان لە سێسەد ساڵ لەوەو بەرەوە، لە لایەن **مەلا ئیدریس**ەوە پێ بەخشرابوو. تورکەکان ددانیان نابوو بە سەرکردایەتیی بنەماڵەکەیدا، بەسەر گشت تیرە و هۆزەکانی ناو *جەزیرەی* ئیبن عومەر و دەوروبەریدا. **بەدر خان** بەگ خۆی کەسێکی بەتوانا و بەهێز و پاک بوو، باڵا بەرز و خاوەن لەشێکی پڕ و ڕەنگ و ڕوویەکی

جوان، ئازا و بوێر، دەستڕاست لە نیشانەپێکاندا (نیشانشکێن)، جگە لە سوارچاکییش، بە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، بە بەزەیی و سۆزییەوە ناوی دەرکردبوو. لە ڕۆژهەڵات، هەر لە سەرسنووری فارسەوە نفووزی ئەم پیاوە دەچووەوە ناو وڵاتی میزۆپۆتامیا، لە دەروازەکانی ئامەدەوە بۆ دەروازەکانی موسڵ، هەر سەردارێکی کورد لە باکووری کوردستاندا بوایە، دەستە و نەزەری بوو گوێڕایەڵی دەکرد. دیاریان لە ئەسپی ڕەسەن، زێڕ، ئێستر و شمەکی بەنرخی تریان پێشکەش دەکرد. لە دیوەخانەکەیدا لە قەڵای دەرگول، بەردەوام ژمارەیەکی زۆر لە سەرداران و پیاوماقوڵانی کورد، دەستەونەزەر لە خزمەتیدا بوون.

ئا بەم شێوەیە، بە لێهاتوویی و هێزی شەخسییەتی خۆی و ڕابەرایەتییە ژیرانەکەی، **بەدرخان** بەگ سەرکردایەتیی خێڵە کوردەکانی دەکرد، بەڵام تەنیا هەر ئەمەندە بەس نەبوو، بە لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانییش هێزی ئەم پەرەی سەند، لەوەش بگەڕێ کە ڕووسەکانیش یارمەتییەکی باشی کوردەکانیان دەدا لە شۆڕشەکەیاندا دژ بە تورکەکان. بۆیە لە دە ساڵی داهاتوودا، **بەدر خان** بەگ بووە پادشایەکی بێتاجوتەخت بۆ گەلی کورد، هیوای ئەوە بوو کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، بەڵام لە ژێر دەستی ڕووسدا.

بەرنامە سیاسییەکەی بەو ئامانجە بوو کە یەکێتییەکی کۆنفیدراڵی لە نێوان کوردەکانی باکوور و باشووردا پێک بهێنێت. ئەو باکوور و باشوورەی بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری تورکیدا چووبوونە دەرەوە، یەکەم کارێک بۆ ئەمە کە کردی، لە حوکمی تورکی هەڵگەڕایەوە، ئەوە بوو نەیهێشت

کوردەکان سەربازی بۆ سوپای تورک بکەن، ئەو کاتەش تورکیا لەگەڵ ڕووسیا لە شەڕدا بوو (١٨٢٣-١٨٢٩).

پاش ئەوەی بە سەرپەرشتی و چاودێریی **ڤۆن مۆلتکەی** سەرکردەی سوپای پڕوسی بەناوبانگ، لە ساڵی ١٨٢٦ فیرقە ئینکیشارییەکان هەڵوەشێنرانەوە و چاکسازییە سەربازییەکانیش بەڕێوە دەچوون، لەسەر تازەترین سیستمێکی سەربازیی نوێ لەشکری تورک ڕێک خرایەوە، کار گەیشتە ئەوەی سەربازی مەشقپێکراو مانگانە ڕاستەوخۆ لە دارایی دەوڵەت موچەی خۆیی پێ دەدرا. فیرقەکانی ئەسپسوار گشتیان کورد بوون، بەتایبەت لە خێڵەکانی *بوهتان* و *شاخی جودی*، کە دوو دەڤەری سەر بە نفووزی **بەدر خان** بەگ بوون، هۆزە بەهێزەکانی میران، تایان، بتوان، دودیر، کاشان و شەرناخ بە دەوروبەری چل فیرقە سوپای تورکیان زیاد کردبوو، خێڵەکانی حەیدەران، جیران، جەلالی و موجوریش بە بیست فیرقە، هەندێک فیرقەی تر لەناو هۆزەکانی میللی – میران و لقەکانیان لە فرتاشهر و خابوور لە ناوچەی دیابەکر دەگیران و چەکدار دەکران[١].

بەم جۆرە دەبینین بەشی زۆری سوپای ئەسپسواری تورک، لەناو خێڵە کوردەکانەوە دەهێنران و دەکرانە سەرباز، بۆیە هەر دەستخستنە ناو کاروبارێکی *بەسەربازکردنی* ئاسایی یان ڕێگرتن لێی، گەورەترین زیانی دەگەیاندە قەبارەی دەوڵەتی تورکی.

---

[1] نووسەر لێرەدا ناوی عەشیرەت و خێڵە کوردەکانی تێکەڵ بە ناوی ناوچە و دەڤەرەکان کردووە، دیارە ئەمەش لە نەشارەزاییەوە بووە.

کوردەکان سەرباری شۆڕشەکەی **بەدر خان**، کارێکی نەشیاوی تریشیان کرد، دەهەزار نەستووری و مەسیحی، نیو ئەوەندەش ئەرمەنیان لە ساڵی ١٨٤٣ سەر بڕی، لە ئەستەنبووڵ سەرکردە مەسیحییەکان داوا و سکاڵا پێشکەش بە سوڵتان دەکرد کە کارێک بکات بۆ ڕاگرتنی ئەو فیتنە و ئاژاوەگێڕییەی بزوتنەوە سەربەخۆییخوازەکەی **بەدر خان** ناویەتییەوە. سوڵتان **عوسمان پادشای** ڕاسپارد بە ئەرکی گێڕانەوەی ئاشتی و پاراستنی گیان و سامانی ئەرمەن و نەستوورییەکانی ناو خاکی کوردەواری.

لە ساڵی ١٨٤٤دا، **موشیر عوسمان پادشا** بانگی گشت سەرۆک هۆز و خێڵە کوردەکانی کرد بۆ کۆنگرەیەکی گشتیی لە ئامەد. مەبەست لەمە جێبەجێکردنی فەرمانەکەی سوڵتان بوو سەبارەت بە پاراستنی گیان و ماڵی مەسیحییەکان، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی ڕێگەچارە بۆ گێڕانەوەی نیزام و ئەمن و ئاسایش لە دەڤەرەکەدا، بۆ دۆخی جارانی.

**بەدر خان** گوێی بە بانگەشەکەی سەرعەسکەریی عوسمانی نەدا، جبەکەی بەری ڕازاوە بە ئاڵتون، کڵاوە ڕەنگاوڕەنگەکەی و شەڕواڵە میلمیلە ئاوریشمییەکەی پۆشی و بە عەشاماتی لە هەوادارە دڵسۆزەکانییەوە، کە بە خەنجەر و تفەنگی کۆنەوە خۆیان چەکدار کردبوو، کەوتە جەولە بەناو هۆزەکاندا، داوا و خواستی خۆی بڵاو دەکردەوە. سەردانی گشت سەرکردەکانی ناو جەزیرە و کەناراوی خواروری دەریاچەی ڤانی کرد، داوای لێ کردن کە باربوویی (پشتیوانی) سندوقی شەڕ بکەن و پیتاک کۆ بکەنەوە، بەڵام بەم کارە شانۆئاسایانە، نەیتوانی گەلی کورد بە لای خۆیدا کێش بکات. بۆیە بە زۆر دەستی کردە پیتاککۆکردنەوە، ئەمەش کاردانەوەیەکی خراپ و بارێکی

قورسی خستە سەر شانی خەڵکەکە، لە نەستووری، مەسیحی و ئەرمەنە بێوەیەکان.

لە *ئەخمیازین*، مەسیحییە کاتۆلیکەکان و بەترەریک و *شەمماس*ەکان داوایەکی هاوبەشیان دایە سوڵتان، نووسراو و بڵاوکراوەکانیشیان نارد بۆ ئەنجوومەنی هەرێمەکانیان تا نەهێڵن کەسی سەر بەو تایفانە، پارەوپوول بدەن بەو سەرکردە کوردە ڕاپەڕیوە، بەڵکو داوایان لە گشت مەسیحییەکان کرد لایەنگری سوپای عوسمانی بکەن و کار بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی کورد بکەن.

لە باشوور ئامەد، لە باکووریش لە ڤان، **عوسمان پادشا** هێزی زۆری کۆ کردەوە، هێزەکانی باکوور دەبوو بەرەو هەکاری ببنەوە و بە درێژایی ڕووباری دیجلە، تا هێزەکانی **نوروڵلا و مەحمود** تێک بشکێنن و بەرەو بەرزاییەکانی *بوهتان* و *بەرواری*یان ڕاو بنێن، لێرەوە هێزەکانی باشوور لە ئامەدەوە پەلاماریان بدەن. مەبەستیش لەمە، ئابلۆقەدانی **بەدر خان** بەگ و هەردوو سەرکردەکەی تر بوو لە شاخەکاندا.

لە بەهاری ساڵی ١٨٤٧ەوە، ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان دەستیان درایە، دەمبەدەم ئەو دوو سوپایە دەستیان کرد بە تەنگپێهەڵچنینی شۆڕشگێڕان، کە ئەو دوو سوپایە بەرهەڵستییە بچووکەکانیان ڕامالی، بە بزاڤێکی مەنگەنەئاسا ڕووەو دۆڵی بوهتان بوونەوە، لێرەدا کوردەکان بە توندی بەرەو ڕووی سوپاکان بوونەوە، تورکەکان بە هەر لایەکدا دەچوون، لە لایەن مەسیحییە نەستوورییەکان و ئەرمەنییەکانەوە پێشوازیان لێ دەکرا، ئەوان ئەمانیان بە ڕزگارکەر و دڵسۆز دەزانی، هەر لەو کاتەشدا بە گەیشتنی هێزە ئەلبانییەکان، کە

تایبەت بوون بە شەڕکردنی ناو شاخەکان، توانرا دوا سەنگەری بەربەرەکانیی کوردەکان بگرن.

کە **بەدر خان** خۆی بە ئابڵوقەدراوی بینییەوە، لە ئابی ١٨٤٧دا، لە شاخ هاتە خوار و تەسلیم بە **موشیر عوسمان پادشا** بوو، بە باشی پێشوازی لێ کرد و ڕێگەی پێ درا شمشێرەکەی هەر بە خۆیەوە بێت، بە جوانییش مامەڵە لە تەک خێزانەکەیدا کرا، سندووقی جەنگەکەشی وەک ئەمانەتی لێ وەرگیرا، **بەدر خان** و گشت خێزان و خزمانی، بە پاسەوانییەکی توندەوە بەڕێ کران بۆ ئەستەنبووڵ، لەوێ حوکمی دوورخستنەوەی بۆ *فرنا* درا بەسەردا، هەندێک لە خزمەکایشی بۆ کریت و *کاندیا*.

بەمە زنجیرەی دووەمی شۆڕشەکانی کورد کۆتایی هات، ئەو شۆڕشانەی کە پڕوپاگەندەی دوژمنانی داخلەدڵ، هانیان دەدان تا دووبەرەکی لە نێو موسڵماناندا بنێنەوە. ئەو بێهێزی و داڕووخانەشی کە بەسەر ئیمپڕاتۆری تورکدا هات، وای کردبوو ئاوا بەو چەشنە لێی ڕاست ببنەوە و پەلاماری بدەن.

### جێگیربوونی کوردەکان لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا:

شەڕەکەی *قرم* بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری پەنابەری موسڵمان، بەتایبەت *شەرکەسە* موسڵمانەکان ڕوو لە ڕۆژهەلاتی تورکیا بکەن، ئینجا چونکە ئەو پەنابەرانە لە خەڵکی ئەو ناوچانەی پەنایان بۆ بردبوون، لە ئیشوکاردا کاراتر و پێشکەوتووتر بوون، بۆیە گورج دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەو زەوییانەی لێی نیشتەجێ بووبوون، ئەمە هۆز و خێڵە کوردەکانی نیگەران کرد، کە لەوەو بەر خۆیان لەو زەوییانەدا بوون، ناکۆکی لە نێو ئەمانە و پەنابەرە موسڵمانەکان و

مەسیحییەکاندا کەوتەوە، حوکمەتی تورک بە پەلە کەوتە ئەوەی هەر کام لە پەنابەران و خێڵە ڕەوەندە کوردەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە جێوشوێنی جێگیردا دابمەزرێنێت و سوکنایان بکات، ئەوە بوو زۆریان لە کێڵگە بەکۆمەڵەکانی ناو زەوییەکانی دەوڵەت (میری) جێگیر کران.

داڵدەدانی هۆزە ڕەوەندە کوردەکان بە لای جووتیاران و دانیشتوانی شارەکانەوە، بایەخێکی گەورەی هەبوو، بەتایبەت بە لای جووتیارە ئەرمەنە بێوەیەکانەوە.

لە سالانی دوای سەدەی نۆزدەدا، گەورەی ئوسقوفە ئەرمەنەکان لە ئامەد، خۆی سەرپەرشتیی کاروباری ئەو کوردانەی دەکرد کە تازە هاتبوون، هەروەها پەنابەرەکانیش. فێری دەکردن چۆن لە مەزراکانیاندا تۆو بوەشێنن و دروێنە و دەستکەنەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بکەن، چۆن هەوجاڕ، گاسن، کەلوپەلی کشتوکاڵیی دروست بکەن.

بە هۆی کشتوکاڵەوە، **یەکەم:** خووعادەتی ڕێکوپێک و جێگیر دەخاتە مێشکی جووتیارانەوە، پێی لەو زەوییە گیر دەبێت کە لەسەری دەژی، ئەمەش سەرەتا و بەراییەکی هەستە نیشتمانی و لاگیرییەکەیەتی بۆ خاکی وڵاتەکەی، لە ڕەگوڕیشەوە هۆکاری یاخیبوون و لادان لە قانوون و ڕاپەڕین، ڕیشەبەکێش دەکات.

**دووەم:** خەریکبوون بە کشتوکاڵکردنەوە، گیروگرفتە ئابوورییەکە ناهێڵێت، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی دڕندەیەکی تینوو بە خوێن نییە، بارودۆخەکە وای لێ دەکات کە وا بێت.

هەنگاوی دووەمی دەوڵەت بۆ نیشتەجێکردن و دامەزراندنی ئابووری لەناو خێڵە کوردەکاندا، بریتی بوو لەوەی

گەنجەکانیان خەریک بکرێن و فێری پیشەیەکی ئاسایی و شیاو بکرێن، ئەو پیشەیەش سەربازی بوو.

*** لاوانی کورد دەکرێنە سەرباز:**

لە سوپای تورکدا گۆڕانکارییەکی گەورە هاتە دی، بە هەڵوەشاندنەوەی فیرقە و ئینکیشارییەکان و هاتنە شوێنی لەشکرێکی مەشقپێکراوی ڕێکوپێک، بارودۆخەکە گۆڕدرا، لاوانی کورد بۆ ماوەیەکی کورت لەم پیشە شەریف و سەنگینە کەنار خرابوون، پیشەیەک، کە بە باشترین و شیاوترین کارێک دەژمێردرا بۆیان.

لە ساڵی ١٨٩٠ زایینی **سوڵتان عەبدولحەمید** درکی بە هۆکارەکانی پشێوی و ئاژاوەی کوردەکان کرد، بۆیە دەستی کردە ڕێکخستنی ئەو هۆزانەی لە باکووردا بوون لەناو فیرقەی سووکسووکی ئەسپسوار، تا ببنە سوپایەکی غەیرەنیزامیی سەر بە سوپای تورک، **سوڵتان** شکۆ و شەرەفێکی تایبەتی بەخشییە ئەو فیرقە ئەسپسوارە سووکانە، بەوەی ناوی خۆی لێنان *فیرقەکانی حەمیدییە*، بۆ ئەمە ٧٦ فیرقە پێک هات، کە هەریەکەیان ٤٠٠ سواری لەخۆ گرتبوو، سەرۆکی هەر فیرقەیەکیش سەرۆک عەشیرەتەکەی خۆیان بوون.

سوڵتان باشترین و ڕەسەنترین ئەسپ و تازەترین چەک و کەلوپەلی شەڕکردنی بۆ دەستەبەر کردبوون، ئەمانە بە سەرپەرشتیی **مارشاڵ ڤۆن دیرگولتزی** ئەڵمانی، کە قەیسەری ئەڵمانیا ناردبوویە لای سوپای چواری عوسمانی لە ئەرزنجان، تا بە باشترین و تازەترین شێوازی سەربازی مەشقیان دادات.

لە مێژووی سوپای تورکدا، ئەم ئەسپسوارانە دیرۆکێکی پڕشکۆیان هەیە. سوارەی حەمیدییە شکۆمەندە دێرینە سەربازییەکەی کوردیان لە هونەری شەڕکردندا، سەرلەنوێ

زیندوو کردەوە، بە تایبەت لە شەڕی ١٨٩٧ی یۆناندا، لە *شسیلی* و دژ بە شۆڕشگێڕانی بولگارستان، ئینجا مەبەستی سەرەکی لە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە، بریتی بوو لە چاککردنی باری ئابووریی هۆز و خێڵە کوردەکان، بەڵام بەداخەوە! سەردەمەکەی هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی ناوخۆی ئیمپڕاتۆری تورکی.

کەواتە با لە ڕاپەڕین و شۆڕشگەلێک بدوێین کە دەبوو لە دوای ماوەیەکی دوورودرێژی خراپی ئیداری و گەندەڵیی سەرکردەکان و ناپاکییان لە هەر حوکمەت و دەوڵەتێکدا بێت، دەبوو ڕوو بدات.

**شۆڕشی لاوانی (جۆن تورک):**

ئامێرە بەڕێوبردنەکەی ئیمپڕاتۆری تورک، کە پێنج سەدە بوو هیچ گۆڕانێکی تێدا نەکرابوو، کۆن و عەمارەپۆ بووبوو، بە درێژایی ئەو ماوە دوورودرێژە، میللەت و کاربەدەستانیش کاکڵەی قانوون و حوکمیان لەبیر چووبووەوە، نەیاندەزانی بەری بە کوێوەیە، تەنیاوتەنیا وابەستەی شکڵ و ڕواڵەتەکانی بوون. سەرباری ئەمەش، تەشەنەکردنی قەتیسبوون، گەندەڵی، بێسەروبەری و داوەشان با لەو لاوە بوەستێت. لەو لاتر، کتوپڕ ئەورووپا بووە هۆکارێکی بەهێزی ناو سیاسەتی جیهانی.

ئەوەی دەبێتە جێی داخ ئەوەیە، لە کاتێکدا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات (بەتایبەت ئیمپڕاتۆری تورکی) لە خەوێکی خۆشدا بوون، بێئاگا دەوڵەتانی ئەورووپا بەسەر هێزە سروشتییەکاندا زاڵ دەبوون. لاوانی دەوڵەتەکە لە ئاست ئەو شکست و تێشکانە یەک لەدوای یەکانەی بەسەر سوپاکانی تورکدا

دەهات، لە یۆنان، بەرەی ڕووس، بولگاریا و مەجەڕ، هەتا بە دەست ئیتاڵییەکانیشەوە، وشک و سەرسام و ئەبڵەق مابوون.

لە حوزەیرانی ١٩٠٨دا، هەریەک لە **ئەدواردی حەوتەم** مەلیکی ئینگلتەرا و **نیکۆلای دووەم** قەیسەری ڕووس ئەو هاوپەیمانییەیان مۆر کرد کە بەریتانیا و ڕووسیا بەپێی ڕێککەوتننامەی ئابی ١٩٠٧، لە نێو یەکدا گرێیان دابوو. لە تورکیا وا چاوەڕوان دەکرا، کە پلانەکان دابنرێت بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەکەیان، لە نێو ئەفسەرانی سوپاشدا ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر کەوتەوە، لە مەترسییەک کە هەڕەشەی لە ژیانیان دەکرد، لاوانی تورک بە سەرکردایەتیی **تەلعەت بەگ** دەستیان دایە بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی. دەمبەدەم ئەم بزوتنەوەیە (کە سەرەتا نهێنی بوو) ئاشکرا بوو و ناونرا *ئیتیحاد* و *تەرەقی*.

ئەم بزوتنەوەی ئیتیحاد و تەرەقییە، زۆری نەبرد ئەندامانی کاراتر و چالاکتری لە ئەفسەرە لاوەکان گرتە خۆ، لە نێویاندا **ئەنوەر بەگ**، کە لە باڵوێزخانەی عوسمانی لە بەرلین پاشکۆی سەربازی بوو، لە ڕێکخستن و پلاندانانە سەربازییەکانی ئەڵمانییەکان زۆر باش شارەزایی پەیدا کردبوو. کۆلۆنێل **نیازی**، کە ئەفسەرێکی بەتوانای تر بوو، چووە ناویانەوە، لە شەڕی پارتیزانی دژ بە مەکدۆنییەکان شارەزاییەکی زۆر و فراوانی بەدەست خۆی خستبوو. ئەم دوو ئەفسەرە نیشتمانپەروەرە چالاکانە، کوودەتایەکی سەربازییان دەست دایە، بەڵام بەداخەوە، چونکە لە کات و ساتی لەباری خۆیدا نەبوو، سەری نەگرت.

کۆلۆنێل **نیازی** و ژمارەیەک لە هاوڕێکانی هەڵهاتنە ناو شاخەکانی *ڕسنا*، کە قایمقامەکەی ئەوێ ژێربەژێر تەرەفداریان

بوو، دوایی سیاسەتوانی گەورە لە ئۆخریدا **ئەییوبەفەنی** پەیوەندی پێوە کردن و چووە لایان، لێرەوە نامەیەکیان بۆ سوڵتان نووسی، داوای گێڕانەوەی دەستووریان دەکرد. لەو لاشەوە **ئەنوەر پادشا** *سالۆنیکی* جێ هێشت و بەردەوام بوو لە کارکردن بۆ ئیتیحاد و تەرەقی.

ئیتر سەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەقی بە تەواوی دڵنیابوون لە شۆڕشەکەیان، لە ٢١ تەممووزی ١٩٠٨، لە مۆنستەرەوە بانگەشەی دەستووریان کرد و بۆ ڕۆژی دواییش لە سالۆنیک، هەر لەو مانگەدا داکشانەوە ناو ئەستەنبووڵەوە و سوڵتانیان ناچار کرد دان بە دەستووردا بنێت و کێشیان ویست کردیان بە وەزیر لەو وەزارەتەی دایانمەزراند، لە ١٧ کانوونییەکی ١٩٠٨دا، پەرلەمانی تورکی[١] بە ڕەسمی کرایەوە.

ئەم شۆڕشە کە کرا، گرنگترین تایبەتمەندیی ئەوە بوو بیری نەتەوەیی سەری هەڵدا، بیرێک کە پێشتر لە ڕەحمی شۆڕشی فەڕەنسا و پیشەسازیی ڕۆمانتیکی ئەڵمانیاوە، لە ئەورووپا سەری هەڵدابوو، شیتێکی سەیریش نەبوو ئەم بیر و هەستە بە ناو گەلان و تایفە زۆرەکانی تری ناو ئیمپڕاتۆرە فراوانە تورکییە هەمەڕەگەز و ئەتنەکاندا، لەو سەردەمەدا بڵاو ببێتەوە. ئیمپڕاتۆرە تورکەکە، کورد، عەرەب، ئەرمەن، یەهوود و کەمایەتیی تری لەخۆ گرتبوو، گشت ئەم ئەتن و تایفانە دەوڵەتێک پێکەوە گرێی دابوون (گرێدانی دەوڵەتی عوسمانی)، ئیتر بە چاوپۆشی لە جیاوازی ئایین، ڕەگەز و زمانیان، بەڵام تورکەکان کە دەستبەرداری *دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی* بوون،

(1) ئەو کات پێی دەگوترا: *مەجلیسی مەبعوسان*.

ئەوا مەیلی جیابوونەوە لە لای توخمە غەیرەتورکەکان بووە شتێکی وا، کە ڕێگەچارەیەکی تری لە بەردەمدا نەمایەوە.

دەبا ئەم هەقیقەتە مێژووییە پەندێک بێت بۆ ئەوانەی تا ئێستاش کەوتوونە ژێر کاریگەریی ئەو فیکرە ئەورووپاییەی بانگەشە بۆ نەتەوەییەکی دامەزراو دەکات، لەسەر سێ لایەنی سەرەکی لە سنووری جوگرافی، زمان و ڕەگەز.

لە سەردەمی تازەدا، دەشێت پاکستان یەکەم تەجرەبەیەکی مەزن بێت لە سەرکەوتنی بیرۆکەی نەتەوەیی ئیسلامیدا، چەند قەومێک و ڕەگەزی جیاواز، کە بە چەند زمانێک قسە دەکەن، لە دوو لای دوور بە یەک، کە نێوانیان زیاتر لە هەزار میل دەبێت، تا ئێستاش یەک دەوڵەت و یەک ئومەت کۆی کردوونەوە. لەوانەیە کێشەی زمان کە هێشتا چارەسەر نەکراوە، بەرەو ڕوومان ببێتەوە، بەڵام بە ڕای من زمانی عەرەبی تاکە زمانێکە کە دەتوانێت یەکێتی نێوان ئەو دوولایە بپارێزێت[1].

---

[1] بە لامانەوە جێی داخ نییە کە ئەو تەجرەبەیەی نووسەر دەیهێنێتەوە، وەک نموونەی پێکەوەژیان و هەڵکردنی نەتەوە موسوڵمانەکان ڕاست دەرنەچوو و سەری نەگرت، چونکە وەک پێشتر لە پەراوێزێکدا گوتمان، پاکستانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا جیا بووەوە، چونکە لکاندنی ئەو دوو گەلە جیاوازە بە یەکترەوە، ئەسڵەن کارێکی زۆرەملێ و هەڵە بوو، بۆیە مەسەلەی یەکئایینی، هەرگیز نابێت و نەبووەتە هۆکاری بنەڕەتی بۆ یەکخستنی نەتەوە جیاوازەکان و لاپەڕەی مێژووی گەلان پڕە لەو نموونانە. کورد، عەرەب، فارس و تورک گشتیان موسوڵمانن، بەڵام هەرگیز پێکەوە تەبا نەبوون و دروست نەبوون، ئەوەش بە هۆی جەوری نەتەوە موسوڵمانە باڵادەستەکەوە، کە ئایینەکە نەیتوانیوە بەیەکیانەوە بلکێنێت و بە تەبایی، یەکسانی و دادپەروەرییانە بژین. مەسەلەی زمانی عەرەبییش، کە دەتوانێت جیاوازیی موسوڵمانان نەهێڵێت، ئەوە خەیاڵپلاوێکە و بیرۆکەی حیزبە ئیسلامییە پاشکۆکانی ئیخوانەکانی میسرە، کە ئامانجیان بە عەرەبکردنی گشت موسوڵمانانی

با جارێکی دیکە ئاوڕ بدەینەوە بە لای کاریگەرێتیی ئەو بێداربوونەوە نیشتمانییە تورکییەدا بۆ سەر گەلی کورد، بێدارییە نیشتمانییە تورکییەکە، دەنگدانەوەیەکی توند و بەهێزی لە نێو کوردەکاندا لێ کەوتەوە، ئەوانیش کەوتنە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی هاوشێوەی ئەوان، کاکڵەی بیری نەتەوەیی کە پێشتر لە دڵ و دەروونی هەندێک ئاغای کورددا جێگیر بوو، وردەوردە پەرەی سەند و گەورە دەبوو، ئەم بیری نەتەوەییە کاتێک سەری هەڵدا و کەوتە ڕوو، کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بە ناوی *کوردستان*ەوە دەرچوو، ئەوەی جێی سەرسوڕمانیشە *کوردستان* کە سەرنووسەرەکەی میر **مەدحەد بەدر خان**بوو، یەکەم جار لە میسر دەردەچوو، پاشان لە ژنێڤ بە زمانی فەڕەنسایی وەک گۆڤارێکی مانگانە. ئامانجیشی دیار و ئاشکرابوو.

**یەکەم جەنگی جیهانی:**

کە یەکەم جەنگی جیهانی قەوما، تورکیا پاڵی دا بە ئەڵمانیاوە، بە هیوای ئەوەی ئەڵمانیا یارمەتی بدات لە شکاندنی ئەو ئابلۆقە توندەی کە هەریەک لە بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا بەسەریاندا سەپاندبوو. تورکەکان لەو جەنگەدا ئازایەتییەکی بێوێنەیان نواند، **مستەفا کەمال** لە بەرگریکردنەکەیدا لە *دەردەنیل* توانایەکی سەربازی و جەنگیی چاکی پیشان دا.

لە عێراق، هەڵمەتە ئینگلیزییە هیندییەکە بەسەرکردایەتیی **ژەنەڕاڵ تاوزند**، پاش ئەوەی تورکەکان دەورەیان دا، بەرەو

---

غەیرەعەرەبە، وەک پڕۆژەیەکی ڕەگەزپەرستی شۆڤێنیی عەرەبی، بەڵام بە بەرگی ئایینی ئیسلامەوە. تا تەعریبەکەیان پیرۆزی و قودسییەتێک لەخۆ بگرێت.

دوا کشانەوە، تورکەکان توانیان هێرشێکی بەهاناهاتنەوەی بەریتانییەکان بەرپەرچ بدەنەوە و بیگێڕنەوە دواوە، فیرقەکەی **ژەنەڕاڵ تاوزند**یان لە کووت (ئەممارە) ئابڵوقە دا. لە ٢٩ نیسانی ١٩١٦دا، شکستیان پێ هێنا و گرتیان.

لە باکووریشەوە ڕووسیا پەلاماری تورکیای دا و سوپا قۆقازییەکەی دەستی کردە خاپوورکردنی گوندەکانی تورک و ئەرمەن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، بەرەی لای قۆقازەکان تەنیا بەرەیەک بوو کە سوپای تورک سەرکەوتنی گەورەی تێدا بەدەست هێنا. لە مانگی تەمووزی ١٩١٦ەوە، سوپاکانی تورک کە زۆربەیان سوارەی کورد بوون، سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، بەر لە مایسی ١٩١٨وە، چوونە پێش تا گەیشتنە *باتووم* و *باکۆ*، کە نیوەی نەوتی ڕووسیای لێ بوو.

لە تشرینی یەکی ١٩١٨، تورکیا لە جەنگەکە هاتەدەرەوە، هەر ئەو کاتەش چارەنووسی باری وڵاتە عەرەبییەکانیش بە یەکجاری بڕابووەوە و بە لایەکدا خرابوون، دۆزی کوردیش بە ئەندازەیەک شێوا بوو، کە گەیشتبووە ئاستی نێودەوڵەتی، لەو هۆکارانەشی کە یارمەتیی کوردەکانی دەدا بۆ پشێوینانەوە لە پاش جەنگ، دۆزینەوەی نەوت بوو لە خاکەکەیدا.

### ٣- دۆزینەوەی نەوت لە خاکی کورددا:

هەر لە دێرزەمانەوە، لە دنیادا نەوت هەبووە و دۆزراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٠١دا، **ولیام دارکای**ی ئوسترالی، لە شای ئێرانەوە مافی تایبەتیی پێ درا بۆ گەڕان و پشکنین بە دوای نەوتدا. ئەوە بوو توانی دەوڵەمەندترین کێڵگەی نەوت لە خاکی کوردەواریدا بدۆزێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەڵمانییەکانیش

دەستیان کردە گەڕان و پشکنین، ئەمانیش توانیان کێڵگەی نەوت بدۆزنەوە، بەڵام نەوتەکە هەر لە خاکی کورددا، لە موسڵ و کەرکووک بوو. لە دەوروبەری ١٩١٣دا، کۆمپانیایەکی تورکی بۆ نەوت دامەزرا، لەمەدا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا تێیدا یەک خرا، خۆ کە تورکیا لە ١٩١٨دا لە جەنگەکەدا دۆڕا و مایەپووچ دەرچوو، کێشە و گیروگرفتی گەورە و ئاڵۆز هاتە سەر پەیوستبوون بە یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، ئەمەش پەیوەست بوو بە مەسەلەی نەوتەوە و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەیشی کورد بوون.

شاری موسڵ جارێک دەکەوتە دەست فەڕەنسییەکان، جارێکی دیکە دەکەوتە لای تورکەکان[١]، بەڵام لە ئەنجامدا بووە بەشێک لە عێراق.

لە دە ساڵی داهاتووشدا، کارە دیپلۆماتییە بیانییەکان، دەسەڵاتی سیاسی، شۆڕش، ئۆپەراسیۆنەکان و تیرۆرکردنی ئەفسەرانی بەریتانیا بە دەستی کوردەکان، گشت ئەم کار و ڕووداوانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە چاوی ئەو یەدەگە نەوتە زەبەلاحە دەناسرا، کە لە وڵاتی کوردەواریدا هەیە، هۆکاری سەرەکیی نەوت بوو، هەتا پەیماننامەی سیڤەریش لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا، کە لە ئابی ١٩٢٠دا مۆر کرا، بە زەبری هۆکارێکی بەهێز هاتە دی، ئەویش هەر بوونی نەوتی وڵاتی کوردەواری بوو.

ئیتر لەو کاتەوە هێزی دەریایی بەریتانیا، لەباتی خەڵووز نەوتی وەک سووتەمەنی و وزە لە پاپۆڕ و گەمێکانیدا بەکار

---

[1] ڕاستتر: ... لە دەستی تورکدا بوو و کەوتە دەست ئینگلیزەکان، دوایی خرایە سەر عێراق.

دەهێنا. جگە لە داوایەکی زۆری نەوت و بەروبوومە نەوتییەکان، تێکڕا بوونە هۆی شیرینکردن و بەبایەخیی ئەو ناوچانەی نەوتیان تێدایە لای دەوڵەتان.

بەندەکانی ٦٤، ٦٣، ٦٢ی پەیمانی سیڤەریش، سەربەخۆیی بۆ هەر کام لە کورد و ئەرمەن دەستەبەر کرد، ئەمەش هانی بەرپابوونی جووڵانەوە جوداییخوازەکانی کورد و ئەرمەنی دەدا.

لە سەرەتای هەڵمەتەکەی ئینگلیز بۆ سەر عێراق، ئینگلیزەکان گفت و بەڵێنی وایان دەدا بە ئاغا کوردەکان، کە ڕاپەڕن و دژ بە تورکەکان شۆڕش بکەن، بەڵام هەر کە شەڕەکە کۆتایی هات، ئەو ئاغایانە داوایان لە ئینگلیزەکان دەکرد کە وادە و بەڵێنەکانیان بۆ سەربەخۆیی بەجێ بهێنن، لەوانە **شێخ مەحموود** ئاغا لە سلێمانی[(١)].

*** شێخ مەحموود و بزوتنەوەی ڕزگاریی کورد:**

بەپێی مەرجەکانی سولح، لە ١٩١٩دا تورکەکان لە موسڵ و کەرکووک کشانەوە، لیوای موسڵ ڕاستەوخۆ خرایە ژێر دەستی حوکمی بەریتانیاوە، بەڵام لیوای کەرکووک بە سێ شارە گرنگەکانییەوە: چەمچەماڵ، سلێمانی و هەڵەبجە، لە دەرەوەی ئەم دەسەڵاتە بوون، چونکە بە دەوڵەمەنترین ناوچەیەکی پڕ لە نەوت دادەنران. ئینگلیزەکان **مێجەر نۆییڵ** کە یەک لە ئەفسەرە سیاسییە بەتواناکانیان بوون، بەم ڕاسپاردانەوە ڕەوانەیان کرد: "دەبێت ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی پەیوەندییان پێوە دەکەیت، بۆیان باس بکەیت کە

---

(1) **شێخ مەحموود** بە ئاغا نەناسراوە، لە سەرچاوەکاندا بە **بەرزنجی**، یان **حەفید** ناوی هاتووە.

ئێمە نامانەوێت هیچ جۆرە حوکمێکی بێگانە و نامۆ بە خوونەریتیان بەسەردا بسەپێنین. دەبێت هانی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە بدەیت، کە لە نێو خۆیاندا یەکێتییەکی کۆنفیدڕاڵی پێک بهێنن، بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی ناوخۆیان؛ بەڵام بە ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان.

هەروەها پێویستە لەسەریان ئەو باج و میرانە و زەڕیبانەی بە گوێرەی قانوونی تورکی لەسەریان دانرابوو، بیدەن، بەڵام بە هەندێک دەستکارییەوە کە پێویست دەکات تێیاندا بکرێت. ئەمەش بە مەبەستی پەیوەست بە پاراستنی نیزام و باشکردنی وەزع و حاڵی میللەتەکە.".

**ڕاسپاردەکانی مەندوبی مەدەنیی عێراق بۆ مێجەر نۆییڵ:**

لە کانوونی یەکی ١٩١٨دا، **شێخ مەحموودی** سەرکردەی تەماحکاری کورد، کرا بە حاکمی سلێمانی، کەسانێکی تریش هەر لە کورد لە پلەوپایەی خوارتر لەو، بۆ چەمچەماڵ، پێنجوێن و هەڵەبجە دانران، بەڵام ئەوانە ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتیی **شێخ مەحمووددا** بوون.

**شێخ مەحموود** تەماحکار و زۆرزان بوو، گورج لە مەبەستی ئەفسەرە سیاسییەکان حاڵی بوو و تاقی کردنەوە. ئینجا ئەم ئاگادارییەی دایە ئینگلیزەکان:

"لەبەر ئەوەی حوکمەتەکەی خاوەنشکۆ بڵاوی کردووەتەوە، کە نیازی وایە گەلانی ڕۆژهەڵات لە دەسەڵاتی تورک ڕزگار بکات و یارمەتیان پێشکەش بکات بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆییان، ئەوا سەرۆک عەشایرەکان بەو پێیەی نوێنەری گەلی کوردستانن، هیواخوازن لە دەوڵەت کە قەبووڵیان بفەرموون و بیانخەنە ژێر چاودێری و پارێزگاریی بەریتانیاوە

وەک عێراق، تا ئەمانیش نا ئومێد نەبن لە سوودەکانی ئەو پەیوەستبوونە.

داوا لە مەندوبی مەدەنی لە عێراق دەکەین، کە نوێنەرێکی خۆیان بۆ بنێرێت تا هاوکارییە پێویستییەکانی پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی گەلی کورد بە سەرپەرشتیی بەریتانیا بگات بە کاروانی شارستانییەت و مەدەنییەت.

خۆ ئەگەر حوکمەت ئەو یارمەتییانە و پارێزگارییەی خۆی بۆ ئێمە جێبەجێ کرد، ئەوا ئێمەش ئامادەین گوێڕایەڵیی فەرمان و ڕێنماییەکانی بین."

هەروەها **شێخ مەحموود** داوای کرد ئەفسەرانی ئینگلیز دابنرێن بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکان، سووریش بوو لە سەر ئەوەی کە کاربەدەستە بچووکەکان لە کورد بن نەک عەرەب. لە بەرانبەردا مەندوبی مەدەنی لە عێراق، ددان بنێت بە سەرکردایەتیی قانوونی ئەودا بەسەر عەشایرە کوردەکانەوە، لە زێی گەورەوە بۆ دیالە، لەناو سنووری هەرێمایەتیی عێراقدا. لێرەدا دانیشتوان و عەشایری شارەکان لە هەردوو لیوای کفری و کەرکووک سەرکردایەتیی **شێخ مەحموود**یان ڕەت کردەوە و قەبووڵیان نەکرد، هەروەها کوردانی بەری ئێرانیش لەسەر سنوور؛ بەڵام **شێخ مەحموود** تەماحی زۆر بوو، دەیویست حوکمەتی بەریتانیا لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆدا هاوکاری بێت، دەوڵەتێک کە پێک هاتبێت لە بەشێک لە تورکیا، بەشێکی زۆریش لە ئێران. بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی ئەفسەرە بەریتانییەکان لە ئیدارە مەدەنییەکەی عێراقدا، بە مەبەستی سەرگرتن یان نەگرتنی جووڵانەوە کوردستانییەکەی **شێخ مەحموود**، ڕاست دەرچوو. ئەوان کە بڕیاریان دا هیچ جۆرە لاگیری و یارمەتییەکی

کاریگەریی خواستەکانی **شێخ مەحموود** نەکەن، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی هەر ژمارەیەک لە سەرۆک عەشایرەکان، لەمەدا لەسەر هەق بوون. بەمەش سیاسەتی خۆیان لە باشووری کوردستاندا گۆڕی، بەوەی کە سیستمی بەڕێوەبردنەکەیان وەک ئەو سیستمەی تر لێ کرد، کە لە شوێنەکانی تری عێراقدا پەیڕەو دەکرا.

ئەو بڕیارەی کە حاکمی گشتی لە خۆیەوە دابووی، لەگەڵ سیاسەتی لەندەندا ڕێک نەدەکەوت و ئاوەژوو بوو، چونکە تێیدا هاتبوو کە: "ئێمە ڕاسپێردراوین بە دامەزراندنی باشووری کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر سەرپەرشتیی بەریتانیا، بەڵام بە هۆی باری نەڕسکاوی وڵاتەوە، کەمیی ڕێگەوبان و گەیاندن و پەرتوبڵاویی عەشایرەکان لەناو خۆیاندا، ناچارین کە لە چەند لایەنێکەوە دەستبەکار بین و کار بکەین بۆ گێڕانەوەی نیزام لە هەندێک جێگەدا، کاری هەماهەنگی و تەنسیقیش جێ بهێڵین بۆ ئایندە و هۆکارە جوگرافی و بازرگانییەکان".

لێرەوە ئەوە ئاشکرا بوو، کە باشووری کوردستان گەشە ناکات تا نەبێتە بەشێک لە عێراق، تاکە بازاڕێک کە دەکرێت مامەڵەی لە تەکدا بکات موسڵ و بەغدایە، تاکە ڕێگەی هاتوچۆش هەر بە عێراقدا تێدەپەڕێت. زۆر کەسیش ئەم ڕاستیانەیان درک پێ کردبوو، هەندێک سەرکردەی منەوەری کورد لە وتووێژە تایبەتەکانیاندا، لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ناتوانرێت هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمییەک بۆ کورد بێتە دی، بەبێ ئەوەی دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی عەرەبیدا بێت کە لە ژێر سەرپەرشتیی بەریتانیادایە؛ بەڵام سەردارانی کورد، زۆربەیان بیرۆکەی پاشکۆیی دەوڵەتێکی عەرەبییان بۆ هەمیشە بەدڵ نەبوو و بە قوڕگیاندا نەدەچوو، کەمێکیان نەبێت

که سەربەخۆییان وا لێک دەدایەوە: بە مانای ئازادیی پەلاماردانی دراوسێ لاوازەکانیان دێت.

"لەو کاتەدا بە زەحمەت دەتوانرا بگوترێت کە بزوتنەوەیەکی نیشتمانی لە ئارادایە، تا چ ڕادەیەکیش دەتوانێت بەردەوام بێت، تا کوێ دەکرێت تەماحکارییە شەخسییەکانی سەرکردە کوردەکانیش لەسەری کاریگەر بێت." لە کتێبی: *عێراق، لاگیری بۆ کێ بێت؟* دانانی **سێرئارنۆلد ولسن**.

هەر ئەو کاتە بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنی بۆ **شێخ مەحموود** ڕوون کردەوە: لەو تەقەللایانەی کە دەیەوێت کوردەکانی دانیشتووی ناو ئێران ببەستێتەوە بە *بزوتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان*ەوە، ڕازی نییە، **شێخ مەحموودی** کەللەڕەقیش نەیدەویست لەوە بگات کە *گفت و بەڵێنێک کە لە سەردەمی جەنگدا دەدرێن، دوایی بە دەگمەن دێنە دی*، بۆیە دەوروبەری ٣٠٠٠ جەنگاوەری کۆ کردەوە.

لە مایسی ١٩١٩ بڵاوی کردەوە کە خۆی کردووەتە حاکمی بەرزی گشت کوردستان، ئینجا ئەو فیرقە بچووکەی کە لە یاخیبوان پێک هاتبوو، چەکدار بە چەکی کۆن و هەندێک چەکی دزراو لە سەربازگەکانی سوپای بەریتانیا و هندییەکان. ئا بەمانەوە هەڵی کوتایە سەر شاری سلێمانی و دەستی گرت بەسەر خەزنەی پارەی شارەکەدا و بارەگەی سەرکردایەتیی مەدەنی لە شاردا، پێشتر هێڵەکانی تەلەگرافی نێوان سلێمانی و کەرکووکی بڕیبوو، گشت ڕێگەوبانەکانی بۆ دەرەوەی شار گرتبوو، هەواڵی ئەم کوودەتایە پاش ٦٧ سەعات، ئینجا دنیا پێی زانی.

ئەو کاتەش *مەلیکی کوردستان* خۆی ساز دابوو و پەرچەمی تایبەت بە خۆی (کوردستانی سەربەخۆ) هەڵکردبوو،

شوێنکەوتوانیشی وەک کاربەدەست بۆ ناوچەکان دانا و هەتا پوولێکی پۆستەی تایبەتیشی دەرکرد. پاش ٨٠ سەعات لەم ڕووداوانە، یەکەم هەواڵی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە لە ڕێی هەڵەبجە و خانەقینەوە گەیشتە دنیای دەرەوە.

ئەم ڕووداوە دڵەڕاوکێیەکی زۆری لای بەغدا دروست کرد، بە گورجی لە کەرکووکەوە هەڵمەتێکی تەمبێکەرانەی نارد، ئیدی بەبێ حیسابێک بۆ هێزی شۆڕشگێڕان و بیرکردنەوەیەک لە ئاقیبەتی کارەکەیان. ئەنجامەکە دیار و ئاشکرا بوو، ئەو تابوورەی نێردرابوو، دووجار کەوتە ناو بۆسەی کوردەکانەوە، سەربازێکی زۆریان لێ کوژرا، شۆڕشگێڕان بە تلکردنەوەی تاوێری زلزل لە بەرزایی شاخەکانەوە، چوار ماشێنی زرێپۆش تێک شکێنرا، نۆزدە ئۆتۆمبێلی سەربازییش لەکار خران. بەم جۆرە هەڵمەتە تەمبێکەرانەکە سەری نەگرت و شکستی لە چارە نووسرا، ئەنجامە خواستراوەکانی خۆی نەپێکا. ئەم ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەش کە بەسەر بەغدا و لەندەندا هات، وای کرد کە فەرمان بدرێت بە فیرقەی هەژدەی سوپا کە لە موسڵ بوو، با ئەو ئۆپەراسیۆنەکان لەئەستۆ بگرێت، هەڵمەتێک بەتایبەت ڕێک بخات بە ناوی *ئۆپەڕاسیۆنی باشووری کوردستان*ەوە، پێک بێت لە دوو لیوای پیادە، لیوایەک ئەسپسوار و تابووری زرێپۆش، ئەم جارەیان هەڵمەتەکە جۆرە ماشێنێکی تایبەت بە شەڕی ناوشاخان خرایە پاڵی، جگە لە هێزی پاڵپشتیی تر بۆ چاککردنەوە و بەگەڕخستنەوەی ئەوەی لەکار دەکەوێت لە ئانی شەڕەکەدا، پۆلێک فڕۆکەش پاڵپشتی گشت ئەمانە دەکات.

**ژەنەڕاڵ فرەیزەر** بە سەرکردایەتیی ئۆپەڕاسیۆنی باشووری کوردستان دانرا. دیارە ئەم جارە ئەنجامەکان

جیاواز بوون، هەر لە یەکەم پێکدادانیاندا لەگەڵ کوردەکان لە دەربەندی بازیانی شاخەکانی قەرەداغ، بە دووری ١٢ میل لە چەمچەماڵەوە، هێزەکەی **شێخ مەحموود** شکستی تەواوی خوارد، ئینجا گورج دایان بەسەر سلێمانیشدا و گرتیان، **شێخ مەحموود** کە بە سەختیی بریندار بووبوو، تەسلیم بوو و هێنرایە بەغدا، لێرە درایە دادگەیەکی سەربازی و فەرمانی خنکاندنی بەسەردا درا، بەڵام لە دواییدا ئازاد کرا، ئاقیبەتیش بە ئاسایی و بە مردنی خودا لە دنیا دەرچوو.

ئەو تیرە و هۆزانەی کە پاڵپشتیی **شێخ مەحموود**یان کردبوو لە حوکمەتە ئازادەکەی کوردستاندا، بە توندی سزا دران و گوندەکانیشیان سووتێنرا، بەشدارانیش حوکم دران و دەمودەست حوکمەکانیش جێبەجێ دەکران. بەمەش ئەمن و ئاسایش گەڕایەوە دۆخی خۆی و بزاڤی *کوردستانی گەورەی ئازاد*، کە **شێخ مەحموود**ی کەللەڕەق بانگەوازی بۆ دەکرد، کۆتایی هات. **شێخ** نەیدەتوانی بێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو دەستەی لە پەناوە دنەی دەدات بۆ بزاڤیکی ساوای کوردی و دەیخەملاند، دوایی بووە کوتەکێک و بەوپەڕی دڕندەییەوە، خۆی و هاوەڵانی دادەپڵۆست.

لەمەدا دەمەوێت سەرنجێکی شەخسیی خۆم دەربارەی ئەفسەرە بەریتانییەکانی ناو ئیدارەی مەدەنیی عێراق دەرببڕم: ئەوانە گشتیان پێشتر ئەفسەری گەنج بوون، زۆربەیان سەر بە ئیدارەی سیاسیی بوون لە حوکمەتی هینددا، زۆر چالاک و بە هەڵپە و دڵسۆز، ئامادە بوون سەریان دابنێن، بە شێوەیەک مێژووی بەریتانیا شتی وای بە خۆوە نەبینیبوو، من بۆ خۆم وام بۆ ڕێککەوت، کە لە نزیکەوە بە وردی یەک لەو پیاوە

بەناوبانگانەی ناو ئیدارەی مەدەنیی عێراق بناسم، کە لە دەڤەری باکووری ڕۆژهەڵاتی پاکستان بوو، وەک دۆستێکی باوکم کە ئەویش هەر لەو ئیدارە سیاسییەدا پلەیەکی بەدەست بووە، ئەو کاتە من منداڵ بووم، جوان و ورد گوێم بۆ قسەکانی ئەو پاڵەوانە دەگرت. سەبارەت بە سەرکێشی و کارە پاڵەوانییەکانی، بەڵام گشت ئەو سەرسامی و سەرسوڕمانە شەخسییانەی خۆم بەرانبەر ئەو پیاوە مەزنانە، وام لێ ناکەن کە ئێستا چاوپۆشی بکەم لە هەقیقەتێکی ڕاستەقینە، کە بریتییە لەوەی ئەم پیاوە مەزنانەی مەسەلە نەتەوەییەکان دەخەنە ناو ناوانەوە، بزانن یان نا، تۆوی دووبەرەکی و پارچەپارچەبوونیان لە نێو گشت گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا وەشاندووە، دیسان من کوێرانە سەرسام نیم بە حوکمی عوسمانییەوە، بەڵام جیاوازییەکی گەورەی ئەو حوکمە تورکییە، کە زیاتر لە چوار سەدەی ڕابردوو دەوامی کرد، لەوەدا بوو کە تێیدا هیچ چەوساندنەوەیەک دژ بە هیچ کەمینەیەکی ئایینی ڕووی نەدابوو، بە بیانووی کە ئەوانە موسڵمان نەبوون.

ئەگەر ئامانجمان بەدیهێنانی ئاشتی بێت بۆ گشت مرۆڤایەتی، پڕکردن و بەکارخستنی وەرسکەری بەرەڵڵایی و خۆخۆیی، کە لە بنیادەمدا وەک شتێکی فیترەیی شەڕخواز و شەڕانگێزی هەیە، با لەپێناو زاڵبوون بەسەر گەردووندا بێت، نەک لەپێناو پەلامار و لەناوبردنی یەکترماندا لەسەر ڕووی ئەم زەمینە. ئەگەر هاوڕا بین لەسەر ئەوەی کە زۆربەی شەڕەکان بە هۆی ئەو زیانانەوە بوون کە لەوە تێنەپەڕیوە بەر

دەوڵەتێک کەوتوون و هیچی تر. کەواتە ئێمە هیچ چارەیەکمان لە بەردەمدا نییە، جگە لەو زۆربوونە ناسروشتییەی ژمارەی دەوڵەتەکان و نەتەوە تازەکان. خۆ کە ئەمەمان کرد، ئەوا ڕادەیەکی کەمتر هەلی پێکدادان و شەڕکردنی تازە کەم دەکەینەوە، ئەو شەڕانەی دەشێت ببنە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی جیهانی.

پاش نۆ ساڵ لە ئاشتی و هێمنی، کوردەکان لەسەر خاکەکەی خۆیاندا دیسان ڕاپەڕینەوە و سەرلەنوێ هەوڵی دروستکردنەوەی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیان دایەوە لە کوردستاندا.

*** شۆڕشی شێخ سەعید ١٩٢٥**

ئەم شۆڕشە لە دیوی لای تورکی وڵاتی کوردەواری هەڵگیرسا و هەر ئەو ناوەشی گرتەوە. هۆکارە سەرەکییەکانیشی ئەمانە بوون:

١- ماوەی دوای یەکەم جەنگی جیهانی، پڕوپاگەندە لەپێناو کوردستانێکی سەربەخۆدا:

پێشتر باسی هۆکارەکانی بزاڤی سەربەخۆیی کوردستانمان کرد و سەرچاوەکەیمان بەیان کرد، هەروەها هەوڵدان لە کاتێک لە کاتەکاندا، بۆ ددانپێدانان پێی لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی. یادەوەریی گشت ئەو ڕووداوانە لە هۆش و بیری گەلی کورددا مابوو، نائومێدیی ئاغا کوردە تەماحکارەکان و نەهاتنەدی خەونەکانیشیان وای لێ کردبوون، هەست بە جۆرێک لە خەم و حەسرەتێک بکەن، بۆ هەلێک وێڵ بوون تا

ئاواتە دێرینەکانی خۆیانی تێدا بهێننە دی، لە دەستخستنی دەسەڵات.

٢- سیاسەتە عەلمانییەکەی حوکمەتی تورک:

أ-دەوڵەتی تازەی تورک، ویستی ببێتە عەلمانییەکی تەواو، لەو بەرپرسیارییە بێکەڵکە نەخوازراوانە، کە سیستمی خەلیفایەتیی کۆنی عەمارەپۆ سەپاندبووی ڕزگاری بێت.

ب- کەمایەتییەکی ئایینیی زۆر لە مەسیحی، ئەرمەن و یەهوود لە ناواندا بوون، ئەمانە لەوەو پێش گیرۆدەی دەستی کڵۆڵی، ناهەمواری و نەداریی بوون، بەتایبەت هەر کات کە ئایین لەپێناو گەیشتن بە هەر مەرامێکی سیاسی، وەک داردەستێک بەکار بهێنرایە. ئەمانە و هۆکاری تریش **مستەفا کەمال**یان هێنایە سەر ئەوەی دەوڵەتە تازەکە بکاتە عەلمانی، نەک ئایینی؛ ئەمەش بە لابردنی ئەوقاف و ئیمتیازاتی پیاوانی ئایینی، کە شتێکی پێویستیی نەبوون، هەتا ئەو کاتەش زۆربەی مزگەوت و پەیمانگە ئایینییەکان بووبوونە یانەی چینی هەژار و فەقیرەکان و پیاوانی زرتەبۆز_و بە قەڵافەتە بۆشانەی کە هیچیان لەباردا نەبوو.

ج- لە شوباتی ١٩٢٥دا، سیستمی سەرۆکایەتیی پشتاوپشت لە مەزهەبی نەقشبەندیدا[1]، کە نفووزێکی گەورە و فراوانی لە نێو کورداندا هەبوو، لابرا. زۆربەی پیاوانی ئایینی لە کوردستان سەر بەو مەزهەبە سوونەیە بوون، ئینجا ڕەتکردنەوەی_بووە بانگەشەیەک بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین. بەر لە

---

[1] ڕاستتر: ڕێبازی نەقشبەندی، نەک مەزهەب.

کۆتایی مانگی شوباتی ۱۹۲۵، لەناو ئەو کوردانەی لە دیوی تورکیادا دەژیان، شۆڕش بەرپا بوو.

پەیوەندییە بەهێزەکەی **شێخ سەعید** بە ئاغا کوردەکانەوە، هاندەرێک بوو بۆ گشت عەشایرە کوردەکان تا دژ بە تورکیا هەستن. لە ماوەیەکی کەمدا هەر سیازدە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات، کە تێیاندا کورد زۆرینەیە، لە دەرەتانێکی ڕاپەڕین و هەڵچووندا بوون.

شۆڕشگێڕان داوای گێڕانەوەی خەلیفایەتییان دەکرد، گێڕانەوەی **سوڵتان سەلیم** کوڕی **سوڵتان عەبدولحەمید،** لابردنی ئەو فەرمان و قانوونانەی کە تورکیایان کردبووە دەوڵەتێکی عەلمانی. بە ڕاستی ئەم شۆڕشەی کورد لە واقیعدا، دوا تەقەللایەکی کۆنەپەرستان بوو بۆ ڕاگرتنی تەوژمی ئەو بێداربوونەوە خێرایەی کە تورکیای سەردەمەکەی گرتبووەوە، ئەوە دوا هەناسەیەک بوو کە دای لە سەردەمی کۆندا.

پاش ئەوەی کوردەکان چەک و جبەخانەیەکی پێویستیان گرد کردەوە و سوپایەکی غەیرەنیزامیی بەهێزیان پێکەوە نا، پەلاماری ئامەدیان دا. لە ۷ مانگی ئاداری ۱۹۲۵دا شار گیرا، لەم کاتەشدا دەوڵەت هەڵمەتێکی تەمبێکەرانەی پێکەوە نا، لە دوو ڕۆژدا توانی ئامەد بگرێتەوە و لە دوو شەڕی قورسدا کوردەکانی شکاند و **شێخ سەعید** و هاوەڵانیان دەستگیر کرد، دوایی فەرمانی خنکاندنیان بەسەردا جێبەجێ کردن. بەم جۆرە نیزام و ئاسایش بۆ وڵاتی کوردەواری گەڕایەوە.

*** شۆڕشی ١٩٢٩:**

ئەو ژیلەمۆیەی کە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە جێی هێشتبوو، لە ١٩٢٩دا سەرلەنوێ تینی تێگەڕایەوە، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو جموجۆڵانەی کە بەکرێگیراوان و دوژمنانی تورکیا دەیانکرد. لە ١٩٢٩دا، لە نێو کوردەکاندا شۆڕشێکی دیکە هەڵایسایەوە، ئەمەیان لە دەڤەری ئارارات و دەریاچەی ڤان. لەمەیاندا کوشت و کوشتار لە مەسیحی و ئەرمەنی لێ کەوتەوە، ئەوانەی حوکمەتە عەلمانییە تورکەکە پەیمانی پاراستنیانی دابوو، ئەوانەشی بوونە هۆکاری ئەم شۆڕشە هەر لە هەوادارانی بزاڤە کۆنەویستەکەی **شێخ سەعید** و گەنجە ڕۆشنبیرە هاوچەرخەکان بوون، کە پڕوپاگەندەی بیانییەکان شێواندبوونی.

بە دەستێکی پۆڵایین شۆڕشەکە سەرکوت کرا، حوکمەتی تورک ڕێوشوێنی زۆر توندی گرتە بەر بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەم جۆرە سەرهەڵدانانە.

پاش ئەمە دێینە سەر قۆناغێکی مێژوویی تر کە مێژووی هاوچەرخە، هەر وەک لەوەو بەر گوتیشم، مەبەستم لەم کتێبە ئەوەیە، ببێتە کتێبێکی مێژوو، نەک *نامەیەکی سیاسی*، جا ئەگەر ئەمە مەبەستم بێت، دەبێت لە گێڕانەوەی ڕووداوگەلێک کە بە کۆن ناژمێردرێن، دوودڵ نەبم، تا بۆ مێژوو لە کتێبێکدا باسیان لێوە بکرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ڕووداوی وا، کە نرخێکی مێژووییان نەبووبێت لەم بیستوپێنج ساڵانەی دواییدا، ڕوویان نەداوە.

لە واقیعدا دەتوانم بە درێژی لەسەر شۆڕشەکەی **مەلا مستەفا بارزانی** لە عێراق بنووسم، هەروەها شۆڕشی تری کورد، کە لە نێوان ١٩٤٥ – ١٩٤٩دا لە مەهاباد و ڕەزاییە – ورمێ لە ئێراندا هەڵایساون.

هەر لەو ماوەیەدا، من خۆم لەو بەشەی دنیادا بووم و تا ڕادەیەک بەشدار بووم بە بەشداربوونێکی کارا لە گرتنبەری ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەگیرانە بەر بۆ لەناوبردنیان. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوانە تا ئێستا تازەن، هەرچیش کە دەینووسم سەبارەت بە کاروباری ئێستا، پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە هەر دەبێت، بەڵام نەریتە سەربازییەکانیشم ڕێگرن لەوەی دەم لە سیاسەتەوە بدەم و لێی بدوێم، بۆیە وای دەبینم کە دەبێت لێرەدا بوەستم و بابەتەکە جێ بهێڵم بۆ نەوەکانی داهاتوو، تا ئەوان حوکم بدەن بەسەر کردەوەکانماندا و دوای مردنیشمان لێیان بدوێن.

# بەشی حەوتەم
# عەشایرە کوردەکان
# نەخشەی عەشایری کورد

یەکەم: هەر وەک چۆن دۆزی کورد ئاڵۆز و تێکچڕاوە، ئاواش نەخشەی عەشایری کورد تێکچڕاو و بەیەکدا چووە. گەلی کورد سەرەڕای کۆنیی مێژووەکەی، کەچی هێشتا وا لە دەرەتانی گۆڕان و پەرەسەندندا، لە قۆناغی خێزانەوە بۆ قۆناغی عەشیرەت و هۆز، لەو هۆکارانەیشی کە دەستیان هەیە لە فرەیی تیرە و بەتن و فەخزەکانی[1] ناو هەر عەشیرەتێکدا، سروشتی تۆبۆگرافیی وڵاتی کوردەواری خۆیەتی، چونکە ئەو

[1] بەتن و فەخز (البطن والفخذ): کە وای بۆ دەچم وشەی تیرە، *بەرەبابی* خۆمان پڕ بەپێستیانە، مامۆستا زێوەری شاعیر بۆ بەتن، دەڵێت: "عەشیرەتی بچووک کە خزمایەتیان کەمێک دوور بێت، چونکە لای عەرەب شەش مەرتەبەی هەیە: بە خزمی زۆر دوور *شەعب*، لەو کەمتر *قەبیلە*، لە پاش ئەو *فەسیلە*، لە پاش ئەو *عمارە*، لە پاش ئەو *بەتن*، کە زۆر نزیک بوون پێی دەڵێن *فەخز*، جەمعەکەیان: (بطون و أفخاذ)ە.

فەرهەنگی زێوەری: گۆڕینی عەبدوڵڵا زێوەر. چ ١، سلێمانی چاپخانەی (ژیر) ٢٠٠٤ ل ٩٦.

ولاتەی کوردی تێدا دەژی، پڕە لە شاخوداخی بەرز و لووتکەی سەرکەش، دۆڵ و نشێوی قووڵ وا لە نێوانیاندا، ئینجا سەختی و ڕکی زەوییەکی لەم چەشنە، بووەتە هۆی دروستبوونی گوندی بچووکبچووک، بەڵام بڵاوبڵاو لە یەکتر، ئەمەش پەیوەندی نێوان هۆز و خێڵە جیاوازەکانی کەمتر کردووەتەوە.

دووەم: پێداویستییە پیشەییەکانی کورد کە بریتین لە پێداویستیی لەوەڕاندن، کشتوکاڵ، مەیلی کۆچ و کۆچباری، ئەمانە وایان لەو کۆمەڵانە کردووە کە هەر لە قاوغی بنەماڵەیەکی گەورەدا بن، لەگەڵ هەندێک خزمەتکار و کەسانی تری دەستڕەنگینی خاوەن پیشە، ئەم بنەماڵە گەورەیە لە دواییدا بووەتە عەشیرەتێکی وا، کە سووکوئاسان بە دەست سەرۆکێکییەوە بێت و ڕێکیان بخات و ڕابەرییان بکات، هەروەها بە ئاسانییش بار و بارگە و ڕەشماڵەکانیان بپێچنەوە و لە دووی لەوەڕدا بچن.

گەورەی بنەماڵە، هەمیشە بەتەمەنترینیانە، *ئاغای* پێ دەگوترێت یان بەگ، ناوی هۆز و خێڵەکە یان عەشیرەتەکە، لە بنەڕەتەوە دەچێتەوە بۆ ناوی یەک لە باوکوباپیرانە پیاوچاک و بە ئایینەکانیان، یان سەرکردەیەکی ئازا و چەلەنگ و لێهاتوو، یان کە ئازایانە بەرگری لە پیاوەکانی خۆی کردبێت و دوژمنی شکاندبێت، ئیدی لێرەدا جێی سەرسوڕمان نییە کە ژمارەی تیرە و عەشیرەتە کوردەکان وا زۆر بووبن، تا گەیشتبنە چەند هەزارێک، بەڵام هەریەک لەمانەش خۆی بە عەشیرەت دەناسێت، لە واقیعیشدا مەبەستی تاکەکانیان لەمە، تەنیا ناوی ئەو بنەماڵەیەیە کە سەر بەون، بە تیرەی دەزانن نەک بنەماڵە.

لە جەولەوگەڕانمدا بە ناو خاکی کوردەواریدا، لە بابەت ئامادەکردنی بنەما و مەرجەعێکەوە بۆ خێڵە کوردەکان، گرفتێکی زۆرم هاتە ڕێ. دەربارەی ئەو هۆز و خێڵە کوردانەی کە لە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریادا دەژین، نەمدەتوانی بە دوورودرێژی لێیانەوە بدوێم، یان بنووسم، مەگەر لەبارەی کەمێکیانەوە نەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە باس و لێکۆڵینەوەکەم تەواو نەکردبوو، یان نەمدەتوانی ماوەیەکی زۆر لەو ئاقارانەدا بمێنمەوە.

مەبەستی من لەم کتێبە ئەوەیە لە کورد و وڵاتەکەیانەوە بدوێم، لە بار و ئەحواڵیان بکۆڵمەوە، بە ئامانجی بەدیهێنانی یەکێتییەکی ئیسلامییانە، نەک قووڵترکردنی جیاوازی و دووبەرەکی نێوان موسڵمانانی دنیا، کە لە ڕاستیدا خۆیان بەشبەش بوون، بە پاڵ ئەوەشەوە کە یەکبوونەکە ئامانجمە، بەڵام دەشێت (بەبێ مەبەست) ئاوڕم بە لای هەندێک عەشیرەتی کوردیی وادا نەدابێتەوە، کە هێندە لە ڕووداوەکاندا بایەخیان نەبووە، بەر لە دەستپێکی باسەکەم، لەم بارەیەوە داوای لێبوردن دەکەم. پلانەکەشم ئەوەیە لە هەر وڵاتێکدا، یەک لە عەشیرەتە کوردە گرنگەکان بدەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لەو لاشەوە هەندێک دەڤەری دیاریکراوم دەستنیشان کردووە، کە لە ڕووکارە ستراتیژی و ئابوورییەکانەوە لەوانی دیکە جیاوازترن و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بە درێژی باسی ژیانی کوردی ئەو دەڤەرانەم کردووە. لە کۆتایی ئەم بەشەشدا شتێکم لە بابەت ئێزیدییەکانەوە خستووەتە سەر، ئەوانەی لە شاخەکانی عێراق و سوریادا بە توندی ئاوێتە بە کوردەکان بوون، ئەمانە لە شارۆچکەی شەنگال و دەوروبەری زۆرن، لە

ڕۆژئاوای موسڵ شارۆچکەیەکی جوان و دڵگیر بە دامێنی لاپاڵەکانی شاخی شەنگالەوەیە.

ئێزدییان، بە ئازایی و جوانخاسییەوە دەناسرێنەوە، ئافرەتیان بە باڵای زراف و ڕێکوپێکیانەوە لە جوانترین ئافرەتانی جیهانن، لە ڕووی ڕەگەزەوە زۆرتر لە کورد دەچن، هەتا خوونەریتیشیان هەر کوردانەیە[1]، لە عێراقدا ئەم ئێزدییانە جێگە و پێگەی باشی خۆیان هەیە، زۆریان لە هێزی ئاسمانیی پادشاییدان. جاران هێزێکی نیزامیی تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە بەریتانییەکان سەرپەرشتییان دەکردن بۆ مەبەستی جەنگیی خۆیان، لە هەردوو بنکەی *شاهبە و حەببانییە*[2] جێگیر کرابوون. هەتا ئەم دواییانەش ئێزیدییەکان گەلێکی دواکەوتوو بوون، بەڵام بۆ ئەوەی بگەنەوە بە کاروانی شارستانی و مەدەنییەت، کەوتنە خۆیان، ئەمەش بە سوودوەرگرتنیان لە فێربوون، خوێندن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و زۆری تر لە کەرەستە و ڕواڵەتە شارستانییە تازەکانی سەردەم، هەروەها بە سایەی سیاسەتی بەرچاوڕوونیی حوکمەتی ئێستاوە، لە وڵاتی کورددا پێگەیەکی باشیان بۆ خۆیان گرتووە.

*** کوردانی میهرانی (میللییەکان)**

کوردە میللیی *میهرانی*یەکان، گەورەترین خێڵێکی کوردن و بڵاوترینیانن بە دەڤەرەکاندا. میللییەکان وەک هەر عەشیرەتێکی کوردیی تر لە تورک، ئێرانی و عەرەبن، بەڵام ڕەگەزی تورکی و ئێرانیان تێدا زاڵترە، ئەسڵیان لە میهرانییەکانن، کە تیرەیەک

---

[1] ئێزدییان بەشێکن لە کورد، لەمێژە دوژمنانی نەتەوەکە دەیانەوێت دایان ببڕن لە کورد.

[2] ئەم *شاهبە*یە، *شوعێبە*یە، لای شاری بەسرە، نووسەر یان وەرگێڕە عەرەبییەکە بە هەڵە ناوی بردووە.

بوون لە تیرەکانی خێڵی دێرینی گیتۆ. ئەمانە موسڵمانی سوننیی مەزهەبن، هەرچەندە هەندێکیشیان لە سەر مەزهەبی ئێزدیایەتی و بڕێکییشیان مەسیحین.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دێمە سەر باسی ئێزیدییەکان، کە کتومت لە کوردەکان دەچن و لەناویاندا دەژین.

ئەو زەوییانەی کە کوردە میللییەکانی لەسەر دەژین، لە باکووری سوریاوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە کۆتایی هێڵی شەمەندەفەری تورکی لە ئامەد، ئینجا بەرەو *نەسیبین* و ڕووەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە، تا گوێ ڕووباری دیجلە. دەشتاییە پانوپۆڕە ڕووتەنەکەی لەگەڵ سروشت و میزاجی کوردە میللییەکاندا گونجاوە و بەپێی نەریتەکانی ژیانە دەشتەکی و کشتوکاڵییە دامەزراوەکانیانە.

میللییەکان بە زمانی کرمانجی دەدوێن، بەڵام جیاواز لە شێوەزاری کوردی موسڵ و کەرکووک، چونکە شێوەزارەکەی ئەوان وشەی فارسی و تورکی تێدا زاڵترە وەک لە عەرەبی، بۆیە جیاوازییەکەی لەگەڵ کرمانجییە ڕەسەنەکەدا وەک ئەو جیاوازییەیە، کە وا لە نێوان شێوەزاری پشتۆ کە خێڵی *یوسف زای* باسانی قسەی پێ دەکەن و شێوەزاری عەشیرەتەکانی *ئەفریدی*، یان *وەزیری* باسانی لە پاکستاندا.

لە سۆنگەی شێوە و جۆری گوزەرانیاندا، لە تورکەکانەوە نزیکترن، ڕۆشنبیرتر، بەوێڵتر و ژیرترن، ئەمانە لە هۆزە کوردەکانی تر، کەمتر سادەیی و دەشتەکێتییان پێوە دیارە، لەوە دەچێت زیاتر ڕەوەند بن، کەچی هەندێک تیرە و هۆزیان لە گوندەکاندا جێگیر بوون، گوندەکانیان قەڵایەک لە ناوەڕاستیاندایە و چەند خانووی بچووک و کۆلیتەی لە قوڕ،

کە لە کۆلیتە قوڕینەکانی ناوچە سنوورییەکانی باکووری ڕۆژئاوای پاکستاندا دەیانبینین، دەوریان داوە.

میللییەکان (میهرانییە ڕەوەندەکان) گەلێکی مەزنن، تا ئێستاش نەریتە کۆنەکانی خۆیان بەرنەداوە، دابەزین لە هەورازەکانەوە و ڕوو لە باشوورکردن لە زستاندا بە ئاژەڵەکانیانەوە. ڕێک وەک هۆزانی *گیلزای* لەسەر سنووری پاکستان – ئەوغان، ڕەشماڵەکانیان[1] کە لە مووی بزن، یان خوریی وشتر وردوسفت دروستی دەکەن، تا تنۆکی باران یان تیشکی خۆر لێیەوە دانەدا، ئەم ڕەشماڵانە بە دوو ڕیز کۆڵەکەوە[2] بەند و ڕاگیر کراون، ئەملاولاکەشی بە سەنگ و ڕستە، یان بەرچیغ[3] دەبەستنەوە تا بتوانن لە ناو ڕەشماڵەکەدا بە پێوە هاتوچۆ بکەن، عەردەکەشی بە فەرش و بەڕەی جوان ڕادەخرێت و دەڕازێنرێتەوە.

هەر وەک تیرە و هۆزە سەرەتاییەکان، سیستمی عەشایری لەناو کوردی میللیدا بەندە بە سەرگەورەی بنەماڵەکەوە. عەشیرەتەکە دەکرێت بە دوازدە کۆمەڵەی سەرەکییەوە، هەر کام لەمانەش بۆ تیرە و هۆز و خێزانی گەورە. سەرۆکایەتیی

---

(1) ڕەشماڵ: دەوار، بەپێی دەستڕۆیشتن گەورە و بچووکی هەیە، ناونجیان پەسەندترە.

(2) کۆڵەکە: چەڵەکە: ئەستوندەک: دارێکی درێژە لە سەرەوە دوو پەلە، هەتا درێژ بێت نێو تاوڵ، یان دەوارەکە بچووکتر دەبێتەوە، خوارەکەی تیژە وەک مەزرەمە، تا باش لە زەوی بچەقێت.

(3) سنگ: لە داربەڕوو سەرێکی تیژ دەکرێت تا بە کوتەکەدار بە زەوییەکەدا دابکوترێت.

ڕستە: ئەو گوریسەی سەرێکی بە دەوارەکەوەیە و سەرەکەی تری بە سنگەکانەوە بەستراوە.

بەرچیغ: هەر سنگە و سەرەکەی تیژ کرابێت (لەلە کرابێت) بۆ داکوتان.

عەشیرەتەکەش پشتاوپشتە، بەساڵاچوان و پیاوماقوڵانی خێزان و خانەوادەکانی *ئاغا* هەڵدەبژێرن، ئیتر ئاغا دەسەڵات و سەرکردایەتیی تەواوی دەبێت. لە سەرهەڵدانی گیروگرفت و ناکۆکییەکانیشدا ئەنجوومەنی لە سەرۆک عەشیرەتەکان و گەورە پیاوانیان (شێخەکان) دەکەونە تاوتێکردن و لێکۆڵینەوەی.

تا ئێستاش میللییە (میهرانی)یەکان بە شانازی و ڕێزەوە یادی **ئیبراهیم پادشای** پاڵەوانی مەزنیان دەکەنەوە و بەرز ڕایدەگرن، چونکە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، توانی لە ژێر سەرکردایەتیی خۆیدا عەشیرەتە بچووکەکەیان ڕێک بخات؛ ئەفسانەکە دەڵێت:

**ئیبراهیم پادشای** برای، یەکبوون و بەرزیی بۆ کوردی میللی هێنایە دی. لەوپەڕی شکۆ و پایەبەرزیدا بوو، ڕەشماڵەکەی بە چل ئەستوندەکەوە ڕاگیرابوو، تابلۆی چنراوی ڕەنگین ئەملاولای دەڕازاندەوە، بەنرخترین و باشترین کەلوپەلی ناو ماڵی تێدا بوو، فەرش و ئۆرتەی گرانبەها، کە دەردەچوو، دەستوپێوەند و پاسەوانە تایبەتەکانی لە سەدوبیست ئەسپسوار پێک هاتبوو. **سوڵتان عەبدولحەمید** ڕوتبەی پادشایی بەم **ئیبراهیم پادشایە** عەتا فەرموو بوو، کردبوویە حاکمی ئەو ناوچانەی کە کوردانی میللییان تێدا دەژیا. کوردانی میللی بەگشتی و **ئیبراهیم پادشا** بەتایبەت، لە لایەن سوڵتانەوە هەندێک تایبەتمەندیی جیاوازیان پێ بەخشرابوو، لەبارەی باج و خۆبەڕێوەبردن و پێکەوەنانی سوپایەکی غەیرەنیزامی لەناو خۆیاندا.

لە سەردەمی **سوڵتان عەبدولحەمیددا** ئەم میللییانە بەشێکی باشیان لە ئۆتۆنۆمی پێ درابوو، لەم دواییانەی

سەردەمەکەشیدا، فیرقەیەکی غەیرەنیزامی لیٚ پێک هێنابوون، سەرۆکە میللییەکانی خۆیان بەڕێوەیان دەبرد، ئەم فیرقەیە ناو نرابوو *حەمیدییە*، وەک پاسەوانی تایبەتیی **سوڵتان**، مەبەستیش لێی پاراستنی بوو لە هەر سەرهەڵدان و شۆڕشێک، کە میللەت لە دژی بیکات. وەک لە بەشی پێشتر باسمان لێوە کرد.

**ئیبراهیم پادشای** سەرکردەی مەزن، پێشوازی لە پێکەوەنانی ئەم فیرقەیە کرد، ڕاستییەکەشی ئەمە لە بەرژەوەندیی خۆی بوو، چونکە بەری بۆ بەرەڵلا کرا، کە سەرکردایەتیی هێزێکی ڕێکخراو بکات، کە ئەفسەرانی بەڕێوەیان دەبرد زۆربەیان لە خزم و شوێنکەوتوانی خۆی بوون، بیٚ لەمە، دەسەلاٚت و نفووزیشی لەناو عەشیرەتەکەیدا زیاتر توندوتۆڵ چەسپی. دەسەلاٚتێکی تەواو لە بانگکردنی خەڵکی بۆ بوونەسەرباز. ئینجا دەڤەرەکەی هەر وا بە توندوتۆڵی و پارێزراوی مایەوە، بەبیٚ ئەوەی دەستی بۆ درێژ بکرێت، نە باجگرانی دەوڵەت و نە سەربازانی سوپاش خۆیان نەدەگەیاند لەو ناو دەشتودەرە پانوپۆڕەوە. پایتەختی مەملەکەتە گچکەکەشی شاری *فیرانشار* بوو کە عەرەب و ئەرمەنیشی تێدا دادەنیشتن.

هەر بە پاڵ کابرای ئیمانداری عەرەبەوە، لە فیرانشاری نوێدا کلێسایەکی ئەرمەنیش بوونیادنرا و قەشەیەک سەرپەرشتیی دەکرد. لە سەردەمەکەی **ئیبراهیم پادشادا**، فیرانشار وا گەشەی کردبوو، کە لە مێژوودا وێنەی نەبووبووەوە.

پاش لە دنیادەرچوونیشی، ئەوەی دوای خۆی هات لەو ئاستەدا نەبوو کە جێی ئەو بگرێتەوە و شایانی ئەو پلەوپایەیە بێت. بەمە میللییەکان سەرکردەیەکی مەزنیان لەدەست دا،

سەرکردەیەک، یەکبوون و شکۆمەندی بۆ فەراهەم هێنابوون و سەری بەرزکردبوونەوە، ئینجا ئەوەی زیاتر میللییەکانی پەرتوبڵاو کردەوە، پەیدابوونی بزاڤی *گەنجانی تورک* (جۆن تورک) بوو، بەتایبەت پاش لەکارلابردنی **سوڵتان عەبدولحەمید** بە دەستی **مستەفا کەمال ئەتاتورک**.

دوای یەکەم جەنگی جیهانییش، چارەنووسی میللییەکان تا ماوەیەک بە قەزاوقەدەرەوە هەڵپەسێردرابوو، بەڵام کە دەوڵەتی سوریای ئیستا پلانی پێکهێنان و دروستبوونی بۆ دانرا و خرایە ژێر چاودێریی فەڕەنساوە، کوردانی میللی، کاتێک بە خۆیان زانی بەسەر دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا دابەشکراون: *سوریا و تورکیا*؛ ئیتر لەو عەیامەوە ملیان بۆ قانوون داوە، نە لە تورکیا نە لەسوریا هیچ ئاڵۆزی و پشێوییەکیان نەناوەتەوە.

ئێستا لە عەشیرەتێکی کوردی ترەوە دەدوێم، عەشیرەتێک کە ناوچەیەکی بەبایەختر و پانتاییەکی فراوانتریان لە میللییەکان گرتووە، پێگەیەکی بەرزیشیان لەناو گەلی ئێراندا هەیە[١].

*** کوردە گۆرانەکان:**

ئەم عەشیرەتە کوردە بەناوبانگە لە دەشتاییەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا نیشتەجێن. لە کرماشان کە بەناوبانگترین شاری ڕۆژئاوای ئێرانە و لە دەوروبەرەکەیدا ژمارەیان زیاترە. وشەی *گۆران*، بە زمانی ناو خۆیان *دانیشتوانی ناو شاخ* دەگەیەنێت، یان گۆر بە مانای *شاخ* دێت. بەپێی کتێبی شەرەفنامە (کە گرنگترین کتێبێکە دەربارەی

---

[1] ڕاستتر: لەناو گەلانی ئێراندا.

عەشایرە کوردەکان دانرابێت) ئەوە دەگەیەنێت کە **گوتاریز شا** کوڕی **گیو** عەشیرەتی گۆرانی پێکەوە ناوە، دەگوترێت **ڕوهان** کوڕی **گوتاریز** کوڕی **گیو**، **بەهمەنی** ناردووە تا *ئۆرشەلیم* کاول بکات و یەهوودەکانی ئەو شارە یەخسیر بکات و بیانکاتە کۆیلە، لە زۆر شوێن و سەرچاوەدا ناوی ئەم **ڕوهانە** بە **بەختۆنەسر** هاتووە[١].

جا هەر بەپێی کتێبی ناوبراو، ئەو وڵاتەی دەوروبەری *تەختی شیرین* و کرماشان لە سەردەمی **ڕوهان**ەوە لە ژێر دەستی ئەوانەدا بوون کە پاش **گوتاریز** کوڕی **گیو** هاتوون و فەرملنڕەواییان کردووە، ئێستا ئەو خەڵکە پێیان دەگوترێت *کوردی گۆران*، تا حاڵی حازریش ناوی **گوتاریز شا** کوڕی **گیو** و نازناوەکەی بە نەخشێکی هەڵکۆڵراوەوە لە *بایساتون*[٢]ی نزیک بە کرماشان لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران.

---

[1] بەختونەسر (بختنصر)، نابوخاد ناسر، نەبۆخەزنەسر: کوڕە گەورەی نەبو بولاس بووە، بابلی لە ژێر دەستی ئاشوورییەکانەوە کردە ئیمپراتۆرییەکی مەزن، بە یارمەتیی میدییەکان نەینەوای گرت. سەرکردەیەکی سەربازیی لێهاتوو بوو. لە ئاوەدانکردنەوەشدا وێنەی کەم بوو، پەلاماری میسری دا و فیرعەونەکانی شکاند، بەشێکی زەوی کەنعانی گرت و ئۆرشەلیمی کاول کرد و تاڵانی کرد. گەورە و پیاوماقوڵانی یەهوودی لە ٥٨٦ پێش زایین بە یەخسیری هێنانیە بابل. بۆ جاری دووەم پەلاماری شارەکەی دایەوە و کوشتارێکی زۆری تێدا کرد، ژن و منداڵیانی هێنایە بابل و دابەشی کردن بەسەر بابلییەکاندا و تاڵانییەکانیشی پێ دان، دەڵێن **عوزێر** پێغەمبەر لە نێو ئەو منداڵە یەخسیرانەدا بووە.

موبتەلا بوو بە عیللەتێکی سەیرەوە، کە پێیان دەگوت *بوون بە* گورگ (إستئذاب)، یانی: شێتییەک بوو، ناوەناوە کەللەیی دەبوو وایدەزانی بووە بە گورگ، جا لەو ئانانەی کە بەسەریدا دەهات، وەک گورگ ڕەفتاری دەکرد و لە سیفەتی بنیادەم دەردەچوو. (ویکیپیدیا – ئینتەرنێت، الموسوعة الحرة)

[2] بایساتون = بێستوون.

له کتێبی *مسالک الأبصار*یشدا، که یەک لەو کتێبە بەبایەخانەیە لە ڕووی مێژووییەوە، ئەوە هاتووە گوایە لە سەدەی چواردەدا عەشیرەتی گۆرانەکان دەستی گرتووە بەسەر باشووری کوردستاندا، ئەم هەرێمەش لە سنووری هەمەدانەوە تا شارەزوورە، کەواتە دەکرێت بۆ ئەوە بچین ئەم گۆرانانە لە سەردەمێکدا بەشێکی زۆریان لە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانیان بەدەستەوە بووە، تا ئێستاش بە درێژایی سنووری باشووری ڕۆژئاوای ئێران و دەوروبەری خانەقین، گۆرانەکان زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەن.

ئەم گۆرانانە میللەتێکی چاپووک و گورج و گۆڵن، حەز بە داهێنان و ئامێرسازی دەکەن، کورتەباڵا و ئەسمەر، بەڵام پتەو و توندوتۆڵ و تەندروست، لەسەر کشتوکاڵ و لەوەڕاندنی مەڕوماڵات و ڕەشەوڵاخ دەچن بەڕێوە، باشترین جۆری خوری بە لای ئەمانەوەیە.

لەو بەروبوومانەی قازانجێکی باشی لێ دەکەن: هەنار، ترێ و شیرەمەنی. ژمارەیان لە نێوان ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ هەزار کەس دەبێت، ئازا و زرنگ و وریان، دڵسۆزن بۆ دەوڵەت.

دەوڵەمەندترین کێڵگەی نەوتی ئێران لە ناوچەکەیاندایە، ئەمە بایەخی ناوچەکەیانی گەلێک بەرز کردووەتەوە.

*** کوردی جەرجیریا:**

بە زۆری ئەم کوردە جەرجیرییانە لەسەر سنووری تورکیا – ئێرانن. وڵاتی ئەمانە بەشی زۆری دەکەوێتە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. نیمچە ڕەوەندێکن، لە وەرزێکی لەباردا زەوییەکانیان دەکێڵن و دایدەچێنن، لەم لەوەڕگە بۆ ئەوی دیکە بە گا، گوێلک و مەڕوماڵاتیانەوە بار دەکەن، بۆ

ساغکردنەوەی بەروبوومەکانیشیان گیانێکیان بە بازاڕەکانی موسڵ، نەسیبین و جەزیرەی ئیبن عومەرە، لە بازاڕی ئەو شارانە جلوبەرگ و پێویستییەکانی ژیانیان دەکڕن.

ژمارەیان لە نێوان دە بۆ دوازدەهەزارێک دەبێت، وڵاتیان پڕ ئاو و کانیاوە، باشترین جۆری گەنم، جۆ و چەڵتووک بەرهەم دەهێنن، سەرەڕای میوە و سەوزە، خوری و حاسڵاتی کشتوکاڵ و بەروبوومی شیر بە قوماش و پێویستیی تر دەگۆڕنەوە.

ئەمانە نموونەی پیاوەتی و جوامێرین، باڵازراڤ و جوانخاس، لەسەر ڕاوبۆچوونی خۆیان سوورن و گرنگی بە مامەڵەکردن لە گەڵیاندا دیارە، زوو هەڵدەچن و زووش هێور دەبنەوە، کە دەکرێت لەگەڵیاندا بسوڵحێیت و جڵەوگیریان بکەیت، دەستودڵ فراوانیشن.

ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر عەرەب، بەڵام ئەوان خۆیان بە کوردێکی پاک و ڕەسەن دادەنێن، دەڵێن بەر لە ١٥٠ساڵ، **سلێمان ئاغا** ئەم عەشیرەتەی لە سلێمانییەوە هاوردووەتە ئەم دەڤەرە [١].

*** عەشیرەتی بتوانی:**

عەشیرەتێکی گەلەک بچووکە، لە سەروو موسڵەوەن، بە لاپاڵەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کێوی جودیەوە[٢]. ژیان و گوزەرانیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوەیە.

---

[1] کە وایە ئیدی نەسەبە عەرەبەکەیان چی بەسەر هات؟! دیارە دەستەڵاتدارانی ئەو کات، تورک بووبن یان عەرەب، وەک عادەتیان ئەو زانیارییە چەوتەیان پێ داوە.

[2] کێوی جودی گەلێک لە موسڵەوە دوورە. نووسەر لە دیاریکردنی نزرگەکەیاندا نەیپێکاوە.

*** هۆزی حسێنان:**

بە پێچەوانەی جەرجیرییەکانەوە، هۆزی حسێنان دەچنەوە سەر ڕەگەزێکی کوردیی ڕەسەن، بەڵام بە تەواوی لەم دووسەد ساڵەی دواییەدا *بەعەرەب کراون*، لە دەوروبەری موسڵن. ژمارەیان لە چەند هەزارێک تێناپەڕێت، لە واقیعیشدا لە ئێزیدییەکانەوە دوورن. ئەم حسێنیانە بە کشتوکاڵەوە خەریکن و نیشتەجێن، گرنگترین بەروبوومیان دانەوێڵە (گەنم و جۆو زوڕات)ە.

هەروەها لە عەشیرەتە بچووکەکانی کورد لە دەڤەری موسڵ، هۆزی گوللی، سندی، حجام لە زاخۆ، مزوری، دۆسکی و شوخان لە دهۆک لەسەر سنووری تورکیا – ئێران، هەروەها عەشیرەتی سورچی، گیزای، زوکری و هەرکی لە ئاکرێ. عەشیرەتی نێروە، ئۆریگە، بەرواری باڵا و سابنا لە ئامێدی.

ئەمانە زۆربەیان ڕەوەندن، هەرچەندە هەندێکیان لە زاخۆ و دهۆک خاوەنی زەویوزارن و گەنم، جۆ و چەڵتووک بەرهەم دەهێنن.

*** عەشیرەتەکانی جافی ئێران:**

کوردی جاف لە ڕووکارەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری سنووری عێراق – ئێرانن. ئەم عەشیرەتە لەناو عەشایری کورددا بەوە دەناسرێن، کە بە دەگمەن نەبێت مل بۆ قانوون نادەن، لە گوزەرانیاندا بە تەواوی خەریکی لەوەڕاندنن. ژمارەی ئەم جافانە بە لایەنی کەمەوە شەشهەزار کەسن. لە نزیک کفری، چەمچەماڵ و هەڵەبجە لە عێراقدا دەژین، ناوچەکانیان دەمیلی تریش دەچێتە ناو ئێرانەوە.

له هۆزە بچووکەکانی تری ئەم ناوچەیە: هۆزی تاڵەبانی، بەرزنجە، شوان، ئەکر جا و خێڵی بارزانی بەناوبانگ کە نزیک بە کەرکووکن.

له شۆڕشەکەی **مەلا مستەفای بارزانی**یەوە، ساڵی ١٩٤٦ – ١٩٤٧ کوردانی بارزانی بایەخێکی زۆریان پەیدا کردووە[1]. زۆربەیان لە سەییدەکانن، لە گشت عەشیرەتە کوردەکانی تر ڕۆشنبیرتر و زاناترن.

*** کوردی کاکەیی:**

عەشیرەتێکی گرنگی کوردی تر، لە ناوچەیەکی نزیک بە کەرکووک و سلێمانی سوکنا بوون. بەمانە دەڵێن *کاکەیی*، کە سەر بە مەزهەبی شیعەن. لە ڕووی ڕەگەزیشەوە لە قزڵباشەکانەوە نزیکترن وەک لە کورد، ئەمانە زۆرتر لەگەڵ قزڵباشەکان تێکەڵن و ژن و ژنخوازییشیان لە نێواندایە. هەندێک وای بۆ دەچن کە کوردی کاکەیی تیرە و بەتنێکن لە خێڵی قزڵباش، کە لەناو خاکی کوردەواریدان. بە یەک لە شێوازەکانی کرمانجی دەدوێن، ژمارەیان لە نێوان نۆ بۆ دەهەزار کەسێکە. کشتوکاڵ پیشەی سەرەکیی ئەمانەیە.

*** کوردی خۆشناو:**

---

(1) شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بارزان لە ڕاپەڕینی شێخ **عەبدول سەلامی بارزانی**یەوە ساڵی ١٩١٢ دەست پێ دەکات، لە ١٩٣١/١٢/١٩ یەکەم شۆڕشی بارزان، ١٩٤٣/٧/٢٨ شۆڕشی دووەمی بارزان هەتا ١٩٤٥/٩/٥ کە شەڕی *مەیدان* موریک کرا و **بارزانی** چووە دیوی ئێران بۆ ناو کۆماری مەهاباد، هەتا ١٩٤٧/٦/١٨ کە لە ئاراس پەڕینەوە بۆ ئەوبەری سۆڤێتیی جاران.

له تەرەفی ڕۆژئاوای هەولێرەوە[١]، کوردەکانی خۆشناو دەژین، لە هاوینەهەوارە جوانەکەی شەقڵاوە. لەشپتەو و جوانخاس، لە قسەکردندا حازربەدەست. خولیایەکی زۆریان لە ژیانی سەربازی هەیە. خۆشناوییەکان لەچاو کوردانی تردا لە ڕووی دەوڵەتداری، زانست و ڕۆشنبیرییەوە لە پێشترن. زۆرتر بە کشتوکاڵ و کاری سەربەست *کاسبی*یەوە خەریکن، وەک باقیی عەشیرەتەکانی تر سەربازی بۆ حکومەت دەکەن و دەشبنە پۆلیس، ئیتر لە عێراقدابن یان لە ئێراندا، پلەوپایەی کاروباری مەدەنییشیان هەیە. ژمارەیان دەوروبەری سیهەزارێک دەبن.

*** کوردی پشدەر و هەورامان:**

لە باکووری عێراق و لە لیوای سلێمانی، عەشیرەتێکی کورد دەژی پێیان دەگوترێت پشدەر[٢]. گەورەترین عەشیرەتێک کە زۆریان لە ئێران دادەنیشن و تێکەڵ بە عەشیرەتی *هەمەوەند* و *هەورامان* بوون[٣]، ئینجا چونکە وڵاتەکەیان وشک و بێ ئاوە، جگە لە کەمێک پانتایی شینایی و کێڵگە کە بە کانیاو و ئەو جۆگایانەی لە شاخەکانەوە دێن ئاودێر دەبن، بۆیە زۆربەیان کۆچەری و ڕەوەندن. لە دەوروبەری شاری ڕەواندزی

---

([1]) ڕاستتر: ڕۆژهەڵات و سەرووی ڕۆژهەڵات.

([2]) ئەمە ناوە بۆ دەڤەرێک، نەک خێڵ و عەشیرەتەکانی ناو پشدەر، کە زۆرن.

([3]) هەورامانیش دەڤەرە وەک شاربازێڕ، شارەزور... هەورامانی *تەخت*، وا لە دیوی ئێران و *لهۆن*یش لە دیوی عێراق، بەشێکی لە دیوی ئێرانیشە. جگە لەمە، دیوی ڕۆژهەڵات هەورامانەکانی ئەمانەن: تەخت، دزڵی و شامیان، ڕەزا و گەمەرە، ژاوەرۆ و گاوەرۆ، هەورامانی ڕۆژهەڵات لە دوو پارێزگای کرماشان و سنە، گرنگترین شارەکانی سەرجەم هەورامان بریتین لە: پاوە، نەوسوود، نۆدشە، بیارە و تەوێڵە، بەشێکی دیاری هەڵەبجەش هەورامین.

بەناوبانگی لە باکووری عێراق، کوردی *زێباری* و *مەنگور* دەژین. دەسەڵات و هێزێکی زۆریان هەیە، گەلێک لە ئەفسەرە گەورەکانی ناو سوپا و پیاوانی دەوڵەت لەمانەن، دەستودڵ فراوان و خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەرزن.

شاری هەولێر کە لانکی شارستانییەتی کۆنی کوردە، لە نزیک ڕەواندزەوەیە، لێرە عەشیرەتی *دیزین*، تیرەکانی *مامەسەن* ، *سیان*، *ئاغا کاکی خان* و *شیروانی* دەژین، هەروەها لە نزیک هەولێر هەندێک وەچە و تیرەی سەر بە خۆشناو، گوری، شێخان، ئاکۆ، شیلانا، شالابێجی، نۆدشە، مەنگوڕ، باڵک و شۆڕش دەژین، ئەمانە بە پاڵ زاییری، کازوری و هەرکی بەناوبانگەوەن.

*** کوردی هەمەوەند**

لە تەرەفی ڕۆژئاوای ئێران، کوردەکانی *هەمەوەند* دەژین، ئەم تەرەفە لەسەر سنووری ئێران – عێراقن. بە زۆری کۆچەرن. گرنگترین ئەو شارانەی بۆ بازرگانیکردن و شمەککڕین پشتیان پێ دەبەستن و ڕوویان تێ دەکەن، مەهاباد و ورمێ (ڕەزاییە)یە لە ڕۆژئاوای ئێران، ئەم دەڤەرە دەگاتەوە بە شارۆچکەی *خانەی* سەر سنووری ئێران – عێراق، ژمارەیان بە پازدەهەزار کەسێک دەخەملێنرێت.

*** باشووری ڕۆژئاوای ئێران:**

وەک پێشتر گوتم، گۆرانەکان بە هێزترین عەشیرەتێکی کوردن، کە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێراندان. بە پاڵ ئەمانەوە تیرە و بەتنی عەشیرەتی خەیلانی، دەلۆ و تاڵەبانیش دەژین،

ئەمانە لە شارەکانی: خانەقین، قەسری شیرین و دەوروبەری کرماشان لە ڕۆژئاوای ئێراندا[١].

*** ئێزیدییەکان:**

هەر وەک چۆن کوردەکان بەگشتی لە *باسانییەکان*ی دەڤەری سەر سنووری باکووری ڕۆژئاوای پاکستان دەچن، ئێزدییەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر لە خێڵەکانی *لال کفیری*ی سەر لا پاڵ و دامێنەکانی شاخەکانی *هیندوکوش*ی باکووری *گترال* دەچن، لە سەر سنووری ڕۆژئاوای پاکستان، بۆ خۆشبەختییش ڕادەی لێکچوونەکەیان لەمەندە زیاتر نییە.

ژمارەی ئەم ئێزدییانە ٢٢٠٠٠ کەسن، وا باوە لێیان، کە ئەمانە شەیتانپەرستن. جگە لێرە لە زۆر شوێنی تری ناوەڕاستی ئاسیادا، کۆمەڵکۆمەڵ دابەش بوون و هەن، بەڵام لەو دەڤەرە کەوانەییە هەشتا میلییەی بە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای موسڵەوە درێژ بووەتەوە، بە زۆری و چڕی هەن و نیشتەجێن. ئێزدییان بە زمانەکەی خۆیان بە خۆیان دەڵێن *دسازای*[٢].

***ڕەچەڵـەکیان:**

ڕا و بۆ چوون، هەتا تیۆرییش لەسەر ئەسڵ و بنوبنەچە و ڕەچەڵەکی ئەم ئێزدییانە زۆرە، هەندێک وایان دادەنێن گوایە تیرەیەکی بزربوو و پەڕاگەندەی ئیسرائیلییەکانن، هەندێکی دیکە بە بەرەباب و نەوەی ئاشوورییە کۆنەکانیان دەدەنە

---

[1]) وەک دەبینین نووسەر لەم بەشەدا (عەشایرە کوردەکان) سەرکەوتوو نییە و زانیارییەکانی تێکەڵن و زۆریان ناڕاستن. بۆیە پشت بەم بەشەی نابەسترێت.

[2] **دەمەڵوجی** دەڵێت: لە سەرەتادا لە چیای *داسن* بوون، کە شاخی مزورییانە، بۆیە پێیان دەگوترێت *داسنییەکان* .بڕوانە: صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية، دار ئاراس – هەولێر چاپی دوو ١٩٩٩ ل ٣٦.

قەڵەم، هەشە بە ئامۆزای زەردەشتییەکانیان دەزانن، کە لە دێرزەمانەوە بە ناو کێو و شاخەکاندا ڕەویان کردووە بۆ ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و لەوێ نیشتەجێ بوون.

وشەی *ئێزد*، *یەزیدی* یان ئێزادی، لە وشەی *یەزدان*ەوە هاتووە، کە لە زمانی پەهلەویی کۆندا بە مانای *دروستکراو* (مەخلووقی باڵاتر) دێت، چونکە یەزدانی پەروەردگار، لە لای ئەمانە بەرزی و بڵندییەکی خەیاڵیی مەعنەویی ڕووت (مجرد)ی هەیە، بەڵام گرنگیپێدانە جیددییەکەیان هاتووەتە سەر ئەو مەخلووقەی ئێمە بە *مەلەکی نەفرەتلێکراوی* ناو دەبەین. ئەمە ئەگەر بمانەوێت وشەیەکی لە باری ڕێکوپێکی ئاقڵانەی بۆ بەکار بهێنین و وەسفی *شەیتانی* پێ بکەین؛ بەڵام ئەوان وای دادەنێن کە شەیتان یان مەلەک مەخلووقێکە، لە لایەن گەورەی گەردوونەوە دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر دنیادا پێ بەخشراوە، لەبەر ئەمە شەیتان هێزێکە دەبێ ڕازی بکرێت، ڕێزی لێ بگیرێت، ئەگەر بە لای هەر کەسێکیشەوە ستەم و زەحمەتە، خۆشی بوێت.

ئەوان ئەگەر کەسێک لە پێش دەمیاندا، یان لە لایان ناوی *شەیتانی* هێنا، دەترسێن و دەلەرزێن، چونکە ئەوە ناوێکە بۆ ڕیسوایی و شەرمەزاری کە موسڵمانان بەسەریاندا بڕیوە، بە ڕۆحی خراپەکاری و بەرهەڵستکاریی خودای گەورەی دادەنێن. کەچی ئێزدییان گشتیان بەهێز و گەورەییەکی وای دادەنێن، کە دەتوانێت سروشتیش ببەزێنێت.

تێڕوانینێکی تر کە باوە و پشت بە هەقیقەتە مێژووییەکان دەبەستێت، ئەوەیە کە ئێزیدییەکان کۆن باوکوباپیرانی **یەزیدی**

**کوڕی معاوییە**ن، کە بەرپرس بوو لە شەهیدکردنی *ئیمام* حسێنی نەوەی **پێغەمبەر** (د.خ)[١].

ئێزیدییەکان لە ڕووی ڕەگەزەوە کتومت لە کورد دەچن، بگرە زمانەکەشیان زۆر نزیکە لە زمانی کرمانجییەوە[٢].

*** ئایینیان:**

باشتر وایە سەرەتا باس لە بیروباوەڕی ئایینیان بکەین، چونکە تێڕوانینی سیاسیی ئەمانە لەسەر بنەما ئایینییەکەیانە و پەیوەستە بەو بیروباوەڕەیانەوە. ئایینی ئێزدی، سیستمێکی هەماهەنگ نییە پێکەوە، بەڵکو ئاوێتەیەکی نادیارە لە وەسەنییەیەکی جاهیلی، یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام، کە تێگەیشتن لێی نارەحەتە، دواجاریش تێکەڵ بە ڕێنمایی و موچیارییەکانی **شێخ عودەی** دەبێت، ئەو پیاوە سۆفییە موسڵمانەی لە حەلەبەوە هاتووە و ساڵی ١٢١ کۆچی لە شارۆچکەکەی، کە ٣٥ میل لە سەرووی موسڵەوەیە، کۆچی دوایی دەکات[٣].

---

[1] بە پێچەوانەوە، ئەم بۆچوونە بێبەڵگەترین بۆچوونەکانە کە عەرەبە شۆڤێنییەکان هەمیشە دەیانەوێت نەتەوە موسوڵمانە غەیرەعەرەبەکانی ناوەوە و دەوروبەری جەزیرەی عەرەب ببەنەوە سەر خۆیان و بە عەرەبیان بکەن.

نموونە بۆ ئەمە کتێبی (الاكراد في نظر العلم)ی ڕەگەزپەرست **د. ڕەشید ئەلەیل**ەو هاوشێوەکانی.

[2] زمانی قسەکردنیان بەشێکە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو.

[3] شێخ **ئادی** کوڕی موسافیری هەکاری، کە بە سەرۆکی ڕۆحی ئێزدییان دادەنرێت، گۆڕەکەی لە مەزارگەی *لالش*ەو تا ئێستاش ئەم شوێنە لە لایان زۆر پیرۆزە و ساڵانە زیارەتگەیانە، لە ١١٦٠ زایینی کۆچی دوایی کردووە (القاضي احمد بن خلكان)، کە لە ٦٨١-١٢٨٢ زایینی وەفاتی کردووە، لە (وفيات الأعيان)ەکەیدا دەڵێت: شێخ **ئادی بن موسافير**، کە تایەفەی عەدەوی سەر بەون، لە ساڵی ٥٥٥، یان ٥٥٧ کۆچی وەفاتی کردووە. وفيات الأعيان. ط بولاق الأول ١٢٧٥ه. ص ٤٤٨.

سەبارەت بە ڕازیکردن و ڕاکێشانی سۆزی سەرچاوەی شەڕ و خراپەکاری کە بە *مەلەک تاوس*، یان باڵندەی پیرۆز ناوی دەبەن، لەوە دەچێت کە ددانانان بە سەرەتای خێروشەڕدا، کە لە **مەلەک تاوس**دا ماوەتەوە، لەوانەوە وەرگیراوە کە ئێرانی بوون و کۆن باوەڕیان بە دوانەی خێروشەڕ بووە، هەروەها دەشێت و ڕێی تێدەچێت، ئیزدییەکان دیسان خۆرپەرستیان لە ئێرانییەکانەوە وەرگرتبێت، چونکە دەریاچەی ورمێ کە **زورستری** پێغەمبەر لێی لەدایک بووە[1]، زۆر نزیکە لە شوێنی ئەوانەوە کە باڵندەی پیرۆزیان دەپەرست.

لە لایەکی تریشەوە ڕێی تێدەچێت کە خۆرپەرستییەکەیان کۆنترین جۆری خواپەرستییان بووبێت، چونکە لە خۆرهەڵهاتن و ئاوابووندا، خۆشەویستی و عەزرەتییەکی بێئەندازەی بەرانبەر دەردەبڕن و پیشانی دەدەن، ئەو شوێنەی یەکەم تیشکی خۆرەکەی بەردەکەوێت، ماچی دەکەن.

ئێزیدییەکان گشت ڕێوشوێنە ئایینییەکانیان، نوێژەکانیان بە زمانی عەرەب دەکەن، هەرچەندە زمانەکەیان زمانی *داسنی*یە، کە گەلێک نزیکە لە کرمانجیی *زمانی کوردی*یەوە. قورئانی پیرۆز بەرز و بەڕێز ڕادەگرن، وەک موسڵمانان بە حورمەتەوە تێی دەڕوانن. ئەمانە وای بۆ دەچن کە ئاوی زەمزەم لە مەککە، هەر لە هەمان ئەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێت کە ئاوی بیرەکەی گوندی **شێخ عودەیی** لێیە.

***ڕێوشوێنە ئایینی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان:**

---

بڕوانە: لالش مجلة، مركز لالش – دهوك: شمو قاسم الدناني، من مشاهير الكرد حسين بگ الداسني. ع ٨اب ١٩٩٧ص١٨٩.

[1] دەشێت مەبەستی لە **زەردەشت** پێغەمبەر بێت.

بیروباوەڕی ئێزدیایەتی وەک پێشتر گوتمان، ئاوێتەیەکە لە بیروباوەڕە ئایینە زۆرەکانی دیکە. ئەمانە وەک موسڵمان خەتەنە دەکەن، وەک مەسیح منداڵیان لە ئاو هەڵدەکێشن و وەک یەهوودیش حەرام ناخۆن، بۆ نموونە گۆشتی بەراز و وشتر، وەک مانییەکانیش بێز لە ڕەنگی شین و نیللی دەکەنەوە، هەروەها باوەڕیان وایە هەریەک لە **ئیبراهیم**، **یونس** و **عیسا** (سڵاوی خوایان لەسەر بێت) و **پێغەمبەرمان موحەممەد** (د.خ) و **ئیمامی مەهدی** (کە بە لای ئەمانەوە **شێخ عودەییە** بە پاڵ **مەلەک تاوس**ەوە) ئەمانە تێکڕا ئاوێتەن لە بیروباوەڕێکی نادیاری گران لە ڕووی حاڵیبوون لێیەوە. لەناو هیچ میللەتێکی تردا نموونەی وەک ئەمە نییە، کەس ناوێرێت لە پێشچاوی هەر ئێزدییەکدا، تف ڕۆ بکاتە سەر زەوی، هەروەها دەنگی *شی* لێ دەربچێت، چونکە وشەی *شەیتان* بەم پیتە دەست پێ دەکات، ئەگەر ئێزیدییەک ئەوە بکات، دەکوژرێت.

لەو خواردنانەشی کە ئێزیدییەکان لە کنیان حەرامە: گۆشتی *کەڵەشێرە*، چونکە لە دیمەندا بە لای تاوسەوە دەچێت[١]، هەروەها پاقلە، کوولەکە و کووسە[٢].

وەک گوتم ئێزدییان قورئان بەرز و پیرۆز ڕادەگرن، بەڵام بۆ خۆیان دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە، کە تایبەتە بە خۆیان،

---

(1) دیاردەی نەخواردنی گۆشتی کەڵەشێر لەناو دانیشتوانی ناوچەی *ماوەتی* شارباژێڕی سەر بە سلێمانی هەیە، بەڵام هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ ڕووداو و بەسەرهاتی جۆراوجۆری لاواز.

(2) کووسە: هەر کوولەکەی سەوزە و عەرەبی عێراق پێی دەڵێن (شجر)، کوولەکەی زەردی گەورەش لە هەمان خێزانە و (القرع)ی پێ دەڵێن.

یەکیان بە ناوی *جیلوە*، کە کتێبی سروشە و ئەوی دیکە کتێبی ڕەش[1].

*جیلوە*، بریتییە لە ئاشکراکردنی هێز و جەبەروتی شەیتان و ئاڕاستەی شوێنکەوتوانی کراوە، بەم وشانە دەست پێ دەکات: "من پێشتر، ئێستا، لە ئایندەشدا و بۆ هەمیشە، حاکمی گشت بوونەوەریکم، فەرمانکار و نەهیکاری گشت کاروبارێکی ئەو کەسانەم کە گوێڕایەڵمن.". بە موچیاری کۆتایی دێت بۆ شوێنکەوتوانی، کە پێویستە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بە نهێنی بپارێزن و ئاشکرای نەکەن.

بەڵام کتێبی *کتێبی ڕەش*، بریتییە لە باسی دروستبوونی جیهان و گەردوون، کورتە مێژوویەکی گشت ئایینە کۆنەکان و ڕیوشوێنە جۆراوجۆرەکانیان، پەند و موچیاری ئەخلاقی. سەیر لەوەدایە کە وشەی شەیتان لەم کتێبی ڕەشەدا، بە هیچ جۆرێک ناوی نەهاتووە.

***نازناوی پیاوانی ئایینیان:**

لای ئێزیدییەکان پیاوانی ئایینی بە حەوت پلەدا دابەشن:

١- میر: ئێشکچی و پارێزەری نزرگەی **شێخ عودەی**یە، هەر خۆی دەتوانێت لە کاروباری ئایینیدا ڕا و بۆچوونی کۆتایی (فەتوا) بدات.

٢- شێخەکان: ئەو سەرکردە و پیاوە دیارانەی ناو ئایینەکەن، کە دەتوانن لە کاروباری سیاسیدا ڕا و بۆچوونی کۆتایی بدەن.

---

[1] کتێبی ڕەش: ئێزدییان پێی دەڵێن (میصحەفا ڕەش).

٣- پیر: کەسێکی ڕێزدار و ئاغرە. کتێب فەرمانی ئەوەی داوە بەسەردا، کە کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ ڕۆژووگرتن و هەڵسوڕان بە مەبەستی کاری خێر و چاکە.

٤- راهوال: ئەوەی لە پێشدەم **مەلەک تاوس**دا لە تەپڵ دەدات و سروودەکان دەڵێتەوە.

٥- کۆتشک: ئەوەی کفنی مردووەکان دەکات و خەون لێک دەداتەوە.

٦- فەقیر: ئەو ڕاهیبانەن کە زۆرتر ڕەشپۆشن[١].

٧- مەلا: منداڵان فێری نووسین و خوێندنەوە دەکات، کتێبە پیرۆزە ئێزیدییەکانیش دەپارێزێت.

ئەم ئێزیدییانە دەبنە حەوت تایفە، گەلێک پابەندی ئەوەن، مکوڕن لەسەر ئەوەی کە هاوسەرگیرێتییان هەر لەناو خۆیاندا بێت، هەر کەس دەبێت لەگەڵ یەک لە تایفەکەی خۆیدا هاوسەرگیری بکات.

تایفەکانیش ئەمانەن:

١- شێخ عودەی (ئادی)

٢- شێخ تەمس

٣- مەلەک تاوس

٤- مەلەک فەرەحەددین

٥- شێخ شەریفەددین

سەبارەت بە تایفەی شەشەم و حەوتەم، هیچ نازانین.

---

(1) فەقیر: ئاماژەیە بۆ چینی فەقیر، کە یەکێکە لە چینەکانی کۆمەڵگەی کوردانی ئێزیدی. بە لای **د. خەلیل جندی**یەوە کۆمەڵی ئێزیدییان لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە دەبنە سێ بەش: شێخەکان، پیر و موریدەکان. بڕوانە کتێبەکەی بە ناوی (نحو معرفة حقيقة الديانة الأيزيديه).

نزرگەی **شێخ عودەی** لای ئەمانە بەرز و پیرۆزە. ئەم نزرگەیە بە ناوی دوو کەسەوەیە، بە هەمان ناو، یەکیان وەلییەکی سۆفیی خواپەرست لە سەدەی ١٢دا ژیاوە، ئەوی دیکە باخەوانێکی کوردە لە سەدەی ١٣دا ژیاوە.

ئێزیدییان ڕێز لە ناوی *هامۆشیرۆ* دەگرن، ماوەیەکی زۆر لە شاخی شەنگال سەرکردەیەکی ڕۆژگاری خۆی بووە لە ناویاندا. ڕاوێژکاری سەرۆکی گەورەیان بووە. ئیتر بووەتە ڕابەری فەقیر و داماوان، بیری جوداخوازی و گیانی گێرەشێوێنی تێدا بڵاو دەکردەوە، بەڵام دژ بە دەوڵەت هیچیان نەدەکرد، ئەوەیش بە هۆی بیروژیریی خۆی و درککردنی بە هەقیقەتی بارودۆخە تازەکە.

لە لایەکی دیکە، دەوڵەتی عێراق ئەم ئێزدییانەی دامەزراندووە و سوکنای کردوون. هەر هاوکاری و دەسگیرۆییەکیان پێویست بێت درێغی لێ نەکردوون. بوونەتە هاوڵاتی و لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدارن. ڕەچاوی قانوون دەکەن و لێی لا نادەن. ئەمە پاش ئەوەی پێشتر شەڕانگێز، یاخی و سەربەگۆبەن بوون. [١]

---

[1] دەربارەی ئێزیدییان سەرچاوە زۆرە، خوێنەری هێژا دەتوانێت پشت بە هەندێکیان ببەستێت، کە بە لای ڕاستیدا چوون و دوورن لە شێواندنی ڕاستییەکان:

١- ژمارەکانی گۆڤاری لالش کە مەڵبەندی لالش لە دهۆک بڵاوی دەکاتەوە.

٢- د. خلف الجراد: اليزيدية واليزيديون. الاذقية سوريا، دار الحوار للنشر و التوزيع ١٩٩٥.

٣- د.خليل الجندي: نحو معرفة حقيقة الديانة الأيزدية. سويد، دار رابون ١٩٩٨.

٤- د. كاظم حبيب: الأيزدية ديانة قديمة تقاوم نوائب الزمن، دار ئاراس. هەولێر ٢٠٠٣.

٥- گورگيس عواد: المراجع عن اليزيدية. تقديم فرهاد پيربال. لالش/مجلة ع ٩ شباگ ١٩٩٨.

٦- شاكر فتاح: اليزيديون والديانة اليزيدية، ط (١) بيروت ١٩٩٧.

## پاشکۆ:

زیاتر لە شازدە ساڵ بەسەر نووسینی ئەم کتێبەدا ڕابردووە، لەو ساوە چەندەها ڕووداوی گرنگ ڕوویان داوە، بەڵام ڕەوتی گشتیی مێژووی کورد وەک خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە[١]. کوردانی تورکیا خۆیان وەک کورد نەهێڵاوەتەوە، بەڵکو بە تورکی *شاخاوی* ناو دەبرێن؛ بەڵام لە عێراق و ئێراندا، بە هۆی ئەو ڕووداوە مێژووییە جیاوازانەوە، کوردەکان ئاوێتەی ئەم دوو دەوڵەتە فرەڕەگەز و زمانانە نەبوون. لە ئێران پاش ڕووخانی **دکتۆر موسەدەق،** کورد بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو وەک پێشتر هەیان بوو، بەتایبەت لە ناو هەوڵەکانی ئێراندا.

لە عێراق، بەتایبەت پاش شۆڕشی ١٩٥٨، دەوڵەتە شۆڕشگێڕە یەک لەدوای یەکەکان بە دڵسۆزی و ئەمانەتەوە ویستیان چارەی کێشەی کورد بکەن، بەڵام نەگەیشتنە چارەیەکی پەسەندکراوی ماقول لە لای کوردەکانەوە. ئەمەش بە هۆی پاڵەپەستۆ دەرەکییەکانی ناوچەکەوە.

ئێستاش، بۆ یەکەم جار، لە ١١ ئاداری ١٩٧٠دا، ڕێککەوتننامەیەک بۆ ڕاگرتنی کوشتار و شەڕ لە نێوان حوکمەتی عێراق و شۆڕشگێڕانی کورددا هاتە دی.

---

[1] پاش چەند دێڕێکی تر، نووسەر خۆی بە درۆ دەخاتەوە، بە باسی ڕێککەوتنی ١١ ئاداری ١٩٧٠ لە ئەنجامی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردی باشوور.

کێشە و گیروگرفتی کورد لە باکووری عێراق، بەشێکی زۆری لە یەکە سەربازی و هێزی ئاسمانیی عێراقی سەرقاڵ کرد، وای لێ کردن کە لە ئەرکە هەقیقەتییەکەی خۆیانەوە *ئیسرائیل* دوور بخەنەوە و نەیانپەرژێتە سەری. ڕێکەوتننامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠، ئەو دووربینییەی حوکمەتی عێراق تێیدا مایەی سوپاس و پێزانینە بۆ حوکمەت و گەلی عێراق، چونکە لەمەو لا هێزەکانیان توانای خۆیان بەرەو ناوچەی شەڕێکی ڕاستەقینە ئاڕاستە دەکەن.

ئیسرائیل دوژمنی ڕاستەقینەی کورد و عەرەبە وەک یەک[١].

هەرچەندە مەبەستی سەرەکیم لەم کتێبە ئەوەیە کە لە ڕێی لێکۆڵینەوە و گەڕان بە مێژووی کورددا ئەوە بسەلمێنم، کە یەکبوونی بنەڕەتیی موسڵمانان سنوورە نەتەوەییە دەستکردەکان دەبەزێنێت، کە بنچینەکەیان زمان، ڕەگەز، لایەنە جوگرافی و سیاسییەکانە، جا ئەم ڕێککەوتنەی ئێستای نێوان حوکمەتی عێراق و شۆڕشگێڕانی کورد، بە بێگومان ئەو ڕاستییەی سەلماند، خاڵێکی وەرچەرخانیش بوو لە مێژووی گەلی کورددا.

گشت ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن، کە سەرباری ئەو مەترسییەی بەرەو ڕووی ئیسلام و پیرۆزییەکانی بووەتەوە (قودس و مزگەوتی ئەقسا)، لەسەر ئەم دوو گەلە موسڵمانەیە کە بە چاوپۆشی لە پاڵەپەستۆی سیاسیی دەوڵەتە گەورەکان، ناکۆکییەکانی نێوانیان ڕامالن.

---

[1] ئەم قسانە "سابوون خستنە لەبەری پێی کورد" ئەگینا ساڵەهایە دەوڵەتانی عەرەب، گرووپ و حیزبە جۆراوجۆرەکانیان نانوپیاز بە دۆزی گەلی فەڵەستینی داماوەوە دەخۆن، ئیسرائیل لایان بووەتە *کراسەکی عوسمان*."

دوای گشت ئەمانەش، ئیسلام وەک بووە، دەمێنێت؛ تەنیا هێزێکی گەورەیە کە دەتوانێت گشت گەلان بە جیاوازیی ڕەگەز، زمان و بیروباوەڕیانەوە یەک بخات.

ئیسلام خاوەنی مانایەکی بڵندە، هەتا لای مەسیحییەکانی ئاسیاش، چونکە ئەو بونیادە ڕۆحییە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئاسیادا بڵاو بووەوە بە سایەی ڕێنماییەکانی مەسیحەوە، کە لەو هەرێمەی ئەمڕۆ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرێت، ژیاوە و ئامۆژگاریەکانی دەدا بەو قەومەی تا ئێستاش نەوەکانیان لەوێدا دەژین.

زۆر جێی داخە، کە ئێستا دەبینین ئەو قەومەی کە ڕێنماییەکانی مەسیحیان بەدرۆ دەخستەوە و ئەشکەنجەیان دا، ئێستا هەر لە لایەن شوێنکەوتوانی مەسیحەوە (سڵاوی خوای لێ بێت) یارمەتی و لاگیر دەکرێن.

**تـــەواو**

## تێبینی:

ڕاستکردنەوەی خشتەی بنەچەی ئالی عوسمان، کە لە لاپەڕە ( )دا هاتووە...

لەبەر ئەوەی گومان هەیە لە ڕاستیی ڕیزبەندیی ئەم بنەچەی سوڵتانانەی تورک لە دەوڵەتی عوسمانیدا، وامان بە باش زانی کە بەپێی سەرچاوەی باوەڕپێکراو و ماڵپەڕی ویکیپیدیای ئینتەرنێت، ئەم ڕیزبەندییەی لای خوارەوە کە بە دیقەتترە، لەگەڵ وردە زانیارییەکی پێویست بیخەینە ڕوو:

***فەرمانڕەوای عوسمانییان لە ١٢٩٩ زایینی هەتا ١٩٢٢ درێژەی کێشا.**

*یەکەم کاربەدەستیان **عوسمانی ئاڕتوغرول** بووە، لە خێڵی *قایی* تورک.

*ژمارەی ئەو سوڵتانانەی بوونە فەرمانڕەوا ٣٦ سوڵتان بوون:

- عوسمانی یەکەم ١٢٩٩- ١٣٢٦.
- ئۆرخان غازی بەگ ١٣٢٦ – ١٣٦٢.
- مورادی یەکەم (خوداوندگار) ١٣٦٢ – ١٣٨٩. لە ١٣٨٣ نازناوی **سوڵتان**ی لێ نرا.
- بایەزیدی یەکەم (ییلدرم - بەرق) ١٣٨٩ - ١٤٠٢، لە شەڕی ئەنقەرەدا **تەیمورلەنگ** دەستگیری کرد و لە زینداندا مرد.
- موحەمەددی یەکەم (چەلەبی) ١٤١٣ – ١٤٢١.

- موورادی دووەم (کچا سلگان - غازی) ١٤٢١ – ١٤٤٤.
- محمەمەدی دووەم ١٤٤٤- ١٤٤٦ =
- =موورادی دووەم (کچا سلگان - غازی) فەرمانڕەوای دووەم جاری لە ١٤٤٦ بۆ ١٤٥١.
- موحمەمەدی دووەم (ئەلفاتح) فەرمانڕەوایی دووەم جاری لە ١٤٥١ بۆ ١٤٨١ لە ساڵی ١٤٥٣ (قوستەنتنییە)ی گرت.
- بایەزیدی دووەم ١٤٨١ – ١٥١٢.
- سەلیمی یەکەم (یاوز - بەزەبر) ١٥١٢ – ١٥٢٠، لە ساڵی ١٥١٧ خۆی کردە *خەلیفەی* موسڵمان.
- سلێمانی یەکەم (موحتەشیم، قانوونی) ١٥٢٠ -١٥٦٦.
- سەلیمی دووەم (ساری) ١٥٦٦ – ١٥٧٤.
- موورادی سێیەم ١٥٧٤ – ١٥٩٥.
- موحمەمەدی سێیەم ١٥٩٥ – ١٦٠٣.
- ئەحمەدی یەکەم (بەختی) ١٦٠٣ – ١٦١٧.
- مستەفای یەکەم ١٦١٧ – ١٦١٨ (دلی) بە هۆی تێکچوونی ئەقڵییەوە لە کار لابرا.
- عوسمانی دووەم ١٦١٨ – ١٦٢٢.
- مستەفای یەکەم (دلی) فەرمانڕەوایی دووەم جاری ١٦٢٢ – ١٦٢٣ دیسان لە کار لابرایەوە و لە سەرادا مرد.
- موورادی چوارەم (فاتح بەغدا) ١٦٢٣ – ١٦٤٠.
- ئیبراهیم (عصیی) ١٦٤٠ – ١٦٤٨ بە کودەتایەکی سەربازی لایان برد و لە ئەستانە خنکاندیان.
- موحەممەدی چوارەم (عوجی) ١٦٤٨ – ١٦٨٧.
- سلێمانی دووەم ١٦٨٧ – ١٦٩١.
- ئەحمەدی دووەم (خان غازی) ١٦٩١ – ١٦٩٥.
- = مستەفای دووەم ١٦٩٥ – ١٧٠٣.

ـ ئەحمەدی سێیەم (لالە دوری پادشا) ۱۷۰۳ – ۱۷۳۰.
ـ مەحموودی یەکەم (گمبور، ئەحدەب) ۱۷۳۰ – ۱۷٥٤.
ـ عوسمانی سێیەم (سۆفی) ۱۷٥٤ – ۱۷٥۷.
ـ مستەفای سێیەم ۱۷٥۷ – ۱۷۷٤.
ـ عەبدولحەمیدی یەکەم (اگلاص) ۱۷۷٤ – ۱۷۸۹.

*** لێرەوە ئیدی پووکانەوە و داوەشانی دەوڵەتی عوسمانییە:**

ـ سەلیمی سێیەم ۱۷۸۹ – ۱۸۰۷.
ـ مستەفای چوارەم ۱۸۰۷ – ۱۸۰۸.
ـ مەحموودی دووەم (ئینقیلابچی) ۱۸۰۸ – ۱۸۳۹.
ـ عەبدولمەجیدی یەکەم (تەنزیمچی) ۱۸۳۹ – ۱۸٦۱ لە سەردەمی خۆیدا فەرمانێکی دەرکرد بە یەکسانیی گشت هاوولاتییانی عوسمانی، بەبێ گوێدانە ڕەگەز و ئایینیان.
ـ عەبدولعەزیز (بەختسز) ۱۸٦۱ – ۱۸۷٦ وەزیرەکانی لە سەرکار لایان برد و پاش پێنج ڕۆژ خۆی کوشت.
ـ مورادی پێنجەم (دلی) ۱۸۷٦ – ۱۸۷٦ چونکە تێکچوو بوو، لابرا
ـ عەبدولحەمیدی دووەم (خاقانی گەورە، مەزڵووم) ۱۸۷٦ – ۱۹۰۹ بڕیاری دەستووری بۆ وڵات دا و ئەنجوومەنی مەبعوسان (نوێنەران، پەرلەمان)ی دانا، لە ۱۹۰۹ بە کوودەتایەکی سەربازی لابرا و دەستبەسەر بوو هەتا کۆچی دوایی کرد.
ـ موحەممەدی پێنجەم (ڕەشاد) ۱۹۰۹ – ۱۹۱۸ هەر بەناو سوڵتان بوو، کاروبار لە ژێر دەستی سەرانی *ئیتیحادو*

تەرەقیدا بوو: موحەممەد تەلعەت و ئیسماعیل ئەنوەر و ئەحمەد جەمال.

ـ موحەممەدی شەشەم (وەحیدەدین) ١٩١٨ – ١٩٢٢، دارمانی دەوڵەتی خەلافەی عوسمانی لە سەردەمی ئەمدا بوو، لە شاری *سان ڕیمۆی* ئیتاڵیا پاش چوار ساڵ مرد و لە دیمەشق نێژرا.

ـ عەبدولمەجیدی دووەم (خەلیفە) ١٩٢٢ – ١٩٢٤ لە *پاریس* مرد و لەسەر وەسیێتی خۆی لە مەدینە نێژرا.

((وەرگێڕ))

## فەرهەنگۆك:

ڕوونکردنەوەی هەندێک وشە و زاراوەی پێویست کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا هاتوون و بە پێویستمان زانی خوێنەری هێژا زیاتر لای ڕوون بێت. بۆ هەندێکیان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- فەرهەنگی زێوەری: و. عەبدوڵڵا زێوەر. چ ١، چاپخانەی ژیر سلێمانی ٢٠٠٤.

٢- فازل نیزامەدین: فەرهەنگی ئەستێرە گەشە. چ ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر. دەزگای ئاراس ٢٠٠٣.

٣- کەمال جەلال غەریب: کەمالنامە. چ ١، چاپخانەی ڕێنوێن سلێمانی ٢٠٠٣.

٤- بەدران ئەحمەد حەبیب: فەرهەنگی زاراوە، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر لە بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان ٢٠٠٢.

٥- نیعمەت عەلی سایە: گەوهەری گەرمەسێر، فەرهەنگی کوردی - عەرەبی زاری کەلهووڕی/بەشی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، چ ١، دارالحریە للگباعە، زنجیرەی ١٩٢- ١٩٨٨.

٦- د.کامل حسن بەسیر: زاراوەی کوردی، چ ١، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ١٩٧٩.

ئەودیو زی: (ماوراء النهر)
ئاغر: سەنگین (رزین)
ئایین و ئۆین: (مناورە)

بەسەربازکردن: کردن بە عەسکەر (تجنید)
بەمەعیەت: بە هاوڕێیەتی، لەگەڵ، لە تەک
بۆڵ: دەنکی ترێ (نەک تۆو، ناوکەکەی)

پەرۆشی و خورتی: (حماس)
پادشای بێتاج و تەخت: (ملک غیر متوج)
پشتاوپشت: لە باوکەوە بۆ کوڕ (وراپی)
پۆلە فڕۆکە: (سرب من الگائرات)
پێشگرتن: (الردع)
تەرس: تەرسەقول: ڕیخی ئەسپ و ماین و ئێستر و کەر
تەماح: (گموح) نەک (گماع)

تەنگە: دەربەند (مچیق)
تابووری پێنجەم: ناحەزانی ناوخۆ کە مایل بە دوژمنن
توێشوو: خۆراکی بۆ ئاییندە (زاد إحتیاگی)
تیردان: کیفێکی چەرم، تیری تێدەکرا و دەکرا بە شاندا (جعبە السهام)
تیزەجاڕ: گاڵتەچی دەستی عەوام (أچحوکە)
تیامان: (متحیر)

جەوت: بەری داری مازوو، بەکار دێت بۆ دەباغکردن
جوابی دا: ڕازی نەبوو

چەڵتووک: برنج بە توێکڵەکەیەوە، بەر لە کرەکردنی
چاتووڵ: دارێکی گەورەیە لە ناوەڕاستی خێوەتدا دادەچەقێنرێت
چاو و ڕاو: (إستگلاع)
چاو هەڵخستن: (إستكشاف)
خورج: دوو تاییەکە شتی تێدەخرێت و دەدرێت بەسەر وڵاخدا، لە بەن دروست کراوە
دەرهاویشتەی گڕکانی: Lava (حمم بركانييه)

دوانە: (پنائیە)

ڕەگەزناس: ئەنسرۆپۆلۆژیست (عالم الأجناس)
ڕەوگ: ڕەم، ژمارەی ئەسپ و ماین (ڕەشەوڵاخ)، (قگیع)
ڕاییکەری کاروباری شاهانە: (الوصی علی العرش)
ڕێوشوێنە ئایینییەکان: (الشعائر الدينيیه)
ڕیخ: پیسایی، گوو
زەبەلاحی چەتەوڵ: (مارد چخم)
زمڕووت: بەردێکی بەنرخە.
شەڕگە: (أرچ، میدان المعرکه)
شەڕی گشتگیری: (حرب شامله)
شیاکە: ڕیخی گا و مانگا
فەنەر: فەنەری ڕێنماییکردنی ڕێبواران (بەتایبەت بۆ کەشتیوانان) Light house
فیودالّی: دەرەبەگایاتی (إقگاع)

کەللەڕەق: (عنید)
کرە: کاری داماڵینی توێکڵی برنج لە ئاش
کۆلکەی ئایینی: (القاسم الدینی المشترک)
کۆڵەکە: چەڵەکە، ئەستوندەک، چاتووڵ
کێوماڵ: گەڕان و پشکنین بە دەورودەشتدا

گرنجی: زەبری (خشونە)
گۆڕان: (تحول، تغییر)
گۆڕان و پەرەسەندن: (تگور)
گۆکردن: (تلفظ)
گێژاو: (دوامە)

لەئاوهەڵکێشان: (التعمید)
لەکارخستن: (النسخ)
لەکارخراو: (المنسوخ)
لاگیری: تەرەفداری، لایەنگری (الولاء)

مەرەزە: کێڵگەی چەڵتووک – برنج
مەنگەنە: (کماشە)
(ماملکت أیمانهم): ئەوەی دەستیان بیگاتی
مافی تایبەتی: merit (إمتیاز)
موحەڕەمە: قەدەغەکراو، ڕێبەندکراو، یاساغ (المحرمە)
میرانە: باج imposition (چریبە)

نادیارزانی: غەیبزانی: (نبوءە)
نیشتەنی: (مستعمرە، مستوگنە)
نشینگە: (مستوگنە)
نیوەڕۆژە: نانی نیوەڕۆ
وەسەنی: جۆرێک لە بتپەرستی (الوپنییە)
ورەور: (مناوشە)
ورد و هەڵپڕواو: (تفتت)

هەقەتی: ڕاستی (حقیقي)
هاوکێشە سێجاکرنەکان: ژمارەیەک سێ جار لە خۆی لێک بدرێت، سێجاکردن Cubing (المعادلات التکعیبیە)

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |